# ڕووپێوی دامەزراوەکانی
# زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند
بۆ کەرتی تایبەت لە

## هەرێمی کوردستان

کانونی یەکەم ٢٠٢٢

USAID
من الشعب الأمريكي

UNDP

Kurdistan Region Statistics Office
KRSO

حكومەتی هەرێمی كوردستان
حكومة إقليم كوردستان
KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT
وەزارەتی پلاندانان

# ڕووپێوی دامەزراوەکانی

# زۆر بچووك، بچووك و مامناوەند

# بۆ کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان

**کانوونی یەکەم 2022**

وەزارەتی پلاندانان

© 2023

مافی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی پارێزراوە بۆ وەزارەتی پلاندانان/ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

لەکاتی بەکارهێنانی زانیاریەکانی ئەم ڕاپۆرتە، تکایە بەم شێوەیە ئاماژەی پێ بکرێت:

دەستەی ئاماری هەرێم، 2023، *ڕووپێوی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووك و مامناوەند بۆ کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2022.*

بۆزانیاری زیاتر پەیوەندی بکە بە:

ناونیشانی ئەلیکترۆنی : www.krso.gov.krd

ئیمەیل: Contact@krso.gov.krd

مۆبایل: (+964)7508963143

زنجیرە: 99

وەزارەتی پلاندانان

# پێشکەش لەلایەن وەزارەتی پلاندانان

یەکێک لە بەراییە سەرەکییەکانی نیشتمانی دیدگای هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2030 بریتییە لە پەرەپێدانی ئابوورییەکی جۆراوجۆ و بەرهەمدار و ڕکابەر کە بەهای زیادە بۆ هەمووان دروست بکات و بتوانێت ڕووبەڕووی گۆڕانکاری ئابووری دەرەکی ببێتەوە. بۆ هەمەجۆرکردنی ئابووری، پێویستە کەرتی تایبەت کارا و داهێنەر بێت و هەلی کارێکی باش برەخسێنێت بۆ ئەو ژمارە زۆرەی کەسان کە ساڵانە ڕوو لە بازاڕی کار دەکەن و لە زیادبووندایە. بۆ ئەم مەبەستە پێویستی بە زانینی قەبارە و پێکهاتەکانی ئەم کەرتە و دیاریکردنی پێداویستییەکانی هەیە لەسەر ئاستی دامەزراوەی زۆر بچووک و بچووک و مامناوەند و کارمەندەکانیان لەوانە دامەزراوە تۆمارنەکراوەکان.

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بە دەستپێشخەری بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان و بە هاوکاری وەزارەتی پلاندانان و بە بودجەی دەزگای ئەمەریکا بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی (USAID) ڕووپێوی مەیدانی بۆ دامەزراوەکانی زۆر بچووک و بچووک و مامناوەندی جێبەجێ کرد بە مەبەستی دابینکردنی داتا و نیشاندەری ئابووری کە خزمەت بە بڕیاردەران و هاوبەشەکانی گەشەپێدان دەکەن لە پلاندانان و ئامادەکردن و جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی پەرەپێدان لەهەرێمی کوردستان.

ڕووپێوە مەیدانییەکە چەند بوارێکی لەخۆ گرتبوو، گرنگترینیان تایبەتمەندی دامەزراوەکان لە ڕووی بەرواری دامەزراندنیان، تۆمارکردنیان لە شوێنە فەرمییەکان، چالاکی ە ئابوورییەکان، ئاسانکاری بۆ دەستگەیشتن بە دارایی، دامەزراندن و سەرچاوە مرۆییەکان، بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا، ڕێژەی بەشداریکردنی ئافرەتان و ئافرەتانی خاوەنکار، دەستگەیشتن بە بازاڕ و تا چەند سوودمەند دەبن لە تۆڕ و کۆمەڵە بازرگانیەکان.

بۆ ئەنجامدانی ڕووپێوی مەیدانی، نموونەیەکی هەڕەمەکی بەکارهاتووە کە بەپێی ژمارەی دانیشتوانی هەر چوار پارێزگای هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە و دهۆک) ئامادەکراوە. ئەم ڕووپێوە بووە هۆی دەرکردنی ڕاسپاردەی کردەیی بە ئامانجی بەهێزکردنی توانای کارگێڕی و خاوەنکاری لەم دامەزراوانە، ئاسانکاری بۆ دەستگەیشتنیان بە دەرفەتەکانی گەشەکردن وەک دابینکردنی دارایی، ئاسانکاری بۆ قەرز و قەرزی بچووک، دەستگەیشتنی دامەزراوەکان بە تەکنەلۆجیا و بازاڕەکان، و زانیارییەکانی پەرەپێدانی بازرگانی، باشترکردنی ژینگەی بازرگانی لە ڕووی پشتگیریکردن لە دامەزراوەی زۆر بچووک و بچووک و مامناوەند، بەهێزکردنی بەرنامەکانی گەشەپێدانی ئابووری لەسەر ئاستی ناوخۆیی و بەرزکردنەوەی وەڵامدانەوەی دەزگاکانی حکومەت کە پێویستن بۆ گەشەپێدان. ئەم پێشنیارانە دەبنە بنەمایەک بۆ ئامادەکردنی نەخشەڕێگایەک بۆ ئاسانکاری لە جێبەجێکردن.

لە کۆتاییدا سوپاس و پێزانینی دۆستانەم ئاراستەی دەستەی ئاماری هەرێم و بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان(UNDP) و ئاژانسی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی (USAID) و هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە بەشدارییان لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەم ڕووپێوە کردووە لە بەڕێوەبەر و ئەندامانی لیژنە سەرەکییەکان و لیژنە لاوەکییەکان و تیمە مەیدانییەکان. هەوڵەکانیان بە نرخ دەزانم و هیوای سەرکەوتن بۆ هەموویان دەخوازم.

د. دارا ڕەشید مەحمود
وەزیری پلاندانان

# پێشکەش لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێم

لە ناوەڕاستی ساڵی 2016، بە هاوکاری بانکی جیهانی، حکومەتی هەرێمی کوردستان نەخشەڕێگای چاکسازی ئابووری پێشکەش کرد. نەخشەڕێگاکە ڕەوشی ئابووریی هەرێمی کوردستانی عێراقی خستەڕوو و بە ڕوونی ئاشکرای کرد کە بە مەبەستی هاندانی گەشەی بەردەوام بە دوور لە نەفت پێویستی بە چاکسازی هەیە هەروەک لە ڕابردوو و لە ئێستاش هەبووە. بەشێک لە چاکسازییەکە پەیوەستە بە دووبارە داڕشتنەوەی یاسا و ڕێسا کارپێکراوەکان کە ڕێگری لە بازرگانی تایبەت دەکات بۆ گێڕانەوەی ڕۆڵی خۆیان لە پەرەپێدانی ئابووری هەرێمی کوردستان و تێکەڵبوون بە ئابووری. بەشەکەی تر پەیوەستە بە نەبوونی بەڵگە و داتاکان کە پێویستن بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕاستییەکان و دارشتنی سیاسەت بۆ گەشەپێدانی بەردەوام.

بۆیە، دەستەبەرکردنی داتا و نیشاندەرەکان زۆرتر لە جاران پێویست و گرنگن بۆ ئەم چاکسازییە لە ڕێگای زانیاری نوێ و بەدواداچوون بۆ پێشکەوتنەکان. حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2016ەوە تا بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڕۆنا ڕووبەڕووی چەندین قەیرانی ئاسایشی و ئابووری بووەتەوە، هەربۆیە دەستەبەرکردنی داتا لەم بارودۆخەدا بە لەبەرچاوگرتنی ئاستەنگە داراییەکان و تەندروستییەکان زۆر قورس بوو.

لە ساڵی 2021، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستانی ڕاسپارد کە لەگەڵ بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDP) کاربکات بۆ ئەنجامدانی ڕووپێوێکی گشتگیر لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی کارکردنی دامەزراوە ئابوورییەکان و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئاستەنگەکان. دوای ئەمە، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO)، بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDP) و ئاژانسی ئەمریکی بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی (USAID) پێکەوە کاریان کرد بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕووپێوە لە ساڵی 2022 بە ئامانجی پێشکەشکردنی زۆرترین نیشاندەر و داتا لەبەر ئەوەی کە داتا ئابوورییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکارناهێنرێن و بەمەبەستی شیکردنەوەی توانای ئابووری کۆ ناکرێنەوە. ئەنجامی ڕووپێوەکە لە 8ی کانوونی دووەمی 2022 لە ڕێوڕەسمێکی فەرمیدا لە هەولێر خرایە بەردەست و ڕۆشنایی خستە سەر لایەنی جیاوازی دامەزراوەکانی فەرمی و نافەرمی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند لە سەر بنچینەی نموونەیەکی ئاماری وەرگیراو. ئەنجامەکان پێشانیان دا کە تا چەند ئەم دامەزراوانە بەرامبەر بە گۆڕانکارییە خێراکان و ئاستەنگەکان لەرزۆکن و خاڵە لاوازەکانی هەردوو دامەزراوەکان و ژینگەی یاسایی و داراییەکانی لە هەریمی کوردستانی پێشان دا.

ئێمە تێدەگەین کە کاری زیاتر لە هەردوو لایەنی حکومی و کەرتی تایبەتەوە پێویستە بۆ بەهێزکردنی ئابووری هەرێمی کوردستان و دەستەی ئاماری هەرێم لایەنی پێشەنگە بۆ دیارکردنی ئاراستەی دروست لە ڕێگەی بەردەستخستنی داتا و بڕیاردان لەسەر بنەمای بەڵگە.

سیروان محمد محیالدین
سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێم

# پەیامێک لە
# ئاژانسی ئەمریکی بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی – عێراق

دامەزراوەکانی ئابووری زۆر بچووک و بچووک و مامناوەند (MSMEs) بناغەی سەرەکی ئابوورین هەروەها ئەم دامەزراوانە لە مەترسیدان. وەک لەم توێژینەوە ئاماژەی پێکراوە، دامەزراوەکانی زۆر بچووک و بچووك ومامناوەند لە عێراق تووشی ئاستەنگی سیستماتیکی دەبن لە گەشەکردن وداهێنان, وەکو کەمی سەرچاوەی دارایی، پرۆسەی دارایی ئاڵۆز، شۆکەکانی کە بە هۆی شەڕی دژی داعش، ناجێگیری بازاڕی نەوت و پەتای کۆڕۆنا تووشیان بووە. دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بەرچاوڕوونییەکی هۆشیارانە پێشکەش دەکەن سەبارەت بەو بەربەستانەی کە  لە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی ئەم دامەزراوانە دەبێتەوە و دەرفەتێکی ئومێدبەخش بۆ فراوانکردنی خۆشگوزەرانی دەخەنە ڕوو. بۆ نموونە، ئەو ڕاستییەی کە  87%ی  دامەزراوەکانی زۆر بچووک و بچووك و مامناوەند لەلایەن پیاوانەوە خاوەندارێتی دەکرێت، ئاماژەیە بۆ هێزێکی شاراوەی گەورە و بەکارنەهێنراو بۆ گەشەی ئابووری و یەکسانی ڕەگەزی. زۆرینەی دامەزراوەکانی زۆر بچووک و بچووك و مامناوەند بەزەحمەت پارەیان بەدەست دەکەوێت و زیاتر لە 97%ی بەرهەمەکانیان لە ناوخۆ و لە عێراقی فیدراڵ مامەڵەی پێ دەکرێت و دەفرۆشرێت, بەشی هەناردەکردنیان کەمترە لە 3%.

بەرنامەکانی ئاژانسی ئەمریکا بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی (USAID)  پشتگیری زیاتری بەشداری ئافرەتان و گەنجان و کەسانی لاواز دەکات لە بازاڕی کاردا لە ڕێگەی ڕاهێنانی بازرگانی گونجاو، ئاسانکاری لە دابینکردنی دەرفەت بۆ وەبەرهێنان، دەستگەیشتن بە گەشەپێدانی بازرگانی و بازاڕەکان، زیاتر بەکارهێنان و سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیا و پشتگیری دارایی و نادارایی ئامانجدار بۆ هەمەجۆرکردن و گەشەکردنی ئابووری لە هەرێمی کوردستان.  گەورەکردنی ئەم مۆدێلە گشتگیرانە بۆ تواناسازی، لە هەمان کاتدا فراوانکردنی هەوڵە تۆکمەکانە بۆ گەشەی سیستماتیکی و بەردەوامی کەرتی تایبەت و یارمەتیدەرە بۆ دابینکردنی ژینگەیەکی دۆستانەتر بۆ بازرگانی کە دامەزراوەکانی ئابووری زۆر بچووک و بچووک و مامناوەند (MSMEs) لە هەرێمی کوردستان ببنە پرۆسەی سەرەکی. ویلایەتی ئەمریکا لە ڕێگەی بەرنامەکانی ئاژانسی ئەمریکا بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتییەوە (USAID) بە شانازی بەشداری ئەم توێژینەوەیە سەرنجڕاکێشە دەکات کە تیشک دەخاتە سەر ئاستەنگەکان کە ڕووبەڕووی دامەزراوەکانی ئابووری زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند دەبنەوە لە عێراق لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئاژانسە نێودەوڵەتییەکانی وەک بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان (UNDP)، و لایەنی تری پەیوەندیداری خۆبەخش، چاوەڕێی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی ئەم توێژینەوەیە دەکەین. بە ئەنجامدانی ئەم کارە دەتوانین باشتر پشتگیری لە دامەزراوەکانی ئابووری زۆر بچووک و بچووک و مامناوەند بکەین و بەشدار بین لە سەقامگیرکردنی ئابووری و خۆشگوزەرانی درێژخایەن لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

ئێلیس جێنسن

بەڕێوەبەری ئاژانسی USAID لە عێراق

# پەیامێک لە
# بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان – عێراق

دامەزراوەکانی ئابووری زۆر بچووک و بچووک و مامناوەند (MSMEs) نوێنەرایەتی بەشێکی گرنگ لە کەرتی تایبەت دەکەن و بە پێشخستنی داهێنان و چالاکی و ڕەخساندنی هەلی کار لە سەرانسەری جیهاندا ناسراون، کە کاریگەرییەکی گرنگیان لەسەر گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە.

بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان (UNDP) ئەم پرۆژەیەی بۆ دابینکردنی زانیاری دروست و نوێ لەسەر دامەزراوەکانی ئابووری زۆر بچووک و بچووک و مامناوەند (MSMEs) بووە، لە نێوانیاندا کەرتی نافەرمی لەخۆگرتبوو بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەت و بەرنامە دابڕێژێت و ببێتە هاندەرێك بۆ دامەزراندن و گەشەپێدانی ئەم دامەزراوانە وەک ڕێگایەکی کاریگەر بۆ گۆڕانکاری و گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

ئەم توێژینەوەیە بە هاوکاری وەزارەتی پلاندانان/ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە چوار پارێزگای هەرێمی کوردستانی عێراق ئەنجام درا، دوای تەواوبوونی توێژینەوەیەنی هاوشێوە لە پارێزگاکانی بەغدا و نەینەوا و بەسرە، هەردووکیان لە لایەن ئاژانسی ئەمریکا بۆ گەشەپیدانی نێودەوڵەتی (USAID) پشتگیری دارایی کراون. ئەم توێژینەوەیە، شیکاری و پێشنیارەکان لەخۆدەگرێت کە لەسەر بنەمای بەڵگە ئامادە کراوون بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان و داڕێژەرانی سیاسەت کە پەیوەستن بە ڕەخساندنی هەلی کار و پشتگیری لە دیدگای حکومەتی هەرێم دەکات بۆ ساڵی 2030 بۆ هەمەچەشنکردنی ئابووری لە ڕێگەی پەرەپیدانی کەرتی تایبەت، بەتایبەتی دامەزراوەکانی ئابووری زۆر بچووک و بچووک و مامناوەند (MSMEs) بەمەبەستی وەڵامدانەوەی زیادبوونی داواکاری بۆ هەلی کار و فراوانکردنی ئابووری بە شێوەیەکی ستوونی لە سەرانسەری کەرتە ئابوورییەکان کە هێزێکی فراوانی هەیە بۆ گەشەکردن، و بە شێوەیەکی ئاسۆیی لە سەرانسەری پارێزگا و قەزاکاندا.

بە ئامانجی بەهێزکردنی تواناکانی دامەزراوەکانی ئابووری زۆر بچووک و بچووک و مامناوەند لەسەر ئاستی تاک و دامەزراوە و باشترکردنیان، هەروەها ئەم توێژینەوەیە پێشانیارەکانی گەشەکردنیش دیاری دەکات. پێشنیارە سەرەکییەکان بریتین لە بەهێزکردنی توانای دەزگاکانی حکومەت کە مامەڵە لەگەڵ دامەزراوەکانی ئابووری زۆر بچووک و بچووک و مامناوەند دەکەن لە هەردوو ئاستی ناوەندی و ناوخۆیی، بۆ پشتیوانی و یارمەتیدانی باشتر بەمەبەستی لابردنی ئەو بەربەستانەی کە ڕێگرن لە گەشەکردنیان.

بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان-عێراق پابەندە بە پاڵپشتیکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هاوبەشەکانی تری گەشەپێدان لە هەوڵەکان بۆ گەیشتن بە بەرنامەی کاری 2030 بۆ گەشەپێدانی بەردەوام.

زینە عەلی ئەحمەد
نوێنەری UNDP لە عێراق

## سوپاس بۆلایەنی بەخشەر ئاژانسی ئەمریکی بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی - عێراق (USAID)

هاوبەشانی بەرپرسیار لە جێبەجێکردنی پرۆژەکە، کۆمپانیای ڕاوێژکاران و بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان بە خۆشحاڵییەوە سوپاس و پێزانینی خۆیان ئاراستەی ڕێکخراوی ئەمریکی بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی دەکەن بۆ پشتگیری کردنیان و بەخشندەییان لە دابینکردنی بودجە بۆ ئەنجامدانی ڕووپێوی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و هەڵەبجە و دهۆک، بۆ دەستنیشانکردنی دەرفەتەکان بۆ گەشەپێدانیان، بەرزکردنەوەی ڕۆڵیان، پەرەپێدانی ئابووری هەرێمی کوردستان، و ڕەخساندنی هەلی کار بۆ گەنجان و ئافرەتان و زیادکردنی بەشداریکردنیان لە گەشەپێدانی هەمەلایەنەی وڵاتدا .

## سوپاس و پێزانین

کەسانی زۆر بەشدارییان کرد لە سەرکەوتنی ڕووپێوی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند و لە ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە. سوپاس و پێزانین بۆ هەموویان. کارەکە بە سەرپەرشتیاری تیمی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان لە عێراق و بە هاوکاری نزیک لەگەڵ تیمی وەزارەتی پلاندانان/ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و بە هەماهەنگی لەگەڵ ئاژانسی ئەمەریکی بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی، کە بودجەی پرۆژەکەی دابینکردووە. هەروەها ڕاوێژکار و تیمی ئینتەرناشناڵ کە بەشدارییان کرد لە پالپشتی کردنی ڕووپێوەکە بەپێی ئەو مەرجانەی بۆی دانرابوو.

**لیژنەی باڵای ڕووپێو**

| | | |
|---|---|---|
| 1- سیروان محمد محی‌الدین | سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێم | سەرۆکی لیژنە |
| 2- سامان عزالدین رشید | بەرێوەبەری ئاماری پارێزگای هەولێر | ئەندام |
| 3- محمود عثمان معروف | سەرپەرشتیاری گشتی ڕووپێوەکان لە پارێزگای سلێمانی | ئەندام |
| 4- شوان جەبار فەتاح | بەرێوەبەری ئاماری پارێزگای سلێمانی | ئەندام |
| 5- چیاڤان عبدالرزاق سلێمان | بەرێوەبەری ئاماری پارێزگای دهۆک | ئەندام |
| 6- حەیدەر شمس الله جهانگیر | بەرێوەبەری ئاماری ئیدارەی گەرمیان | ئەندام |
| 7- حیدەر مەحمود خدر | بەرێوەبەری ئاماری ئیدارەی سۆران | ئەندام |
| 8- ئاراز ئیبراهیم حەمەد | بەرێوەبەری ئاماری ئیدارەی ڕاپەرین | ئەندام |
| 9- شەیما محەمەد شاکر ئەحمەد | هەماهەنگاری ڕووپێو / دەستەی ئاماری هەرێم - بەرپرسی بەشی ئامارەکانی بازرگانی | ئەندام |
| 10- محمد توفیق ڕەسول | هەماهەنگاری ڕووپێو / دەستەی ئاماری هەرێم - بەرپرسی بەشی ئامارەکانی پیشەسازی | ئەندام |

**لیژنەی سەرپەریشتیارانی ناوەندی بۆ کاری مەیدانی**

| | | |
|---|---|---|
| 1- مراد زەینەل ئەحمەد | سەرپەرشتیاری ناوخۆیی | دەستەی ئاماری هەرێم |
| 2- دلاوەر جەلیل ئەحمەد | سەرپەرشتیاری ناوخۆیی | دەستەی ئاماری هەرێم |
| 3- شەهلە هانی علی | سەرپەرشتیاری ناوخۆیی | دەستەی ئاماری هەرێم |

**لیژنەی بەڕێوەبردن و چارەسەرکردنی داتا**

| | | |
|---|---|---|
| 1- ڕەقیب بهاالدین محمد | سەرۆکی لیژنە | دەستەی ئاماری هەرێم |
| 2- ڕێژین مامند ئەحمەد | ئەندام | دەستەی ئاماری هەرێم |
| 3- لیلی قاسم محەمەد | ئەندام | دەستەی ئاماری هەرێم |

**لیژنەی GIS**

| | | |
|---|---|---|
| 1- پوشان فاروق محەمەد | سەرۆکی لیژنە | دەستەی ئاماری هەرێم |
| 2- شەیدا غانم حەسەن | ئەندام | دەستەی ئاماری هەرێم |
| 3- حەمەدەمین عەولا صۆفی | ئەندام | بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر |
| 4- بەهار حەسەن محمد | ئەندام | بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانی |
| 5- زیاد ئەحمەد کەریم | ئەندام | بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای دهۆك |

**تیمی کاری مەیدانی**

| ژ | ناوی سیانی | ناونیشانی کاری ڕووپێو | شوێنی کار |
|---|---|---|---|
| 1- | مەریوان حەسەن عبدالله | سەرپەرشتیاری ناوخۆیی | بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر |
| 2- | رزگار عارف جرجیس | سەرپەرشتیاری ناوخۆیی | بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر |
| 3- | سامی عبدالله نەقیب | سەرۆکی تیم | بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر |
| 4- | بەشدار ئەحمەد خدر | سەرۆکی تیم | بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر |
| 5- | مادۆ عەمەر خدر | توێژەر | بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر |
| 6- | میدیا عەمەر ئەحمەد | توێژەر | بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر |
| 7- | اسکندر صالح محمد | توێژەر | بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر |
| 8- | گەشاو غازی عەبدلا | توێژەر | بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر |
| 9- | ڕێکان خالد عەلی | توێژەر | بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر |
| 10- | ڕەوەند حمدامین مام عەولا | توێژەر | بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر |
| 11- | بەختیار حسێن جرجیس | سەرۆکی تیم | بەڕێوەبەرایەتی ئاماری ئیدارەی سۆران |
| 12- | زیبا صەبری نەبی | توێژەر | بەڕێوەبەرایەتی ئاماری ئیدارەی سۆران |
| 13- | عماد ئیسماعیل عەلی | توێژەر | بەڕێوەبەرایەتی ئاماری ئیدارەی سۆران |

| ژ | ناوی سیانی | ناونیشانی کاری ڕووپێو | شوێنی کار |
|---|---|---|---|
| 14- | سیما عبدالله جبرائیل | توێژەر | بەرێوەبەرایەتی ئاماری ئیدارەی سۆران |
| 15- | شمال رؤوف محمد | سەرپەرشتیاری ناوخۆیی | بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانی |
| 16- | رێبەر بەختیار عەبدلا | سەرپەرشتیاری ناوخۆیی | بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانی |
| 17- | ئاراس جلال محەمەد | سەرۆکی تیم | بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانی |
| 18- | نیاز جمال عەلی | سەرۆکی تیم | بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانی |
| 19- | رێبوار عەلی فەرەج | توێژەر | بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانی |
| 20- | شەمام مەجید جەمیل | توێژەر | بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانی |
| 21- | گۆنا نوری عەلی | توێژەر | بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانی |
| 22- | میدیا ئەحمەد محەمەد | توێژەر | بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانی |
| 23- | چنور کەریم حەمە غەریب | توێژەر | بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانی |
| 24- | فەرەیدون محەمەد مەحمود | توێژەر | بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانی |
| 25- | حەسەن حسێن خدر نەبی | سەرۆکی تیم | بەرێوەبەرایەتی ئاماری ئیدارەی ڕاپەرین |
| 26- | حەیدەر رەسول محەمەد | توێژەر | بەرێوەبەرایەتی ئاماری ئیدارەی ڕاپەرین |
| 27- | دیدار محەمەد مستەفا | توێژەر | بەرێوەبەرایەتی ئاماری ئیدارەی ڕاپەرین |
| 28- | خەندە جەلال قادر | توێژەر | بەرێوەبەرایەتی ئاماری ئیدارەی ڕاپەرین |
| 29- | محەمەد عادل جاسم | سەرۆکی تیم | بەرێوەبەرایەتی ئاماری ئیدارەی گەرمیان |
| 30- | سیروان حمه سالح روستم | توێژەر | بەرێوەبەرایەتی ئاماری ئیدارەی گەرمیان |
| 31- | بەختیار عەلی ئەحمەد | توێژەر | بەرێوەبەرایەتی ئاماری ئیدارەی گەرمیان |
| 32- | حسێن نمام اوتاق | توێژەر | بەرێوەبەرایەتی ئاماری ئیدارەی گەرمیان |
| 33- | دراڤ عەبدلا ناصر | سەرپەرشتیاری ناوخۆیی | بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای دهۆك |
| 34- | عەبدولستار محەمەد عەبدلا | سەرپەرشتیاری ناوخۆیی | بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای دهۆك |
| 35- | پەیمان رەسول عەبدلا | سەرۆکی تیم | بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای دهۆك |
| 36- | هەکار حاجی ناسر | سەرۆکی تیم | بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای دهۆك |
| 37- | حەسەن محەمەد سەعید | توێژەر | بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای دهۆك |
| 38- | میکائیل تاها حاجی | توێژەر | بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای دهۆك |
| 39- | مێڤان سدقی مستەفا | توێژەر | بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای دهۆك |
| 40- | کازم ئیبراهیم عەبدولرەحمان | توێژەر | بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای دهۆك |
| 41- | کاوە عەبدولباقی ئیسماعیل | توێژەر | بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای دهۆك |
| 42- | دارڤان تەحسین تاها | توێژەر | بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای دهۆك |

# ڕووپێوی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند/ کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان- عێراق – 2022

## پوختە

ئەم ڕاپۆرتە ئەنجامەکانی ڕووپێوی دامەزراوەکانی زۆر بچووک ، بچووک و مامناوەند (MSME) لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2022 دەخاتە ڕوو، ئەمەش لە ڕێگەی ڕووپێوێکی مەیدانی بە قەبارەیەکی نموونەی دامەزراوەکانی زۆر بچووک ، بچووک و مامناوەند کە پێکدێن لە تۆمارکراو و تۆمارنەکراو (فەرمی و نافەرمی) کە چالاکی ئابووری جیاوازیان هەبوون. ئامانجی ئەم لێکولینەوەیە بنیاتنانی وێنەیەکی گشتگیرە لە پێکهاتە و تایبەتمەندی و داینامیکی دامەزراوەکانی زۆر بچووک و بچووک و مامناوەند. هەروەها، تێگەیشتنێکی قووڵتر لە پێداویستییەکانی دامەزاوەکانی زۆر بچووک و بچووک و مامناوەند. لەسەر بنەمای زانیاری و داتای مۆدێرن و متمانەپێکراو کە ڕێگە بە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەدات پلانی دەستپێشخەری دابنێن کە پشتگیری لە دامەزراوەکان بکەن لە کەرتی تایبەتدا، بە ئامانجی کاراکردنی ڕەخساندنی هەلی کار و بەشداریکردن لە سیاسەتی گەشەی ئابووری لە.هەرێمی کوردستانی عێراق (KRI).

ڕووپێوی مەیدانی لە نێوان مانگی کانونی دووەم تا مانگی نیسانی 2022 بە هاوکاری نێوان تیمی بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDP) و تیمی وەزارەتی پلاندانان/ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (MOP/ KRSO).

خێزانەکان وەک یەکەیەکی نموونەگرتن هەڵبژێردران بەهۆی بەردەستبوونی چوارچێوەیەکی متمانەپێکراوی دانیشتووان لە سەر ئاستی پارێزگا، قەزا و ناحیەکان. ڕووپێوەکە لە ڕێگەی نموونەیەکی هەڕەمەکی کە 2016 خێزان بوون ئەنجامدراوە کە بەسەر چوار پارێزگادا (هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە، و دهوک) بەپێی ژمارەی دانیشتووانیان دابەشکرابوون. زانیارییەکان لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی کەسییەوە بە بەرنامەی تایبەت (CAPI) کۆکراونەتەوە و لە شێوەی نموونە وەرگرتنی ڕێکخراو، کە خاڵێکی جوگرافی هەڕەمەکی هەڵبژێردرا بۆ دەستپێکردنی چاوپێکەوتن لە خێزانەکان بۆ 4 خێزان لەو خاڵەوە ئەنجامبدات بەشێوەی نموونەی هەرەمەکی ڕێکخراو. لە ڕووپێوەکەدا ئەو دامەزراوانە لەبەرچاو گیراوە کە لە ناوچە گوندنشینەکاندا کاردەکەن، بە جورێک کە 20%ی نموونەکە تەرخانکرابوو بۆی. بەم شێوەیە، نموونەکان نوێنەری ئەو کۆمەڵگەیە بوون کە لە ڕووپێوەکە بەردەست بوون لە هەریەک لە چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان.

## دەرئەنجامە سەرەکییەکان

**دەرەنجامەکانی ڕووپێوی دامەزراوەکانی زۆر بچووك، بچووك و مامناوەند لە سەر بابەتەکانی خوارەوەیە:**

- زانیاری لە سەر تایبەتمەندی دامەزراوەکان
- ژینگەی گشتی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند
- دامەزراندن و سەرچاوە مرۆییەکان
- ئافرەتانی خاوەنکار
- داهێنان و تەکنەلۆجیا
- بەجیهانی کردنی (عەولەمە)ی دامەزراوەکان
- تۆڕەکان، هاوبەشەکان و کۆمەڵەی خۆجێی
- کاریگەرییەکانی کۆڤید-19
- دارایی
- تێڕوانینی بازرگانی بۆ داهاتوو

**- تایبەتمەندییەکان و ژینگەی گشتی دامەزراوەکانی زۆر بچووك، بچووك و مامناوەند**

ئەم تایبەتمەندیانە بریتی بوون لە خاوەندارێتی دامەزراوەکە، ڕێژەی سەدی تۆمارکردن، چالاکی ە بازرگانییەکان، ئاسانکاری لە دامەزراندنی کارێك، ساڵی دامەزراندنی، و دەستگەیشتن بە دارایی و هتد بووە و ئەنجامەکان بەم شێوەیە بوون:

- ڕووپێوەکە پێشان دەدات کە زۆربەی دامەزراوەکانی زۆر بچووك، بچووك، و مامناوەند لەلایەن پیاوانەوە خاوەندارێتی دەکرێن بە ڕێژەی (86.7%)، بەبێ جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان پارێزگاکان یان دامەزراوە تۆمارکراوەکان/تۆمارنەکراوەکان.
- تێکڕای ڕێژەی سەدی خاوەندارێتی تاکەکەسی دامەزراوەکانی زۆر بچووك، بچووك، و مامناوەند 85% ە، و ئەم ڕێژەیە بەپێی قەبارەی دامەزراوەکە بەم شێوەیە دابەشکراوە: دامەزراوەی زۆر بچووك 86.5%، دامەزراوەی بچووک 64.6%، و دامەزراوە مامناوەندەکان 64.3%. ڕێژەی سەدی هاوبەشی و خاوەندارێتی پشک بۆ دامەزراوە مامناوەندەکان زیاد دەکات بە بەراورد لەگەڵ دامەزراوە بچووکەکان.
- زۆربەی دامەزراوەکان تۆمار نەکراون (59.8%)، و زۆربەی ئەو دامەزراوانەی کە تۆمارکراون لە بەڕێوەبەرایەتی باج تۆمارکراون، پاشان لە وەزارەتی تەندروستی، و دواتر لە سەندیکاکانی بازرگانی. ڕێژەی سەدی دامەزراوەکانی زۆر بچووك، بچووك، و مامناوەند تۆمارکراو زیاد دەکات لەگەڵ زیادبوونی قەبارەی دامەزراوەکە. زۆربەی خاوەن دامەزراوە تۆمارنەکراوەکان پێیان وایە کە کارەکانیان پێویستی بە تۆمارکردن نییە. تۆمارکردن لە سندوقی ئاسایشی کۆمەڵایەتی تەنها 8%ی نموونەکەی پێك هێناوە.
- سەبارەت بە چالاکی ە بازرگانییەکان، زۆربەیان لە کەرتی بازرگانی تاك و کۆدا چڕبوونەتەوە کە دەکاتە بە ڕێژەی 31.5%، پاشان کەرتی گواستنەوە و کۆگاکردن دێت بە ڕێژەی 15.6% و دواتر کەرتی کشتوکاڵ و ماسیگرتن بە ڕێژەی 15.2%.
- زیاتر لە نیوەی خاوەن دامەزراوەکانی زۆر بچووك، بچووك، و مامناوەند (61.4%) گرفتیان هەبووە لە دامەزراندنی کارەکانیاندا. دەرەنجامەکان پێشان دەدەن کە بەرزترین ڕێژەی هەبوونی گرفت لە دامەزراندنی

کارێك لە پارێزگای هەولێر بووە بە ڕێژەی 82%، پاشان پارێزگاکانی تر بە ڕێژەی کەمتر (سلێمانی 58.1%، دهۆک 44.4% و هەڵەبجە 22.5%). ئەنجامەکان دەریانخست کە زۆربەی ئەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی دامەزراوەکانی زۆر بچووك، بچووك و مامناوەند بوونەتەوە "لە بەدەستهێنانی پارە" بووە بە ڕێژەی 63.2%، دواتر گرفتی بەدەستهێنانی زەوی بووە بە ڕێژەی (7.9%).

- بەپێی ساڵی دامەزراندن، دامەزراوەکان بەم شێوەیە دابەشکراون: 22.8% پێش ساڵی 2003، 32.1% لە نێوان ساڵانی 2003 و 2014 و 43.8% دوای ساڵی 2014.

- چالاکی ەکانی پێشووی خاوەنکارەکان بەم شێوەیە بووە: 29% لە وانە بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە هەمان چالاکی دا کاریان کردووە، 25.5% بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە چالاکیەکی جیاوازدا کاریان کردووە، 16% قوتابی بوونە و 12.5% بێکار بوونە. سەبارەت بە داخستنی دامەزراوەکانی پێشوو، 12.5%یان داخست بوونەوە و بەرزترین ڕێژەی داخستنی لە پارێزگای هەولێر بووە (15%)، پاشان پارێزگای دهۆک (12.6%)، هەڵەبجە (11.1%) و سلێمانی (9.3%) دێن. هۆکارەکانی داخستنەوە بریتی بوون لە قەیرانی دارایی بە ڕێژەی 31.7% ، کەمی خواست لە بازاڕدا بە ڕێژەی 28.3%، و مایەپوچبوون بە ڕێژەی 19.2%.

**- دامەزراندن و سەرچاوەی مرۆیی**

بابەتی دامەزراندن و سەرچاوە مرۆییەکان بریتی بوون لە ڕەگەزی خاوەنکارەکان، تێکرای ژمارەی فەرمانبەرانی ئێستا، گۆڕانکاری لە ژمارەی فەرمانبەران لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا، ئاستی خوێندن، جۆری کار، و سەرچاوە و کەناڵەکانی دامەزراندن، و ئەنجامەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بوون:

- دەرەنجامی ڕووپێوەکە دەریخست کە زۆربەی خاوەنکارەکان (86.7%) لە ڕەگەزی نێرن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بەراورد دەکرێت لەگەڵ دامەزراوەکانی زۆر بچووك، بچووك، و مامناوەند لە عێراق (بەغدا، نەینەوا و بەسرە) 2020-2021 و ڕووپێوی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار بۆ ساڵی 2011، ئەنجامەکان زیادبوونی ژمارەی ژنانی خاوەنکار بە ڕێژەی زیاتر لە دوو هێندە لە لە هەرێمی کوردستان پێشان دەدات (13.4%).
- ڕووپێوەکە دەریدەخات کە ژمارەی هێزی کار لە دامەزراوەکانی زۆر بچووك، بچووکو مامناوەند لە ساڵی 2018 بە ڕێژەی (4%) کەمیکردووە، بەڵام لە ساڵی2019 بە ڕێژەی (5%) بەرزبووەتەوە. لە ساڵی2020، پەتای کۆرۆنا (Covid-19) کاریگەرییەکی زۆری لە سەر بازاری کار نەبووە و تەنها لە ساڵی 2019 بە ڕێژەی (1%) دابەزینی تۆمارکردووە. سەبارەت بە ساڵی 2021، بازاڕی کار پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە بە ڕێژەی (8%).
- ئەنجامی ڕووپێوەکە دەریدەخات کە نزیکەی نیوەی کارمەندان (49.9%) لە دامەزراوەکانی زۆر بچووك، بچووك، و مامناوەند خوێندنی ناوەندی/ئامادەییبیان تەواو کردووە، و 32.2%یان پیشەیین و هیچ بڕوانامەیەکیان نییە. ڕێژەی ئەوانەی کە زانکۆیان تەواو کردووە 9.8% بووە.
- جۆرەکانی کار لە نموونەکەدا ئاماژە بە هێزی کاری ناشارەزا کردووە کە دەکاتە بە ڕێژەی 41.5%، و بەڕێوەبردن بە ڕێژەی 26.4%. کاری ڕێکخستنی سەرچاوەی مرۆیی و تەکنەلۆژیای زانیاری کەمترین ڕێژەیا تۆمار کردووە. دامەزراوەکان ئاماژە بە پێویستییەکی زۆر بە هێزی کاری شارەزا لە کەرتەکانی تەکنیکی/پیشەسازیدا کردووە بە ڕێژەی 50.6%.

- سەبارەت بە سەرچاوە و کەناڵەکانی دامەزراندنی کارمەند، زۆربەی وەڵامەکان (نزیکەی 66.1%) ئاماژەیان بە ڕێگای "ناسین و پەیوەندی کەسیی" کردووە. ناوەندەکانی دامەزراندنی گشتی یان پەیمانگای ڕاهێنان بەکارناهێنرێن وەك سەرچاوە و کەناڵەکانی دامەزراندنی کارمەند . نزیکەی 38.1%ی بەشداربووان ئاماژەیان بە پێویستی بە شارەزایی پیشەیی کرداری بۆ کارمەندان کردووە، پاشان شێوازی هەڵسوکەوت لەگەڵ کاردا دێت. ئەنجامەکان کەموکوڕی ڕوونیان لە بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی دامەزراوەکان و سیستەمی کارەکانیاندا پیشان دەدات کە بەم شێوەیەیە: کە بە ڕێزبەندی لە تۆمارکردن لە شوێنە پەیوەندیدارەکان، سیستەمی ژمێریاری، بە بازاڕکردن، بەرهەمهێنان، و شێوازەکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری.

### - ئافرەتانی خاوەنکار

ئەنجامەکانی خوارەوە ڕێژەی بەشداری ئافرەتان لەکەرتی بازرگانی و کاریگەری ژینگەی بازرگانی یان شوێنی کارکردن لە سەریان پێشان دەدات کە ئەنجامەکان بە شێوەی خوارەوەن:

- ڕووپێوەکە پێشان دەدات کە ئافرەتان هێشتا کەمینەن لە خاوەندارێتی دامەزراوە بازرگانییەکان بە ڕێژەی 13% لە کۆی نموونەکەدا.
- 13%ی کۆی نموونەکە کە نوێنەرایەتی خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ئافرەتانیان کردووە بەرزترین ڕێژ لە پارێزگای هەولێر بووە بە ڕێژەی (47.2%)، دواتر پارێزگاری سلێمانی بە ڕێژەی (40.9%)، پاشان پارێزگاری دهۆک بە ڕێژەی (9.7%) ، و پارێزگاری هەڵەبجە بەرێژەی (2.2%).
- لە کۆی 13%ی خاوەندارێتی ئافرەتان لە نموونەکەدا، بەرزترین ڕێژە لە پارێزگای هەولێر بووە بە ڕێژەی 47.2%، دواتر پارێزگای سلێمانی دێت بە ڕێژەی 40.9% و پاشان پارێزگای دهۆك و هەڵەبجە دێن بە ڕێژەی 9.2% و 2.2% یەك لە دوای یەك.
- 53.2% ئافرەتان وەلامیان داوەتەوە کە ئاستی ئەو سەختییەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە کاتی دامەزراندنی کارێکی نوێدا بەرزترە بە بەراورد بەوەی کە ڕووبەڕوی پیاوان دەبێتەوە.
- زۆربەی ئەو ژنانەی/خاوەنکارانەی کە بەشدارییان لە ڕووپێوەکەدا کردووە (48.3%) ڕایانگەیاندووە کە بەدەستهێنانی پارە لە لایەنە فەرمییەکان (بانکەکان و دامەزراوە داراییە بچووکەکان) بۆیان سەخترە بە بە بەراورد بە پیاوان.

### - داهێنان و تەکنەلۆژیا

ئەنجامەکان بریتی بوون لەوەی کە تا چ ئاستێک دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند دەستیان بە تەکنەلۆژیا گەیشتوە و تا چ ئاستێک پشتی پێ دەبەستن یان بەکاری دەهێنن:

- ڕووپێوەکە ئاستێکی نزم لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لەلایەن دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەندەکانەوە پێشان دەدات. بەرزترین ڕێژەی (61.6%) لە بەکارهێنانی "مۆبایل" بووە بە تایبەتی لە مامەڵەکاندا بۆ جێبەجێکردنی کاری ڕۆژانە.
- بەگشتی تێگەیشتنێکی باش نییە لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا، لەبەرئەوەی 94.3% ئاماژەیان بەوە کردووە کە پێویست ناکەت کەناڵە دیجیتاڵییەکان بەکار بێنن بۆ جێبەجیکردنی کارەکانیان.

- بەکارهێنانی ئینتەرنێت و بازرگانی ئەلیکترۆنی زۆر نزمە (تەنها 16دامەزراوە لە ساڵی 2016ەوە بازرگانی ئەلیکترۆنی بەکاردەهێنن).
- ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە پشتبەستنێکی لاوازی دەمەزراوەکان بە داهێنان و تەکنەلۆژیا لە کارەکانیاندا پێشان داوە، بە تایبەت کە بەراورد بە کۆی ژمارەی نموونەکان (2016)، بۆ نموونە، 10 لە کۆی تەنها 16 وەڵامدەرەوە پشتبەستنیان بە داهێنان و تەکنەلۆژیا لە کارەکانیاندا ڕاگەیاندووە، کاتێک بەراورد بە کۆی ژمارەی نموونەکان بکرێت ، ڕێژەکە تەنها 0.5% ە.
- لە ئێستادا، ئاستی هۆشیاری دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند لە بواری تەکنەلۆژیا و داهێنان زۆر سنووردارە، جگە لە بەکارهێنانی مۆبایل. بۆیە ئەمە دەبێتە خاڵی دەستپێک بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکان بە توانا بکرێن لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە ڕێگەی ئەپڵیکەیشنی مۆبایلە زیرەکەکانەوە، چونکە ئەمە خێراترین و کاریگەرترین ڕێگا دەبێت بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ ڕێکخراوەکان و باشترکردنی کارکردنیان و ئامانجی ئەم ئەپلیکەیشنانە بوارەکانی وەک دارایی، فرۆشتن، و پشتگیری دامەزراوەکان بێت.

**- دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوند و بە جیهانیکردن**

ڕووپێوەکە دەستگەیشتنێکی سنوورداری دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوند بۆ جیهانگیری و بازاڕەکانی دەرەوە پێشان دەدات و ئەنجامەکان بەم شێوەیەن:

- لە هەرێمی کوردستان، دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوند بە ڕێژەی 82% پشت بە بازاڕی فرۆشتنی ناوخۆیی دەبەستن، چونکە خاوەندارانی ئەم دامەزراوانە بازاڕی هەناردەکردن وەک پێشینە یان پێویستییەک سەیر ناکەن و زۆربەی ئەم دامەزراوانە پلانیان بۆ هەناردەکردن نییە بە ڕێژەی(95.7 %) و وەک خاڵێکی فرۆشتن پشت بە بازاڕی ڕاستەوخۆ دەبەستن لە ناوچەکەیاندا.
- دامەزراوەکان تا ڕادەیەکی زۆر پشتیان بە پەیوەندییە بازرگانییەکان لە ناو هەرێمی کوردستان بەستووە (98%). ڕووپێوەکە پێشان دەدات کە 29 دامەزراوە لەگەڵ دامەزراوە نا کوردستانی- کۆمپانیای عێراقی کاردەکەن، و 42 دامەزراوەش لەگەڵ دامەزراوەی نا عێراقییەکان کاردەکەن.

**- تۆڕەکان، هاوبەشەکان و بە کۆمەڵەکان**

- ئەنجامی ڕووپێوەکە نزمی لە پەیوەندی لەگەڵ هاوبەشی و کۆمەڵە شارەزاکان بۆ چالاکییە بازرگانییەکان پێشان دەدات بۆ دەستگەیشتن بە بازاڕ، پەرەپێدانی بازرگانی، پەرەپێدانی تەکنەلۆژیا و داهێنان لە پیشەسازی و خزمەتگوزارییە جیاوازەکاندا بەرز بکاتەوە.
- داتاکان هەندێک بنەمای ئەرێنییان پێشان داوە کە دەتوانرێت پلانی ستراتیژی داهاتوو لەسەریان بنیات بنرێت. 88 دامەزراوە ڕایانگەیاندووە کە هاوکاری لە نێوان خۆیان و "دابینکەرانی خزمەتگوزاری"دا هەیە، 9 دامەزراوە ڕایانگەیاندووە کە هاوکاری لە نێوان خۆیان و دامەزراوەکانی تر لە هەمان بواردا هەیە، و 16 دامەزراوە باس لە هەبوونی هاوکاری لەگەڵ ناوەندەکانی توێژینەوەدا دەکەن.

### - پەتای کۆڤید-19

کاریگەرییەکانی پەتای کۆرۆنا وەک نموونەیەک لە کاریگەرییەکانی کارەساتەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان لێکۆڵینەوەی لەسەر کرا:

- لە سەرەتای پەتای کۆرۆنا لە ساڵی 2020دا, زۆربەی دامەزراوەکانی ناو نموونەکە ڕووبەڕووی دابەزینی داهاتی بازرگانی خۆیان بوونەتەوە (تا 80.5%)، و ئەم دابەزینە بەردەوام بووە، بەڵام لە ماوەی 2020-2021 ڕێژەکە کەمتر (73.2%) بوو. سەبارەت بە پارێزگاکانیش, دەرکەوت کە پارێزگاری هەولێر و سلێمانی و دهۆک کەمترین داهاتی بازرگانییان هەبووە و لە دوای ئەو پارێزگاری هەڵەبجە دێت. هەروەها دەرکەوت کە کەرتی بازرگانی تاك، کەرتی گواستنەوە و کۆگاکردن، و پیشەی دەستی تەکنیکی زۆرترین کاریگەری پەتای کۆرۆنایان لەسەرە. زۆربەی وەڵامدەران (86.5%) ڕایانگەیاندووە کە بەهۆی پەتای کۆرۆناوە مۆڵەتیان بە کارمەندەکانیان نەداوە ، زۆرترین ڕێژەی بۆ دامەزراوە زۆر بچووکەکان بووە (87.5%). لەسەر ئاستی پارێزگاکان، هەولێر زۆرترین ڕێژەی هەبووە بە ڕێژەی 97.5%، لە دوای ئەویش سلێمانی دێت بە 90%.

کاردانەوەکانی تر بەم شێوەیە بوونە:

- کەمکردنەوەی کاتژمێرەکانی کارکردن بە مووچەی کەمتر (13.2%) بەبێ جیاوازییەکی بەرچاو بەپێی قەبارەی دامەزراوەکە. لەم بارەیەوە پارێزگای دهۆک بەرزترین ڕێژەی هەبووە (25.7%) کە دامەزراوەکان (زۆر بچووك, بچووک و مامناوەندەکان) تێیدا کاتژمێرەکانی کارکردن بە مووچەیەکی کەمێك کەمتر کەمکراوەتەوە.
- بەشێکی زۆر لە وەڵامدەران ڕایانگەیاندووە کە پەتای کۆرۆنا کاریگەری لەسەر مووچەی کارمەندان کردووە و وەک خۆی نەماوەتەوە، کاریگەری لەسەر دامەزراوە زۆر بچووکەکان بە ڕێژەی 68%, لە سەر دامەزراوە مامناوەندەکان 57.1% و لە سەر دامەزراوە بچووکەکان 55.9% بووە. جیاوازی لە نێوان پارێزگاکاندا هەیە، کە ڕێژەی سەدی کاریگەری مووچە بەم شێوەیە بووە: لە هەولێر 75.9%، لە سلێمانی 73.4%، لە هەڵەبجە 62.5%، لە دهۆک 48.5% بووە.
- مووچە کەمکرایەوە، بەڵام کاتژمێرەکانی کارکردن وەک خۆی مایەوە (9.9%) بەبێ هیچ جیاوازییەک لە نێوان قەبارەی دامەزراوەکان. بەڵام نایەکسانی لەسەر ئاستی پارێزگاکان دەردەکەوێت کە پارێزگاری دهۆک زۆرترین ڕێژەی هەبووە (24.3%).
- لە وەڵامی ئەم پرسیارە کە ئایا هەنگاوەکانی حکومەت بۆ سنووردارکردنی کاریگەرییەکانی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرڕۆنا گونجاو بووە یان گونجاو نەبووە, زیاتر لە نیوەیان وەڵامیان داوەتەوە کە گونجاون (67.4%). دەرکەوت کە ڕێژەی ڕازیبوونی مێینەکان لە هەنگاوەکانی حکومەت لە کاتی پەتای کۆرۆنادا زیاترە بە بەراوورد بە پیاوان.

## - دارایی

بابەتی دارایی یان پارەدارکردن یەکێکە لە گرنگترین بابەتەکان بۆ گەشەی دامەزراوەکان (MSME). ڕووپێوەکە ئاستی بەکارهێنانی خزمەتگوزارییە بانکییەکان، دەستگەیشتن بە پارە، بەردەستبوونی سامان و پێویستبوون بە پارە لەخۆ دەگرێت. ڕووپێوەکە ئاستی نزمیی مامەڵە دارایی و بانکییەکان و سەختی دەستگەیشتن بە دارایی لەلایەن دامەزراکانەوە پێشان دەدات, بەتایبەتی:

- بەکارهێنانی لاوازی خزمەتگوزارییە بانکییەکان بە جۆرێك کە زۆرینەی دامەزراوەکانی زۆر بچووک و بچووك و مامناوەندەکان هەژماری بانکیان نییە و تەنها 1.5%ی دامەزراوەکانی زۆر بچووک و بچووك و مامناوەندەکان هەژماری بانکییان هەیە، و جیاوازییەکی ڕوون لە ئاستی قەبارەی کۆمپانیاکەدا هەیە، و ئەم ڕێژەیە لە 1% بۆ دامەزراوە زۆر بچووکەکان زیاد دەبێت بۆ 3.2% بۆ دامەزراوە بچووکەکان و 14% بۆ دامەزراوە مامناوەندەکان. ئەو دامەزراوانەی کە هەژماری بانکییان هەیە بەپێی پارێزگاکان بەم شێوەیە دابەش کراون: سلێمانی 14 دامەزراوە، هەولێر 9 دامەزراوە، دهۆک 7 دامەزراوە، و هەڵەبجە تەنها یەک دامەزراوە هەیە کە هەژماری بانکی بەکار دێنێت.
- هۆکارە سەرەکییەکانی نەبوونی هەژماری بانکی بەم شێوەیەن: 86.3%ی دامەزراوەکان ڕایانگەیاندووە کە کارەکانیان پێویستی بە کردنەوەی هەژماری بانکی نییە، لەکاتێکدا 9.7% ڕایانگەیاندووە کە متمانەیان بە بانکەکان نییە، و 1.9% ڕایانگەیاندووە کە بەردەوامبوونی هەژماری بانکی گرانە.
- دەرەنجامی ڕووپێوەکە پێشان دەدات کە ڕێژەی دەستگەیشتن بە دارایی بۆ هەموو دامەزراوە زۆر بچووک و بچووك و مامناوەندەکان 62.4%ە ، و دەرکەوتووە کە 5% "پلانیان هەبووە، بەڵام پارەیان بەدەست نەهێناوە"، و دوودڵی لە قەرزکردن 32.4%ە بە هەموو دامەزراوە زۆر بچووک و بچووك و مامناوەندەکان.
- زۆربەی وەڵامدەران (89%) ڕایانگەیاندووە کە پارەیان بەدەستهێناوە یان پلانیان هەیە بۆ بەدەستهێنان یان لە ڕێگەی قەرز لە خێزان و هاوڕێیانەوە (49%) یان لە ڕێگەی پاشەکەوتی کەسییەوە (40%).
- زۆربەی دامەزراوەکان (66%) ڕایانگەیاندووە کە لە کاتی دامەزراندنی کارەکەیەان هیچ سەروەت و سامانێکیان نەبووە. ڕووپێوکە دەریخستووە کە تا قەبارەی کۆمپانیاکە گەورەتر بێت، سەروەت و سامانی زیاتر لەبەردەستدایە و ئەنجامەکانیش بەم شێوەیە بوونە: دامەزراوە مامناوەندەکان (50%)، دامەزراوە بچووکەکان (36.2%)، و دامەزراوە زۆر بچووکەکان (33.7%).
- ڕێژەی بەردەستبوونی سەروەت و سامان بۆ دامەزراوەکانی زۆر بچووک, بچووک و مامناوەند بەپێی پارێزگاکان بەم شێوەیەیە: هەولێر 30%، سلێمانی 25%، هەڵەبجە 47%، و دهۆک 49%. بە ڕێژەی 37% بۆ نێر و 15% بۆ مێ، و 37% بۆ دامەزراوە تۆمارکراوەکان و 31% بۆ دامەزراوە تۆمارنەکراوەکان.
- زۆربەی دامەزراوە زۆر بچووک, بچووک و مامناوەندەکان (69%)پلانیان نەبووە بۆ بەدەستهێنانی پارە دوای دەستپێکردنی کارەکانیان. تێکڕای ڕێژەی سەدی بەدەستهێنانی پارە 25.5% بووە و بەم شێوەیە دابەشکراوە: 25% بۆ دامەزراوە زۆر بچووکەکان، 33.1% بۆ دامەزراوە بچووکەکان، و 28.6% بۆ دامەزراوە مامناوەندەکان. ڕێژەی سەدی ئەو دامەزراوانەی کە هەوڵی بەدەستهێنانی پارەیان داوە دوای دەستپێکردنی کارەکەیان و سەرکەوتوو نەبوونە 4.9% بووە.
- پارێزگای هەولێر زۆرترین ڕێژەی تۆمارکردووە بۆ بەدەستهێنانی پارە دوای دەستپێکردنی کارەکە بە ڕێژەی 34.9%، دواتر پارێزگاری سلێمانی دێت بە ڕێژەی 21.8%، پاشان پارێزگاری دهۆک بە ڕێژەی

19.7% و دواتر پارێزگاری هەڵەبجە دێت بە ڕێژەی 12.5%. گرنگترین هۆکارەکانی بەدەستهێنانی پارە دوای دەستپێکردنی کارەکان بۆ "فراوانکردنی کارەکە""، زیادکردنی کۆگا"، "دامەزراندنی کارمەندی نوێ"، " نوێکردنەوەی ئامێرەکان"، یان "پێشکەشکردنی بەرهەم یان خزمەتگوزاری نوێ" بووە یەك لە دوای یەك.

- داوا لە وەڵامدەرەوەکان کرا کە ئاستی سەختی لە بەدەستهێنانی پارە هەڵسەنگێنن، زۆرینەی (72%) ڕایانگەیاندووە کە بەدەستهێنانی پارە بۆیان سەخت بووە' و هۆکارەکانی سەختی لەدەستگەیشتن بە پارە ئەمانەن: 56% بۆ داهاتی زۆر کەم دەگەڕێتەوە، 24% بۆ نەبوونی بارمتە و 10% بۆ دوورکەوتنی قەرزدەر لە مەترسی قەرزدان، 3% نەبوونی گەرەنتی و 1.9% بۆ ڕێژەی سوودی بەرز.
- سەبارەت بە خەرجییەکانی بەکارخستن، گەورەترین بەش لە خەرجییەکانی بەکارخستن لەسەر کەرەستەی خاو بووە بە ڕێژەی 44%، دواتر گواستنەوە بە ڕێژەی 12%، لە کاتێکدا تێچووی وزە (کارەبا، گەرمکردنەوە و ساردکردنەوە) زیاتر لە 9%ی خەرجییەکان نەبووە.
- زۆربەی دامەزراوەکان (92.5%) تۆماری ژمێریاری لە لای خۆیان ناپارێزن.

## پێشنیارە سەرەکییەکان – ڕووپێوی هەرێمی کوردستان 2022

ئەنجامی ڕووپێوەکە ئاماژە بە پێشنیارەکان دەکات کە ئامانجیان پەرەپێدانی تواناکانی دامەزراوەکانی زۆر بچووک ، بچووك و مامناوەندە، ئاسانکردنی دەستگەیشتن بە دارایی و دەرفەتەکانی گەشەکردن، دابینکردنی پەیوەندی باشتر بۆ بازاڕەکان و زانیاری بازرگانی، و زیادکردنی هۆشیاری و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و کەناڵەکانی پەیوەندیکردنە. ئامانجی کۆتایی باشترکردنی ژینگەی بازرگانییە لە ڕووی بەرنامەکانی گەشەپێدانی ئابووری لەسەر ئاستی ناوخۆیی و بەرزکردنەوەی وەڵامدانەوەی دەزگاکانی حکومەت بۆ پێداویستییەکانی دامەزراوەکانی زۆر بچووك ، بچووك و مامناوەند لەسەر ئاستی نیشتمانی. پێشنیارە ستراتیژییەکانی ڕووپێوەکە لەسەر بنەمای پێکهاتە سەرەکییەکانی ڕووپێوییەکەی بازرگانییە کە بنەمای ئامادەکردنی نەخشەڕێگای پەرەپێدانی دامەزراوەکانی زۆر بچووك ، بچووك و مامناوەندن.

- دامەزراندن و سەچاوە مرۆیەکان
- ئافرەتانی خاوەنکار
- داهێنان و تەکنەلۆژیا
- دامەزراوەکان و بەجیهانیکردن
- تۆرەکان، هاوبەشەکان و کۆمەڵە خۆجێیەکان
- دەستگەیشتنی دامەزراوەکان بە دارایی- ئالەنگاریەکان و پێشنیارەکان

## دامەزراندن و سەرچاوە مرۆییەکان

**پێشنیارەکانی سەرەکی بریتین لە:**

**بەرزکردنەوەی توانا بۆ دامەزراندن**

-دانانی بەرنامەیەک بۆ ئاسانکاری لە گەڕان بەدوای هەلی کار کە پێداویستیەکانی بازاڕی دابین بکات.

-هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوە پەروەردەییەکان بۆ دابینکردنی پروگرامی پەروەردەیی گونجاو لەگەڵ ئاراستەی ئابوورییەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری دوولایەن بۆ ئەو کەسانەی کە بەدوای کاردا دەگەڕێن بۆ ئەو دامەزراوە زۆر بچووک ، بچووک و مامناوەندانەی کە بەدوای کارمەندا دەگەڕێن.

-هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی (MoLSA) و لە نێوان زانکۆکان و پەیمانگاکانی ڕاهێنانی تەکنیکی بۆ پاڵپشتیکردنی پرۆگرامەکانی ڕاهێنانی لەسەر کار، بۆ تازە دەرچووان بە مەبەستی بەرزکردنەوەی توانای کارکردنیان بۆ دامەزراندن.

-دانانی پلاتفۆرمی ئەلیکترۆنی لە ڕێگەی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی (MoLSA) لە هەرێمی کوردستان بۆ ڕێکخستنی کارەکان لە نێوان دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا و ناوەندەکانی ڕاهێنان و دامەزراوەی زۆر بچووک ، بچووک و مامناوەندەکان بۆ ئاسانکاری پرۆسەی دامەزراندنی دەرچووان.

-بەرزکردنەوەی گونجاوی سیستەمی پەروەردە و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی بازاڕی کار.

**هاندان بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و گۆڕینی تێڕوانین لە سەر کاریگەری سەرچاوە دارایی و مرۆییەکان لە دامەزراوەکاندا**

-دامەزراوەکانی زۆر بچووک ، بچووک و مامناوەند پێویستیان بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا هەیە بۆ پەرەپێدانی کارەکانیان و ڕوو لە دامەزراوە دەرەکییەکان بکەن بۆ یارمەتیدانی بەڕێوەبردنی سەرچاوە داراییەکان، کاروباری یاسایی، دامەزراندن، سەرچاوە مرۆییەکان، پابەندبوون، و خزمەتگوزارییەکانی تر. لەگەڵ گەشەکردنی قەبارەی ڕێکخراوەکان، وەبەرهێنان لە تەکنەلۆژیا و بەڕێوەبردنی سەرچاوە دارایی و مرۆییەکان دەبێتە شتێکی پێویست چونکە ئەزمون و پرۆسەکانی ئێستا ناتوانن لە درێژخایەندا پشتگیریان بکەن. لەم چوارچێوەیەدا، پێویستی بە پەرەپێدانی لێهاتوویی خاوەنکار و کارمەندانی دامەزراوەی زۆر بچووک ، بچووک و مامناوەندەکان هەیە بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە بازرگانیدا (بۆ نموونە پشتبەستن بە تەکنەلۆژیای مۆدێرن لە کشتوکاڵ و ئاودێریدا، و بەکارهێنانی ئینتەرنێت بۆ بازاڕکردن و فرۆشتن).

## ئافرەتانی خاوەنکار

دەرفەتێکی فراوان هەیە بۆ گەشەسەندنی ئابووری لە هەرێمی کوردستان بە زیادکردنی بەشداری ئافرەتان لە ڕێگەی دروستکردنی ژینگەیەکی ئەرێنی بۆ ئافرەتان لە بواری بازرگانیدا بۆ کەمکردنەوەی ئەو بەربەستانەی کە لە ئێستادا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە؛

**دروستکردنی ژینگەیەکی کارکردنی گونجاو بۆ ئافرەتان**

-هاوکاری نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان و ئافرەتانی خاوەنکار، کۆمەڵە پیشەسازییەکان و دامەزراوە داراییە بچووکەکان بۆ دابینکردنی زانیاری و دەستنیشانکردنی دەستپێشخەری و بەرنامەکان بۆ پشتگیریکردنی ئافرەتانی خاوەنکار.

-هاندان بۆ ناساندنی سیستەمی پشک بۆ ئافرەتان لە ڕێکخراوە تایبەتەکان و/یان گشتیەکان.

**سیستەمێکی یاسایی و ڕێکخراوەیی کە پاڵپشتی بەهێزکردنی ئابووری ئافرەتان دەکات**

- پەرەپێدان و جێبەجێکردنی زنجیرەیەک سیمینار لە پارێزگا جیاجیاکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ئافرەتان لە بواری دارایی و کارگێڕی بازرگانی.

- پێشکەشکردنی ڕاهێنانی ئامانجدار بۆ بەهێزکردنی ئافرەتان.

**دارایی (پارەدارکردن)**

- پاڵپشتیکردن و هاندانی بانکەکان و دامەزراوە داراییەکان بۆ دابینکردنی بەرهەم و خزمەتگوزارییە داراییەکان کە بە تایبەتی بۆ ژنان ئامادە کراوون.

- ڕێکخستنی کەمترین و زۆرترین کرێی سوو کە لەلایەن دامەزراوە داراییە بچووکەکانەوە لە ئەستۆ دەگرێت بۆ دامەزراوەی زۆر بچووک ، بچووک و مامناوەندەکان (بە جەختکردن لەسەر ئافرەتانی خاوەنکار).

**ڕاهێنانی تایبەت**

- دانان و بڵاوکردنەوەی پرۆگرامی ڕاهێنانی تایبەت بۆ پێشکەشکردنی پاڵپشتی دارایی و کارگێڕی و تەکنیکی بۆ ئافرەتانی خاوەنکار.

- دیاریکردنی ئەو پرۆگرامە بازرگانیانەی کە ئەو کەرتانە دەکەنە ئامانج کە ئافرەتان زیاتر بەشداری تێدا دەکەن لە پیاوان (بەتایبەت لە بواری شێوازە نوێیە کشتوکاڵییەکان ، بازرگانی ئەلیکترۆنی، بازاڕکردن و فرۆشتن).

## داهێنان و تەکنەلۆژیا

بۆشـــاییەکی گەورە هەیە لە بەشـــداریکردن و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لەلایەن دامەزراوەکانی زۆر بچووک ، بچووک و مامناوەند لە هەرێمی کوردستاندا. پێشنیارە سەرەکییەکان لە ڕووپێوییەکەدا ئەمانەی خوارەوە وەک هەنگاوی سەرەتایی پێویست دەستنیشان دەکەن بۆ چالاککردنی هۆشیاری تەکنەلۆژی:

- هۆشـــیارکردن لەبارەی ســـوودەکانی تەکنەلۆژیا لە بازرگانیدا، کە بە چیرۆکەکانی ســـەرکەوتن لە ناوخۆ و لە ناوچەکە پیشان دەدرێت. ئاگاداربوون لە سوودەکانی پەیوەندیکردن بە دابینکاران، کڕیاران و بازرگانییەکانی تر بۆ خۆ دەرخستن و باشترکردنی فرۆشتن و توانای کردنەوەی بازاڕی نوێ.

- دابینکردنی ئەو ئاسـانکاریانەی کە دامەزراوەکانی زۆر بچووک ، بچووک و مامناوەند دەتوانن هاوبەشـی بکەن (ناوەندە کۆمپیوتەرییەکان، ناوەندەکانی پەرەپێدانی بازرگانی، و نووسـینگەکانی شـارەوانی بۆ دامەزراوەکانی زۆر بچووک ، بچووک و مامناوەند).

- دابینکردنی بەرنامەی دارایی بۆ ئامێر و مەکینە و سۆفت وێر و هاردوێر .

- فراوانکردنی بە بازرگانیکردنی تەکنەلۆژیا و تواناسازی بۆ خێراکردنی بە دیجیتاڵیبوون.

- پێشخستنی ژێرخانی بازرگانی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان.

## دامەزراوەکانی زۆر بچووک ، بچووک و مامناوەند و بە جیهانیکردن

پشتبەستنی لە ڕادە بەدەر بە بازاڕی ناوخۆیی و نەبوونی بەشداریکردنی ناوچەیی و جیهانی، بۆشایی زانیاری و شارەزایی دروست دەکات کە دەبێتە هۆی کێشەی زۆر لە گەشەکردن و فراوانبوون دامەزراوەکانی زۆر بچووک ، بچووک و مامناوەند. هەندێک لەو دەستپێشخەرییە سەرەکیانەی کە پێویستە تاقی بکرێنەوە بریتین لە:

### وێبسایتی دیجیتاڵی

-پێویســـتە داتابێســـێکی زانیاری ناوەندی و پۆرتاڵێکی ئۆنلاین بۆ دامەزراوەکانی زۆر بچووک ، بچووک و مامناوەند دابنرێت کە هەموو داتاکان بەردەست بن کە بە ئاسانی بەکار بێت (بەتایبەت لەسەر مۆبایل).

-بڵاوکردنەوە و دەستگەیشتنی دیجیتاڵی بە زانیاری بازاڕ و دەرفەتەکان بۆ دەستگەیشتن بە بازاڕی ناوخۆ و ناوچەیی و جیهانی بۆ هەر کەرتێک.

-دابینکردنی زانیـاری پەیوەنـدیدار بە کاڵاکان لە پۆرتاڵی زانیـاری دامـەزراوەکانی زۆر بچووک ، بچووک و مامناوەند.

- بەردەســـتبوونی زانیـاری بازاڕی دەرەوەی وڵات بۆ دامەزراوەکانی زۆر بچووک ، بچووک و مامناوەند بۆ دەستگەیشتن بە بازاڕە نێودەوڵەتییەکان.

### پێشانگای بازرگانی

-پێشانگای ساڵانەی بازرگانی لە شارە گەورەکان و ناوەندەکانی بازاڕ دابنرێت.

-پاڵپشتیکردن لە دامەزراوەی زۆر بچووک ، بچووک و مامناوەندەکان بۆ بەشداریکردن لە پێشانگای بازرگانی و پێشانگاکان.

-ئاسـانکاری حکومەت بۆ بانگەشـەکردن بۆ ناسـاندنی دامەزراوەی زۆر بچووک ، بچووک و مامناوەندەکان بۆ بەبازاڕکردنی بەرهەمەکانیان و گەڕان بەدوای بیرۆکەی بازرگانی نوێ و دەستەبەرکردنی هاوبەشی بازرگانی پارێزراو.

- دانـانی بەرنـامەی وەبەرهێنـانی نێودەوڵەتی بە پـاڵپشــتی حکومەت بۆ بە ئـامـانجکردنی چـاڵاکترین و سرنجڕاکێشترین کەرتەکان بۆ ئەوەی کە کۆمپانیا جیهانییەکان وەبەرهێنانی تێدا بکەن.

**شوێنەکانی بازاڕکردن**

-ناوەنداکانی بەبازاڕکردن لەو شوێنانەی کە دانیشتووانی زۆری هەیە بۆ یارمەتیدانی دامەزراوەی زۆر بچووك بچووك و مامناوەندەکان بە مەبەستی بەبازاڕکردنی بەرهەمەکانیان.

- بازاڕی کراوە بە ژێرخانێکی گۆنجاو بە مەبەستی ئاسانکاری لە بەبازارکردنی بەرهەمەکان و گەیشتن بە دەستی بەکاربەر.

**هاندان**

-پشتگیریکردن لە پەرەپێدانی بەرهەم، باشترکردنی کوالیتی، لەبەرگرتن و پێچانەوە، براندکردن و دروستکردنی شەبەکەی بازاڕی دامەزراوەکانی زۆر بچووك ، بچووك و مامناوەند بۆ ئەوەی کێبڕکێ بکەن لە سەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا.

-ئاسانکاری لە دروستکردنی پەیوەندی بازرگانی کۆ یان بەکۆمەڵ کە گونجاو بێت بۆ دامەزراوەی زۆر بچووك ، بچووك و مامناوەندەکان بۆ خێراکردنی چوونە ناو بازاڕ.

-دۆزینەوە و دروستکردنی هاندەرانی دامەزراوەکانی زۆر بچووك ، بچووك و مامناوەند بە مەبەستی هاندان و بەرزکردنەوەی هەناردەکردن بۆ دامەزراوەی زۆر بچووك ، بچووك و مامناوەندەکان کە توانای بەشداریکردن لە بازرگانی ناوچەیی یان نێودەوڵەتیدا هەیە.

## تۆڕەکان، هاوبەشەکان و کۆمەڵەکان

لە زۆرێک لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، تۆڕەکان، هاوبەشی و کۆمەلەکان بنەمای خێراکردنی گەشەکردن و سەقامگیری دامەزراوەی زۆر بچووك ، بچووك و مامناوەندەکان بوون. لەم ڕووەوە ڕاسپاردە سەرەکییەکان بریتین لە:

- پەرەپێدانی فراوانتری بە کۆماڵکردنی دامەزراوەی زۆر بچووك ، بچووك و مامناوەندەکان بۆ بەدەستهێنانی ئابووری لە ڕێگەی تۆڕەکان وەکو هاوبەشی، ژێرخانی ئابووری، ناوەندەکانی پالپشتی و هاوکاریکردنی دامەزراوەکان و میکانیزمەکانی تری بەکۆمەڵەکردنی دامەزراوەی زۆر بچووك ، بچووك و مامناوەندەکان.

- پێشخستنی بەرنامەکان بۆ گەیشتن بە بازاڕ و هۆشیاری کە لەسەر بنەمای کەرتەکانن بۆ پەرەپێدانی پیشەسازی لە ناوخۆدا و بەستنەوەی کۆمەلەکان لە ئاستی ناوچەییدا لەو شوێنانەی کە گونجاوە.

- دابینکردنی دەرفەتەکان بۆ چەندین دامەزراوە زۆر بچووك، بچووك و مامناوەندەکان بە مەبەستی سوودوەرگرتن لە دەرفەتەکان لە بەرنامەکانی گەشەپێدانی ئابووری ناوخۆیی، پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری، گرێبەستە بازرگانییەکان و هتد.

- جێبەجێکردنی پلاتفۆرمی نێودەوڵەتی بە یارمەتی حکومەت/ ژووری بازرگانی کە هاوکاری نێوان دامەزراوەی زۆر بچووك ، بچووك و مامناوەندەکانی وڵاتانی جیاواز بەرەوپێش دەبەن.

- هەبوونی پردێک لە نێوان دامەزراوەی زۆر بچووك ، بچووك و مامناوەندەکان و کۆمپانیا گەورەکان و کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان.

## دارایی

کەمی دەستگەیشتن بە دارایی گونجاو و میکانیزمە داراییە گونجاوەکان هێشتا وەک بەربەستێکی سەرەکی بۆ گەشەپێدانی دامەزراوەکانی زۆر بچووک ، بچووک و مامناوەند دەمێنێتەوە. ڕاسپاردە سەرەکییەکان بریتین لە:

- پەرەپێدان، پێشخستن و فراوانکردنی ئامرازە داراییە جێگرەوەکان بۆ باشتر خزمەتکردنی پێداویستییە داراییەکانی دامەزراوەی زۆر بچووک ، بچووک و مامناوەندەکان. ئەم ئامرازانە لەوانەیە قەرز بە سوودێکی کەم، بەخشش و هاوکاری، سوود بە ڕێژەیەکی کەم و بەرنامەکانی گەرەنتی قەرز لەخۆ بگرن.

- گەڕان بەدوای بەرنامەیەکدا بۆ ناساندنی خزمەتگوزارییە داراییە دیجیتاڵییەکان(DFS) ، یان دابینکردن و بەکارهێنانی بەرهەم و خزمەتگوزاریی دارایی باوەرپێکراو و لە ڕێگەی کەناڵە دیجیتاڵییەکانەوە.

- بنیاتنانی تواناکانی دامەزراوە داراییەکان و هاوکاریکەرەکان بۆ هاوکاریکردن لە پەرەپێدانی بازرگانی بۆ دامەزراوەی زۆر بچووک ، بچووک و مامناوەندەکان.

- دابینکردنی زانستی دارایی بۆ دامەزراوەی زۆر بچووک ، بچووک و مامناوەندەکان.

- دانانی سیاسەت و بەرنامە بۆ دارایی داهێنەرانە.

- ڕێکخستن و ئاسانکردنی پێداویستی و پرۆسەکانی قەرز بۆ دامەزراوەی زۆر بچووک ، بچووک و مامناوەندەکان. پێویستە دەستپێشخەرییەکانی سیاسی جەخت بکاتە سەر هەندێک پێوەری تایبەت بۆ کاراکردنی سیستەمێکی دارایی بۆ دامەزراوەی زۆر بچووک ، بچووک و مامناوەندەکان.

- دڵنیابوون لە بەردەستبوونی بڕە پارەیەکی تەرخانکراو بۆ قەرزدان بە دامەزراوەی زۆر بچووک ، بچووک و مامناوەندەکان.

- جێبەجێکردنی پلانی گەرەنتی قەرزی گونجاو بۆ ئاسانکاری دەستگەیشتن بە دارایی لەلایەن دامەزراوەی زۆر بچووک ، بچووک و مامناوەندەکان.

- هاندانی پێشبردنی پیشەسازی دارایی بچووک بە خاوەندارێتی تایبەت.

- تواناسازی لە دامەزراوەی (MFIs) بۆ خزمەتکردنی گونجاوی پێداویستییەکانی دامەزراوەی زۆر بچووک ، بچووک و مامناوەندەکان.

- پێشکەشکردنی پشتگیری پێویست لە ڕێگەی بنیاتنانی توانا، ڕاهێنان و پشتگیری تەکنیکی بۆ ئامادەکردنی دامەزراوەی زۆر بچووک ، بچووک و مامناوەندەکان بە مەبەستی دەستگەیشتن بە دارایی.

- دانانی پێوەرە ڕوونەکان بۆ بەرنامەی بەکاربەری گونجاو لەوانەش میکانیزمێکی گونجاوی پێراگەیاندنەوە (فیدباک) بۆ بەرنامە سەرکەوتوو نەبووەکان.

- دروستکردنی هۆشیاری گشتی سەبارەت بە بژاردەکانی دارایی کە لەبەردەستی دامەزراوەی زۆر بچووک ، بچووک و مامناوەندەکاندایە.

- بڵاوکردنەوەی ڕێژەی سوودی قەرزی بازرگانی بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی کێبڕکێ و شەفافیەت لە کۆمەڵگەی داراییدا.

- هاندانی کەرتی تایبەتی نیشتمانی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی و هاوبەشی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بۆ دابینکردنی سەرچاوەیەکی دارایی بۆ دامەزراوەی زۆر بچووک ، بچووک و مامناوەندەکان.

# ناوەڕۆك

پێشکەش لەلایەن وەزارەتی پلاندانان ..... 1
پێشکەش لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێم ..... 3
پەیامێک لە ئاژانسی ئەمریکی بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی – عێراق ..... 4
پەیامێک لە بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان – عێراق ..... 5
سوپاس و پێزانین ..... 6
پوختە ..... 9
بەشی یەکەم: پێشەکی و چوارچێوەی پرۆژەکە ..... 30
1- پێشەکی ..... 30
1-1 لێکۆڵینەوە لە دامەزراوەکانی زۆر بچووك، بچووک و مامناوەند لە هەرێمی کوردستان 2022 ..... 31
2- ئامانج و سنوری ڕووپێوەکە ..... 32
3- ڕووپێوەکانی پێشووی پەیوەندیدار ..... 33
4- ڕێبازی لۆژیکی و شێوازی ڕووپێوی دامەزراوەکانی زۆر بچووك و بچووك و مامناوەند ..... 36
5- ڕێبازی ڕووپێو ..... 37
1-5 کۆمەڵەی ئامانج لە توێژینەوە ..... 37
2-5 چوارچێوەی نموونە ..... 39
3-5 یەکەی ڕووپێو ..... 39
4-5 قەبارەی نموونە ..... 39
5-5 ڕاهێنانی تایبەت بە ڕووپێوی دامەزراوەکانی زۆر بچووک و بچووک و مامناوەند ..... 42
بەشی دووەم: ئەنجامەکانی ڕووپێوی مەیدانی ..... 45
6- تایبەتمەندیە گشتیەکانی ڕووپێوی دامەزراوەکانی زۆر بچووك، بچووك و مامناوەند ..... 46
1-6 تایبەتمەندی خاوەنکارەکان ..... 46
2-6 چالاکی بازرگانی Business Activity ..... 48
3-6 تایبەتمەندی دامەزراوەکان ..... 50
4-6 دابەشبوونی دامەزراوەکان بە پێی تۆمارکردن ..... 51
7- ژینگەی گشتی دامەزراوەکان ..... 55
1-7 بازرگانی کردن ..... 55
2-7 دابەشبوونی دامەزراوەکان بە پێی ساڵی دامەزراندن ..... 56
3-7 ئاستی خوێندەواری خاوەن دامەزراوەکان ..... 57
4-7 جۆرەکانی دڵنیایی تایبەت بە دامەزراوەکان ..... 58
5-7 جۆری خاوەندارێتی دامەزراوەکان ..... 59
6-7 چالاکی پێشووی خاوەنکارەکان ..... 61
7-7 ئەنجامدانی کاری بازرگانی لە عێراق - ڕاپۆرتی بانکی نێودەوڵەتی 2020 ..... 64
8- دامەزراندن و سەرچاوە مرۆییەکان ..... 67
1-8 پۆلێنکردنی دامەزراوەکان و ئاستی دامەزراندن ..... 67
2-8 دابەشبوونی تەمەنی کارمەندان ..... 81
3-8 چالاکیە بازگانییەکان ..... 83
4-8 جۆرەکانی پیشە لە دامەزراوەکاند ..... 89
5-8 پیشەی پێویست و سەرچاوەی دامەزراندن بۆ دامەزراوەکان ..... 94
6-8 ڕاهێنانی کارمەندان ..... 97
7-8 ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان ..... 99

9- ئافرەتانی خاوەنکار 100
لە ڕۆژانی 25 تا 26ی کانونی یەکەم ساڵی 2022، و بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیای ڕاوێژکاری "تیم ئینتەرناشناڵ" و بەڕێوەبەرانی ڕووپێو لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و بە ئامادەبوونی دەزگاکانی دابینکردنی بودجە و جێبەجێکردنی ڕووپێو USAID و UNDP، وورکشۆپێک لە هۆتێل دیدمان - هەولێر ئەنجامدرا بۆ جێبەجێکردنی پرسیارنامەی ڕووپێو بۆ لێکۆڵینەوە لە دامەزراوە زۆر بچووك و بچووک و مامناوەندەکان لە پارێزگاکانی هەولێر, سلێمانی، هەڵەبجە، و دهۆك بۆ 11 سەرپەرشتیاری ناوەندی و ناوخۆیی لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و لە بەڕێوەبەرایەتی ئامار و ئیدارە سەربەخۆکان لە پارێزگاکانی هەرێم. جگە لەوەش، دەستەی ئامار خولی ڕاهێنانی تەواوکەر بۆ توێژەرانی مەیدانی لە پارێزگاکانی هەرێم ئەنجامدا بە ئامانجی ڕوونکردنەوەی پرسیارنامەکە و جێبەجێکردنی بە شێوەیەکی ئەزموونی پێش دەستپێکردنی کاری مەیدانی ڕاستەقینە.

بەرنامەی خولەکە ئەم بابەتانەی لەخۆ گرتبوو:

- شێوازی وەرگرتنی نموونە
- دەستنیشانکردنی چاوپێکەوتنی سەرکەوتوو و سەرنەکەوتوو
- ڕێکارەکانی چاوپێکەوتنی سەرکەوتوو
- گفتوگو لەسەر پرسیارنامەکە بۆ هەموو بەشەکان
  - داتا و ئامارەکانی پەیوەست بە دامەزراوەکانی زۆر بچووک و بچووک و مامناوەند
  - ژینگەی بازرگانی کردن پەیوەست بە دامەزراوەکانی زۆر بچووک و بچووک و مامناوەند
  - دامەزراندنی کارمەند و سەرچاوە مرۆییەکان
- گفتوگو لەسەر پرسیارنامەکە بۆ هەموو بەشەکان
  - ئافرەتانی خاوەنکار و ئەو دامەزراوانەی کە ئافرەتان خاوەنداریێتی دەکەن
  - داهێنان و تەکنەلۆجیا
  - بە جیهانی کردن لە چوارچێوەی دامەزراوەکانی زۆر بچووک و بچووک و مامناوەند
  - تۆڕەکان، هاوبەشییەکان و کۆمەڵە خۆجییەکان
  - کاردانەوەکانی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا و کاریگەرییەکانی لەسەر کەرتی بازرگانی
  - دارایی
  - ڕوانگەی کاری بازرگانی بۆ داهاتوو
- ڕاهێنانی کرداری لەسەر پرسیارنامەکە لە ڕێگەی سیستەمی کۆکردنەوەی کراوە (**ODK Collect**)

## بەشی دووەم: ئەنجامەکانی ڕووپێوی مەیدانی

بەشەکانی خوارەوە وەسفێك سەبارەت بە دامەزراوەکانی زۆر بچووك، بچووك و مامناوەند لە هەرێمی کوردستان دەخەنە ڕوو. شیکاری و خشتەکانی دەرەنجامی ڕووپێوەکە لە خۆ دەگرێت بەپێی دیزاینی ڕووپێوەکە کە بەتەواوی لەگەڵ تیمی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان و وەزارەتی پلاندانان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان / دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان گفتوگۆی لەسەر کراوە. هەروەها پێوانە ئامارییەکانی بنەڕەتی لەسەر قەبارە و سروشتی نافەرمی/ ڕێکنەخراوە کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ پەرەپێدانی سیاسەتی کاریگەر بۆ پشتگیریکردن لە گواستنەوە بۆ سیستەمی فەرمی، بۆ نوێنەرایەتیکردن و نیشاندانی ڕۆڵی کەرتەکە، بۆ دڵنیابوون لە ڕەوتی دامەزراندن و شیکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان.

ڕووپێوەکە لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، هەڵبجە و دهۆک لە نێوان 5 بۆ 31ی ئاداری 2022 ئەنجامدراوە. دەرەنجامی ڕووپێوەکە لە شیکاری بوارەکانی خوارەوە پێکهاتووە:

- تایبەتمەندی گشتی دامەزراوەکان،
- ژینگەی گشتی دامەزراوەکان،
- دامەزراندن و سەرچاوە مرۆییەکان،
- ئافرەتانی خاوەنکار و دامەزراوەکانی خاوەندارێتی ئافرەتان،
- داهێنان و تەکنەلۆجی
- تا چ ڕادەیەك دامەزراوەکان سوود لە جیهانیبوون وەردەگرێن،
- تۆڕە بازرگانییەکان، هاوبەشی و کۆمەڵە ناوخۆییەکان،
- کاریگەری پەتای کۆڕۆنا،
- دارایی دامەزراوەکان،
- ڕوانگە یان پێشبینی داهاتووی بازرگانی.

هەر بەشێک بە دەقێك لە شیکاری داتاکان دەست پێدەکات، کە دیارترین تایبەتمەندی دەرەنجامی ڕووپێوەکە بۆ کۆمەڵێک پرسیاری پەیوەندیدار بەرجەستە دەکات. پاشان خشتەکانی ژمارەیی پەیوەندیدار دێت کە لە ئەنجامی ڕووپێوەکە دروست کراوون و داتای دامەزراوەکان بە پێی قەبارەیان لەخۆ دەگرێتەوە.

ژمارەی ناو خشتەکان ئەنجامی ڕاستەقینەی نموونەی ڕووپێوەکە دەخاتەڕوو(کە 2016 دامەزراوەی زۆر بچووك، بچووك و مامناوەندە لە پارێزگاکانی هەولێر، دهۆك, سلێمانی و هەلەبجە) بەمەبەستی دەستگەیشتن و بەرجەستەکردنی داتای گرنگ و بەدیهێنانی ئامانجی ڕووپێوەکە.

## 6- تایبەتمەندیە گشتیەکانی ڕووپێوی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند

ئەم بەشە ئەنجامەکانی پەیوەست بە تایبەتمەندییەکانی دامەزراوەکان لەخۆ دەگرێتەوە کە ئەمانەی خوارەوون:

-تایبەتمەندی خاوەن کارەکان

- چالاکی بازرگانی

-تایبەتمەندی دامەزراوەکان

- دابەشکردنی دامەزراوەکان بەپێی تۆمارکردن

### 1-6 تایبەتمەندی خاوەنکارەکان

#### دابەشکردنی خاوەنکارەکان بەپێی ڕەگەز

لە ڕووپێوەکەدا ناهاوسەنگییەکی بەرچاو لە نێوان نێر و مێ دەرکەوتووە. زۆرینەی خاوەنکارەکان لە ڕەگەزی نێرن، ڕێژەکەیان دەگاتە 87%، لە کاتێکدا ڕێژەی مێینەکان 13%ە وەک لە خشتەی ژمارە (6-1 A)دا پێشان دراوە.
ئەم ناهاوسەنگییە لە ئاستی پارێزگاکانیشدا بە هەمان ڕێژە دەردەکەوێت (خشتەی ژمارە B1-6).
هەروەها دەرکەوتووە کە زۆرترین ڕێژەی نێر کە 68.5%ە، لەم بوارانەدا کاریان کردووە: بازرگانی تاك و کۆ (35%)، گواستنەوە و کۆگاکردن (18%)، کشتوکاڵ و ڕاوە ماسی (15%)، لەکاتێکدا زۆرترین ڕێژەی ئافرەتان کە 83%ە لەم بوارانی کاری پیشەیی ( برینی قژ، تەکنیکار،...) (60.2%)، کشتوکاڵ و ڕاوە ماسی (14.1%)، بازرگانی تاك و کۆ (8.6%) کاریان کردووە وەک لە خشتەی ژمارە (6-1 C) دا پێشاندراوە.
تێبینی دەکرێت کە ڕێژەی پیاوان لە کۆمەڵگەی شار و گوندەکاندا لە یەکتر نزیکە، وەک ئەوەی بۆ ئافرەتان هەیە (خشتەی 6-1 D).

**خشتەی (6-1 A): ڕەگەزی خاوەنکارەکان بە پێی قەبارەی دامەزراوەکان**

| ڕەگەزی ئەو خاوەنکارەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ کراوە | کۆی گشتی | | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | ژمارە | % | ژمارە |
| نێر | 1747 | 87 | 1613 | 86 | 121 | 95 | 13 | 93 |
| مێ | 269 | 13 | 262 | 14 | 6 | 5 | 1 | 7 |
| **کۆی گشتی** | **2016** | **100** | **1875** | **100** | **127** | **100** | **14** | **100** |

**خشتەی (6-1 B): ڕەگەزی خاوەنکارەکان بە پێی پارێزگا**

| ڕەگەزی ئەو خاوەنکارەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ کراوە | کۆی گشتی | | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆك | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| نێر | 1747 | 87 | 557 | 81 | 630 | 85 | 34 | 85 | 526 | 95 |
| مێ | 269 | 13 | 127 | 19 | 110 | 15 | 6 | 15 | 26 | 5 |
| **کۆی گشتی** | **2016** | **100** | **684** | **100** | **740** | **100** | **40** | **100** | **552** | **100** |

**خشتەی (C 1-6): چالاکی بازرگانی بە پێی ڕەگەز**

| چالاکی بازرگانی | کۆی گشتی | | ڕەگەز | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | نێر | | مێ | |
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| بازرگانی تاك و کۆ | 636 | 31.5 | 613 | 35.1 | 23 | 8.6 |
| چالاکی گواستنەوە و کۆگاکردن | 314 | 15.6 | 314 | 18 | 0 | 0 |
| کشتوکاڵ و ڕاوە ماسی | 307 | 15.2 | 269 | 15.4 | 38 | 14.1 |
| پیشەگەری تەکنیکی (سەرتاشخانە (ئارایشگا)، هونەری، ...) | 238 | 11.8 | 76 | 4.4 | 162 | 60.2 |
| چالاکی بیناسازی | 129 | 6.4 | 129 | 7.4 | 0 | 0 |
| پیشەسازی خۆراك | 122 | 6.1 | 101 | 5.8 | 21 | 7.8 |
| چاککردن و سیرڤسی ئۆتۆمبێل و ماتۆڕسیکل | 41 | 2 | 41 | 2.3 | 0 | 0 |
| پیشەسازی بەرهەمە کانزاییەکان | 38 | 1.9 | 37 | 2.1 | 1 | 0.4 |
| چالاکی خزمەتگوزاری شوێنی مانەوە و ڕێستورانت و هۆتێل | 37 | 1.8 | 37 | 2.1 | 0 | 0 |
| کارە هونەرییەکان (کاری دەستی) | 36 | 1.8 | 17 | 1.0 | 19 | 7.1 |
| چاککردنەوەی ئامێر و کەلوپەل | 31 | 1.7 | 31 | 1.8 | 0 | 0 |
| چالاکی خانووبەرە | 23 | 1.1 | 23 | 1.3 | 0 | 0 |
| پیشەسازی کەرەستەی کارەبایی و ئەلەکترۆنی و پێکهاتەکانی | 10 | 0.5 | 8 | 0.4 | 2 | 0.7 |
| چالاکی خزمەتگوزاریی کارگێڕی و پشتیوانی | 5 | 0.2 | 4 | 0.2 | 1 | 0.4 |
| خزمەتگوزاری تر | 49 | 2.4 | 47 | 2.7 | 2 | 0.7 |
| **کۆی گشتی** | **2016** | **100** | **1747** | **100** | **269** | **100** |

**خشتەی (D 1-6): ڕەگەزی خاوەنکارەکان بە پێی کۆمەڵگا**

| ڕەگەزی ئەو خاوەنکارەی چاوپێکەوتن کراوە | کۆی گشتی | | کۆمەڵگەی گوندنشین | | کۆمەڵگەی شارنشین | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| نێر | 1747 | 86.7 | 350 | 85.8 | 1397 | 86.9 |
| مێ | 269 | 13.3 | 58 | 14.2 | 211 | 13.1 |
| **کۆی گشتی** | **2016** | **100** | **408** | **100** | **1608** | **100** |

## تەمەنی خاوەنکارەکان

دامەزراوەکان هەمە گرۆپی تەمەنی لەخۆ دەگرێتەوە و بەرزترین ڕێژە (30.5%) لە گرووپی تەمەنی لە نێوان 35 بۆ 44 ساڵدایە وەک لە خشتەی (E1-6)ی خوارەوەدا پیشان دراوە.

بە پێی تۆمارەکان, بەرزترین ڕێژەی ڕەگەزی نێر لە گرۆپی تەمەنی 18 بۆ 24 ساڵیدایە بە ڕێژەی 95%، و بەرزترین ڕێژەی ڕەگەزی مێینە لە گروپی تەمەنی 35 بۆ 44 ساڵیدا بووە بە ڕێژەی 18%، وەک لە (خشتەی 1.6 F) پێشان دراوە.

**خشتەی (E 1-6): تەمەنی خاوەنكار بە پێی قەبارەی دامەزراوەكە**

| تەمەنی خاوەنكار | كۆی گشتی | | زۆر بچووك | | بچووك | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| 17 - 15 | 10 | 0.5 | 9 | 0.5 | 1 | 0.8 | 0 | 0 |
| 24 - 18 | 132 | 6.5 | 123 | 6.6 | 8 | 6.3 | 1 | 7.1 |
| 34- 25 | 455 | 22.6 | 431 | 23.0 | 23 | 18.1 | 1 | 7.1 |
| 44 - 35 | 615 | 30.5 | 573 | 30.6 | 41 | 32.3 | 1 | 7.1 |
| 54 - 45 | 485 | 24.1 | 448 | 23.9 | 30 | 23.6 | 7 | 50 |
| 64 - 55 | 218 | 10.8 | 198 | 10.6 | 16 | 12.6 | 4 | 28.6 |
| 65+ | 101 | 5.0 | 93 | 5.0 | 8 | 6.3 | 0 | 0 |
| **كۆی گشتی** | **2016** | **100** | **1875** | **100** | **127** | **100** | **14** | **100** |

**خشتەی (F 1-6): تەمەنی خاوەن دامەزراوەكان بە پێی ڕەگەز**

| تەمەنی خاوەندار | ڕەگەز | | | | كۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | | % | | | |
| | نێر | مێ | نێر | مێ | مێ | % |
| 24 - 15 | 134 | 8 | 94.4 | 5.6 | 142 | 100 |
| 34 - 25 | 401 | 54 | 88 | 12 | 455 | 100 |
| 44 - 35 | 502 | 113 | 82 | 18 | 615 | 100 |
| 54 - 45 | 424 | 61 | 87 | 13 | 485 | 100 |
| 64 - 55 | 194 | 24 | 89 | 11 | 218 | 100 |
| 65+ | 92 | 9 | 91 | 9 | 101 | 100 |

## 2-6 چالاكی بازرگانی Business Activity

دەبینرێت كە چالاكی ە بازرگانییەكان بەم شێوەیە دابەشكراون: بازرگانی تاك وكۆ بە ڕێژەی 31.5%، گواستنەوە و كۆگاكردن بە ڕێژەی 15.6%، كشتوكاڵ و ڕاوە ماسی بە ڕێژەی 15.2% (واتە بە گشتی نزیكەی 62.3%ی نموونەكەیە), (خشتەی ژمارە A2-6).

هەروەها دەركەوت كە زۆرترین ڕێژەی ئەو دامەزراوانەی كە لە سنووری پارێزگای هەولێر كار دەكەن لە كەرتی بازرگانی تاك وكۆ و پسپۆری پیشەیی و گواستنەوە و كۆگاكردن ڕێژەكە زیاتر لە دوو لەسەر سێی (69%) تێپەڕاندوە. سەبارەت بە پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و دهۆک، ڕێژەی دامەزراوەكان لە كەرتی بازرگانی تاك وكۆ ، گواستنەوە، كۆگاكردن ، كشتوكاڵ و ڕاوە ماسی زۆرترین بووە (واتە نزیكەی 64.8% لە پارێزگای سلێمانی، 80% لە پارێزگای هەڵەبجە و 65.8 % لە پارێزگای دهۆک) (خشتەی ژمارە 6 -2 B و وێنەی A.6-2).

**خشتەی (A 2-6): چالاکی بازرگانی بە پێی پارێزگا**

| چالاکی بازرگانی | کۆی گشتی | | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆک | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| بازرگانی تاك و کۆ | 636 | 31.5 | 219 | 32.0 | 254 | 34.3 | 10 | 25.0 | 153 | 27.7 |
| چالاکی گواستنەوە و کۆگاکردن | 314 | 15.6 | 114 | 16.7 | 92 | 12.4 | 5 | 12.5 | 103 | 18.7 |
| کشتوکاڵ و ڕاوە ماسی | 307 | 15.2 | 49 | 7.2 | 134 | 18.1 | 17 | 42.5 | 107 | 19.4 |
| پیشەگەری تەکنیکی (سەرتاشخانە (ئارایشگا)، هونەری، …) | 238 | 11.8 | 139 | 20.3 | 68 | 9.2 | 1 | 2.5 | 30 | 5.4 |
| چالاکی بیناسازی | 129 | 6.4 | 39 | 5.7 | 44 | 5.9 | 0 | 0.0 | 46 | 8.3 |
| پیشەسازی خۆراك | 122 | 6.1 | 39 | 5.7 | 52 | 7.0 | 3 | 7.5 | 28 | 5.1 |
| چاککردن و سێرڤسی ئۆتۆمبێل و ماتۆڕسیکل | 41 | 2.0 | 11 | 1.6 | 15 | 2.0 | 1 | 2.5 | 14 | 2.5 |
| پیشەسازی بەرهە کانزاییەکان | 38 | 1.9 | 15 | 2.2 | 15 | 2.0 | 0 | 0.0 | 8 | 1.4 |
| چالاکی خزمەتگوزاری شوێنی مانەوە و ڕستورانت و هۆتێل | 37 | 1.8 | 11 | 1.6 | 19 | 2.6 | 2 | 5.0 | 5 | 0.9 |
| کارە هونەرییەکان (کاری دەستی) | 36 | 1.8 | 9 | 1,3 | 2 | 0.3 | 0 | 0.0 | 25 | 4.5 |
| چاککردنەوەی ئامێر و کەلوپەل | 31 | 1.5 | 15 | 2.2 | 13 | 1.8 | 1 | 2.5 | 2 | 0.4 |
| چالاکی خانووبەرە | 23 | 1.1 | 5 | 0.7 | 9 | 1.2 | 0 | 0.0 | 9 | 1.6 |
| پیشەسازی کەرەستەی کارەبایی و ئەلەکترۆنی و پێکهاتەکانی | 10 | 0.5 | 4 | 0.6 | 3 | 0.4 | 0 | 0.0 | 3 | 0.5 |
| چالاکی خزمەتگوزاریی کارگێڕی و پشتیوانی | 5 | 0.2 | 4 | 0.6 | 1 | 0.1 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 |
| خزمەتگوزاری تر | 49 | 2.4 | 11 | 1.6 | 19 | 2.7 | 0 | 0.0 | 19 | 3.6 |
| **کۆی گشتی** | **2016** | **100** | **684** | **100** | **740** | **100** | **40** | **100** | **552** | **100** |

**خشتەی (B 2-6): چالاکی بازرگانی بە پێی قەبارەی دامەزراوە**

| چالاکی بازرگانی | کۆی گشتی | | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| بازرگانی تاك و کۆ | 636 | 31.5 | 613 | 32.7 | 21 | 16.5 | 2 | 14.3 |
| چالاکی گواستنەوە و کۆگاکردن | 314 | 15.6 | 311 | 16.6 | 2 | 1.6 | 1 | 7.1 |
| کشتوکاڵ و ڕاوە ماسی | 307 | 15.2 | 268 | 14.3 | 33 | 26.0 | 6 | 42.9 |
| پیشەگەری تەکنیکی (سەرتاشخانە (ئارایشگا)، هونەری، …) | 238 | 11.8 | 236 | 12.6 | 2 | 1.6 | 0 | 0.0 |
| چالاکی بیناسازی | 129 | 6.4 | 104 | 5.5 | 25 | 19.7 | 0 | 0.0 |
| پیشەسازی خۆراك | 122 | 6.1 | 103 | 5.5 | 17 | 13.4 | 2 | 14.3 |
| چاککردن و سێرڤسی ئۆتۆمبێل و ماتۆڕسیکل | 41 | 2.0 | 39 | 2.1 | 2 | 1.6 | 0 | 0.0 |
| پیشەسازی بەرهەمە کانزاییەکان | 38 | 1.9 | 31 | 1.7 | 6 | 4.7 | 1 | 7.1 |
| چالاکی خزمەتگوزاری شوێنی مانەوە و ریستورانت و هۆتێل | 37 | 1.8 | 26 | 1.4 | 10 | 7.9 | 1 | 7.1 |
| کارە هونەرییەکان (کاری دەستی) | 36 | 1.8 | 34 | 1.8 | 2 | 1.6 | 0 | 0.0 |
| چاککردنەوەی ئامێر و کەلوپەل | 31 | 1.5 | 29 | 1.5 | 2 | 1.6 | 0 | 0.0 |
| چالاکی خانووبەرە | 23 | 1.1 | 23 | 1.2 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 |
| پیشەسازی کەرەستەی کارەبایی و ئەلەکترۆنی و پێکهاتەکانی | 10 | 0.5 | 9 | 0.5 | 1 | 0.8 | 0 | 0.0 |
| چالاکی خزمەتگوزاریی کارگێڕی و پشتیوانی | 5 | 0.2 | 5 | 0.3 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 |
| خزمەتگوزاری تر | 49 | 2.4 | 44 | 2.3 | 4 | 3.1 | 1 | 7.1 |
| **کۆی گشتی** | **2016** | **100** | **1875** | **100** | **127** | **100** | **14** | **100** |




**شێوەی (A 2-6): چالاکی بازرگانی بە پێی قەبارەی دامەزراوەکە**

## 3-6 تایبەتمەندی دامەزراوەکان

- **دابەشبوونی دامەزراوەکان**

ئەنجامەکان دەریانخست کە زۆرترین ژمارەی دامەزراوەکان لە نموونەی ڕووپێوەکە لە هەموو پارێزگاکان، دامەزراوەکانی بچووکن (1875) لە کۆی نموونەکە (2016) وەک لە خشتەی ژمارە (A 3-6)دا نیشان دراوە.

**خشتەی (A 3-6): دابەشبوونی دامەزراوەکان بە پێی پارێزگا**

| پارێزگا | کۆی گشتی | | زۆر بچووك | | بچووك | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| هەولێر | 684 | 33.9 | 634 | 33.8 | 49 | 38.6 | 1 | 7.1 |
| سلێمانی | 740 | 36.7 | 693 | 37.0 | 44 | 34.6 | 3 | 21.4 |
| هەڵەبجە | 40 | 2.0 | 36 | 1.9 | 2 | 1.6 | 2 | 14.3 |
| دهۆك | 552 | 27.4 | 512 | 27.3 | 32 | 25.2 | 8 | 57.1 |
| **کۆی گشتی** | **2016** | **100** | **1875** | **100** | **127** | **100** | **14** | **100** |

- **شوێنی کار**

ڕووپێوەکە دەریدەخات کە ڕێژەی بەردەستبوونی شوێن بۆ بازرگانیکردن لە 53% بۆ 93% زیاد بووە لەگەڵ گەورەیی قەبارەی دامەزراوەکە، و بە پێچەوانەوە ڕاستە سەبارەت بە جۆری کارەکە کە پێویستی بە شوێنێکی تایبەت نییە. زیاتر لە نیوەی دامەزراوەکانی زۆر بچووك، بچووک و مامناوەند (54%) شوێنی تایبەتیان هەبوو بۆ چالاکی ە بازرگانییەکانیان، و بۆ ئەو وەڵامدەرەوانەی کە لەماڵەوە کاردەکەن ڕێژەکەی 14% بووە، خشتەی ژمارە (B 3-6).

**خشتەی (A 3-6): بەردەستبوونی شوێنی کار بە پێی قەبارەی دامەزراوە**

| شوێنی کار | کۆی گشتی | | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| بەردەستە | 1094 | 54 | 994 | 53 | 87 | 69 | 13 | 93 |
| کارەکەم پێویستی بە شوێنێکی تایبەت نیە (شوێن هەیە بەڵام بۆ کار دروست نەکراوە) | 639 | 32 | 607 | 32 | 31 | 24 | 1 | 7 |
| کارکردن لە ماڵەوە | 283 | 14 | 274 | 15 | 9 | 7 | 0 | 0 |
| **کۆی گشتی** | **2016** | **100** | **1875** | **100** | **127** | **100** | **14** | **100** |

## 4-6 دابەشبوونی دامەزراوەکان بە پێی تۆمارکردن

دەرکەوتووە کە زیاتر لە نیوەی ئەو دامەزراوانەی کە لە ڕووپێودا هاتوونە لە هیچ لایەکەوە تۆمار نەکراون (60%)، هەروەها دەبیندرێت کە بەرزترین ڕێژەی تۆمارکردنی دامەزراوەکان لە پارێزگای هەڵەبجە بووە (55%)، دواتر پارێزگاکانی دیکە دێن کە ڕێژەی تۆمارکردن لە نێوان 39% و 42% بووە (خشتەی A 4-6 و خشتەی 4-6 B). جیاوازییەکی بەرچاو لە ڕێژەی تۆمارکردندا هەیە بەپێی قەبارەی دامەزراوەکە. دەرکەوتووە کە زیاتر لە نیوەی دامەزراوە زۆر بچووکەکان (60.6%) و نزیکەی نیوەی دامەزراوە بچووکەکان (48.9%) و دامەزراوە مامناوەندەکان (50%) تۆمار نەکراون بەپێی قەبارەی نموونە (خشتەی B 4-6). هەروەها دەرکەوتووە کە زۆرترین ڕێژەی دامەزراوەکانی تۆمارکراو (79%) لە بوارەکانی خوارەوە کاریان کردووە (خشتەی ژمارە C 4-6):

| | |
|---|---|
| بازرگانی تاك و كۆ | %34 |
| گواستنەوە و کۆگاکردن | %20 |
| کشتۆکاڵ و ڕاوەماسی | %10 |
| پیشەگەری تەکنیکی (سەرتاشخانە (ئارایشگا)، هونەری، ...) | %8 |
| پیشەسازی خۆراك | %7 |

**خشتەی (A 4-6): دۆخی تۆمارکردنی دامەزراوەکان بە پێی پارێزگا**

| دۆخی تۆمارکردن | کۆی گشتی | | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆک | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| تۆمار نەکراوە | 1205 | 60 | 411 | 60 | 454 | 61.3 | 18 | 45 | 322 | 58 |
| تۆمار کراوە | 811 | 40 | 273 | 40 | 286 | 38.7 | 22 | 55 | 230 | 42 |
| **کۆی گشتی** | **2016** | **100** | **684** | **100** | **740** | **100** | **40** | **100** | **552** | **100** |

**خشتەی (B 4-6): دۆخی تۆمارکردنی دامەزراوەکان بە پێی قەبارەی دامەزراوەکە**

| قەبارەی دامەزراوە | دۆخی تۆمارکردن | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | کۆی گشتی | | تۆمارکراو | | تۆمارنەکراو | |
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| زۆر بچووک | 1875 | 100 | 739 | 39.4 | 1136 | 60.6 |
| بچووک | 127 | 100 | 65 | 51.1 | 62 | 48.9 |
| مامناوەند | 14 | 100 | 7 | 50 | 7 | 50 |

بەرزترین ڕێژەی تۆمارکردن لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی باج (17%) و وەزارەتی تەندروستی (13%) بووە. هەروەها، دەبیندرێت کە ژمارەیەکی زۆر لە دامەزراوە مامناوەندەکان لە وەزارەتی تەندروستی (17.4%) و ژووری بازرگانی (17.4%) تۆمار کراون (خشتەی ژمارە D 4-6). دەرئەنجامەکان دەریانخستووە، بەرزترین ڕێژەی تۆمارکردن لە پارێزگای هەولێر لە شارەوانییەکان بووە (22.1%)، لە پارێزگای سلێمانی لە بەڕێوەبەرایەتی باج بووە (20.6%) و لە پارێزگای هەڵەبجەش لە وەزارەتی تەندروستی بووە لە (30.8%)، و لە پارێزگای دهۆك لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی باج بووە (22.6%) (خشتەی E 4-6).

**خشتەی (C 4-6): چالاکی بازرگانی بەپێی دۆخی تۆمارکردنی دامەزراوەکان**

| چالاکی بازرگانی | تۆمارکراو | | تۆمارنەکراو | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % |
| بازرگانی تاك و کۆ | 273 | 33.7 | 363 | 30.1 |
| چالاکی گواستنەوە و کۆگاکردن | 164 | 20.2 | 150 | 12.5 |
| کشتوکاڵ و ڕاوە ماسی | 81 | 10.0 | 226 | 18.8 |
| پیشەگەری تەکنیکی (سەرتاشخانە (ئارایشگا)، هونەری، ...) | 64 | 7.9 | 174 | 14.4 |
| پیشەسازی خۆراك | 59 | 7.3 | 63 | 5.2 |
| چالاکی خزمەتگوزاری شوێنی مانەوە و ڕێستورانت و هۆتێل | 25 | 3.1 | 12 | 1.0 |
| چاککردن و سێرڤسی ئۆتۆمبێل و ماتۆڕسیکل | 25 | 3.1 | 16 | 1.3 |
| چالاکی خانووبەرە | 21 | 2.6 | 2 | 0.2 |
| چالاکی بیناسازی | 20 | 2.5 | 109 | 9.1 |
| پیشەسازی بەرهە کانزاییەکان | 20 | 2.5 | 18 | 1.5 |
| چالاکی تەندروستی مرۆڤ و کاری کۆمەڵایەتی | 15 | 1.9 | 2 | 0.2 |
| چاککردنەوەی ئامێر و کەلوپەل | 11 | 1.4 | 20 | 1.7 |
| پیشەیی (دکتۆر، پارێزەر، ئەندازیار) | 10 | 1.2 | 0 | 0.0 |
| کارە هونەرییەکان (کاری دەستی) | 6 | 0.7 | 30 | 2.5 |
| پیشەسازی کەرەستەی کارەبایی و ئەلەکترۆنی و پێکهاتەکانی | 4 | 0.5 | 6 | 0.5 |
| چالاکی خزمەتگوزاریی کارگێڕی و پشتیوانی | 1 | 0.1 | 4 | 0.3 |
| خزمەتگوزاری تر | 12 | 1.5 | 10 | 0.8 |
| **کۆی گشتی** | **811** | **100** | **1205** | **100** |

**خشتەی (D 4-6): لایەنی تۆمارکردنی دامەزراوەکان بە پێی قەبارەی دامەزراوە (چەندین وەڵام)**

| لایەنی تۆمارکردن | کۆی گشتی | | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| بەڕێوەبەرایەتی باج | 216 | 17.0 | 192 | 16.9 | 21 | 18.1 | 3 | 13.0 |
| وەزارەتی تەندروستی | 163 | 12.8 | 146 | 12.9 | 13 | 11.2 | 4 | 17.4 |
| سەندیکا | 152 | 11.9 | 142 | 12.5 | 9 | 7.8 | 1 | 4.3 |
| قایمەقام | 147 | 11.6 | 132 | 11.7 | 13 | 11.2 | 2 | 8.7 |
| شارەوانییەکان | 137 | 10.8 | 124 | 10.9 | 12 | 10,3 | 1 | 4.3 |
| ژووری بازرگانی | 129 | 10.1 | 107 | 9.4 | 18 | 15.5 | 4 | 17.4 |
| شارەوانی ناوخۆیی | 103 | 8.1 | 89 | 7.9 | 13 | 11.2 | 1 | 4.3 |
| تۆماری بازرگانی لە پارێزگاکان | 75 | 5.9 | 67 | 5.9 | 5 | 4.3 | 3 | 13.0 |
| بەڕێوەبەرایەتی کار لە پارێزگاکان | 16 | 1.3 | 15 | 1.3 | 1 | 0.9 | 0 | 0.0 |
| تۆماری بازرگانی | 16 | 1.3 | 12 | 1.1 | 4 | 3.4 | 0 | 0.0 |
| بەڕێوەبەرایەتی گەشەپێدانی پیشەسازی | 9 | 0.7 | 7 | 0.6 | 1 | 0.9 | 1 | 4.3 |
| وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی | 8 | 0.6 | 7 | 0.6 | 0 | 0.0 | 1 | 4.3 |
| سندقی دڵنیایی کۆمەڵایەتی | 8 | 0.6 | 6 | 0.5 | 1 | 0.9 | 1 | 4.3 |
| وەزارەتی ڕۆشنبیری | 4 | 0.3 | 4 | 0.4 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 |
| دەستەی وەبەرهێنان | 4 | 0.3 | 1 | 0.1 | 2 | 1.7 | 1 | 4.3 |
| هیتر | 85 | 6.7 | 82 | 7.2 | 3 | 2.6 | 0 | 0.0 |
| **کۆی گشتی** | **1272** | **100** | **1133** | **100** | **116** | **100** | **23** | **100** |

**خشتەی (E 4-6): لایەنی تۆمارکردنی دامەزراوەکان بە پێی پارێزگا (چەندین وەڵام)**

| لایەنی تۆمارکردن | کۆی گشتی | | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆک | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| بەڕێوەبەرایەتی باج | 216 | 17.0 | 35 | 8.6 | 96 | 20.6 | 1 | 3.8 | 84 | 22.6 |
| وەزارەت تەندروستی | 163 | 12.8 | 33 | 8.1 | 70 | 15.0 | 8 | 30.8 | 52 | 14.0 |
| سەندیکا | 152 | 11.9 | 52 | 12.8 | 59 | 12.6 | 2 | 7.7 | 39 | 10.5 |
| قایمەقام | 147 | 11.6 | 34 | 8.4 | 80 | 17.1 | 9 | 34.6 | 24 | 6.5 |
| شارەوانییەکان | 137 | 10.8 | 90 | 22.1 | 32 | 6.9 | 1 | 3.8 | 14 | 3.8 |
| ژووری بازرگانی | 129 | 10.1 | 29 | 7.1 | 51 | 10.9 | 1 | 3.8 | 48 | 12.9 |
| شارەوانی ناوخۆیی | 103 | 8.1 | 73 | 17.9 | 9 | 1.9 | 1 | 3.8 | 20 | 5.4 |
| تۆماری بازرگانی لە پارێزگاکان | 74 | 5.8 | 30 | 7.4 | 25 | 5.4 | 3 | 11.5 | 16 | 4.3 |
| بەڕێوەبەرایەتی کار لە پارێزگاکان | 16 | 1.3 | 2 | 0.5 | 4 | 0.9 | 0 | 0.0 | 10 | 2.7 |
| تۆماری بازرگانی | 16 | 1.3 | 1 | 0.2 | 5 | 1.1 | 0 | 0.0 | 10 | 2.7 |
| بەڕێوەبەرایەتی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی | 9 | 0.7 | 1 | 0.2 | 5 | 1.1 | 0 | 0.0 | 3 | 0.8 |
| وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی | 8 | 0.6 | 1 | 0.2 | 4 | 0.9 | 0 | 0.0 | 3 | 0.8 |
| سندوقی دڵنیایی کۆمەڵایەتی | 8 | 0.6 | 2 | 0.5 | 6 | 1.3 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 |
| وەزارەتی ڕۆشنبیری | 4 | 0.3 | 0 | 0.0 | 2 | 0.4 | 0 | 0.0 | 2 | 0.5 |
| دەستەی وەبەرهێنان | 4 | 0.3 | 2 | 0.5 | 2 | 0.4 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 |
| هیتر | 86 | 6.8 | 22 | 5.4 | 17 | 3.6 | 0 | 0.0 | 47 | 12.6 |
| **کۆی گشتی** | **1272** | **100** | **407** | **100** | **467** | **100** | **26** | **100** | **372** | **100** |

## هۆکارەکانی تۆمارنەکردنی چالاکی  بازرگانییەکان

لە کۆی 2016 وەڵامدەر، 1,236 کەسیان بەرێژەی (91.7%) لەو باوەڕەدان کە دامەزراوەکەیان پێویستی بە تۆمارکردن نییە، بۆیە دامەزراوەکەیان تۆمار نەکردووە. هۆکارەکانی دیکەی تۆمارنەکردنی دامەزراوەکان بریتین لە ڕۆتینیاتی زۆر و ڕێکارە ئاڵۆزەکان و ئەو پێداویستییانەی کە بۆ تۆمارکردن پێویستن (خشتەی F 4-6). هەروەها هۆکارەکانی تۆمارنەکردنی دامەزراوەکان بە هەمان ڕێژەی لە ئاستی پارێزگاکاندا پێشان دراوە (خشتەی G 4-6).

**خشتەی (F4-6): هۆکاری تۆمارنەکردنی چالاکی  دامەزراوەکان بەپێی قەبارەی دامەزراوەکە (چەندین وەڵام)**

| هۆکارەکانی تۆمارنەکردنی چالاکی بازرگانی | کۆی گشتی | | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| کارەکەم پێویستی پێی نییە | 1135 | 91.7 | 1074 | 92.2 | 55 | 84.6 | 6 | 75 |
| زۆری ڕۆتینات و ئاڵۆزی ڕێکارەکان | 35 | 2.9 | 30 | 2.6 | 4 | 6.2 | 1 | 12.5 |
| دابینکردنی پێداویستییەکان کە لەوانەیە لە ئەنجامی تۆمارکردنەوەدا بێتە ئاراوە | 20 | 1.7 | 19 | 1.7 | 0 | 0 | 1 | 12.5 |
| بە زەحمەت تێگەیشتن لە زانیاریەکان و پرۆسەی تۆمارکردن | 16 | 1.3 | 13 | 1.1 | 3 | 4.6 | 0 | 0 |
| دۆخی یاسایی کارەکە لە ئەنجامی تۆمارکردن | 12 | 1 | 11 | 1 | 1 | 1.5 | 0 | 0 |
| هیتر | 18 | 1.5 | 16 | 1.4 | 2 | 3.1 | 0 | 0 |
| **کۆی گشتی** | **1236** | **100** | **1163** | **100** | **65** | **100** | **8** | **100** |

**خشتەی (G 4-6): هۆکاری تۆمارنەکردنی چالاکی دامەزراوەکان بەپێی پارێزگا (چەندین وەڵام)**

| هۆکارەکانی تۆمارنەکردنی چالاکی بازرگانی | کۆ گشتی | | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆک | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| کارەکەم پێویستی پێی نییە | 1135 | 91.8 | 383 | 91.4 | 423 | 89.6 | 16 | 84.2 | 313 | 96.0 |
| زۆری ڕۆتینات و ئاڵۆزی ڕێکارەکان | 35 | 2.8 | 10 | 2.4 | 21 | 4.4 | 0 | 0.0 | 4 | 1.2 |
| دابینکردنی پێداویستییەکان کە لەوانەیە لە ئەنجامی تۆمارکردندا بێتە ئاراوە | 20 | 1.6 | 9 | 2.1 | 9 | 1.9 | 1 | 5.3 | 1 | 0.3 |
| بە زەحمەت تێگەیشتن لە زانیاریەکان و پرۆسەی تۆمارکردن | 16 | 1.3 | 11 | 2.6 | 3 | 0.6 | 1 | 5.3 | 1 | 0.3 |
| دۆخی یاسایی کارەکە لە ئەنجامی تۆمارکردن | 12 | 1.0 | 3 | 0.7 | 8 | 1.7 | 1 | 5.3 | 0 | 0.0 |
| هیتر | 18 | 1.5 | 3 | 0.7 | 8 | 1.7 | 0 | 0,0 | 7 | 2.1 |
| کۆی گشتی | **1236** | **100** | **419** | **100** | **472** | **100** | **19** | **100** | **326** | **100** |

## 7- ژینگەی گشتی دامەزراوەکان

ئەم بەشە ئەو ئەنجامانە لەخۆدەگرێت کە پەیوەندییان بە ژینگەی گشتی دامەزراوەکانەوە هەیە و ئەمانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:

- بازرگانی کردن
- دابەشکردنی دامەزراوەکان بە پێی ساڵی دامەزراندنیان
- ئاستی خوێندنی خاوەن دامەزراوەکە
- جۆرەکانی دڵنیایی تایبەت بە دامەزراوەکان
- جۆری خاوەنداری دامەزراوەکان
- چالاکییەکانی پێشووی خاوەن کارەکان

### 1-7 بازرگانی کردن

### سەختبوونی دامەزراندنی کارێک

بە پێی ئەنجامی ڕووپێوەکە، زیاتر لە نیوەی دامەزراوەکان (61.4%) کێشەیان لە دامەزراندنی کارەکانیاندا هەبووە وەک لە خشتەی (A 1-7) دا پیشان دراوە. هەروەها دەرئەنجامەکان دەریانخستووە کە پارێزگای هەولێر بەرزترین ڕێژەی (82%) تۆمار کردووە لە هەبوونی کێشە بۆ دامەزراندنی کارێك، پارێزگاکانی تر ڕێژەی کەمتریان تۆمار کردووە (سلێمانی 58.1%، دهۆك 44.4% و هەڵەبجە 22.5%) (خشتەی ژمارە B 1-7).

**خشتەی (A 1-7): ئاستی سەختبوونی دامەزراندنی کارێك بە پێی قەبارەی دامەزراوە**

| ئاستی سەختی | کۆی گشتی | | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| سەخت | 1238 | 61.4 | 1154 | 61.5 | 76 | 59.8 | 8 | 57.1 |
| ئاسان | 778 | 38.6 | 721 | 38.5 | 51 | 40.2 | 6 | 42.9 |
| **کۆی گشتی** | **2016** | **100** | **1875** | **100** | **127** | **100** | **14** | **100** |

**خشتەی (B 1-7): ئاستی سەختبوونی دامەزراندنی کارێك بە پێی پارێزگا**

| ئاستی سەختی | کۆی گشتی | | پارێزگا | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆك | |
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| سەخت | 1238 | 61.4 | 546 | 82.0 | 430 | 58.1 | 9 | 22.5 | 253 | 44.4 |
| ئاسان | 778 | 38.6 | 120 | 18.0 | 310 | 41.9 | 31 | 77.5 | 317 | 55.6 |
| **کۆی گشتی** | **2016** | **100** | **666** | **100** | **740** | **100** | **40** | **100** | **570** | **100** |

### هۆکاری سەختبوونی دامەزراندنی دامەزراوەیێك (کارێك)

دەرەجامەکان دریانخستووە کە زۆربەی ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی دامەزراندنی کارێك بوونەتەوە بەهۆی نەبوونی پارە دێت بەرێژەی (63%)، نەبوونی زەوی بەرێژەی (8%)، و نەبوونی سەرچاوەکان رێژەی (8%) بووە خشتەی (C 1-7). لەسەر ئاستی پارێزگاکان، هۆکاری نەبوونی پارە یان کێشەی دارایی بەرزترین ڕێژەی تۆمار کردووە (هەولێر 65.9%، دهۆك 64.7%، سلێمانی 59%، وهەڵەبجە 50%) خشتەی (D 1-7).

**خشتەی (C 1-7): هۆکاری سەختبوونی دامەزراندنی کارێك بە پێی قەبارەی دامەزراوە (چەندین وەڵام)**

| هۆکار | کۆی گشتی | | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| دەستگەیشتن بە پارە | 980 | 63.2 | 920 | 63.9 | 54 | 54.0 | 6 | 50.0 |
| دەستگەیشتن بە زەوی | 123 | 7.9 | 114 | 7.9 | 9 | 9.0 | 0 | 0.0 |
| نەبوونی سەرچاوە (وەکو ئامێر, گواستنەوە، فەرمانبەر) | 120 | 7.7 | 109 | 7.6 | 9 | 9.0 | 2 | 16.7 |
| کێبرکێی بەهێز | 98 | 6.3 | 89 | 6.2 | 9 | 9.0 | 0 | 0.0 |
| مۆڵەت پێدان | 64 | 4.1 | 57 | 4.0 | 6 | 6.0 | 1 | 8.3 |
| هیتر | 166 | 10.7 | 150 | 10.4 | 13 | 13.0 | 3 | 25.0 |
| **کۆی گشتی** | **1551** | **100** | **1439** | **100** | **100** | **100** | **12** | **100** |

**خشتەی (D 1-7): هۆکارەکانی سەختی دامەزراندنی دامەزراوەکان بە پێی پارێزگا (چەندین وەڵام)**

| هۆکار | کۆی گشتی | | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆک | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| دەستگەیشتن بە پارە | 980 | 63.2 | 459 | 65.9 | 320 | 59.0 | 5 | 50.0 | 196 | 64.7 |
| دەستگەیشتن بە زەوی | 123 | 7.9 | 56 | 8.0 | 35 | 6.5 | 0 | 0.0 | 32 | 10.6 |
| نەبوونی سەرچاوە (وەکۆ ئامێر, گواستنەوە، فەرمانبەر) | 120 | 7.7 | 58 | 8.3 | 52 | 9.6 | 0 | 0.0 | 10 | 3.3 |
| کێبرکێ بەهێز | 98 | 6.3 | 47 | 6.8 | 36 | 6.6 | 0 | 0.0 | 15 | 5.0 |
| مۆڵەت پێدان | 64 | 4.1 | 22 | 3.2 | 34 | 6.3 | 1 | 10.0 | 7 | 2.3 |
| هیتر | 166 | 10.7 | 54 | 7.8 | 65 | 12.0 | 4 | 40.0 | 43 | 14.2 |
| **کۆی گشتی** | **1551** | **100** | **696** | **100** | **542** | **100** | **10** | **100** | **303** | **100** |

### 2-7 دابەشبوونی دامەزراوەکان بە پێی ساڵی دامەزراندن

وەڵامەکانی پەیوەست بە دامەزراندنی دامەزراوەکان بە پێی ساڵی دامەزراندن بە سەر زیاتر لە 20 ساڵدا دابەشکراوون هەروەك لە خشتەی (A 2-7) و شێوەی (A 2-7) هاتووە. ڕێژەی سەدی دامەزراوەکان بەپێی ساڵی دامەزراندن بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- مەودای 2020-2015 : 43.8%
- پێش ساڵی 2003 : 22.8%
- مەودای 2009- 2014 : 20.0%
- مەودای 2003- 2008 : 12.1%

**خشتەی (A 2-7): دابەشبوونی دامەزراوەکان بە پێی ساڵی دامەزراندن و پارێزگا**

| ساڵی دامەزراندن | کۆی گشتی | | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆک | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| پێش ساڵی 2003 | 460 | 22.8 | 108 | 15.8 | 190 | 25.7 | 20 | 50.0 | 142 | 25.7 |
| 2008 - 2003 | 243 | 12.1 | 85 | 12.5 | 87 | 11.8 | 3 | 7.5 | 68 | 12.3 |
| 2014 - 2009 | 404 | 20.0 | 156 | 22.8 | 125 | 16.8 | 4 | 10.0 | 119 | 21.6 |
| 2020 - 2015 | 884 | 43.8 | 332 | 48.5 | 318 | 43.0 | 13 | 32.5 | 221 | 40.0 |
| بەردەست نییە | 25 | 1.2 | 3 | 0.4 | 20 | 2.7 | 0 | 0.0 | 2 | 0.4 |
| **کۆی گشتی** | **2016** | **100** | **684** | **100** | **740** | **100** | **40** | **100** | **552** | **100** |




**شێوەی (A 2-7): دابەشبوونی دامەزراوەکان بە پێی ساڵی دامەزراندن و پارێزگا**

## 3-7 ئاستی خوێندەواری خاوەن دامەزراوەکان

سەبارەت بە  ئاستی خوێندەواری خاوەن دامەزراوەکان، وەڵامەکان بە شێوەی خوارەوە بوو:

- (%54.8)ی خاوەن دامەزراوەکان بڕوانامەی خوێندنی ناوەندی/دواناوەندیان هەبووە، (%31.5)یان هیچ بڕوانامەیەکی خوێندنی فەرمییان نییە. شایەنی باسە کە زۆرترین ڕێژەی خاوەنی ئەو دامەزراوانەی کە هەڵگری خوێندنی ناوەندی/دواناوەندین لە دامەزراوە مامناوەندەکاندان (%64.3) (خشتەی ژمارە 7-3 A). هەروەها زۆرترین ڕێژەی خاوەنکارەکان کە هەڵگری بڕوانامەی خوێندنی ناوەندی/دواناوەندین لە پارێزگای هەولێرە (%62.7)، پاشان پارێزگاکانی تر دێن (خشتەی ژمارە 7-3 B).

**خشتەی (A 3-7): ئاستی خوێندەواری خاوەن دامەزراوەکان بە پێی قەبارەی دامەزراوە**

| ئاستی خوێندەواری | کۆی گشتی | | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| بڕوانامەی ناوەندی/دواناوەندی | 1105 | 54.8 | 1025 | 54.7 | 71 | 55.9 | 9 | 64.3 |
| خوێندنی فەرمی نییە | 635 | 31.5 | 601 | 32.1 | 31 | 24.4 | 3 | 21.4 |
| بڕوانامەی زانکۆ | 132 | 6.5 | 116 | 6.2 | 15 | 11.8 | 1 | 7.1 |
| بڕوانامەی پەیمانگای تەکنیکی | 129 | 6.4 | 120 | 6.4 | 8 | 6.3 | 1 | 7.1 |
| بڕوانامەی ناوەندەکانی ڕاهێنان | 15 | 0.7 | 13 | 0.7 | 2 | 1.6 | 0 | 0.0 |
| **کۆی گشتی** | **2016** | **100** | **1875** | **100** | **127** | **100** | **14** | **100** |

**خشتەی (B 3-7): ئاستی خوێندەواری خاوەن دامەزراوەکان بە پێی پارێزگا**

| ئاستی خوێندەواری | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆک | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| بڕوانامەی ناوەندی/دواناوەندی | 429 | 62.7 | 403 | 54.5 | 21 | 52.5 | 252 | 45.7 |
| خوێندنی فەرمی نییە | 166 | 24.3 | 217 | 29.3 | 13 | 32.5 | 239 | 43.3 |
| بڕوانامەی زانکۆ | 36 | 5.3 | 62 | 8.4 | 2 | 5.0 | 32 | 5.8 |
| بڕوانامەی پەیمانگای تەکنیکی | 48 | 7.0 | 49 | 6.6 | 4 | 10.0 | 28 | 5.1 |
| بڕوانامەی ناوەندی ڕاهێنان | 5 | 0.7 | 9 | 1.2 | 0 | 0.0 | 1 | 0.2 |
| **کۆی گشتی** | **684** | **100** | **740** | **100** | **40** | **100** | **552** | **100** |

## 4-7 جۆرەکانی دڵنیایی تایبەت بە دامەزراوەکان

سەبارەت بە جۆری دڵنیایی، ئەنجامەکان دەریان خستووە کە زۆرینەی وەڵامدەران هیچ جۆرە دڵنیاییان نییە بەرێژەی(98.8%). هەروەها شایانی باسە کە بەرزترین ڕێژە لە نموونەی ڕووپێوکە کە دڵنیایی دەرمان بۆ فەرمانبەران دابین کردووە لە دامەزراوە مامناوەندەکانە (14.3%)، و هەروەها تێبینی دەکرێت کە دڵنیایی ئۆتۆمبێل لە لایەن هیچ دامەزراوەیەك بە هەموو قەبارەیەکەوە بەکار نەهێنراوە (خشتەی ژمارە 7-4 A).

**خشتەی (A 4-7): جۆرەکانی دڵنیایی بە پێی قەبارەی دامەزراوە**

| جۆری دڵنیایی | کۆی گشتی | | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| هیچ دڵنیاییەك نییە | 1992 | 98.8 | 1860 | 99.2 | 121 | 95.3 | 11 | 78.6 |
| دڵنیایی قەرەبووکردنەوەی کرێکاران | 16 | 0.8 | 10 | 0.5 | 5 | 3.9 | 1 | 7.1 |
| دڵنیایی تەندروستی بۆ فەرمانبەران | 6 | 0.3 | 4 | 0.2 | 0 | 0.0 | 2 | 14.3 |
| دڵنیایی موڵك | 2 | 0.1 | 1 | 0.1 | 1 | 0.8 | 0 | 0.0 |
| دڵنیایی ئۆتۆمبێل | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 |
| **کۆی گشتی** | **2016** | **100** | **1875** | **100** | **127** | **100** | **14** | **100** |

## 5-7 جۆری خاوەندارێتی دامەزراوەکان

لە ڕووپێوەکەدا جۆری خاوەندارێتی دامەزراوەکان دەرکەوتووە. بە پێی ڕووپێوەکە، زۆربەی دامەزراوەکان خاوەندارێتی تاکە کەسیان هەبووە (85%). ئەم ڕێژەیە بەپێی قەبارەی دامەزراوەکە کەم دەبێتەوە (خشتەی ژمارە 7-5 A):

- 86.5% زۆر بچووک
- 64.6% بچووک
- 64.3% مامناوەند

جۆری خاوەندارێتی دامەزراوەکان بە پێی کەرتی بازرگانی بە شێوەی خوارەوەیە (خاتەی ژمارە 7-5 B):

- خاوەندارێتی تاکەکەسی: 31.4% لە بازرگانی تاك و کۆ، 16.8% لە گواستنەوە و کۆگا کردن،
- هاوبەش: 32.5% لە بازرگانی تاك و کۆ، 17.8% کشتوکاڵ و ڕاوە ماسی،
- خاوەن پشك: 29.4% لە بازرگانی تاك و کۆ، و 29.4%لە کشتوکاڵ و ڕاوە ماسی.

**خشتەی (7-5 A): جۆری خاوەندارێتی دامەزراوەکان بە پێی قەبارەی دامەزراوەکە**

| جۆری خاوەندارێتی | کۆی گشتی | | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| خاوەندارێتی تاکەکەسی | 1713 | 85.0 | 1622 | 86.5 | 82 | 64.6 | 9 | 64.3 |
| هاوبەش | 286 | 14.2 | 238 | 12.7 | 43 | 33.9 | 5 | 35.7 |
| خاوەن پشك | 17 | 0.8 | 15 | 0.8 | 2 | 1.6 | 0 | 0.0 |
| **کۆی گشتی** | **2016** | **100** | **1875** | **100** | **127** | **100** | **14** | **100** |

**خشتەی (B 5-7): جۆری خاوەندارێتی چالاکی بازرگانی بە پێی جۆری چالاکی**

| چالاکی بازرگانی | خاوەندارێتی تاکە کەسی | | هاوبەش | | خاوەن پشک | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| بازرگانی تاك و کۆ | 538 | 31.4 | 93 | 32.5 | 5 | 29.4 |
| چالاکی گواستنەوە و کۆگاکردن | 288 | 16.8 | 24 | 8.4 | 2 | 11.8 |
| کشتوکاڵ و ڕاوە ماسی | 251 | 14.7 | 51 | 17.8 | 5 | 29.4 |
| پیشەگەری تەکنیکی (سەرتاشخانە (ئارایشگا)، هونەری، ...) | 219 | 12.8 | 17 | 5.9 | 2 | 11.8 |
| چالاکی بیناسازی | 108 | 6.3 | 20 | 7.0 | 1 | 5.9 |
| پیشەسازی خۆراك | 99 | 5.8 | 21 | 7.3 | 2 | 11.8 |
| چاککردن و سێرڤسی ئۆتۆمبێل و ماتۆڕسیکل | 34 | 2.0 | 7 | 2.4 | 0 | 0.0 |
| پیشەسازی بەرهەمە کانزاییەکان | 27 | 1.6 | 11 | 3.8 | 0 | 0.0 |
| چالاکی خزمەتگوزاری شوێنی مانەوە و ڕێستورانت و هۆتێل | 27 | 1.6 | 10 | 3.5 | 0 | 0.0 |
| کارە هونەرییەکان (کاری دەستی) | 33 | 1.9 | 3 | 1.0 | 0 | 0.0 |
| چاککردنەوەی ئامێر و کەلوپەل | 27 | 1.6 | 4 | 1.4 | 0 | 0.0 |
| چالاکی خانووبەرە | 14 | 0.8 | 9 | 3.1 | 0 | 0.0 |
| پیشەسازی کەرەستەی کارەبایی و ئەلەکترۆنی و پێکهاتەکانی | 8 | 0.5 | 2 | 0.7 | 0 | 0.0 |
| چالاکی خزمەتگوزاریی کارگێڕی و پشتیوانی | 4 | 0.2 | 1 | 0.3 | 0 | 0.0 |
| چالاکی هونەری و کات بەسەربردن | 1 | 0.1 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 |
| چالاکی پەروەردە و ڕاهێنان | 1 | 0.1 | 1 | 0.3 | 0 | 0.0 |
| وزە - خاوەن مۆلیدەی کارەبایی | 2 | 0.1 | 1 | 0.3 | 0 | 0.0 |
| چالاکی دارایی و دڵنیایی | 3 | 0.2 | 1 | 0.3 | 0 | 0.0 |
| بەنزینخانەکان | 0 | 0.0 | 1 | 0.3 | 0 | 0.0 |
| چالاکی تەندروستی مرۆڤ و کاری کۆمەڵایەتی | 12 | 0.7 | 5 | 1.7 | 0 | 0.0 |
| کانگا و کانگاکاری و دەرهێنانی کانزا | 3 | 0.2 | 1 | 0.3 | 0 | 0.0 |
| چالاکی پیشەیی (دکتۆر، پارێزەر، ئەندازیار) | 8 | 0.5 | 2 | 0.7 | 0 | 0.0 |
| چالاکی زانستی و هونەری | 3 | 0.2 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 |
| چالاکی دابینکردنی ئاو، خاوێنکردنەوە، چارەسەر و لەناوبردنی پاشماوەکان | 3 | 0.2 | 1 | 0.3 | 0 | 0.0 |
| **کۆی گشتی** | **1713** | **100** | **286** | **100** | **17** | **100** |

## 6-7 چالاكی پێشووی خاوەنكارەكان

لە کاتی پرسیارکردن لە خاوەنكارەکان سەبارەت بە چالاکی پێشوویان، وەڵامەکانیان بەم شێوەی خوارەوە بوو (خشتەی 6-7 A):

- 29% لەم کەسانە بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە هەمان کاردا کاریان دەکرد.
- 25.5% لەم کەسانە بە شێوەیەکی سەربەخۆ کارێکی تریان دەکرد.
- 16% لەم کەسانە قوتابی بوون.
- 12.5% لەم کەسانە بێکار بوون.

هەروەک دەبیندرێت، چالاکی پێشوی خاوەنكارەکان بەم شێوەی خوارەوە بووە: بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە (22.2%)، کەرتی گشتی (19.3%)، کشتوکاڵ و ڕاوە ماسی (10.4%) بووە لە نموونە (خشتەی ژمارە 6-7 B).
**تێبینی: کۆی گشتی وەڵامدەرەوەکان 857 بووە و ژمارەی ئەو کەسانەی وەڵامیان نەداتەوە 1159 کەس بووە.**

**خشتەی (6-7 A): چالاکییەکانی پێشووی خاوەن کارەکان بە پێی قەبارەی دامەزراوەکە**

| جۆری دامەزراوە / چالاکی پێشوو | کۆی گشتی | | زۆر بچوک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە هەمان کاردا کاری دەکرد | 584 | 29 | 529 | 28.2 | 44 | 34.6 | 11 | 78.6 |
| بە شێوەیەکی سەربەخۆ کارێکی تری دەکرد | 515 | 25.5 | 494 | 26.3 | 20 | 15.7 | 1 | 7.1 |
| قوتابی بووە | 323 | 16 | 298 | 15.9 | 24 | 18.9 | 1 | 7.1 |
| بێکار بووە | 253 | 12.5 | 236 | 12.6 | 17 | 13.4 | 0 | 0.0 |
| لە کەرتی گشتی کاری دەکرد | 170 | 8.4 | 161 | 8.6 | 9 | 7.1 | 0 | 0.0 |
| لە کەرتی تایبەت کاری دەکرد | 154 | 7.6 | 140 | 7.5 | 13 | 10.2 | 1 | 7.1 |
| هیتر | 17 | 0.8 | 17 | 0.9 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 |
| **کۆی گشتی** | **2016** | **100** | **1875** | **100** | **127** | **100** | **14** | **100** |

خشتەی (B 6-7): چالاکییەکانی پێشووی خاوەنکارەکان بەپێی چالاکی بازرگانی و قەبارەی دامەزراوەکە

| چالاکی بازرگانی | کۆی گشتی | | زۆر بچوك | | بچووك | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| چالاکی بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە | 190 | 22.2 | 182 | 22.4 | 8 | 19.0 | 0 | 0 |
| کەرتی گشتی | 165 | 19.3 | 156 | 19.2 | 9 | 21.4 | 0 | 0 |
| کشتوکاڵ و ڕاوە ماسی | 89 | 10.4 | 85 | 10.5 | 4 | 9.5 | 0 | 0 |
| بازرگانی تاك و کۆ | 86 | 10.0 | 79 | 9.7 | 5 | 11.9 | 2 | 1 |
| گواستنەوە و کۆگاکردن | 55 | 6.4 | 51 | 6.3 | 4 | 9.5 | 0 | 0 |
| چالاکی خزمەتگوزاریی کارگێڕی و پشتیوانی | 47 | 5.5 | 45 | 5.5 | 2 | 4.8 | 0 | 0 |
| کارە هونەرییەکان (کاری دەستی) | 41 | 4.8 | 38 | 4.7 | 3 | 7.1 | 0 | 0 |
| خزمەتگوزاری تر | 184 | 21.5 | 177 | 21.8 | 7 | 16.7 | 0 | 0 |
| **کۆی گشتی** | **857** | **100** | **813** | **100** | **42** | **100** | **2** | **100** |

## دامەزراوە داخراوەکان

داتای داخراوبوونی دامەزراوەکان یارمەتیدەرن بۆ دیارکردنی ئاستی بەردەوامبوونی کاری دامەزراوەکان لە ڕووی ئەو هۆکارانەی کە کاریگەریان لە سەر ژینگەی کاری بازرگانی هەیە. 857 کەس وەڵامی پرسیاری پەیوەست بە دۆخی ئەو دامەزراوەیەی کە تێدا کاردەکەن دایەوە کە بە شێوەی خوارەوەیە (خشتەی ژمارە 6-7 C):

- %67.2 داخراو نییە
- %20.3 کارکردن کۆتایی هات
- %12.5 داخراوە

سەبارەت بە پارێزگاکان، زۆرترین ژمارەی دامەزراوەکانی داخراو لە هەولێر بووە (47 دامەزراوە)، دواتر لە دهۆک (36 دامەزراوە) و سلێمانی (23 دامەزراوە) بووە (خشتەی ژمارە 6-7 D).

خشتەی (C 6-7): دۆخی دامەزراوەکانی پێشوو بە پێی قەبارەی دامەزراوەکان

| دۆخی دامەزراوەکانی پێشوو | کۆی گشتی | | زۆر بچووك | | بچووك | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| داخراو نییە | 576 | 67.2 | 545 | 67.0 | 30 | 71.4 | 1 | 50.0% |
| کارەکە کۆتایی هاتووە | 174 | 20.3 | 166 | 20.4 | 8 | 19.0 | 0 | 0.0% |
| داخراوە | 107 | 12.5 | 102 | 12.5 | 4 | 9.5 | 1 | 50.0% |
| **کۆی گشتی** | **857** | **100** | **813** | **100** | **42** | **100** | **2** | **100** |

**خشتەی (D 6-7): دۆخی دامەزراوەکانی پێشوو بە پێی پارێزگا**

| دۆخی دامەزراوەکانی پێشوو | کۆی گشتی | | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆك | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| داخراو نییە | 576 | 67.2 | 180 | 57.3 | 182 | 73.4 | 6 | 66.7 | 208 | 72.7 |
| کارەکە کۆتایی هاتووە | 174 | 20.3 | 87 | 27.7 | 43 | 17.3 | 2 | 22.2 | 42 | 14.7 |
| داخراوە | 107 | 12.5 | 47 | 15.0 | 23 | 9.3 | 1 | 11.1 | 36 | 12.6 |
| **کۆی گشتی** | **857** | **100** | **314** | **100** | **248** | **100** | **9** | **100** | **286** | **100** |

## هۆکاری داخستنی دامەزراوەکانی پێشوو

لە ڕووپێوەکە پرسیار لە سەر هۆکارەکانی داخستنی دامەزراوەکان کرا و هۆکارە سەرەکییەکان بە شێوەی خوارەوە بوون (خشتەی (E 6-7) خشتەی (F 6-7) و شێوەی (A 6-7)):

- قەیرانی دارایی: بە گشتی لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان 31.7% بووە و لە سەر ئاستی پارێزگاکان، بەرزترین ڕێژە لە پارێزگای هەولێر (38.8%) و نزمترین ڕێژە لە پارێزگای دهۆك (20%) بووە.

نزمبوونی خواستی بازار: بە گشتی لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان 28.3% بووە و بەرزترین ڕێژە لە پارێزگای دهۆك (42.2%) و نزمترین ڕێژە لە پارێزگای هەولێر (18.4%) تۆمار کراوە

**خشتەی (E 6-7): هۆکاری داخستنی دامەزراوەی پێشوو لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان**

| هۆکاری داخستنی دامەزراوە | کۆی گشتی | |
|---|---|---|
| | ژمارە | % |
| قەیرانی دارایی | 38 | 31.7 |
| نزمبوونی خواستی بازار | 34 | 28.3 |
| مایەپوچبوون | 23 | 19.2 |
| کێشەی ئەمنی | 10 | 8.3 |
| پەتای کۆڤید-19 | 5 | 4.2 |
| کێبرکێیەکی بەهێز | 3 | 2.5 |
| کۆچی ناوخۆیی | 2 | 1.7 |
| هۆکاری تر | 5 | 4.2 |
| **کۆی گشتی** | **120** | **100** |

خشتەی (F 6-7): هۆکاری داخستنی دامەزراوەی پێشوو به پێی پارێزگا

| هۆکاری داخستنی دامەزراوە | کۆی گشتی | | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆک | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| قەیرانی دارایی | 38 | 31.7 | 19 | 38.8 | 9 | 36.0 | 1 | 100 | 9 | 20.0 |
| نزمبوونی خواستی بازار | 34 | 28.3 | 9 | 18.4 | 6 | 24.0 | 0 | 0.0 | 19 | 42.2 |
| مایەپوچبوون | 23 | 19.2 | 15 | 30.6 | 4 | 16.0 | 0 | 0.0 | 4 | 8.9 |
| کێشەی ئەمنی | 10 | 8.3 | 2 | 4.1 | 2 | 8.0 | 0 | 0.0 | 6 | 13.3 |
| پەتای کۆڤید-19 | 5 | 4.2 | 2 | 4.1 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 3 | 6.7 |
| کێبڕکێیەکی بەهێز | 3 | 2.5 | 1 | 2.0 | 2 | 8.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 |
| کۆچی ناوخۆیی | 2 | 1.7 | 1 | 2.0 | 1 | 4.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 |
| هۆکاری تر | 5 | 4.2 | 0 | 0.0 | 1 | 4.0 | 0 | 0.0 | 4 | 8.9 |
| **کۆی گشتی** | **120** | **100** | **49** | **100** | **25** | **100** | **1** | **100** | **45** | **100** |




**شێوەی (A 6-7): هۆکاری داخستنی دامەزراوەکانی پێشوو**

## 7-7 ئەنجامدانی کاری بازرگانی لە عێراق - ڕاپۆرتی بانکی نێودەوڵەتی 2020

لەم دواییانەدا ڕاپۆرتێک بۆ گروپی بانکی نێودەوڵەتی ئامادەکراوە سەبارەت بە ئەنجامدانی کاری بازرگانی لە عێراق-2020، لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕیزبەندی جێگای عێراق لە ڕووی ژینگەی بازرگانی لەنێوان 190 وڵاتدا پێشان دەدات، لەم خشتەیەدا دەبینرێت کە عێراق لە پلەیەکی نزمدایە بە بەراورد بە وڵاتانی تر لە ڕووی ژینگەی بازرگانی.

**خشتەی (A 7-7): ڕیزبەندی عێراق لە نێوان 190 وڵات و تێکڕای خاڵەکان بەپێی بابەتەکان**

| بابەت | ڕیزبەندی | ئەنجامەکە |
|---|---|---|
| 1- دامەزراندنی دامەزراوە | 154 | 77.3 |
| 2- وەرگرتنی مۆڵەتی بیناسازی | 103 | 67.7 |
| 3- دەستگەیشتن بە کارەبا | 131 | 61.9 |
| 4- تۆمارکردنی خاوەندارێتی | 121 | 57.3 |
| 5- وەرگرتنی باوەری (دڵنیایی) | 186 | 0.0 |
| 6- پشتگیری کردن لە وەبەرهێنەری کەمینە | 111 | 46.0 |
| 7- دانی باج | 131 | 63.5 |
| 8- بازرگانی دەرەوەی سنوورەکان | 181 | 25.3 |
| 9- جێبەجێکردنی گرێبەستەکان | 147 | 48.0 |
| 10- چارەسەرکردنی گرفتی مایەپۆچبوون | 168 | 0.0 |

**سەرچاوە: ڕاپۆرتی بانکی جیهانی -چالاکی بازرگانی 2020**

سەبارەت بە بەراوورد لەگەڵ ماوەی پێشتر، لێکۆلینەوە لەسەر ئەنجامدانی کاری بازرگانی-بەراووردی پۆلینی کاری بازرگانی لە عێراق بۆ ساڵانی 2010، 2015، 2020 - بە پێی گرۆپی بانکی جیهانی لە خوارەوە پێشان دراوە (خشتەی ژمارە 7-7 B)

## ڕێژەی گۆڕانکاری بە پێی پلە (ڕێزبەندی)

**خشتەی ژمارە (B 7-7): بەراووردی پۆلینی کاری بازرگانی لە عێراق بۆ ساڵانی 2020، 2015، 2010**

| بابەت | ساڵ 2020 | | گۆڕانکاری ڕێزبەندی نێوان (2015 – 2020) | ساڵ 2015 | | گۆڕانکاری ڕێزبەندی نێوان (2010 – 2015) | ساڵ 2010 | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕیزبەندی | ئەنجام | | ڕیزبەندی | ئەنجام | | ڕیزبەندی | ئەنجام |
| 1- دامەزراندنی دامەزراوە | 154 | 77.3 | **-12** | 142 | 74 | **-33** | 175 | n/a |
| 2- وەرگرتنی مۆڵەتی بیناسازی | 103 | 67.7 | **-94** | 9 | 86.7 | **+85** | 94 | n/a |
| 3- دەستگەیشتن بە کارەبا | 131 | 61.9 | **-95** | 36 | 84.9 | **n/a** | - | n/a |
| 4- تۆمارکردنی خاوەندارێتی | 121 | 57.3 | **-12** | 109 | 62.6 | **-56** | 53 | n/a |
| 5- وەرگرتنی قەرز | 186 | 0.0 | **-6** | 180 | 5 | **-13** | 167 | n/a |
| 6- پشتگیری کردن لە وەبەرهێنەری کەمینە | 111 | 46.0 | **+35** | 146 | 42.5 | **-27** | 119 | n/a |
| 7- دانی باج | 131 | 63.5 | **-79** | 52 | 80 | **-27** | 53 | n/a |
| 8- بازرگانی دەرەوەی سنوونارەکان | 181 | 25.3 | **-3** | 178 | 20.5 | **+2** | 180 | n/a |
| 9- جێبەجێکردنی گرێبەستەکان | 147 | 48.0 | **-6** | 141 | 47.3 | **-2** | 139 | n/a |
| 10- چارەسەرکردنی گرفتی مایەپۆچبوون | 168 | 0.0 | **+21** | 189 | 0.0 | **-6** | 183 | n/a |

**سەرچاوە**: ڕاپۆرتی بانکی جیهانی بۆ چالاکی بازرگانی بۆ ساڵانی 2010 و 2015 و 2020.

**چاکسازی لە ژینگەی بازرگانی لە عێراق**

لە ڕاپۆرتی چالاکی ە بازرگانییەکانی بانکی نێودەوڵەتی بۆ ساڵی 2020 ئەمانەی خوارەوە هاتووە:
لە 2ی ئایاری 2018 تاکۆ 1ی ئایاری 2019، 115 وڵات 294 چاکسازیی ڕێکخراو بۆ کارەکان ئەنجامدا بە پێی 10 پێوەری چاکسازی کە پێوانەی ڕاپۆرتی ئەنجامدانی کارەکان دەکات. ئەم پێوەرانەی چاکسازیان لە ڕاپۆرتی ئەنجامدانی کارەکان لە گشت ناوچەکان ئەنجامدران. لە خوارەوە ئەو چاکسازیانە دەخەینە ڕوو کە لە ڕاپۆرتی ئەنجامدانی کارەکان لە عێراق لە 2008 ەوە جێبەجێ کراون:

- **دەستپێکردنی کاری بازرگانی: ئاسانکاری بکرێت بۆ ڕێکارەکانی دەستپێکردنی کارێک بە کەمکردنەوەی ڕێکاری تۆمارکردن و کەمکردنەوەی ئەو کاتەی کە پێویستە بۆ تۆمارکردنی کۆمپانیاکان.**

- **دەستگەیشتن بە قەرز(سەرمایە):** عێراق دەستگەیشتن بە زانیاری بۆ وەرگرتنی قەرزی باشتر کردووە بە دانانی شێوازی تۆماری قەرزی نوێ.

**ڕاپەراندنی کاری وەرگرتنی مۆڵەتی بینا:** مامەڵەکردن لەگەڵ مۆڵەتی بیناسازی: ئاسانکاری بۆ پرۆسەی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕێگەدانی بیناسازی لە ڕێگای داواکاری بۆ وەرگرتنی ڕێگەپێدانی بینا لە ناوەندەکان و ڕێگەپێدانی بیناسازی لە یەک کاتدا.

**دەست گەیشتن بە خزمەتگوزاری کارەبا:** وەزارەتی کارەبا، لە ڕێگای ڕێکخستنی بەروارەکانی بەدەستهێنانی خزمەتگوزاری کارەبا، پرۆسەی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاری کارەبای خێراتر کردووە.

- **دەستپێکردنی کاری بازرگانی:** بەهۆی زیادبوونی تێچووی بەدەستهێنانی بەڵگەی حجزکردنی ناو و تێچووی پارێزەران بۆ ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاداشتنامەی دامەزراندنی دامەزراوەکان، دەستپێکردنی کارێک لە عێراق گرانتر بووە.

## 8- دامەزراندن و سەرچاوە مرۆییەکان

ستراتیژییەکانی هەرێمی کوردستان بەپێی دیدگای 2030، ئاماژە بەوە دەکەن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی بەردەوام دەدات بۆ پەرەپێدان و بەتوانا کردنی هێزی کار لە ناوچەکەدا لە پێناو هەمەچەشنکردنی ئابووری دوور لە نەوت، پەرەپێدانی سیاسەتێکی نیشتمانی بۆ کار و بێکاری، و دروستکردنی دەرفەتی کار لەگەڵ بەهای زێدەگی یارمەتیدەرە لە بەرزکردنەوەی ئاستی داهاتی خێزانەکان.

ئەم بەشە دەرەنجامی ڕووپێوی مەیدانی لەسەر دابەشبوونی کرێکاران بەسەر دامەزراوەکان بەپێی ڕەگەز و گروپی تەمەن و چالاکی ە ئابوورییەکان دەخاتەڕوو, هەروەها دەستنیشانی سەختی و بەربەستەکانی بەردەم دامەزراوەکان و هەڵسەنگاندنی ڕەوشی دامەزراوەکان و ڕێگاکانی پاڵپشتیکردنیان دەکات لە ڕێگەی ئەم بابەتانەی خوارەوە:

- پۆلێنکردنی دامەزراوەکان و ئاستی دامەزراندن
- دابەشبوونی فەرمانبەران بە پێی تەمەن
- چالاکییە بازرگانییەکان
- جۆرەکانی چالاکی لە دامەزراوەکان
- کارە پێویستەکان
- سەرچاوە و ڕێگاکانی دامەزراندن و ڕاهێنانی فەرمانبەران
- بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان

### 8-1 پۆلێنکردنی دامەزراوەکان و ئاستی دامەزراندن

کۆی ژمارەی وەڵامدەرەوەکان لە نموونەکەدا 2016 وەڵامدەر بوون و بەپێی ڕەگەز بەسەر 1747 نێر بەرێژەی (87%) و 269 مێ بەرێژەی(13%)دابەشکراون.

زۆرینەی نموونەکە لە دامەزراوە تۆمارنەکراوەکان پێک هاتووە کە ژمارەیان 1205 دامەزراوەیە بە ڕێژەی 59.8%، لە کاتێکدا ئەو دامەزراوانەی کە بە لایەنی کەمەوە لە یەک دەزگای فەرمی تۆمارکراون لە 811 دامەزراوە پێکدێن بەرێژەی (40.2%). داتاکان بەم شێوەیە دابەشکران (خشتەی A 1.8) و وێنەی (A 1.8).

**خشتەی (A 1-8): دۆخی تۆمارکردنی دامەراوەکان بە پێی قەبارەیان**

| دۆخی تۆمارکردن | کۆی گشتی | | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| تۆمار نەکراوە | 1205 | 59.8 | 1136 | 60.6 | 62 | 48.8 | 7 | 50.0 |
| تۆمار کراوە | 811 | 40.2 | 739 | 39.4 | 65 | 51.2 | 7 | 50.0 |
| کۆی گشتی | **2016** | | **1875** | | **127** | | **14** | |

کۆی گشــتی ژمارەی کارمەندان لە نموونەکەدا 3812 کەس بووە، لە وانە 3313 کارمەند نێر (86.9%) و 499 کارمەند مێ (13.1%) بوونە وەک لە خشتەی (B 1.8) و وێنەی (B 1.8) پێشاندراوە. تێکڕای ژمارەی کارمەندان لە نموونەکەدا (1.89) بووە، و تێکڕای ژمارەی کارمەند بەپێی قەبارەی هەر دامەزراوەیەک بەم شــێوەیە دابەشکراون:

- تێکڕای ژمارەی کارمەند لە دامەزراوە زۆر بچووکەکان (1.58)
- تێکڕای ژمارەی کارمەند لە دامەزراوە بچووکەکان (5.1)
- تێکڕای ژمارەی کارمەند لە دامەزراوە مامناوەندەکان (12.85)

**تێبینی**: تێکڕای ژمارەی کارمەندان لە نموونەکە بریتیە لە کۆی ژمارەی کارمەندان دابەش کۆی نموونەکە بەپێی قەبارەی هەر دامەزراوەیەک.

**خشتەی (B 1-8): ژمارەی کارمەند لە نموونەدا**

| قەبارەی دامەزراوە | ژمارەی دامەزراوەکان | ژمارەی کارمەندان | | نێر | | مێ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زۆر بچووک | 1875 | 2976 | 78.1% | 2603 | 68.3% | 373 | 9.8% |
| بچووک | 127 | 656 | 17.2% | 576 | 15.1% | 80 | 2.1% |
| مامناوەند | 14 | 180 | 4.7& | 134 | 3.5% | 46 | 1.2% |
| کۆی گشتی | 2016 | 3812 | 100% | 3313 | 86.9% | 499 | 13.1% |




**شێوەی (A 1-8): دابەشبوونی دامەزراوەکان و کارمەند بە پێی قەبارەی نموونە**

بەراوردکردنی ئەم ڕووپێوە لەگەڵ ڕووپێوی دامەزراوە زۆر بچووک، بچووک و مامناوەندەکان لە پارێزگاکانی بەغدا، بەسرا و نەینەوا (2020 - 2021)، و ڕووپێوی ڕێکخراوی کار لە ساڵی 2011، دەرکەوتووە کە ژمارەی ئافرەتان لە دامەزراوەکان زیاتر لە دوو هێندە زیادی کردووە (خشتەی 1-8 C).

| کارمەند ی تایبەتمەند (دیزاینەر، کارپێکەری ئامێر، سەرنووسەر...) | 2 | 1.3 | 1 | 0.7 | 1 | 6.7 |
| **کۆی گشتی** | **158** | **100** | **143** | **100** | **15** | **100** |

**تێبینی: پرسیارەکە چەندین وەڵامی هەیە، بۆیە, 141 دامەزراوە 158 وەڵامیان هەبووە.**

ئەو پیشانەی کە دۆزینەوەی کارمەندی شایستە بۆیان ئەستەمە بەپێی چالاکی دامەزراوەکە لە خشتەی (3-5 B)دا پێیشاندراوە و ئەنجامەکان بەم شێوەیەن:

- **کارمەند ی شیاو(بۆ کەرتی تەکنیکی/ پیشەسازی)، 80 وەڵام (50.6%)**
  - کشتوکاڵ و دارستان و ڕاوە ماسی 23 وەڵام،
  - کاری بیناسازی و ئاوەدانکردن 16 وەڵام،
  - پیشەسازی خۆراك 14 وەڵام
- **دۆزینەوەی هیچ پیشەیەك قورس نییە**
  - کشتوکاڵ و دارستان و ڕاوە ماسی 13 وەڵام

## خشتەی (B 5-8): پیشەی پێویست بەپێی چالاکی دامەزراوەکان (چەندین وەڵام)

| پیشەی پێویست | کۆی گشتی | | کشتوکاڵ و دارستان ڕاوە ماسی | بازرگانتاك و کۆ | کاری بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە | پیشەسازی خۆراك | نیشتەجێبوون و چێشتخانە و هۆتێل خزمەتگوزاریی شوێنی | پیشەسازی بەرهەمە کانزاییەکان | چالاکی گواستنەوە و کۆگاکردن | پیشەیی (دکتۆر، پارێزەر، ئەندازیار) | کاری هونەری (کاری دەستی) | تەکنیکی (ابزینی ڤۆهونەری ، ..) | چاککردنە و سێرڤسی ئۆتۆمبێل و ماتۆرسکیل | چاککردنەوەی ئامێر و کەلوپەل | بەنزینخانەکان | پیشەسازی ئامێری کارەبایی و ئەلەکترۆنی | چالاکی تەندروستی مرۆڤ و کاری کۆمەڵایەتی | کاری پەروەردە و فێرکردن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | | | | | | | | | | | | | | | | |
| کارمەندی لێهاتوو (کەرتی تەکنیکی/ پیشەسازی) | 80 | 50.6 | 23 | 8 | 16 | 14 | 4 | 5 | 1 | 1 | 1 | 2 | 2 | 1 | 1 | 1 | | |
| دۆزینەوەی هیچ پیشەیەك قورس نییە | 36 | 22.8 | 13 | 4 | 8 | 4 | 4 | 1 | | | | | | 1 | | | 1 | |
| فرۆشتن | 12 | 7.6 | 1 | 7 | | 2 | 1 | | | | 1 | | | | | | | |
| بە بازارکردن | 7 | 4.4 | | 4 | | 2 | | 1 | | | | | | | | | | |
| ژمێریاری | 5 | 3.2 | | 3 | | | | | 1 | 1 | | | | | | | | |
| بەڕێوە بردن | 5 | 3.2 | 1 | 1 | | | 2 | | | | 1 | | | | | | | |
| تەکنولۆجیای زانیاری | 4 | 2.5 | | 1 | 1 | | | | | 1 | | 1 | | | | | | |
| سەرچاوەی مرۆیی | 4 | 2.5 | 2 | 1 | | 1 | | | | | | | | | | | | |
| کارمەند ی تایبەتمەند (دیزاینەر، کارپێکەری ئامێر، سەرنووسەر...) | 2 | 1.3 | | | | | | 1 | 1 | | | | | | | | | |
| کارمەند ی پشتیوان (سکێرتێر، شۆفر، فەرمانبەری نووسینگە ...) | 3 | 1.9 | | 1 | | | | | 1 | | | | | | | | | 1 |
| **کۆی گشتی** | **158** | **100** | **40** | **30** | **25** | **23** | **11** | **8** | **4** | **3** | **3** | **3** | **2** | **2** | **1** | **1** | **1** | **1** |

**تێبینی: پرسیارەکە چەندین وەڵامی هەیە، بۆیە, 141 دامەزراوە 158 وەڵامیان هەبووە.**

## سەرچاوە و ڕێگاکانی دامەزراندنی کارمەند

پرسیاری تایبەت بە ڕێگاکانی دۆزینەوەی کارمەند (دەستی کار) بۆ دامەزراندن تەنیا ئاراستەی دامەزراوە بچووک و مامناوەندەکان کرا کە 4 بۆ 29 کارمەند یان هەبووە کە لە 141 دامەزراوە پێکهاتبوون (127 دامەزراوەی بچووک و 14 دامەزراوەی مامناوەند). داتاکان لە خشتەی (C 5-8)دا پێشاندراوە و ئەنجامە سەرەکییەکان بەم شێوەیە بووە:

داتاکان دەریانخستووە کە زۆربەی وەڵامەکان (113) کە دەکاتە بە ڕێژەی (66.1%)، لەگەڵ "ناسیاوی و پەیوەندی کەسی" بوونە. ئەنجامەکان بە پێی قەبارەی دامەزراوەکان بەم شێوەیە بووە:

"**ناسیاوی و پەیوەندی کەسی** " شێوازێکی نافەرمییە بۆ دامەزراندنی کارمەند و هیچ تێچوویێکی لەسەر دامەزراوەکان نییە. ئەمە ڕێگایەکە بۆ بەدەستهێنانی دەستی کاری ناوخۆیی کە لە هەمان چاڵاکی بازرگانی لە دامەزراوەی پەیوەندیدار کار بکات و ئامادەبێت بۆ کارکردن لە چەندین کار و بە کاتژمێری زیاتر ئەگەر پێویستییان پێ بێت. شێوازە فەرمیەکانی دامەزراندنی کارمەن بۆ دامەزراوەکان تێچوو و کاتی دەوێت کە بەربەستێکی گەورەیە بۆ دامەزراوەکان .

"**ناوەندەکانی دامەزراندن**" و "**دامەزراندن لە دامەزراوەکانی ترەوە**" کەمترین هەلبژاردە بووە بە ڕێژەی (0.6%) بۆ هەر یەکێکیان.

ئەنجامی ڕووپێوەکە پێشان دەدات کە ڕۆڵی ناوەندەکانی دامەزراندن و ناوەندەکانی ڕاهێنان لە دابینکردنی هێزی مرۆیی لاوازە.

**خشتەی (C 5-8): سەرچاوەی دامەزراندن لە دامەزراوەکان (چەندین وەڵام)**

| سەرچاوە و ڕێگاکانی دامەزراندن | کۆی گشتی وەڵامەکان | | دامەزراوەکانی بچووک | | دامەزراوەکانی مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| ناسیاوی و پەیوەندی کەسی | 113 | 66.1 | 104 | 68.9 | 9 | 45 |
| ئامادەبوونی داواکار | 19 | 11.1 | 15 | 9.9 | 4 | 20 |
| پێویست بە سەرچاوە ناکات | 13 | 7.6 | 11 | 7.3 | 2 | 10 |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان | 12 | 7 | 10 | 6.6 | 2 | 10 |
| پەیمانگا یان ناوەندەکانی ڕاهێنان | 6 | 3.5 | 5 | 3.3 | 1 | 5 |
| ڕێکلام (ڕۆژنامە) ئامرازی پەیوەندی کۆمەڵایەتی | 3 | 1.8 | 3 | 2 | - | - |
| ئینتەرنێت | 3 | 1.8 | 2 | 1.3 | 1 | 5 |
| دامەزراندنی کارمەند لە دامەزراوەکانی تر | 1 | 0.6 | 1 | 0.7 | - | - |
| ناوەندەکانی دامەزراندن | 1 | 0.6 | - | - | 1 | 5 |
| **کۆی گشتی** | **171** | **100** | **151** | **100%** | **20** | **100%** |

تێبینی: پرسیار هەیە کە چەند وەڵامی هەیە، بۆیە 141 دامەزراوە 171 وەڵامیان هەبووە.

## 6-8 ڕاهێنانی کارمەندان

پرسیارەکانی پەیوەست بە ڕاهێنان تەنها ئاراستەی دامەزراوە مامناوەندەکان کران کە لە نێوان 10 بۆ 29 کارمەندیان هەیە و ژمارەیان لە نموونەی رووپێوەکەدا تەنها 14 دامەزراوەیە.

سەبارەت بە ڕاهێنان کە پێویستن بۆ باشترکردنی شارەزایی و لێهاتووی کارمەندان، ئەنجامەکان لە خشتەی (6-8 A)داپێشاندراوون. زۆربەی وەڵامەکان بە شێوەی خوارەوە بووە:

- کارامەیی پیشەیی پراکتیکی، بە 8 وەڵام و بە ڕێژەی (38.1%)
- شێوازی هەڵسوکەوت لە کار، بە 6 وەڵام و بە ڕێژەی (28.6%)

دامەزراوەکان پێویستیان بە هێزی کاری شارەزا هەیە بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان. بۆیە پەرەپێدانی "هەڵسوکەوتکردن لە کاردا (شارەزایی لە هەڵسوکەوت)" و "شارەزایی پیشەیی کرداری یان پراکتیکی" بۆ کارمەندان لە چالاکی ەکانی دامەزراوەکاندا گرنگە بۆ مانەوە و بەردەوامبوون لە کاردا. جگە لەوەش پەرەپێدانی "هەڵسوکەوتی کارکردن (شارەزایی لە هەڵسوکەوت)"، بە تایبەت لە بواری خزمەتگوزاریی کڕین و فرۆشتندا زۆر گرنگە بۆ سەرکەوتنی ئەرکەکانی ڕۆژانەی کارمەندان لە دامەزراوەکاندا.

**خشتەی (6-8 A): ئەو شارەزاییەی کە کارمەندان پێویستە پەرەی پێبدەن (چەندین وەڵام)**

| شارەزایی پێویست | ژمارە | % |
|---|---|---|
| شارەزایی پیشەیی کرداری یان پراکتیکی | 8 | 38.1 |
| شێوازی هەڵسوکەوتکردن لە کاردا | 6 | 28.6 |
| شارەزایی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیکردن | 2 | 9.5 |
| شارەزایی لە کومپیوتەر و تەکنۆلۆجیای زانیاری و ئامرازی پەیوەندی کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) | 2 | 9.5 |
| شارەزایی لە زمان و نووسین | 2 | 9.5 |
| زانیاری تیۆری | 1 | 4.8 |
| **کۆی گشتی** | **21** | **100** |

**تێبینی: پرسیار هەیە کە چەند وەڵامی هەیە، بۆیە 14 دامەزراوە 18 وەڵامیان هەبووە.**

ئەو شارەزاییانەی کە کارمەندەکان پێویستیان بە پەرەپێدانیان هەیە بەپێی چالاکی ە بازرگانییەکان لە دامەزراوەکان لە خشتەی (B 8.6)دا پێشاندراوە و سەرەکیترین وەڵامەکان بە شێوەی خوارەوە بووە:

- **شارەزایی پیشەیی کرداری (پراکتیکی)، 8 وەڵام بەرێژەی (38.1%)**
  - کشتوکاڵ و دارستان و ڕاوە ماسی، 4 وەڵام
  - پیشەسازی خۆراک، 2 وەڵام
  - پیشەسازی بەرهەمە کانزاییەکان، 1 وەڵام
  - چاڵاکی خزمەتگوزاریی نیشتەجێبوون و چێشتخانە و هۆتێل، 1 وەڵام
- **شێوازی هەڵسوکەوتکردن لە کاردا، 6 وەڵام بەرێژەی (28.6%)**
  - کشتوکاڵ و دارستان و ڕاوە ماسی ، 2 وەڵام
  - بازرگانی تاك و کۆ، 2 وەڵام
  - بەنزینخانەکان، 1 وەڵام
  - پیشەسازی بەرهەمە کانزاییەکان، 1 وەڵام

**خشتەی (B 6-8): پێداویستیەکانی ڕاهێنانی کارمەندان بەپێی چالاکی ە بازرگانییەکان (چەندین وەڵام)**

تێبینی: پرسیار هەیە کە چەندین وەڵامی هەیە، بۆیە 14 دامەزراوە 21 وەڵامیان هەبووە.

| شارەزایی پێویست | کۆی گشتی | | کشتوکاڵ و دارستان و ڕاوە ماسی | پیشەسازی خۆراك | چالاکی گواستنەوە و کۆگاکردن | بازرگانی تاك و کۆ | بەنزینخانەکان | چالاکی بەرهەمە | چالاکی خزمەتگوزاریی نیشتەجێبوون و چێشتخانە و هۆتێل |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| چالاکی پیشەیی کرداری | 8 | 38.1% | 4 | 2 | | | | 1 | 1 |
| شێوازی هەڵسوکەوتکردن لە کاردا | 6 | 28.6% | 2 | | | 2 | 1 | 1 | |
| شارەزایی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیکردن | 2 | 9.5% | | | 1 | | 1 | | |
| شارەزایی لە کۆمپیوتەر و تەکنۆلۆجیای زانیاری و ئامرازی پەیوەندی کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) | 2 | 9.5% | | 1 | 1 | | | | |
| شارەزایی لە زمان و نووسین | 2 | 9.5% | 1 | | 1 | | | | |
| زانیاری تیۆری | 1 | 4.8% | | 1 | | | | | |
| **کۆی گشتی** | **21** | **100%** | **7** | **4** | **3** | **2** | **2** | **2** | **1** |

## بەرنامەکانی ڕاهێنان بۆ کارمەندان

کۆی دامەزراوە مامناوەندەکان (14 دامەزراوە) ڕایانگەیاندووە کە هیچ بەرنامەیەکی ڕاهێنان بۆ کارمەندان پێشکەش ناکەن. سەرەڕای پێزانینی دامەزراوەکان لە گرنگی ڕاهێنانی کارمەندان بۆ پەرەپێدانی زانیاری و شارەزاییەکانیان، هەموو دامەزراوەکانی مامناوەند لە ناو نموونەکە هیچ بەرنامەیەکی ڕاهێنا بۆ کارمەندەکانیان دابین نەکردووە. ئەمەش دەکرێت بەهۆی نەبوونی توانای دامەزراوەکانەوە بێت لە دابینکردنی تێچووی بەرنامەکانی ڕاهێنان، یان دامەزراوەکان بەرنامەکانی ڕاهێنان وەک بارگرانییەکی دارایی تەماشا بکەن و بیر لە دەستکەوتی دارایی ناکەن کە لە پاشەرۆژ بۆیان دەگەڕێتەوە.

### شارەزایی لە سیستەمی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی تەکنیکی (TVET)

سەبارەت بە شارەزایی لە سیستەمی پەروەردە و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی (TVET)، وەڵامەکان لە خشتەی (C 6-8)دا پێشان دراوون:

**خشتەی (C 6-8): ئاستی شارەزایی لە سیستەمی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی تەکنیکی**

| ئاستی شارەزایی لە خوێندنی تەکنیکی و پیشەیی | ژمارە | % |
|---|---|---|
| هەگیز نەم بیستووە | 10 | 71.4 |
| بە باشی لێی ئاگادارم | 2 | 14.3 |
| لێی ئاگادارم بەڵام بەتەواوی نا | 2 | 14.3 |

## 7-8 ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان

پرسیارێك سەبارەت بە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان تەنها ئاراستەی دامەزراوە مامناوەندەکان کرا کە لە نێوان 10 بۆ 29 کارمەندیان هەیە و ژمارەیان لە نموونەی ڕووپێوەکە تەنیا 14 دامەزراوەیە.

### ڕێکخستنی کارگێڕی

زۆربەی دامەزراوەکان (9 دامەزراوە، بە ڕێژەی 64.3%) ڕایانگەیاندووە کە هیچ پلانێکی ڕێکخراوەیی بۆ دامەزراوەکانیان نییە. تەنیا 5 دامەزراوە (35.7%) ڕایانگەیاندووە کە پلانی ڕێکخراوەییان هەیە. هەرچەندە وەڵامدەرەوەکان لە دامەزراوە مامناوەندەکاندا کاردەکەن، بەڵام هێشتا پلانی ڕێکخراوەییان نییە و لەوانەیە هۆکارەکە ئەوە بێت کە دامەزراوەکان بازرگانی خێزان بێت.

### پێناسەی کار (الوصف الوظيفي)

پرسیار لە وەڵامدەرەوەکان کرا سەبارەت بە بەردەستبوونی پێناسەی کار بۆ کارمەندەکانیان و ئەنجامەکە بەم شێوەیە بوو:

- پێناسە بۆ کار هەیە — 10 وڵام و بە ڕێژەی 71.4%
- پێناسە بۆ کار نییە — 4 وەڵام و بە ڕێژەی 28.6%

## 9- ئافرەتانی خاوەنکار

ئافرەتان بەشێکی گرنگن لە بەشداریکردن لە گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی بەردەوام و بەشداریکردنیان لە هێزی کاردا، فاکتەرێکی کاریگەرە لە گەشەی ئابووریدا. پرسیارەکانی ئەم بەشە تەنیا ئاراستە ئافرەتان کرابوون و ژمارەیان 269 کەس بوو کە دەکاتە بە ڕێژەی ڕێژەی 13.3% ی کۆی نموونە کە ژمارەیان 2016 خاوەنکاربووە، (بەشی "زانیاری گشتی و تایبەتمەندییەکانی دامەزراوەکان" لە خشتەی (D 1-6)، خاوەنکارەکان بەپێی ڕەگەز کە بەم شێوەیە لە سەر دامەزراوەکان دابەشکراوون:

- دامەزراوەی زۆر بچووك 262
- دامەزراوەی بچووك 6
- دامەزراوەی مامناوەند 1

بەشداری ئافرەتان لە بازاڕی کاردا لە کەرتی تایبەتەوە بە بەراورد لەگەڵ پیاوان کەمە و زۆربەی دامەزراوەکانیان تۆمارنەکراون (تۆمارکراو 37 بە ڕێژەی 1.8%، و تۆمارنەکراو 232 بە ڕێژەی 11.5% وەک لە خشتەی (A 9) پێشاندراوە. ئەمە لە ڕووپێوی دامەزراوە زۆر بچووك و بچووک و مامناوەندەکان لە پارێزگاکانی بەغدا و نەینەوا و بەسرە لە ساڵی 2020 دیارە کە ژمارەیان 2017 دامەزراوە بووە و ڕێژەی ئەو دامەزراوانەی کە ئافرەتان خاوەنداریێتییان دەکرد لە نموونەکەدا تەنها نزیکەی 5% بووە. ڕێژەی ئافرەتان لە ڕووپێوی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی هێزی کار- نووسینگەی خزمەتگوزاریی پرۆژەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNOPS) لە ساڵی 2011 کە 4000 دامەزراوەی لەخۆگرتبوو، ڕێژەی ئافرەتانی خاوەنکار 3% بووە لە سەرجەم پارێزگاکانی عێراق بە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانیشەوە. هەروەها لە هەمان ڕووپێو کە لە ساڵی 2012 ئەنجامدرا و قەبارەی نموونەکە 533 دامەزراوە بووە، ڕێژەی ئافرەتانی خاوەنکار 5.6 % بووە.

**خشتەی (A 9): باری یاسایی دامەزراوەکان (تۆمارکراو، تۆمارنەکراو) بەپێی ڕەگەز**

ڕووپێوەکەی ئێستای هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2020 دەریدەخات کە هێشتا ئافرەتان کەمینەن لە

| دابەشبوونی دامەزراوەکان لە نموونەکەدا | کۆی گشتی | | | | دامەزراوەکانی تۆمارکراو | | | | دامەزراوەکانی تۆمارنەکراو | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دامەزراوەی تۆمارکراو | | دامەزراوەی تۆمارنەکراو | | نێر | | مێ | | نێر | | مێ | |
| کۆی گشتی | 811 | 40.2% | 1205 | 59.8% | 774 | 38.4% | 37 | 1.8% | 973 | 48.3% | 232 | 11.5% |

خاوەنداریێتی دامەزراوەکانی زۆر بچووك و بچووك و مامناوەند و ژمارەیان 269 کەسە و 13%ی کۆی ژمارەی دامەزراوەکان (2016) پێکدەهێنن، خشتەی (B 9). پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ڕێژەی دامەزراوەکانی خاوەنداریێتی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان نزیکەی دوو هێندەی عێراقە.

- هەولێر127 وەڵامدەر (47.2%)
- سلێمانی 110 وەڵامدەر (40.9%)

خشتەی (B 9): دابەشبوونی دامەزراوەکان بە خاوەنداریێتی ئافرەتان بەپێی پارێزگاکان

| دابەشبوونی دامەزراوەکانی خاوەندارێتی ئافرەتان | کۆی گشتی | | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆک | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| کۆی گشتی | **269** | **100** | **127** | **47.2** | **110** | **40.9** | **6** | **2.2** | **26** | **9.7** |

## 1-9 تایبەتمەندی ئەو چالاکییە بازرگانیانەی لە لایەن ئافرەتانەوە خاوەندارێتی دەکرێت

### ئاستی سەختبوونی دامەزراندنی کارێك

53%ی بەشداربووانی ئافرەت رایانگەیاندووە، ئاستی ئەو سەختییەی لەکاتی دامەزراندنی پرۆژەیەکی نوێدا ڕووبەڕووی دەبنەوە بەرزترە بە بەراورد بەوەی ڕووبەڕووی پیاوان دەبێت و بە ڕێژەی 31% رایانگەیاندووە کە لەگەڵ پیاوان جیاوازیان نییە ، هەروەها جیاوازییەکی بەرچاو لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی نییە (ئەو دوو پارێزگایەی کە ژمارەی دانیشتووانیان بەرزە) و ئەنجامەکە لە خشتەی (A1-9) دا پێشاندراوە.

خشتەی (A 1-9): ئاستی سەختی دەستپێکردنی پرۆژەیەکی نوێ بۆ ئافرەتانی خاوەنکار بە پێی پارێزگا

| ئاستی سەختی | کۆی گشتی | | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆک | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەختتر | 143 | 53.2% | 72 | 56.7% | 59 | 53.6% | 2 | 33.3% | 10 | 38.5% |
| هاوشێوە | 84 | 31.2% | 39 | 30.7% | 32 | 29.1% | 3 | 50.0% | 10 | 38.5% |
| ئاسانتر | 42 | 15.6% | 16 | 12.6% | 19 | 17.3% | 1 | 16.7% | 6 | 23.1% |
| کۆی گشتی | **269** | **100%** | **127** | **100%** | **110** | **100%** | **6** | **100%** | **26** | **100%** |

زۆربەی ئەنجامەکان لە گروپی دامەزراوە زۆر بچووکەکاندا کۆ بوویتەوە، وەک لە (B 1-9)دا پێشان دراوە::

- سەختتر، 138 وەڵامدەر بە ڕێژەی 52.7%
- هاوشێوە، 84 وەڵامدەر بە ڕێژەی 32%
- ئاسانتر، 40 وەڵامدەر بە ڕێژەی 15%

خشتەی (B 1-9): ئاستی سەختی دەستپێکردنی پرۆژەیەکی نوێ بۆ ئافرەتانی خاوەنکار بە پێی قەبارەی دامەزراوەکە

| ئاستی سەختی | کۆی گشتی | | دامەزراوەکانی زۆر بچووک | | دامەزراوەکانی بچووک | | دامەزراوەکانی مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەختتر | 143 | 53.2% | 138 | 52.7% | 5 | 83.3% | - | - |
| هاوشێوە | 84 | 31.2% | 84 | 32.1% | - | - | - | - |
| ئاسانتر | 42 | 15.6% | 40 | 15.3% | 1 | 16.7% | 1 | 100% |
| کۆی گشتی | **269** | **100%** | **262** | **100%** | **6** | **100%** | **1** | **100%** |

**خشتەی (C 1-9) ئاستی سەختی کە ڕووبەڕووی ئافرەتانی خاوەنکار دەبێت لە کاتی دەستپێکردنی پرۆژەیەکی نوێدا پێشان دەدات بەپێی چالاکی بازرگانی ئەو دامەزراوانەی کە لەلایەن ئافرەتانەوە بەڕێوەدەبرێن و ئەنجامەکان بە شێوەی خوارەوەیە:**

| چالاکی بازرگانی | کۆی گشتی | | سەختتر | | هاوشێوە | | ئاسانتر | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پیشەیی تەکنیکی (بڕینی قژ، ئارایشگا، هونەری ، ..) | 162 | 60.2% | 78 | 29% | 58 | 21.6% | 26 | 9.7% |
| کشتوکاڵ و دارستان و ڕاوە ماسی | 38 | 14.1% | 27 | 10% | 8 | 3% | 3 | 1.1% |
| بازرگانی تاك و کۆ | 23 | 8.6% | 18 | 6.7% | 5 | 1.9% | - | - |
| پیشەسازی خۆراك | 21 | 7.8% | 12 | 4.5% | 3 | 1.1% | 6 | 2.2% |
| کاری هونەری (کاری دەست) | 19 | 7.1% | 5 | 1.9% | 8 | 3% | 6 | 2.2% |
| چالاکی ەکانی خزمەتگوزاریی کارگێڕی و پشتیوانی | 1 | 0.4% | - | - | 1 | 0.4% | - | - |
| چالاکی تەندروستی مرۆڤ و کاری کۆمەڵایەتی | 2 | 0.7% | 2 | 0.7% | - | - | - | - |
| پیشەسازی بەرهەمە کانزاییەکان | 1 | 0.4% | - | - | - | - | 1 | 0.4% |
| پیشەیی(دکتۆر، پارێزەر، ئەندازیار) | 1 | 0.4% | - | - | 1 | 0.4% | - | - |
| چالاکی زانستی و تەکنیکی | 1 | 0.4% | 1 | 0.4% | - | - | - | - |
| **کۆی گشتی** | **269** | **100%** | **143** | **53.2%** | **84** | **31.2%** | **42** | **15.6%** |

- **پیشەیی تەکنیکی (بڕینی قژ، هونەری ، ..)**
  - سەختتر، 78 وەڵامدەر بە ڕێژەی 29%
  - هاوشێوە، 58 وەڵامدەر بە ڕێژەی 21.6%
  - ئاسانتر 26 وەڵامدەر بە ڕێژەی 9.7%

- **کشتوکاڵ و دارستان و ڕاوە ماسی**
  - سەختتر ، 27 وەڵامدەر بە ڕێژەی 10%
  - هاوشێوە، 8 وەڵامدەر بە ڕێژەی 3%
  - ئاسانتر، 3 وەڵامدەر بە ڕێژەی 1.1 %

## 2-9 دابەشبوونی ئەو دامەزراوانەی کە لە لایەن ئافرەتانەوە خاوەندارییەتی دەکرێن بەپێی چالاکی بازرگانی دامەزراوەکان

چالاکی ە بازرگانییەکانی ئەو دامەزراوانەی کە لەلایەن ئافرەتانەوە خاوەندارییەتی دەکرێن زۆربەی لە چالاکی تەکنیکی، کشتوکاڵ و ڕاوە ماسی، بازرگانی تاك و کۆ، پیشەزای خۆراك و کاری دەستی دابەشکراوون وەک لە خشتەی (A 2-9)دا پێشاندراوە.

**خشتەی (A 2-9): دابەشبوونی ئەو دامەزراوانەی کە لە لایەن ئافرەتانەوە خاوەندارییەتی دەکرێن بەپێی چالاکی ی بازرگانی و پارێزگا**

| چالاکی بازرگانی | کۆی گشتی | | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆک | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پیشەیی تەکنیکی (بڕینی قژ، ئارایشگا، هونەری ، ..) | 162 | 60.2% | 101 | 75.4% | 57 | 51.8% | - | - | 4 | 20% |
| کشتوکاڵ و دارستان و ڕاوە ماسی | 38 | 14.1% | 9 | 6.7% | 26 | 23.6% | 2 | 40% | 1 | 5% |
| بازرگانی تاك و کۆ | 23 | 8.6% | 12 | 9% | 9 | 8.2% | 1 | 20% | 1 | 5% |
| پیشەسازی خۆراك | 21 | 7.8% | 4 | 3% | 15 | 13.6% | 2 | 40% | - | - |
| کاری هونەری (کاری دەستی) | 19 | 7.1% | 6 | 4.5% | - | - | - | - | 13 | 65% |
| چالاکی تەندروستی مرۆڤ و کاری کۆمەڵایەتی | 2 | 0.7% | - | - | 1 | 0.9% | - | - | 1 | 5% |
| چالاکی ەکانی خزمەتگوزاریی کارگێڕی و پشتیوانی | 1 | 0.4% | 1 | 0.7% | - | - | - | - | - | - |
| پیشەسازی بەرهەمە کانزاییەکان | 1 | 0.4% | - | - | 1 | 0.9% | - | - | - | - |
| پیشەیی(دکتۆر، پارێزەر، ئەندازیار) | 1 | 0.4% | - | - | 1 | 0.9% | - | - | - | - |
| چالاکی زانستی و تەکنیکی | 1 | 0.4% | 1 | 0.7% | - | - | - | - | - | - |
| **کۆی گشتی** | **269** | **100%** | **134** | **100%** | **110** | **100%** | **5** | **100%** | **20** | **100%** |

چالاکی بازرگانی ئەو دامەزراوانەی کە لەلایەن ئافرەتانەوە خاوەندارییەتی دەکرێن بەپێی باری یاسایی دامەزراوەکان (تۆمارکراو/تۆمارنەکراو) و بەپێی پارێزگا لە خشتەی (B 2-9)دا پێشاندراوە. زۆربەی وەڵامەکان لەگەڵ دامەزراوە تۆمارنەکراوەکان بوون:

- پیشەیی تەکنیکی (بڕینی قژ، هونەری ، ..) 143 وەڵامدەر بەرێژەی (53.1%)
- کشتوکاڵ و دارستان و ڕاوە ماسی 34 ڕاوە ماسی بەرێژەی (12.6%).

**خشتەی (B 2-9): چالاکی بازرگانی ئەو دامەزراوانەی لەلایەن ئافرەتانەوە خاوەندارییەتی دەکرێن بەپێی باری یاسایی دامەزراوەکان (تۆمارکراو/تۆمارنەکراو) و پارێزگا**

| چالاکی بازرگانی | کۆی گشتی | | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆک | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | تۆمارکراو | تۆمارنەکراو | تۆمارکراو | تۆمارنەکراو | تۆمارکراو | تۆمارنەکراو | تۆمارکراو | تۆمارنەکراو | تۆمارکراو | تۆمارنەکراو |
| پیشەیی تەکنیکی (بڕینی قژ، ئارایشگا، هونەری ، ..) | 19 | 143 | 7 | 87 | 9 | 48 | | 1 | 3 | 7 |
| کشتوکاڵ و دارستان و ڕاوە ماسی | 4 | 34 | | 9 | | 23 | 3 | 1 | 1 | 1 |
| بازرگانی تاك و کۆ | 7 | 16 | 2 | 10 | 4 | 5 | 1 | - | - | 1 |
| پیشەسازی خۆراك | 4 | 17 | 1 | 3 | 1 | 14 | 2 | - | - | - |
| کاری هونەری (کاری دەستی) | - | 19 | - | 6 | - | - | - | - | - | 13 |
| چالاکی تەندروستی مرۆڤ و کاری کۆمەڵایەتی | 2 | - | - | - | 1 | - | - | - | 1 | - |
| چالاکی خزمەتگوزاریی کارگێڕی و پشتیوانی | - | 1 | - | 1 | - | - | - | - | - | - |
| پیشەسازی بەرهەمە کانزاییەکان | 1 | - | - | - | 1 | - | - | - | - | - |
| پیشەیی (دکتۆر، پارێزەر، ئەندازیار) | - | 1 | - | 1 | - | - | - | - | - | - |
| چالاکی زانستی و تەکنیکی | - | 1 | - | 1 | - | - | - | - | - | - |
| **کۆی گشتی** | **37** | **232** | **10** | **118** | **16** | **90** | **6** | **2** | **5** | **22** |

### 3-9 ئەو چالاکییە بازرگانیانەی کە ئافرەتانی خاوەنکار پەسەند دەکەن

ئەو چالاکییە بازرگانیانەی کە لەلایەن ئافرەتانی کارساز و خاوەنکارەوە پەسەند دەکرێت و هەڵدەبژێردرێت لە خشتەی (A 3-9)دا پێشاندراوە، و ئەنجامەکان بەم شێوەیەیە:

- پیشەیی تەکنیکی (بڕینی قژ، هونەری، ..) 149 وەڵامدەر بەرێژەی (33%)
- چالاکی پەروەردە و فێرکردن 66 وەڵامدەر بەریژەی (14.6%)
- پیشەسازی خۆراك 49 وەڵامدەر بەرێژەی (10.8%)
- کاری هۆنەری (کاری دەستی) 36 وەڵامدەر بەرێژەی (8%)

ئەنجامەکان لە سەر ئاستی پارێزگاکان بەم شێوەیەیە:

**هەولێر (216 وەڵامدەر)**

- پیشەیی تەکنیکی (بڕینی قژ، هونەری، ..) 94 وەڵامدەر بەرێژەی (43.5%)
- چالاکی پەروەردە و فێرکردن 35 وەڵامدەر بەریژەی (16.2%)
- کاری هۆنەری (کاری دەستی) 22 وەڵامدەر بەرێژەی (10.2%)

**سلێمانی (180 وەڵامدەروەڵامدەر)**

- پیشەیی تەکنیکی (بڕینی قژ، هونەری، ..) 35 وەڵامدەر بەرێژەی (19.4%)
- پیشەسازی خۆراك 28 وەڵامدەر بەرێژەی (15.6%)
- چالاکی پەروەردە و فێرکردن 28 وەڵامدەر بەریژەی (15.6%)

**هەڵەبجە (8 وەڵامدەر)**

- چالاکی تەندروستی مرۆڤ و کاری کۆمەڵایەتی 3 وەڵامدەر بەرێژەی (37.5%)

**دهۆك (48 وەڵامدەر)**

- پیشەیی تەکنیکی (بڕینی قژ، هونەری، ..) 20 وەڵامدەر بەرێژەی (41.7%)
- کارە هۆنەری (کاری دەستی) 10 وەڵامدەر بەرێژەی (20.8%)

**خشتەی (A 3-9): ا ئەو چالاکییە بازرگانیانەی کە لە لایەن ئافرەتانی خاوەنکارەوە پەسەندە بە پێی پارێزگا (چەندین وەڵام)**

| چالاکی بازرگانی | کۆی گشتی | | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆك | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پێشەیی تەکنیکی (بڕینی قژ(ئارایشگا)، هونەری ، ..) | 149 | 33% | 94 | 43.5% | 35 | 19.4% | - | - | 20 | 41.7% |
| چالاکی پەروەردە و فێرکردن | 66 | 14.6% | 35 | 16.2% | 28 | 15.6% | 1 | 12.5% | 2 | 4.2% |
| پیشەسازی خۆراك | 49 | 10.8% | 17 | 7.9% | 28 | 15.6% | 2 | 25.0% | 2 | 4.2% |
| کاری هۆنەری (کاری دەستی) | 36 | 8% | 22 | 10.2% | 4 | 2.2% | - | - | 10 | 20.8% |
| چالاکی تەندروستی مرۆڤ و کاری کۆمەڵایەتی | 31 | 6.9% | 8 | 3.7% | 17 | 9.4% | 3 | 37.5% | 3 | 6.3% |
| پیشەیی(دکتۆر، پارێزەر، ئەندازیار) | 28 | 6.2% | 14 | 6.5% | 12 | 6.7% | - | - | 2 | 4.2% |
| کشتوکاڵ و دارستان و ڕاوە ماسی | 23 | 5.1% | 10 | 4.6% | 10 | 5.6% | 2 | 25.0% | 1 | 2.1% |
| بازرگانی تاك و کۆ | 17 | 3.8% | 3 | 1.4% | 13 | 7.2% | - | - | 1 | 2.1% |
| چالاکی خزمەتگوزاریی کارگێڕی و پشتیوانی | 9 | 2% | 4 | 1.9% | 5 | 2.8% | - | - | - | - |
| چالاکی زانستی و هونەری | 5 | 1.1% | - | - | 2 | 1.1% | - | - | 3 | 6.3% |
| چالاکیی خزمەتگوزاریی نیشتەجێبوون چێشتخانەو هۆتێل | 4 | 0.9% | - | - | 2 | 1.1% | - | - | 2 | 4.2% |
| چالاکی هۆنەری و کات بە سەربردن | 4 | 0.9% | 2 | 0.9% | 1 | 0.6% | - | - | 1 | 2.1% |
| چالاکی دارایی و دڵنیایی | 2 | 0.4% | - | - | 1 | 0.6% | - | - | 1 | 2.1% |
| چالاکی دابینکردنی ئاو، ئاوەڕوو، لەناوبردن و چارەسەری پاشماوە | 1 | 0.2% | - | - | 1 | 0.6% | - | - | - | - |
| چالاکی گواستنەوە و کۆگاکردن | 1 | 0.2% | - | - | 1 | 0.6% | - | - | - | - |
| تەکنولۆجیای زانیاری و پەیوەندییەکان | 1 | 0.2% | - | - | 1 | 0.6% | - | - | - | - |
| هیتر | 26 | 5.8% | 7 | 3.2% | 19 | 10.6% | - | - | - | - |
| **کۆی گشتی** | **452** | **100%** | **216** | **100%** | **180** | **100%** | **8** | **100%** | **48** | **100%** |

## 4-9 دەستگەیشتن بە پارە لە لایەنی فەرمییەوە (بانك و دامەزراوە داراییەکانی بچووك)

زۆربەی ئافرەتانی خاوەنکار کە بەشداربیان لە ڕووپێوەکەدا کردووە ڕاپانگەیاندووە کە بەدەستهێنانی دارایی لە دەزگا فەرمییەکان (بانک و دامەزراوە داراییەکانی بچووک) بۆ ئەوان قورسترە بە بەراورد بە پیاوان کە ژمارەیان 130 وەڵامدەرەوە بوو بەرێژەی(48%) و زۆربەیان لە دامەزراوە زۆر بچووکەکاندا بوونە (127 وەڵامدەر بە ڕێژەی 48.5%). بەڵام 124 وەڵامدەرەوە (46%) ڕاپانگەیاندووە کە ئاستی سەختییان هاوشێوەی پیاوان بووە، و 15 وەڵامدەرەوە (5.6%) ڕاپانگەیاندووە کە وەرگرتنی پارە لە دەزگا فەرمییەکان بۆ ئافرەتان ئاسانترە بە بەراورد بە پیاوان (خشتەی 9-4 A) .

**خشتەی (9-4 A): دەستگەیشتنی ئافرەتانی خاوەنکار بە پارە (تمویل) لە لایەنی فەرمییەوە**

| ئاستی سەختبوون | کۆی گشتی | | دامەزراوەکانی زۆر بچووک | | دامەزراوەکانی بچووک | | دامەزراوەکانی مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بۆئافرەتان سەخترە لە پیاوان | 130 | 48.3% | 127 | 48.5% | 3 | 50% | 0 | - |
| هاوشێوەیە | 124 | 46.1% | 120 | 45.8% | 3 | 50% | 1 | 100% |
| بۆ ئافرەتان ئاسانترە لە پیاوان | 15 | 5.6% | 15 | 5.7 | - | - | 0 | - |
| **کۆی گشتی** | **269** | **100%** | **262** | **100%** | **6** | **100%** | **1** | **100%** |

## 9-5 ئاسانی/ سەختی ئەنجامدانی کاری بازرگانی بۆ ئافرەتان لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا

سەبارەت بە ژینگەی کارەوە، زۆربەیان ڕایانگەیاند کە دۆخەکە ئاسانترە لە ساڵانی پێشوو (180 وەڵامدەر بە ڕێژەی 66.9%) کە زۆربەیان لە دامەزراوە زۆر بچووکەکاندا بوونە وەك لە خشتەی (9-5 A) ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی (9-5 A): ئاسانی/ سەختی ئەنجامدانی کاری بازرگانی بۆ ئافرەتان لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا**

| ئاستی سەختی | کۆی گشتی | | دامەزراوەکانی زۆر بچووک | | دامەزراوەکانی بچووک | | دامەزراوەکانی مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاسانتر | 180 | 66.9% | 174 | 66.4% | 5 | 83.3% | 1 | 100% |
| هاوشێوە | 51 | 19% | 51 | 19.5% | - | - | - | - |
| سەختتر | 38 | 14.1% | 37 | 14.1% | 1 | 16.7% | - | - |
| **کۆی گشتی** | **269** | **100%** | **262** | **100%** | **6** | **100%** | **1** | **100%** |

## 9-6 ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی ئافرەتانی خاوەنکار دەبنەوە

داوا لە ئافرەتانی خاوەنکارکرا دەستنیشانی ئەو ئاستەنگانە بکەن کە ڕووبەڕوویان دەبنەوە و وەڵامەکان لە خشتەی (9-6 A)دا پیشاندراوە، و سرنجەکان بەم شێوەیە بووە:

**کێشە کۆمەڵایەتییەکان (کەلتوری / ڕەگەزی)** 143 وەڵامدەروەڵامدەر بە ڕێژەی 39.7%، و بەم شێوەیە دابەش کراوون:

**لەسەر ئاستی قەبارەی دامەزراوە**

- دامەزراوە زۆر بچووکەکان 139 وەڵامدەر بە ڕێژەی 39.6%

**لەسەر ئاستی پارێزگا**

- هەولێر 69 وەڵامدەر بە ڕێژەی 42.9%
- سلێمانی 56 وەڵامدەر بە ڕێژەی 36.6%

**لەسەر ئاستی دۆخی یاسایی دامەزراوەکە**

- دامەزراوە تۆمارنەکراوەکان 124 وەڵامدەر بە ڕێژەی 40.3%

**هیچ کێشەیەك نییە** 66 وەڵامدەر بە ڕێژەی 18.3%، و بەم شێوەیە دابەشکراوون:

**لەسەر ئاستی قەبارەی دامەزراوە**

- دامەزراوە زۆر بچووکەکان 63 وەڵامدەر بە ڕێژەی 17.9%

**لەسەر ئاستی پارێزگاکان**

- سلێمانی 28 وەڵامدەر بە ڕێژەی 18.3%
- هەولێر 26 وەڵامدەر بە ڕێژەی 16.1%

**لەسەر ئاستی دۆخی یاسایی دامەزراوەکە**

- دامەزراوە تۆمار نەکراوەکان 57 وەڵامدەر بە ڕێژەی 18.5%

**کێشەی دارایی** 50 وەڵامدەر بە ڕێژەی 13.9%، و بەم شێوەیە دابەشکراوە:

**لەسەر ئاستی قەبارەی دامەزراوە**

- دامەزراوەی زۆر بچووك 50 وەڵامدەر بە ڕێژەی 14.2%

**لەسەر ئاستی پارێزگا**

- سلێمانی 19 وەڵامدەر بە ڕێژەی 12.4%
- هەولێر 26 وەڵامدەر بە ڕێژەی 16.1%

**لەسەر ئاستی باری یاسایی دامەزراوەکە**

- دامەزراوە تۆمارنەکراوەکان 43 وەڵامدەر بە ڕێژەی 14%

**خشتەی (A 6-9): ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی ئافرەتانی خاوەنکار دەبنەوە (چەندین وەڵام)**

| جۆری کێشە | کۆی گشتی | قەبارەی دامەزراوەکان | | | پارێزگا | | | | بارودۆخی یاسایی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | زۆر بچووك | بچووك | مامناوەند | هەولێر | سلێمانی | هەڵەبجە | دهۆك | تۆمارکراو | تۆمارنەکراو |
| کۆمەڵایەتی (کەلتوری/ ڕەگەزی) | 143<br>39.7% | 139<br>%39.6 | 3<br>37.5% | 1<br>100% | 69<br>42.9% | 56<br>36.6% | 2<br>25% | 16<br>42.1% | 19<br>36.5% | 124<br>40.3% |
| هیچ کێشەیەك نییە | 66<br>18.3% | 63<br>17.9% | 3<br>37.5% | - | 26<br>16.1% | 28<br>18.3% | 3<br>37.5% | 9<br>23.7% | 9<br>17.3% | 57<br>18.5% |
| کێشەی دارایی | 50<br>13.9% | 50<br>14.2% | - | - | 26<br>16.1% | 19<br>12.4% | - | 5<br>13.2% | 7<br>13.5% | 43<br>14% |
| مامەڵەکردن (هەڵسوکەوت) لەگەڵ مشتەری | 49<br>13.6% | 48<br>13.7% | 1<br>12.5% | - | 23<br>14.3% | 23<br>15% | 1<br>12.5% | 2<br>5.3% | 8<br>15.4% | 41<br>13.3% |
| بەبازارکردن | 25<br>6.9% | 25<br>7.1% | - | - | 9<br>5.6% | 13<br>8.5% | 1<br>12.5% | 2<br>5.3% | 4<br>7.7% | 21<br>6.8% |
| کێشەی کارگێڕی | 13<br>3.6% | 13<br>3.7% | - | - | 5<br>3.1% | 8<br>5.2% | - | - | 3<br>5.8% | 10<br>3.2% |
| مامەڵەکردن لەگەڵ بازرگان و بەرهەمهێنەر | 11<br>3.1% | 10<br>2.8% | 1<br>12.5% | - | 2<br>1.2% | 5<br>3.3% | 1<br>12.5% | 3<br>7.9% | 2<br>3.8% | 9<br>2.9% |
| هیتر | 3<br>0.8% | 3<br>0.9% | - | - | 1<br>0.6% | 1<br>0.7% | - | 1<br>2.6% | - | 3<br>1% |
| کۆی گشتی | **360<br>100%** | **351<br>100%** | **8<br>100%** | **1<br>100%** | **161<br>100%** | **153<br>100** | **8<br>100%** | **38<br>100%** | **52<br>100%** | **308<br>100%** |

## 7-9 دەستپێشخەرییەکانی پێشنیارکراوی ئافرەتانی خاوەنکار بۆ کەمکردنەوەی ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە

سەبارەت بە دەستپێشخەرییەکانی پێشنیارکراوی ئافرەتان بۆ کەمکردنەوەی کێشەکان (خشتەی 9-7 A)، ئەنجامەکان دەریدەخان زۆربەیان (117 کەس بە ڕێژەی 43.5%) لەگەڵ هۆشیاری کۆمەڵگا و پەروەردە بوون وەك هۆکارێکی سەرەکی بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو کێشەیانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. هەروەها پشتگیری حکومەت و دابینکردنی داراییبەرێژەی 13.4% و 11.9%ی وەڵامی ئافرەتانی خاوەنکار لە دامەزراوەی زۆر بچووك و بچووك و مامناوەند پێکهێنابوو:

**خشتەی (9-7 A): دەستپێشخەرییەکانی پێشنیارکراوی ئافرەتانی خاوەنکار بۆ ئاسانکاری لە ئەنجامدانی کاری بازرکانی**

| ئاستی سەختی | کۆی گشتی | | دامەزراوەکانی زۆر بچووك | | دامەزراوەکانی بچووك | | دامەزراوەکانی مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هوشیاری/ پەروەردەی کۆمەڵگا | 117 | 43.5% | 115 | 43.9% | 2 | 33.3% | - | - |
| پشتگیری حکومەت/ دەستپێشخەرییەکانی حکومەت | 36 | 13.4% | 34 | 13% | 1 | 16.7% | 1 | 100.0% |
| ئاسانکاری بۆ دەستگەیشتن بە قەرز / دابینکردنی دارایی | 32 | 11.9% | 32 | 12.2% | - | - | - | - |
| دابینکردنی هەلی کار | 14 | 5.2% | 14 | 5.3% | - | - | - | - |
| هیتر | 70 | 26% | 67 | 25.6% | | | | |
| **کۆی گشتی** | **269** | **100%** | **262** | **100 %** | **6** | **100%** | **1** | **100%** |

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە وەڵامی "هیتر" کە 70 وەڵامدەری هەبووە هیچ دەستپێشخەرییەکیان پێشکەش نەکردووە.

## 8-9 دۆخی ڕێکخراوەیی ئەو دامەزراوانەی کە لەلایەن ئافرەتانەوە بەڕێوەدەبرێن

سەبارەت بە باری ڕێکخراوەیی ئەو دامەزراوانەی کە لەلایەن ئافرەتانەوە خاوەنداری دەکرێن، پرسیارەکە لە ئاستی دامەزراوە مامناوەندەکاندا کرا کە تەنیا یەک دامەزراوە بوو لە نموونەکەدا لە کۆی 269 دامەزراوەی زۆر بچووک و بچووك و مامناوەند کە ئافرەتان خاوەندارن. وەڵام ئەوە بوو کە سیاسەتیان هەیە بۆ هاندان و بەرزکردنی ڕۆڵی ئافرەتان و یەکسانی ڕەگەزی لە کاردا.

## 10- داهێنان و تەکنەلۆژیا

ئەم بەشە بیرۆکەیەک سەبارەت بە بەکارهێنانی ئامرازە تەکنەلۆژییەکان و چەندایەتی بەکارهێنانیان لە دامەزراوەکان دەخاتە ڕوو لە ڕێگەی ئەم لیستەی خوارەوە:

- کەناڵە تەکنەلۆژییەکانی بەکارهاتوو و چەندایەتی بەکارهێنانیان
- بازرگانی ئەلیکترۆنی
- داهێنانی تەکنەلۆژی
- پشتبەستن بە تەکنەلۆژیا

### 10-1 فراوانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی

ئەم ڕووپێوە ئاستێکی نزم لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە لایەن دامەزراوەکانەوە پێشان دەدات. خشتەکانی (10-1 A و10-1 B و10-1 C و10-1 D و10-1 E و10-1 F و10-1 G و10-1 H) شێوەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا پێشاندەدات و ئەنجامەکان بە کورتی بەم شێوەی خوارەوەیە:

- نزیکەی 96%ی کۆی گشتی دامەزراوەکانی زۆر بچووک و بچوك مامناوەند کە بەشدارییان لە ڕووپێوەکەدا کردووە، بازرگانی ئەلیکترۆنی یان ماڵپەڕێکی ئەلەکترۆنی بۆ مەبەستی کارە بازرگانییەکانیان بەکار ناهێنن , خشتەی (10-1 G و10-1 H).
- نزیکەی 70% کۆی گشتی دامەزراوەکانی زۆر بچووک و بچوك مامناوەند " تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکار ناهێنن بۆ مەبەستی بەجێگەیاندنی پێداویستییە بازرگانەکانیان (خشتەکانی 10-1 D و10-1 E).
- زۆربەی ئەو دامەزراوانەی کە لە نموونەی ڕووپێوەکەدا بوونە، لە مامەڵە بازرگانییەکانیاندا بە شێوەیەکی سەرەکی ڕۆژانە پشتیان بە "مۆبایل" بەستبوو. بە شێوەیەك کە زیاترلە 61%ی دامەزراوەکان ڕۆژانە پشتیان بە مۆبایل بەستبوو بۆ جێبەجێکردنی کارەکانیان، ئەم ڕێژەیە بەرزدەبێت بۆ 87% ئەگەر "ناوبەناو" مۆبایلیان بەکارهێنابێت, "بە دەگمەن یان بە هیچ شێوەیەك مۆبالیان بەکارنەهێناوە" ڕێژەیان 13%ە (خشتەکانی 10-1 A و10-1 B).

تێبینی دەکرێت کە ڕێژەی بەکارهێنانی ڕۆژانەی "مۆبایل" و "سۆشیال میدیا" بە زیادبوونی قەبارەی دامەزراوەکان بەرز دەبێتەوە (خشتەکانی 10-1 A و10-1 D). لەسەر ئاستی پارێزگاکان، سلێمانی بەرزترین ڕێژەی تۆمارکردووە لە ڕووی بەکارهێنانی ڕۆژانەی مۆبایل بە ڕێژەی 67% (خشتەی 10-1 A) ، پاشان پارێزگای دهۆك دێت بە ڕێژەی 63%، هەڵەبجە بە ڕێژەی 60%، و هەولێر بە ڕێژەی 55%. ڕێژەی بەکارهێنانی جاربەجار یان پچرپچڕ لە هەموو پارێزگاکان لە یەکتر نزیکتر بووە و لە نێوان 22% بۆ 28% بووە بەپێی نموونەی ڕووپێوەکە.

**خشتەی (A 1-10): فراوانی بەکارهێنانی مۆبایل بە پێی قەبارەی دامەزراوەکە**

| سروشتی بەکارهێنان | کۆی گشتی | % | دامەزراوەکانی زۆر بچووک | | دامەزراوەکانی بچووک | | دامەزراوەکانی مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| لەسەر بنەمای ڕۆژانە | 1242 | 61.6 | 1128 | 60.2 | 102 | 80.3 | 12 | 85.7 |
| ناوبەناو | 511 | 25.4 | 489 | 26.1 | 20 | 15.8 | 2 | 14.3 |
| بە دەگمەن | 90 | 4.5 | 88 | 4.7 | 2 | 1.6 | 0 | 0 |
| بە هیچ شێوەیەك بەکار ناهێنم | 173 | 8.5 | 170 | 9.1 | 3 | 2.4 | 0 | 0 |
| **کۆی گشتی** | **2016** | **100** | **1875** | **100** | **127** | **100** | **14** | **100** |

**خشتەی (B 1-10): فراوانی بەکارهێنانی مۆبایل بە پێی پارێزگا و ڕەگەز**

| سروشتی بەکارهێنان | کۆی گشتی | | هەولێر | | سلێمانی | | هەلەبجە | | دهۆك | | نێر | | مێ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| لەسەر بنەمای ڕۆژانە | 1242 | 61.6 | 378 | 55.3 | 495 | 66.9 | 24 | 60 | 345 | 62.5 | 1077 | 61.6 | 165 | 61.3 |
| ناوبەناو | 511 | 25.4 | 194 | 28.4 | 183 | 24.7 | 11 | 27.5 | 123 | 22.3 | 439 | 25.1 | 72 | 26.8 |
| بە دەگمەن | 90 | 4.5 | 29 | 4.2 | 28 | 3.8 | 3 | 7.5 | 30 | 5.4 | 77 | 4.4 | 13 | 4.8 |
| بە هیچ شێوەیەك بەکار ناهێنم | 173 | 8.5 | 83 | 12.1 | 34 | 4.6 | 2 | 5 | 54 | 9.8 | 154 | 8.8 | 19 | 7.1 |
| **کۆی گشتی** | **2016** | **100** | **684** | **100** | **740** | **100** | **40** | **100** | **552** | **100** | **1747** | **100** | **269** | **100** |

**خشتەی (C 1-10): فراوانی بەکاهێنانی مۆبایل بە پێی چالاکی بازرگانی**

| چالاکی بازرگانی | لەسەر بنەمای ڕۆژانە | ناوبەناو |
|---|---|---|
| بازرگانی تاك و کۆ | 380 | 153 |
| گواستنەوە و کۆگاکردن | 185 | 88 |
| پیشەیی تەکنیکی (بڕینی قژ، هونەری،..) | 161 | 54 |
| کشتوکاڵ و ڕاوە ماسی | 136 | 116 |
| کاری بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە | 94 | 28 |
| پیشەسازی خۆراك | 77 | 28 |
| پیشەسازی بەرهەمە کانزاییەکان | 34 | 4 |
| چاککردنەوە و سێرڤسی ئۆتۆمبێل و ماتۆڕسکیل | 29 | 9 |
| کاری هونەری (کاری دەستی) | 27 | 6 |
| چالاکی خانووبەرە | 21 | 2 |
| چاککردنەوەی ئامێر و کەلوپەل | 21 | 9 |

| چالاکی بازرگانی | لەسەر بنەمای ڕۆژانە | ناوبەناو |
|---|---|---|
| چالاکی خزمەتگوزاریی شوێنی نیشتەجێبوون و چێشتخانە و هۆتێل | 23 | 7 |
| چالاکیی تەندروستیی مرۆڤ و کاری کۆمەڵایەتی | 13 | 3 |
| پیشەیی (دکتۆر، پارێزەر، ئەندازیار) | 10 | - |
| پیشەسازی ئامێری کارەبایی و ئەلیکترۆنی و پێکهاتکانی | 9 | 1 |
| چالاکی دارایی و دڵنیایی | 4 | - |
| چالاکی ە خزمەتگوزاریی کارگێڕی و پشتیوانی | 3 | - |
| دابینکردنی وزە - خاوەن مۆلیدەکان | 3 | - |
| چالاکی زانستی و هونەری | 3 | - |
| چالاکی دابینکردنی ئاو، ئاوەڕۆ، چارەسەر و لەناوبردنی پاشماوە | 3 | 1 |
| کانگاکاری و دەرهێنانی کانزا | 2 | 2 |
| چالاکی پەروەردە و فێرکردن | 2 | - |
| چالاکی هونەری و سەرگەرمی و کات بەسەربردن | 1 | - |
| بەنزینخانەکان | 1 | - |
| **کۆی گشتی** | **1242** | **511** |

هەرچەندە ڕێژەی بەکارهێنانی "سـۆشـیال میدیا" باش بوو، بەڵام کۆی ژمارەی ئەو دامەزراوانەی کە لەسەر بنەمای " ڕۆژانە" یان "ناوەناوە" سوشیال میدیایان بەکار هێناوە بە شێوەیەکی بەرچاو کەمترە لە بەکارهێنانی مۆبایل. ژمارەی ئەو دامەزراوانەی کە "سۆشیال میدیا" بەکارهێناوە 478 دامەزراوە بووە (264 لەسەر بنەمای ڕۆژانە و 214 ناوەناوە) لە کۆی نموونەکە و جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان پارێزگاکاندا نەبووە. هەروەها لە ڕووپێوەکە دەرکەوتووە کە ئەو چاڵاکییە بازرگانیانە کە زۆر "سـۆشـیال میدیا" بەکاردەهێنن، بە هەمان شـێوە پشتیان بە مۆبایل بەستووە، وەک لە خشتەی (F 1-10)دا دەرکەوتووە. پێنج لەو چاڵاکیانە کە زۆرتر سۆشیان میدایا و موبایل بەکار دێنن بریتین لە بازرگانی تاك و کۆ، گواستنەوە و کۆگا کردن، پیشەیی تەکنیکی (بڕینی قژ (ئارایشگا)، هونەری، ..)، کشتوکاڵ، ڕاوە ماسی، بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە.

**خشتەی (D 1-10): فراوانی بەکارهێنانی سوشیال میدیا بە پێی قەبارەی دامەزراوە**

| سروشتی بەکارهێنان | کۆی گشتی | % | دامەزراوەکانی زۆر بچووك | | دامەزراوەکانی بچووك | | دامەزراوەکانی مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| لەسەر بنەمای ڕۆژانە | 264 | 13.1 | 231 | 12.3 | 28 | 22.1 | 5 | 35.7 |
| ماوەماوە | 214 | 10.6 | 201 | 10.7 | 11 | 8.7 | 2 | 14.3 |
| بە دەگمەن | 109 | 5.4 | 98 | 5.2 | 10 | 7.9 | 1 | 7.1 |
| ب بە هیچ شێوەیەك بەکار ناهێنم | 1429 | 70.9 | 1345 | 71.7 | 78 | 61.4 | 6 | 42.9 |
| **کۆی گشتی** | **2016** | **100** | **1875** | **100** | **127** | **100** | **14** | **100** |

**خشتەی (E 1-10): فراوانی بەکارهێنانی سوشیال میدیا بە پێی پارێزگا و ڕەگەز**

| سروشتی بەکارهێنان | کۆی گشتی | | هەولێر | | سلێمانی | | هەلەبجە | | دهۆک | | نێر | | مێ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| لەسەر بنەمای ڕۆژانە | 264 | 13.1 | 82 | 12 | 113 | 15.3 | 4 | 10 | 65 | 11.8 | 213 | 12.2 | 51 | 19 |
| ماوەماوە | 214 | 10.6 | 70 | 10.2 | 73 | 9.9 | 3 | 7.5 | 68 | 12.3 | 179 | 10.2 | 35 | 13 |
| بە دەگمەن | 109 | 5.4 | 26 | 3.8 | 37 | 5 | 1 | 2.5 | 45 | 8.2 | 97 | 5.6 | 12 | 4.5 |
| بە هیچ شێوەیەک بەکار ناهێنم | 1429 | 70.9 | 506 | 74 | 517 | 69.9 | 32 | 80 | 374 | 67.8 | 1258 | 72 | 171 | 63.6 |
| **کۆی گشتی** | **2016** | **100** | **684** | **100** | **740** | **100** | **40** | **100** | **552** | **100** | **1747** | **100** | **269** | **100** |

**خشتەی (F 1-10): پێنج لە چالاکیە بازرگانییەکان کە فراوانتر سوشیال میدیا بەکار دێنن بە پێی سروشتی بەکارهێنان**

| چالاکی بازرگانی | لە سەر بنەمای ڕۆژانە | ناوبەناو |
|---|---|---|
| بازرگانی تاك و كۆ | 91 | 71 |
| پیشەیی تەکنیکی (برینی قژ (ئارایشگا)، هونەری،...) | 53 | 37 |
| گواستنەوە و کۆگاکردن | 28 | 26 |
| چالاکی بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە | 14 | 16 |
| کشتوکاڵ و ڕاوە ماسی | 12 | 15 |
| **کۆی گشتی** | **198** | **165** |

**خشتەی (G 1-10): فراوانی بەکارهێنانی بازرگانی ئەلیکترۆنی بە پێی قەبارەی دامەزراوە**

| سروشتی بەکارهێنان | کۆی گشتی | % | دامەزراوەکانی زۆر بچووک | | دامەزراوەکانی بچووک | | دامەزراوەکانی مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| لە سەر بنەمای ڕۆژانە | 30 | 1.5 | 27 | 1.4 | 3 | 2.4 | 0 | 0 |
| ناوبەناو | 25 | 1.2 | 20 | 1.1 | 5 | 3.9 | 0 | 0 |
| بە دەگمەن | 26 | 1.3 | 24 | 1.3 | 1 | 0.8 | 1 | 7.1 |
| بە هیچ شێوەیەک بەکار ناهێنم | 1935 | 96 | 1804 | 96.2 | 118 | 92.9 | 13 | 92.9 |
| **کۆی گشتی** | **2016** | **100** | **1875** | **100** | **127** | **100** | **14** | **100** |

**خشتەی (H 1-10): فراوانی بەکارهێنانی ماڵپەری ئەلەکترۆنی بە پێی قەبارەی دامەزراوە**

| سروشتی بەکارهێنان | کۆی گشتی | % | دامەزراوەکانی زۆر بچووک | | دامەزراوەکانی بچووک | | دامەزراوەکانی مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| لە سەر بنەمای ڕۆژانە | 18 | 0.9 | 14 | 0.8 | 4 | 3.2 | 0 | 0 |
| ناوبەناو | 18 | 0.9 | 16 | 0.9 | 2 | 1.6 | 0 | 0 |
| بە دەگمەن | 26 | 1.3 | 24 | 1.3 | 2 | 1.6 | 0 | 0 |
| بە هیچ شێوەیەك بەکار ناهێنم | 1954 | 96.9 | 1821 | 97.1 | 119 | 93.7 | 14 | 100 |
| **کۆی گشتی** | **2016** | **100** | **1875** | **100** | **127** | **100** | **14** | **100** |

ڕوونە کە دامەزراوەکان تێگەیشتنێکی گشتی باشیان نییە لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا. 94% لە وەڵامدەران کە پرسیاری بەکارهێنانی تەکنەلۆژیایان لێ کرا ئاماژەیان بەوە داوە کە پێویستیان بە بەکارهێنانی هیچ کام لە کەناڵە دیجیتاڵیەکان نییە لە کارەکەیاندا، وەك لە خشتەی (I 1-10) دا پێشان دراوە.

**خشتەی (I 1-10): هۆکارەکانی کەم بەکارهێنانی کەناڵە دیجیتاڵییەکان بە پێی قەبارەی دامەزراوەکان (چەندین وەڵام)**

| هۆکارەکان | کۆی گشتی | % | دامەزراوەکانی زۆر بچووک | | دامەزراوەکانی بچووک | | دامەزراوەکانی مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| کارەکەم پێویستی پێی نییە | 150 | 94.3 | 148 | 94.3 | 2 | 100 | 0 | 0 |
| بەکارهێنانی سەختە | 4 | 2.5 | 4 | 2.6 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| تێچووی زۆرە | 3 | 1.9 | 3 | 1.9 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| ئامێری تەکنیکی گونجاوم نییە (مۆبایلی زیرەک و کۆمپیوتەر و هتد) | 1 | 0.6 | 1 | 0.6 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| ڕووماڵی ئینتەرنێت لاوازە/سنووردارە | 1 | 0.6 | 1 | 0.6 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| **کۆی گشتی** | **159** | **010** | **157** | **100** | **2** | **100** | **0** | **0** |

## 2-10 بازرگانی ئەلیکترۆنی

بەکارهێنانی ئینتەرنێت و بازرگانی ئەلیکترۆنی زۆر کەمە (تەنیا 16 دامەزراوە لە کۆی گشتی 2016 دامەزراوە بازرگانی ئەلیکترۆنی بەکار دێنن).

**خشتەی (A 2-10): فراوانی بەکارهێنانی بازرگانی ئەلیکترۆنی و پلاتفۆرمی ئەلەکترۆنی بە پێی قەبارەی دامەزراوەکە**

| جۆری پلاتفۆرم | کۆی گشتی | % | دامەزراوەکانی زۆر بچووک | | دامەزراوەکانی بچووک | | دامەزراوەی مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| پلاتفۆرمی تایبەت بە خۆم | 11 | 68.8 | 11 | 78.6 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| پلاتفۆرمێکی تر | 5 | 31.3 | 3 | 21.4 | 2 | 100 | 0 | 0 |
| **کۆی گشتی** | **16** | **100** | **14** | **100** | **2** | **100** | **0** | **0** |

**خشتەی (B 2-10): ڕێژەی سەدی داهات لە بەکارهێنانی بازرگانی ئەلیکترۆنی بەپێی قەبارەی دامەزراوەکە**

| ڕێژەی سەدی(%) | کۆی گشتی | % | دامەزراوەکانی زۆر بچووک | | دامەزراوەکانی بچووک | | دامەزراوەکانی مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| 100 - 75 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 50 - 74 | 2 | 12.5 | 2 | 14.3 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 25 - 49 | 5 | 31.3 | 5 | 35.7 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 10 - 24 | 4 | 25 | 3 | 21.4 | 1 | 50 | 0 | 0 |
| کەمتر لە 10% | 3 | 18.8 | 2 | 14.3 | 1 | 50 | 0 | 0 |
| هیچ ڕێژەیەک | 2 | 12.5 | 2 | 14.3 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| **کۆی گشتی** | **16** | **100** | **14** | **100** | **2** | **100** | **0** | **0** |

## 3-10 ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا

خشتەکانی (A 3-10) تا (E 3-10) ئاستی پشتبەستنی دامەزراوەکان کە ژمارەیان 16 دامەزراوەیە بە تەکنەلۆجیای دیجیتاڵی لە توێژینەوە، شیکاری بازاڕ، داهێنان، و پەرەپێدان پێشان دەدەن. ژمارەی بەکارهێنەرانی تەکنەلۆجیا بەپێی پارێزگاکان بەم شێوەی خوارەوەیە:

ئەنجامی ڕووپێوەکە پێشان دەدات کە پشتبەستنی دامەزراوەکان بە تەکنەلۆژیا و داهێنانی نوێ لە کارەکانیاندا لاوازە، بەتایبەتی کاتێک بەراورد بکرێت بە کۆی ژمارەی نموونەکە (2016). بۆ نموونە، 10 وەڵامدەرەوە (62.5%) لە کۆی 16 وەڵامدەر ڕایانگەیاندووە کە زۆر جار پشت بە تەکنەلۆژیا و داهێنانی نوێ دەبەستن لە کارەکانیاندا. کاتێک ڕێژەکە لە سەر ئاستی نموونەکە (2016) هەژمار بکرێت، ڕێژەکە بۆ تەنها 0.5% دادەبەزێت. سەبارەت بە تەکنەلۆژیا نوێیەکان، تەنها 13 وەڵامدەر (81%) لە کۆی 16 وەڵامدەر ڕایانگەیاندووە کە زۆرجار پشت بە تەکنەلۆژیای زۆر پێشکەوتوو یان کەمێک پێشکەوتوو دەبەستن، و کاتێک ڕێژەکە لە سەر ئاستی نموونەکە (2016) هەژمار بکرێت (2016 وەڵامدەر)، ڕێژەکە هەروەها بە شێوەیەکی بەرچاو دادەبەزێت بۆ (0.6%).

خشتەی (A 3-10): ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای دیجیتاڵی بە بەراورد لەگەڵ ڕکابەرەکانیان بەپێی قەبارە

| ئاست | کۆی گشتی | % | دامەزراوەکانی زۆر بچووک | | دامەزراوەکانی بچووک | | دامەزراوەکانی مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| زۆر پێشکەوتوو | 7 | 43.8 | 5 | 35.7 | 2 | 100 | 0 | 0 |
| کەمێك پێشکەوتوو | 6 | 37.5 | 6 | 42.9 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| یەکسان | 3 | 18.8 | 3 | 21.4 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| کەمێك لە دواوە | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| زۆر لە دواوە | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| **کۆی گشتی** | **16** | **100** | **14** | **100** | **2** | **100** | **0** | **0** |

خشتەی (B 3-10): پشتبەستن بە توێژینەوە و شیکاری داتا بەپێی قەبارە

| ئاستی پشتپێبەستن | کۆی گشتی | % | دامەزراوەکانی زۆر بچووک | | دامەزراوەکانی بچووک | | دامەزراوەکانی مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| بەهیچ شێوەیەك پشتی پێنابەستم | 9 | 56.3 | 7 | 50 | 2 | 100 | 0 | 0 |
| بەدەگمەن پشتی پێدەبستم | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| ناوەناوە پشتی پێدەبستم | 3 | 18.8 | 3 | 21.4 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| زۆر جار پشتی پێدەبەستم | 4 | 25 | 4 | 28.6 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| **کۆی گشتی** | **16** | **100** | **14** | **100** | **2** | **100** | **0** | **0** |

خشتەی (C 3-10): پشتبەستن بە شیکاری ڕکابەرەکان بەپێی قەبارە

| ئاستی پشتپێبەستن | کۆی گشتی | % | دامەزراوەکانی زۆر بچووک | | دامەزراوەکانی بچووک | | دامەزراوەکانی مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| بەهیچ شێوەیەك پشتی پێنابەستم | 5 | 31.3 | 4 | 28.6 | 1 | 50 | 0 | 0 |
| بەدەگمەن پشتی پێدەبستم | 4 | 25 | 4 | 28.6 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| ناوەناوە پشتی پێدەبستم | 3 | 18.8 | 3 | 21.4 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| زۆر جار پشتی پێدەبەستم | 4 | 25 | 3 | 21.4 | 1 | 50 | 0 | 0 |
| **کۆی گشتی** | **16** | **100** | **14** | **100** | **2** | **100** | **0** | **0** |

خشتەی (D 3-10): پشتبەستن بە داهێنانی نوێ بەپێی قەبارە

| ئاستی پشتپێبەستن | کۆی گشتی | % | دامەزراوەکانی زۆر بچووک | | دامەزراوەکانی بچووک | | دامەزراوەکانی مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| بەهیچ شێوەیەك پشتی پێنابەستم | 1 | 6.3 | 1 | 7.1 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| بەدەگمەن پشتی پێدەبستم | 1 | 6.3 | 1 | 7.1 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| ناوەناوە پشتی پێدەبستم | 4 | 25 | 3 | 21.4 | 1 | 50 | 0 | 0 |
| زۆر جار پشتی پێدەبەستم | 10 | 62.5 | 9 | 64.3 | 1 | 50 | 0 | 0 |
| **کۆی گشتی** | **16** | **100** | **14** | **100** | **2** | **100** | **0** | **0** |

**خشتەی (E 3-10): پشتبەستن بە توێژینەوە و پەرەپێدان بەپێی قەبارە**

| ئاستی پشتپێبەستن | کۆی گشتی | % | دامەزراوەکانی زۆر بچووک | | دامەزراوەکانی بچووک | | دامەزراوەکانی مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| بەهیچ شێوەیەك پشتی پێنابەستم | 6 | 37.5 | 5 | 35.7 | 1 | 50 | 0 | 0 |
| بەدەگمەن پشتی پێدەبستم | 2 | 12.5 | 1 | 7.1 | 1 | 50 | 0 | 0 |
| ناوەناوە پشتی پێدەبستم | 4 | 25 | 4 | 28.6 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| زۆر جار پشتی پێدەبەستم | 4 | 25 | 4 | 28.6 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| **کۆی گشتی** | **16** | **100** | **14** | **100** | **2** | **100** | **0** | **0** |

ئێستا، ئاستی هۆشیاری دامەزراوەکان لە بواری تەکنەلۆژیا و داهێنانی نوێ سنووردارە جگە لە بەکارهێنانی مۆبایل. بۆیە ئەمە دەبێتە خاڵی دەستپێک بۆ بەهێزکردنی دامەزراوەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنی مۆبایلە زیرەکەکانەوە، چونکە ئەمە خێراترین و کاریگەرترین ڕێگا دەبێت بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ کەرتەکە و بەهێزکردنی. ئەو ئەپلیکەیشنانەی کە بوارەکانی وەک دارایی و فرۆشتن و پاڵپشتی بۆ ئەم ڕێکخراوانە دەگرێتەوە باشترین بنەما دەبن بۆ دەستپێکردن، دوای ئەوە دەتوانرێت پەرەیان پێبدرێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و داهێنانی دیکە.

## 11- دامەزراوەكانى زۆر بچووك، بچووك و مامناوەند (MSMEs) و بە جيهانيكردن

ئەم بەشە ئەنجامی رووپێوەکە پەیوەستە بە مامەڵەکردنی دامەزراوەکان لەگەڵ بازارەکان، فرۆشتن و دەرفەتەکانی هەناردەکردن لەخۆ دەگرێتەوە.

ئەمەش پێویستی بەدروستکردنی دەروازەیەکە کە ڕێگە بە دامەزراوەکان دەدات بۆ پەیوەندی کردن و دروست کردنی بازاڕە ئەگەرییەکان وەک ئەولەویەتێکی ستراتیژی تەماشا بکرێت، چونکە ئەم کەرتە تەنها دەتوانێت لە ڕێگای داهاتی بەردەوام و چاوەڕوانی بۆ سوودی زیاتر و گەشەی زیاتر وە ببێت بە فەرمی.

### 1-11 دابەشكردنى ڕێژەى سەدى فرۆشتن و ناوچەكانيان

لە خشتەکانی ژمارە (11-1 A تا 11-1 B) دەردەکەوێت کە 82%ی فرۆشتنی دامەزراوەکان لە بازاڕی ناوخۆییدا بووە، و 15% لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق بووە. هەروەها دەرکەوتووە کە 96%ی دامەزراوەکان هیچ پلانێکیان نییە بۆ هەناردەکردنی بەرهەم یان خزمەتگوزارییەکانیان بۆ دەرەوەی عێراق.
لە ڕووپێوەکەدا دەرکەوتووە کە دامەزراوەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو (82%) پشت بە بازاڕی ناوخۆیی لە هەرێمی کوردستان دەبەستن بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانیان، سەرەڕای ئەوەش، خاوەن دامەزراوەکان بازاڕی هەناردەکردن وەک ئەولەویەت یان پێویستییەک تەماشا ناکەن بە ڕێژەی (96%). وە ئاماژە بەوە دەکەن کە زۆربەی ئەم دامەزراوانە پشت بە بازاڕی ناوخۆ دەبەستن بە شێوەی ڕاستەوخو وەك خاڵێکی فرۆشتن (خشتەی A1-6 و 6-B1).

**خشتەی (11-1 A): ڕێژەی فرۆشتن لە نێوان بازاری ناوخۆیی و پارێزگاکانی دیکەی عێراق و وولاتانی دراوسێ و وولاتانی دەرەوە بە پێی قەبارەی دامەزراوەکە**

| ڕێژەی دابەشکردنی فرۆشتن | کۆی گشتی | % | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| ٪ ناوخۆ | 1653 | 82 | 1520 | 81.1 | 121 | 95.3 | 12 | 85.7 |
| ٪ وولاتانی دراوسێ | 27 | 1.3 | 27 | 1.4 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| ٪ وولاتانی دەرەوە (جگە لە دراوسێکان) (غیر المجاورة) | 27 | 1.3 | 27 | 1.4 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| ٪ پارێزگاانی تری عێراق جگە لە هەرێمی کوردستان | 309 | 15.3 | 301 | 16.1 | 6 | 4.7 | 2 | 14.3 |
| **کۆی گشتی** | **2016** | **100** | **1875** | **100** | **127** | **100** | **14** | **100** |




**شێوەی (A 1-11): ڕێژەی فرۆشتن لە نێوان بازاری ناوخۆیی و پارێزگاکانی دیکەی عێراق و ووڵاتانی دراوسێ و ووڵاتانی دەرەوە**

**خشتەی (B 1-11): پلانی هەناردەکردن بە پێی قەبارەی دامەزراوەکە**

| پلانی هەناردەکردن | کۆی گشتی | % | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| پلانم نیە بۆ هەناردەکردن | 1931 | 95.8 | 1804 | 96.2 | 117 | 92.1 | 10 | 71.4 |
| پلانم هەبوو بەڵام جێبەجێ نەکرا | 31 | 1.5 | 27 | 1.4 | 3 | 2.4 | 1 | 7.1 |
| پلانم هەیە بۆ هەناردەکردن | 54 | 2.7 | 44 | 2.3 | 7 | 5.5 | 3 | 21.4 |
| **کۆی گشتی** | **2016** | **100** | **1875** | **100** | **127** | **100** | **14** | **100** |

## 2-11 هەناردەکردن

پرسیارەکانی پەیوەست بە هەناردەکردن لەلایەن هەموو وەڵامدەرەوەکانەوە وەڵامدراونەتەوە و دەرکەوتووە کە 98%ی دامەزراوەکان هیچ چالاکیەکیان نییە کە پەیوەندی بە هەناردەکردنەوە هەبێت و هیچ جیاوازییەک لەم بابەتەدا نییە لە نێوان پارێزگاکان یان لەسەر ئاستی قەبارەی دامەزراوەکان ( خشتەی A 2-11 و B 2-11).

**خشتەی (A 2-11): چالاکی هەناردەکردن بە پێی قەبارەی دامەزراوەکە**

| چالاکی هەناردەکردن | کۆی گشتی | % | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| بەڵێ | 26 | 1.3 | 22 | 1.2 | 2 | 1.6 | 2 | 14.3 |
| نەخێر | 1990 | 98.7 | 1853 | 98.8 | 125 | 98.4 | 12 | 85.7 |
| **کۆی گشتی** | **2016** | **100** | **1875** | **100** | **127** | **100** | **14** | **100** |

**خشتەی (B 2-11): چالاكی هەناردەكردن بە پێی پارێزگا**

| چالاكی هەناردەكردن | كۆی گشتی | | هەولێر | | سلێمانی | | هەلەبجە | | دهۆك | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| بەڵێ | 26 | 1.3 | 3 | 0.4 | 13 | 1.8 | 2 | 5 | 8 | 1.4 |
| نەخێر | 1990 | 98.7 | 681 | 99.6 | 727 | 98.2 | 38 | 95 | 544 | 98.6 |
| **كۆی گشتی** | **2016** | **100** | **684** | **100** | **740** | **100** | **40** | **100** | **552** | **100** |

لە ڕووپێوەکە دەرکەوتووە کە پارێزگای سلێمانی بەرزترین ژمارەی دامەزراوەی هەبووە بۆ هەناردەکردنی بەرهەمەکانیان (13 دامەزراوە لە کۆی 26 دامەزراوە) بە بەراوورد بە پارێزگاکانی تر. لە خشتەی خوارەوە چالاکی هەناردەکردنی 26 دامەزراوە بە پێی چالاکی بازرگانی نیشاندەدات.

**خشتەی (A2-11): ژمارەی چالاكی هەناردەكردن لە دامەزراوەكان بە پێی چالاكی بازرگانی**

| چالاكی بازرگانی | كۆی گشتی |
|---|---|
| کشتوکاڵ و ڕاوە ماسی | 6 |
| بازرگانی تاك و كۆ | 6 |
| پیشەسازی بەرهەمە كانزاییەكان | 4 |
| پیشەگەری تەکنیکی (بڕینی قژ (ئارایشگا) هونەری ، ..) | 3 |
| گواستنەوە و كۆگا كردن | 3 |
| پیشەیی (دكتۆر، پارێزەر، ئەندازیار) | 2 |
| پیشەسازیی خۆراک | 1 |
| چالاكی تەندروستی مرۆڤ و كاری كۆمەڵایەتی | 1 |
| **كۆی گشتی** | **26** |

خشتەکانی خوارەوە (C 11.2، D 11.2، E 11.2) ئەو هۆکارانە پێشاندەدەن کە ڕێگری لە دامەزراوەکان دەکەن

لە هەناردەکردن. ئەنجامەکان بەم شێوەیە بوون:

- 66% وەڵامیان داوەتەوە کە "بازاڕی ناوخۆیی بەسە بۆ پێداویستییەکانیان"،
- 27%ی وەڵامەکان ئاماژەیان بەوە داوە کە "جۆری بەهەم یان خزمەتگوزارییەکایان ڕێگەپێدراو نین بۆ هەناردەکردن"،
- 4% یان بە " نەبوونی ئاسانکاری لە لای حکومەتەوە (باج و ڕوتینیات زۆر) " وەلام داوەتەوە.

**خشتەی (C 2-11): هۆکارەکانی هەناردەنەکردن بەپێی قەبارەی دامەزراوەکە (چەندین وەڵام)**

| هۆکاری هەناردەنەکردن | کۆی گشتی | % | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| بازاڕی ناوخۆیی بەسە بۆ کارەکەم | 1401 | 66 | 1302 | 66.1 | 90 | 66.7 | 9 | 56.3 |
| جۆری بەرهەم و خزمەتگوزاری ڕێگەپێدراو نییە بۆ هەناردەکردن و کارەکەم ناگرێتەوە | 578 | 27.2 | 544 | 27.6 | 32 | 23.7 | 2 | 12.5 |
| نەبوونی ئاسانکاری لە لای حکومەتەوە (باج و ڕوتینیات زۆر) | 83 | 3.9 | 68 | 3.5 | 11 | 8.1 | 4 | 25 |
| نازانم چۆن | 15 | 0.7 | 15 | 0.8 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| ناشارەزایی لە زمان ڕێگەم پێنادات | 14 | 0.7 | 13 | 0.7 | 0 | 0 | 1 | 6.3 |
| هێتر | 31 | 1.5 | 29 | 1.5 | 2 | 1.5 | 0 | 0 |
| **کۆی گشتی** | **2122** | **100** | **1971** | **100** | **135** | **100** | **16** | **100** |




**شێوەی (A 2-11): هۆکارەکانی هەناردەنەکردن**

دامەزراوەکانی زۆر بچووک و بچووک و مامناوەند زۆر پشت بە پەیوەندییە بازرگانییەکانی ناو هەرێمی کوردستان دەبەستن بە ڕێژەی(98%) (وەک لە خشتەی D 2-6 و خشتەی E 2-6 دا دیارە). هەروەها لە ڕووپێوەکەدا دەرکەوتووە کە 29 دامەزراوە لەگەڵ ئەو کۆمپانیانەی کە سەر بە هەرێمی کوردستان-عێراق نین کاردەکەن و 42 دامەزراوە لەگەڵ کۆمپانیاکانی نا عێراقیی کاردەکەن و زۆرینەی خاوەنکارەکانی ئەم دامەزراوانە لە ڕەگەزی نێر بوونە.

**خشتەی (D 2-11): پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ کۆمپانیا یان دابینکەرانی نا عێراقی بەپێی قەبارەی دامەزراوەکە**

| هۆکاری پەیوەندی | کۆی گشتی | % | زوور بچووک | | بچووک | | ماماوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| هاوردەکردنی کاڵا/خزمەتگوزاری | 22 | 1.1 | 15 | 0.8 | 5 | 3.9 | 2 | 14.3 |
| کڕینی کەرەستەی خاو | 12 | 0.6 | 6 | 0.3 | 4 | 3.1 | 2 | 14.3 |
| سۆفتوێر و تەکنەلۆژیا | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| وێبسایتەکان و هاوشێوەکانی | 8 | 0.4 | 8 | 0.4 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| هیچ پەیوەندیەکم نیە | 1974 | 97.9 | 1846 | 98.5 | 118 | 92.9 | 10 | 71.4 |
| **کۆی گشتی** | **2016** | **100** | **1875** | **100** | **127** | **100** | **14** | **100** |

**خشتەی (E 2-11): پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ کۆمپانیا یان دابینکەرانی عێراقی (جگە لە هەرێمی کوردستان) بەپێی قەبارەی دامەزراوەکە**

| هۆکاری پەیوەندی | کۆی گشتی | % | زوور بچووک | | بچووک | | ماماوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| هاوردەکردنی کاڵا/خزمەتگوزاری | 17 | 0.8 | 12 | 0.6 | 5 | 3.9 | 0 | 0 |
| کڕینی کەرەستەی خاو | 9 | 0.4 | 5 | 0.3 | 3 | 2.4 | 1 | 7.1 |
| سۆفتوێر و تەکنەلۆژیا | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| وێبسایتەکان و هاوشێوەکانی | 3 | 0.1 | 3 | 0.2 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| هیچ پەیوەندیەکم نیە | 1987 | 98.6 | 1855 | 98.9 | 119 | 93.7 | 13 | 92.9 |
| **کۆی گشتی** | **2016** | **100** | **1875** | **100** | **127** | **100** | **14** | **100** |

دەرکەوتووە کە پەیوەندی بازرگانی ئەم دامەزراوانە لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەی کە پەیوەندیان بە هەرێمی کوردستان نیە بریتیە لە (17 لە کۆی 29) و نا عێراقی (22 لە کۆی 42) وە پەیوەندیەکان زیاتر بەمەبەستی هاوردەکردنی کاڵا یان خزمەتگوزاری بووە. پەیوەندی بازرگانی بەپێی چاڵاکی بازرگانی لەم خشتەیەی خوارەوەدا هاتووە:

| چالاکی بازرگانی | دەرەوەی عێراق | دەرەوەی هەرێمی کوردستان |
|---|---|---|
| بازرگانی تاك و کۆ | 18 | 12 |
| گواستنەوە و کۆگاکردن | 4 | 4 |
| پیشەسازی بەرهەمە کانزاییەکان | 2 | 2 |
| پیشەسازی ئامێر و پێکهاتەکانی کارەبایی و ئەلیکترۆنی | 2 | - |
| پیشەگەری تەکنیکی (بڕینی قژ(ئارایشگا)، هونەری،..) | 2 | 1 |
| پیشەیی (دکتۆر، پارێزەر، ئەندازیار) | 2 | 1 |
| چالاکیی تەندروستی مرۆڤ و کاری کۆمەڵایەتی | 2 | 2 |
| کاری بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە | 2 | 1 |
| چالاکیی خزمەتگوزاریی شوێنی نیشتەجێبوون و چێشتخانە و هۆتێل | 2 | 1 |
| کشتوکاڵ و ڕاوە ماسی | 2 | 3 |
| کاری هۆنەری (کاری دەستی) | 2 | - |
| پیشەسازیی خۆراک | - | 1 |
| بەنزینخانەکان | 1 | 1 |
| چالاکی دابینکردنی ئاو و ئاوەڕوو و چارەسەر و لەناوبردنی پاشماوە | 1 | - |
| **کۆی گشتی** | **42** | **29** |

لە کۆتاییدا، بەپێی بڵاوکراوەکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان - عێراق (2018)، کۆی بەرهەمی ناوخۆیی هەر تاکێك بە 5,372 ملیۆن دیناری عێراقی (2018) خەمڵێندراوە- کۆی بەرهەمی ناوخۆیی بەپێی کەرت بەم شێوەیە بووە: نەوتی خاو (33.6%)، گواستنەوە پەیوەندی و کۆگاکردن (17.6%)، بازرگانی تاك و کۆ، هۆتێل و هاوشێوەکانیان (11.5%)، خزمەتگوزاریی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و کەسی (10.1%) و چاڵاکییەکانی تر لە خشتە لە لینکی هەژماری نیشتمانیkrso .gov.krd/ar / statistics/ ئاماژە پێکراوە.

سەبارەت بە هاوردە و هەناردە، زۆرینەی هەناردەی هەرێمی کوردستان نەوتی خاوە بە ڕێژەی 84%، بەلام هاوردەی سەرەکی بریتین لە دەرمان و خۆراک و بەرهەمە دروستکراوەکان.(-https://gov.krd/boi-en/why /kurdistan/region/facts-figures/region-kurdistan-economy/).

## 12- تۆڕەکان، هاوبەشەکان و کۆمەڵەی خۆجێی

ئەم بەشە تیشک دەخاتە سەر ئەنجامە پەیوەستەکان بە تۆڕ، هاوبەشیی و کۆمەڵەی خۆجێی پیشەیی، کە دەبنە هۆی زیادکردنی دەستگەیشتن بە زانیاری بازاڕ، پەرەپێدانی کار، پەرەپێدانی تەکنەلۆجیا و داهێنان لە پیشەسازی و خزمەتگوزارییە جیاوازەکان.

ئەگەرچی کۆی چالاکی ئەم بوارە بەرێژەیی نزمە، داتاکان ئاماژەن بۆ هەندێک بنەمای ئەرێنیی، کە دەکرێت بونیاتیان لەسەر بنرێت لە پلانە ستراتیژییەکانی داهاتوو.

ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە لەم بوارە بەدیاریکراوی ئەمانەی دەرخستووە: 88 دامەزراوە دەڵێن هاوکارییان هەیە لەگەڵ "پێشکەشکارانی خزمەتگوزاری" و 9 دامەزراوەی تر دەڵێن هاوکارییان هەیە لەگەڵ دامەزراوەکانی هەمان بوار، هەروەها 16 دامەزراوەی بچووک و مامناوەند دەڵێن هاوکارییان هەیە لەگەڵ ناوەندەکانی توێژینەوە.

بوونی تۆڕەکان، هاوبەشەکان و کۆمەڵە ناوخۆییان ئاماژەن بۆ هەبوونی ژینگەیەکی ئەرێنی کار و دەکرێت بەشێوەیەکی ستراتیژیی باشتربکرێت لەڕێگەی "خزمەتگوزارییەکانی پەرەپێدانی کار" بۆ دامەزراوەکان. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو بەهایەی کە دامەزراوەکانی ئێستا دەیدەن بەم" تۆڕەکان، هاوبەش و کۆمەڵانە" (خشتەی 12-2 A)

a. دەستگەیشتن بە دارایی
b. بە بازارکردن
c. بەرزکردنەوەی شارەزاییەکان.
d. ئاسانکاریی لۆجستیی.

ئەو کەرتانەی زیاتر سوودمەندبوون لە تۆڕ و هاوبەشیی لە خشتەی (212-2 C )دیاریکراون:

1. بازرگانی تاك و کۆ
2. گواستنەوە و کۆگاکردن
3. کشتوکاڵ و ڕاوە ماسی
4. پیشەگەری تەکنیکی ( برینی قژ (ئارایشگە)، هونەری ...)
5. بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە.

دەکرێت پێکهێنانی تۆڕەکان و کۆمەڵەی پیشەیی سوودی هەبێت بۆ دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی پلاندانان لە سەر سێ ئاست بۆ دەستپێشخەرییەکانی داهاتوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

| ئاست | تۆڕەکان | کۆمەڵەکان |
|---|---|---|
| 1- پێنەگەیشتوو | ئاڵوگۆڕی کاڵا / خزمەتگوزارییەکان لە ناوچەیەکی جوگرافی بچووک | لێک نزیکبوونەوەی دامەزراوە لەگەڵ خاوەن بەرژەوەندییە هاوبەشەکان |
| 2- دامەزراو | هاوکاریی ڕێکخراو لەڕێگەی لایەنی فەرمیی | ئاڵوگۆڕی ڕێکخراوی زانیاری لەپێناو سوود و بەرژەوەندی دوولایەن |
| 3- پێگەیشتوو | هاوکاریی و ئاڵوگۆڕی شارەزایی بۆ دابینکردنی پێداویستییە هاوبەشەکان | هاوکاریی و پلاندانان بۆ داوکارییەکانی کۆمەڵبەندیی لە داهاتوودا |

## 1-12 تۆڕەکان و هاوبەشەکان

خاوەن دامەزراوەکان پرسیاریان لێکرا لەسەر ئەوەی ئایا کارەکانیان بەشێکە لە کۆمەڵەی خۆجێی، 87% دەڵێن هیچ پەیوەندییەکیان نییە بە هیچ تۆڕ و هاوبەشییەکەوە، لەکاتێکدا 13% بەشێوەیە خشتەکانی (A 1-12) و (B 1-12) باسی هەبوونی دەکەن:

**خشتەی (A 1-12): جۆری تۆڕەکان و هاوبەشیی بەپێی قەبارەی دامەزراوە**

| جۆری تۆڕ | کۆ | | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| کۆمەڵە یان سەندیکای کەرتەکەت | 255 | 92.1 | 223 | 92.5 | 27 | 93.1 | 5 | 71.4 |
| ناوچەی پیشەسازی یان ئابووری | 17 | 6.1 | 13 | 5.4 | 2 | 6.9 | 2 | 28.6 |
| کۆمەڵەی ناوچەیی | 3 | 1.1 | 3 | 1.2 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| پلاتفۆرمی پەیوەندی و تۆڕەکان | 2 | 0.7 | 2 | 0.8 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| **کۆ** | **277** | **100** | **241** | **100** | **29** | **100** | **7** | **100** |

**خشتەی (B 1-12): جۆری تۆڕەکان و هاوبەشیی بەپێی پارێزگا و ڕەگەز**

| جۆری تۆڕ | کۆ | | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆک | | نێر | | مێ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| کۆمەڵە یان سەندیکای کەرتەکەت | 255 | 92.1 | 74 | 93.7 | 97 | 91.5 | 5 | 71.4 | 79 | 92.9 | 242 | 91.7 | 13 | 100 |
| ناوچەی پیشەسازی یان ئابووری | 17 | 6.1 | 4 | 5.1 | 6 | 5.7 | 2 | 28.6 | 5 | 5.9 | 17 | 6.4 | 0 | 0.0 |
| کۆمەڵەی ناوچەیی | 3 | 1.1 | 0 | 0.0 | 2 | 1.9 | 0 | 0.0 | 1 | 1.2 | 3 | 1.1 | 0 | 0.0 |
| پلاتفۆرمی پەیوەندی و تۆڕەکان | 2 | 0.7 | 1 | 1.3 | 1 | 0.9 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 2 | 0.8 | 0 | 0.0 |
| **کۆ** | **277** | **100** | **79** | **100** | **106** | **100** | **7** | **100** | **85** | **100** | **264** | **100** | **13** | **100** |

رووپێوەکە نیشانی دەدات کە 277 دامەزراوە پەیوەستن بە یەکێک لە جۆرەکانی تۆڕەکان یان هاوبەشەکان کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێدرا، واتا 92%ی کۆی نموونەکە. لەناو ئەم دامەزراوانەدا 221 "تۆمارکراو" و 56 "تۆمارنەکراون" (خشتەی 12-1 C). هەروەها دەرکەوت کە بەرزترین ژمارەی دامەزراوەکان کە تۆڕ یان هاوبەشییان هەیە لەگەڵ "کۆمەڵە یان سەندیکای کەرتی خۆیان" دەگاتە 255 دامەزراوە، 203 لەمانە "تۆمارکراون" (بەرزترین ڕێژە لە پارێزگای سلێمانی بوو).

ئەمەی خوارەوە ئاماژەیە بۆ کەرتەکانی کاری دامەزراوەکان کە بە پەیوەستن بە جۆرێک لە تۆڕەکان و هاوبەشیی (خشتەی 12-1 D):

1. گواستنەوە و کۆگاکردن (82).
2. بازرگانی بازرگانی تاك و كۆ (38).
3. کشتوکاڵ و ڕاوە ماسی (31).
4. بیناسازی و ئاوەدانکردن (20).
5. کارە هونەرییەکان (کاری دەستی) (ئارایشتکار، هونەریی،..) (19).

**خشتەی (12-1 C): جۆری تۆڕەکان و هاوبەشی بەپێی باری تۆمارکردن**

| جۆری تۆڕ | کۆ | | تۆمارکراو | | تۆمارنەکراو | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| کۆمەڵە یان سەندیکای کەرتەکەت | 255 | 92.1 | 203 | 91.9 | 52 | 92.9 |
| ناوچەی پیشەسازی یان ئابووری | 2 | 0.7 | 1 | 0.5 | 1 | 1.8 |
| کۆمەڵەی ناوچەیی | 3 | 1.1 | 3 | 1.4 | 0 | 0.0 |
| پلاتفۆرمی پەیوەندی و تۆڕەکان | 17 | 6.1 | 14 | 6.3 | 3 | 5.4 |
| **کۆ** | **277** | **100** | **221** | **100** | **56** | **100** |

**خشتەی (D 1-12): جۆری تۆڕەکان و هاوبەشیی بەپێی چالاکی بازرگانی**

| چالاکی بازرگانی | کۆمەڵە یان سەندیکای کەرتەکەت | پلاتفۆرمی پەیوەندیی و تۆڕەکان | کۆمەڵەی ناوچەیی | ناوچەی پشەسازی یان ئابووری |
|---|---|---|---|---|
| گواستنەوە کۆگاکردن | 82 | | | |
| بازرگانی تاك و کۆ | 38 | 1 | 2 | 4 |
| کشتوکاڵ و ڕاوە ماسی | 31 | | | 3 |
| بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە | 20 | | | |
| پیشەگەری تەکنیکی ( برینی قژ (ئارایشگە)، هونەری ...) | 19 | | | |
| چالاکی ەکانی تەندروستی مرۆڤ و کاری کۆمەڵایەتی | 11 | | | |
| پیشەسازی خۆراک | 9 | | | 1 |
| پیشەیی (دکتۆر، پارێزەر، ئەندازیار) | 9 | | | |
| چالاکیی خزمەتگوزاریی شوێنی نیشتەجێبوون و چێشتخانە و هۆتێل | 8 | 1 | 1 | |
| چاککردن و سێرڤسی ئۆتۆمبێل و ماتۆڕسیکل | 8 | | | 1 |
| پیشەسازی بەرهەمە کانزاییەکان | 6 | | | 6 |
| چالاکی خانووبەرە | 4 | | | |
| کاری هۆنەری (کاری دەستی) | 3 | | | |
| چاککردنەوەی ئامێر و کەلوپەل | 2 | | | |
| چالاکی دارایی و دڵنیایی | 1 | | | 1 |
| پیشەسازی ئامێر و پێکهاتەکانی کارەبایی و ئەلیکترۆنی | 1 | | | |
| چالاکی خزمەتگوزاریی کارگێڕی و پشتیوانی | 1 | | | |
| دابینکردنی وزە - خاوەن مۆلیدەکان | 1 | | | |
| چالاکیی زانستی و تەکنیکی | 1 | | | |
| بەنزینخانەکان | | | | 1 |
| **کۆ** | **255** | **2** | **3** | **17** |

## 2-12 سوودمەندبوونی دامەزراوەکان لە تۆڕەکان و کۆمەڵە خۆجێیەکان

ئەنجامەکان نیشانی دەدەن کە 315 دامەزراوە سوودمەندبوون لە تۆڕەکان و کۆمەڵە خۆجێییەکان وەک لە خشتەی (A 2-12) خراوەتەڕوو:

- **دەستگەیشتن بە دارایی:** ڕێژەی گشتی 59.7%. لە کۆی گشتی 188 دامەزراوە (93 هەولێر، 84 سلێمانی، 10 هەڵەبجە و 1 دهۆک).
- **بەبازاڕکردن**: ڕێژەی گشتی 18.1%. لە کۆی 57 دامەزراوە (24 هەولێر، 31 سلێمانی، 1 هەڵەبجە و1 دهۆك).
- **بەرزکردنەوەی شارەزاییەکان**: ڕێژەی گشتی 11.4%. لە کۆی 36 دامەزراوە (13 هەولێر، 19 سلێمانی، 3 هەڵەبجە، و1 دهۆک).
- **ئاسانکاری لۆجستیی**: ڕێژەی گشتی 10.8%. و34 دامەزراوە (8 هەولێر، 28 سلێمانی، 2 هەڵەبجە، و2 دهۆک).

**خشتەی ژمارە (A 2-12): سوودمەندبوونی دامەزراوەکان لە تۆڕەکان و کۆمەڵە خۆجێیەکان (چەند وەڵام)**

| هاندەر | کۆ | | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| دەستگەیشتن بە دارایی | 188 | 59.7 | 184 | 62.6 | 3 | 17.6 | 1 | 25.0 |
| بەبازاڕکردن | 57 | 18.1 | 49 | 16.7 | 7 | 41.2 | 1 | 25.0 |
| بەرزکردنەوەی شارەزاییەکان | 36 | 11.4 | 32 | 10.9 | 3 | 17.6 | 1 | 25.0 |
| ئاسانکاری لۆجستیی | 34 | 10.8 | 29 | 9.9 | 4 | 23.5 | 1 | 25.0 |
| **کۆ** | **315** | **100** | **294** | **100** | **17** | **100** | **4** | **100** |

خشتەی (C 2-12) ئاماژەیە بۆ سوودەکان بەپێی چالاکی ەکانی کار، ئەو دامەزراوانەی زۆرترین سوودیان لەم دەستکەوتانە وەرگرتووە لەم چالاکی انەی کاردان: بازرگانی تاك و کۆ، گواستنەوە و کۆگاکردن، کشتوکاڵ و ڕاوە ماسی، هەروەها زۆرترین سوودەکان چربوونەتەوە لە تۆڕەکان، دەستگەیشتن بە دارایی و بەبازاڕکردن و بەرزکردنەوەی شارەزاییەکانە خشتەی ژمارە (A 2-12)).

**خشتەی (B 2-12): سوودمەندبوونی دامەزراوەکان لە تۆڕەکان و کۆمەڵە خۆجێیەکان بەپێی پارێزگا و ڕەگەز (چەند وەڵام)**

| جۆری تۆڕبەندیی | کۆ | | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆک | | نێر | | مێ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| دەستگەیشتن بە دارایی | 188 | 59.7 | 93 | 67.4 | 84 | 53.8 | 10 | 62.5 | 1 | 20.0 | 165 | 62.3 | 23 | 46.0 |
| بەبازاڕکردن | 57 | 18.1 | 24 | 17.4 | 31 | 19.9 | 1 | 6.3 | 1 | 20.0 | 44 | 16.6 | 13 | 26.0 |
| بەرزکردنەوەی شارەزاییەکان | 36 | 11.4 | 13 | 9.4 | 19 | 12.2 | 3 | 18.8 | 1 | 20.0 | 25 | 9.4 | 11 | 22.0 |
| ئاسانکاری لۆجستیی | 34 | 10.8 | 8 | 5.8 | 22 | 14.1 | 2 | 12.5 | 2 | 40.0 | 31 | 11.7 | 3 | 6.0 |
| **کۆ** | **315** | **100** | **138** | **100** | **156** | **100** | **16** | **100** | **5** | **100** | **265** | **100** | **50** | **100** |

**خشتەی ژمارە (C 2-12): سوودمەندبوونی دامەزراوەکان لە تۆڕەکان و کۆمەڵە خۆجێیەکان بەپێی چالاکی کار(چەند وەڵام)**

| چالاکی بازرگانی | دەستگەیشتن بە دارایی | بەبازاڕکردن | بەرزکردنەوەی شارەزاییەکان | ئاسانکاری لۆجیستی |
|---|---|---|---|---|
| گواستنەوە کۆگاکردن | 65 | 17 | 7 | 9 |
| بازرگانی تاك و کۆ | 39 | 3 | 2 | 4 |
| کشتوکاڵ و ڕاوە ماسی | 30 | 7 | | 3 |
| بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە | 15 | 13 | 8 | 3 |
| پیشەگەری تەکنیکی ( برینی قژ (ئارایشگە)، هونەری ...) | 12 | 4 | 1 | 5 |
| پیشەسازی بەرهەمە کانزاییەکان | 8 | 3 | 1 | |
| کاری دەستی | 5 | 2 | 2 | 1 |
| پیشەسازی خۆراک | 5 | 5 | 3 | 1 |
| چاکردن و سێرڤسی ئۆتۆمبێل و ماتۆڕسیکل | 3 | 1 | 1 | 1 |
| چالاکیی خزمەتگوزاریی شوێنی نیشتەجێبوون و چێشتخانە و هۆتێل | 3 | 2 | 2 | 3 |
| پیشەسازی ئامێر و پێکهاتەکانی کارەبایی و ئەلیکترۆنی | | | 2 | |
| چالاکی خانووبەرە | 1 | | 2 | |
| پیشەیی (دکتۆر، پارێزەر، ئەندازیار)ۆ | 1 | | | |
| چالاکی دابینکردنی ئاو، خاوێنکردنەوە، چارەسەر و لەناوبردنی پاشماوەکان | 1 | | | |
| چاککردنەوەی ئامێر و کەلوپەل | | | 1 | |
| تەندروستی مرۆڤ و کاری کۆمەڵایەتی | | | 3 | 2 |
| چالاکیی زانستی و تەکنیکی | | | 1 | |
| بەنزینخانەکان | | | | 1 |
| کانگا و کانگاکاری و دەرهێنانی کانزا | | | | 1 |
| **کۆ** | **188** | **57** | **36** | **34** |

## 3-12 هەماهەنگی لەنێوان دامەزراوەکان و لایەنە پەیوەندارەکان

لە وەڵامی پرسیار سەبارەت بە جۆری هاوکاریی و هەماهەنگی لەنێوان دامەزراوەکان و لایەنە پەیوەندارەکان، 113 دامەزراوە دەڵێن سوودمەندبوون لە هاوکاریی و هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان، دەرکەوت پارێزگای هەڵەبجە هیچ جۆرە هاوکاریی و هەماهەنگییەکی نییە لەگەڵ هیچ لایەنێکی پەیوەندار. وەڵامەکان دابەشبوون بەو شێوەیەی لە خشتەکانی (3-12 A و3-12 B)ی خوارەوە ئاماژەی پێدراوە:

- **پێشکەشکاری خزمەتگوزاری:** 88 دامەزراوە (4 هەولێر، 6 سلێمانی و78 دهۆک).
- **زانکۆ:** 13 دامەزراوە (9 هەولێر، 3 سلێمانی، و1 دهۆک).
- **دامەزراوەی کێبڕکێکار:** 9 دامەزراوە (3 هەولێر، 2 سلێمانی و4 دهۆک).
- **سەنتەری توێژینەوە:** 3 دامەزراوە (1 هەولێر و2 سلێمانی).

**خشتەی (A 3-12): هاوکاریی و هەماهەنگی لەنێوان دامەزراوەکان و لایەنە پەیوەندارەکان، بەپێی قەبارەی دامەزراوە**

| هاوکاریی و هەماهەنگی لەنێوان دامەزراوەکان و لایەنە پەیوەندارەکان | کۆ | | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| پێشکەشکاری خزمەتگوزاری | 88 | 77.9 | 72 | 77.4 | 13 | 76.5 | 3 | 100.0 |
| زانکۆکان | 13 | 11.5 | 12 | 12.9 | 1 | 5.9 | 0 | 0.0 |
| کۆمپانیای هاوشێوە (کێبرکێکار) | 9 | 8.0 | 7 | 7.5 | 2 | 11.8 | 0 | 0.0 |
| سەنتەرەکانی توێژینەوە | 3 | 2.7 | 2 | 2.2 | 1 | 5.9 | 0 | 0.0 |
| دامەزراوەکانی پەرەپێدانی تەکنەلۆجیا | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 |
| **کۆ** | **113** | **100** | **93** | **100** | **17** | **100** | **3** | **100** |

**خشتەی (B 3-12): هاوکاریی و هەماهەنگی لەنێوان دامەزراوەکان و لایەنە پەیوەندارەکان، بەپێی پارێزگا و ڕەگەز**

| هاوکاریی و هەماهەنگی لەنێوان دامەزراوەکان و لایەنە پەیوەندارەکان | کۆ | | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆک | | نێر | | مێ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| پێشکەشکاری خزمەتگوزاری | 88 | 77.9 | 4 | 23.5 | 6 | 46.2 | 0 | 0 | 78 | 94.0 | 84 | 77.1 | 4 | 100.0 |
| زانکۆکان | 13 | 11.5 | 9 | 52.9 | 3 | 23.1 | 0 | 0 | 1 | 1.2 | 13 | 11.9 | 0 | 0.0 |
| کۆمپانیای هاوشێوە (کێبرکێکار) | 9 | 8.0 | 3 | 17.6 | 2 | 15.4 | 0 | 0 | 4 | 4.8 | 9 | 8.3 | 0 | 0.0 |
| سەنتەرەکانی توێژینەوە | 3 | 2.7 | 1 | 5.9 | 2 | 15.4 | 0 | 0 | 0 | 0.0 | 3 | 2.8 | 0 | 0.0 |
| دامەزراوەکانی پەرەپێدانی تەکنەلۆجیا | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 |
| **کۆ** | **113** | **100** | **17** | **100** | **13** | **100** | **0** | **0** | **83** | **100** | **109** | **100** | **4** | **100** |

خشتەی (C 3-12) ئاماژەیە بۆ ئاستی هاوکاریی و هەماهەنگی لەنێوان دامەزراوەکان و لایەنە پەیوەندارەکان بەپێی چالاکی کار.

- بەرزترین ڕێژەی هاوکاریی و هەماهەنگی لەنێوان دامەزراوەکان و لایەنە پەیوەندارەکان لەم چالاکیانەی کاردا چرپۆتەوە: بازرگانی تاك و کۆ، کشتوکاڵ و ڕاوەماسی، گواستنەوە و کۆگاکردن.
- هەروەها بەرزترین ئاستی هاوکاریی و هەماهەنگی لەلایەن دامەزراوەکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بوو.

## خشتەی (C 3-12): هاوکاریی و هەماهەنگی لەنێوان دامەزراوەکان و لایەنە پەیوەندارەکان بەپێی چالاکی بازرگانی

| چالاکی بازرگانی | پێشکەشکاری خزمەتگوزاری | زانکۆ | دامەزراوەی تری کەرتی کارەکەت | سەنتەری توێژینەوە |
|---|---|---|---|---|
| بازرگانی تاك و کۆ | 27 | 1 | **2** | |
| کشتوکاڵ و ڕاوە ماسی | 23 | | 2 | |
| گواستنەوە و کۆگاکردن | 12 | 10 | 1 | 1 |
| بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە | 8 | | 2 | |
| پیشەیی | 5 | 1 | | |
| پیشەسازی بەرهەمە کانزاییەکان | 3 | | | |
| پیشەگەری تەکنیکی ( برینی قژ (ئارایشگە)، هونەری ...) | 3 | | | |
| چالاکی خزمەتگوزاری شوێنی مانەوە و ڕێستورانت و هۆتێل | 2 | 1 | | |
| پیشەسازی خۆراک | 1 | | 1 | |
| چالاکی خانووبەرە | 1 | | | |
| چاککردنەوەی ئامێر و کەلوپەل | 1 | | | |
| چالاکی ەکانی تەندروستی مرۆڤ و کاری کۆمەڵایەتی | 1 | | | |
| بەنزینخانەکان | 1 | | | 1 |
| پیشەیی (دکتۆر، پارێزەر، ئەندازیار) | | | 1 | 1 |
| **کۆ** | **88** | **13** | **9** | **3** |

## 13- کاریگەری پەتای کۆرۆنا (COVID-19)

پەتای کۆرۆنا کاریگەری قووڵی هەبوو لەسەر ئابووری عێراق، ڕوانگەی ئابووری عێراق ئاماژە دەدات بە دابەزینی کۆبەرهەمی ناوخۆی عێراق بە ڕێژەی 10% لە ساڵی 2020، هەروەها کورتهێنانی بودجە گەیشتە ئاستی 30% لە کۆبەرهەمی ناوخۆیی.

هەروەها پەتای کۆرۆنا کاریگەری هەبوو لەسەر داهاتی زۆربەی کەرتەکان، بەتایبەتی خزمەگوزارییەکان، شوێنی مانەوە و ڕێستورانت و هۆتێل و کافێ و گواستنەوە و فێرکردن و بازرگانی تاك و کۆ (چوارچێوەی 13-1).

ئەم بەشەی ڕاپۆرتەکە تیشک دەخاتە سەر کاریگەریی پەتای کۆرۆنا لەسەر توێژێکی فراوانی دامەزراوەکان لە هەرێمی کوردستان، هەروەها بەشێوەیەکی تایبەت ئاماژە دەدات بە کاریگەریی پەتاکە لەسەر دامەزراوەکان، هێزی کاری دامەزراوەکان، کرێ، نەرمینواندن بۆ زامنکردنی بەردەوامبوون لە کار و ئەو ڕێکارانەی حکومەت پەیڕەوی کردن بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی پەتای کۆرۆنا.

### 13-1 کاریگەری پەتای کۆرۆنا لەسەر داهات، بەکارخستن و مووچە لە دامەزراوەکان

ڕووپێوەکە نیشانی دەدات کە لە سەرەتای پەتاکەدا لە ساڵی 2020، زۆربەی ئەو دامەزراوانەی لە نموونەکەدان ڕووبەڕووی کەمبوونەوەی داهات بوونەتەوە بەڕێژەی (80.5%)، وەک خراوەتەڕوو لە خشتەی (13-1 A)، هەروەها کەمبوونەوەی داهات بەردەوام بوو بەڵام بەڕێژەیەکی کەمتر کە دەگاتە (73.2%) لە ساڵانی 2020-2021، هەروەک لە خشتەی (13-1 B) خراوەتەڕوو.

لەسەر ئاستی پارێزگاکان، دەرکەوت کە دامەزراوەکانی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک ڕووبەڕووی دابەزینی زیاتری داهات بوونەتەوە بە ڕێژەی زیاتر لە (70%)، پاشان پارێزگای هەڵەبجە بەڕێژەی کەمتر لە (50%) هەروەک لە خشتەی (13-1 C) خراوەتەڕوو.

هەروەها دەرکەوت، کەرتی بازرگانی تاك و کۆ و کەرتی گواستنەوە و کۆگاکردن و پیشە تەکنیکییەکان زیاتر کەوتنە ژێر کاریگەری کۆرۆنا، وەک لە خشتەی (13-1 D) خراوەتەڕوو.

## خشتەی (A 1-13): کاریگەری پەتای کۆرۆنا لەسەر داهاتی کار لە سەرەتای ساڵی 2020

| کاریگەری پەتای کۆرۆنا لە سەرەتای ساڵی 2020 | کۆ | | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| کەمبوونەوەی داهاتی کار | 1519 | 75.3 | 1512 | 80.6 | 6 | 4.7 | 1 | 7.1 |
| هیچ نەگۆڕا | 313 | 15.5 | 289 | 15.4 | 22 | 17.3 | 2 | 14.3 |
| بەرزبوونەوەی داهاتی کار | 184 | 9.1 | 74 | 3.9 | 99 | 78 | 11 | 78.6 |
| **کۆی گشتی** | **2016** | **100** | **1875** | **100** | **127** | **100** | **14** | **100** |

## خشتەی ژمارە (B 1-13): کاریگەری پەتای کۆرۆنا لەسەر داهاتی کار لە ساڵانی 2020 - 2021

| گۆڕانکاری لە داهاتی کار | 1% - 10% | 11% - 20% | 21% - 30% | 31% - 40% | 41% - 50% | > 50% | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ژمارە | % |
| بەرزبوونەوەی داهاتی کار | 4 | 9 | 13 | 15 | 39 | 82 | 162 | 8.0 |
| کەمبوونەوەی داهاتی کار | 12 | 69 | 143 | 128 | 392 | 731 | 1475 | 73.2 |
| هیچ نەگۆڕا | - | - | - | - | - | - | 937 | 18.8 |
| **کۆ** | **16** | **78** | **156** | **143** | **431** | **813** | **2016** | **100** |

## خشتەی (C 1-13): کاریگەری پەتای کۆرۆنا لەسەر داهاتی کار بەپێی پارێزگا و ڕەگەز لە ساڵانی 2020 - 2021

| کاریگەری پەتای کۆرۆنا 2021-2020 | کۆ | | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆک | | ڕەگەز | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | | | نێر | | مێ | |
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| کەمبوونەوەی داهاتی کار | 1476 | 73.2 | 509 | 74.4 | 531 | 71.8 | 19 | 47.5 | 417 | 75.5 | 1294 | 74.1 | 182 | 67.7 |
| هیچ نەگۆڕا | 378 | 18.8 | 103 | 15.1 | 188 | 25.4 | 21 | 52.5 | 66 | 12.0 | 317 | 18.1 | 61 | 22.7 |
| بەرزبوونەوەی داهاتی کار | 162 | 8.0 | 72 | 10.5 | 21 | 2.8 | 0 | 0.0 | 69 | 12.5 | 136 | 7.8 | 26 | 9.7 |
| **کۆ** | **2016** | **100** | **684** | **100** | **740** | **100** | **40** | **100** | **552** | **100** | **1747** | **100** | **269** | **100** |

**خشتەی ژمارە (D 1-13): کاریگەری پەتای کۆرۆنا لەسەر داهاتی کار بەپێی چالاکی بازرگانی لە سالانی 2020 - 2021**

| بەرزبوونەوەی داهاتی کار | | گۆڕانکاری نییە | | دابەزینی داهاتی کار | | چالاکی بازرگانی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | |
| 32.7 | 53 | 28.3 | 107 | 32.2 | 476 | بازرگانی تاك و کۆ |
| 15.4 | 25 | 7.4 | 28 | 17.7 | 261 | گواستنەوە و کۆگاکردن |
| 14.8 | 24 | 9.8 | 37 | 12.0 | 177 | پیشەگەری تەکنیکی ( برینی قژ (ئارایشگە)، هونەری ...) |
| 8.6 | 14 | 36.8 | 139 | 10.4 | 154 | کشتوکاڵ و ڕاوە ماسی |
| 9.3 | 15 | 1.6 | 6 | 7.3 | 108 | بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە |
| 3.1 | 5 | 7.1 | 27 | 6.1 | 90 | پیشەسازی خۆراک |
| 2.5 | 4 | 1.6 | 6 | 2.1 | 31 | چاککردن و سێرڤسی ئۆتۆمبێل و ماتۆڕسیکل |
| 2.5 | 4 | 0.8 | 3 | 2.1 | 31 | پیشەسازی بەرهەمە کانزاییەکان |
| 1.2 | 2 | 1.3 | 5 | 2.0 | 30 | چالاکی خزمەتگوزاری شوێنی مانەوە و ڕێستورانت و هۆتێل |
| 2.5 | 4 | 1.3 | 5 | 1.8 | 27 | کاری دەستی |
| 0.6 | 1 | 1.3 | 5 | 1.7 | 25 | چاککردنەوەی ئامێر و کەلوپەل |
| 0.6 | 1 | 0.5 | 2 | 1.4 | 20 | چالاکی خانووبەرە |
| 0.0 | 0 | 0.3 | 1 | 0.6 | 9 | پیشەسازی کەلوپەل و ئامێرە کارەباییی و ئەلکترۆنییەکان |
| 4.9 | 8 | 0.5 | 2 | 0.5 | 7 | چالاکیەکانی تەندروستی مرۆڤ و کاری کۆمەلایەتی |
| 0.6 | 1 | 0.8 | 3 | 0.4 | 6 | پیشەیی (دکتۆر، پارێزەر، ئەندازیار) |
| 0.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.3 | 5 | چالاکی خزمەتگوزاریی کارگێڕی و پشتیوانی |
| 0.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.3 | 4 | کانگا و کانگاکاری و دەرهێنانی کانزا |
| 0.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.3 | 4 | چالاکی دابینکردنی ئاو، خاوێنکردنەوە، چارەسەر و لەناوبردنی پاشماوەکان |
| 0.0 | 0 | 0.3 | 1 | 0.2 | 3 | چالاکی دارایی و دڵنیایی |
| 0.6 | 1 | 0.0 | 0 | 0.1 | 2 | چالاکیی زانستی و تەکنیکی |
| 0.0 | 0 | 0.3 | 1 | 0.1 | 2 | دابینکردنی وزە - خاوەن مۆلیدەکان |
| 0.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.1 | 2 | پەروەردە و فێرکردن |
| 0.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.1 | 1 | وێستگەکانی سووتەمەنی |
| 0.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.1 | 1 | چالاکی هونەری و کات بەسەربردن |
| 0.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 0 | خزمەتگوزارییەکانی تر |
| **100** | **162** | **100** | **378** | **100** | **1476** | **کۆ** |

(The three change columns share the spanning header: گۆڕانکاری)

**چوارچێوەی (13-1): کاریگەری پەتای کۆرۆنا بەپێی کەرت لەماوەی نێوان شوبات و تشرینی یەکەم 2020**

نوێترین داتا دەربارەی کاریگەرییەکانی پەتای کۆرۆنا لەسەر داهاتی کار، لە لێکۆڵینەوەیەکی ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵ (**FAO**) و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (**IOM**) بڵاوکرایەوە لە (بەشی 3 کانونی یەکەم 2020 لاپەڕە 7). ئەمانەی خوارەوە پوختەی داتاکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەن:

دامەزراوەکانی بەشدار لە لێکۆڵینەوەکە ڕووبەڕووی دابەزینی بەرچاو بوونەتەوە لە داهات دوو مانگ تا بیست و چوار مانگ دوای دەستپێکی پەتای کۆرۆنا لە کۆتایی مانگی شوبات. چالاکی ە ئابوورییەکان کەوتنە ژێر کاریگەریی ڕێگرییە سەپێنراوەکان لەسەر جووڵەی گۆڕانکاری لە شێوازی کڕین. دامەزراوەکان ڕووبەڕووی دابەزینی داهاتی مانگانە هاتن بەڕێژەی نیوە تا کۆتایی مانگی حوزەیران. پاش ئەوە لەنێوان حوزەیران و ئاب، داهاتەکان دەستیان بە بوژانەوە کرد.

کەرتی خزمەتگوزارییەکانی شوێنی مانەوە و ڕێستورانت و هۆتێل و کافێ بوژانەوەیەکی کەمیان کرد لە داهات لەنێوان شوبات و ئاب. لەگەڵ ئەوەشدا، نۆ کەرتەکەی تر ڕووبەڕووی دابەزینی داهات بوونەوە لە هەمان ماوەدا، خزمەتگوزارییەکان گەورەترین دابەزینیان تۆمارکرد (41%)، پاش ئەو کارەکانی تر (38%)، پیشەسازی و ڕستن و چنین (32%).

خشتەی خوارەوە تیشک دەخاتە سەر کاریگەری پەتای کۆرۆنا بەپێی کەرت لەنێوان شوبات و تشرینی یەکەمی ساڵی 2020

**کاریگەری پەتای کۆرۆنا بەپێی کەرت لەنێوان شوبات و تشرینی یەکەمی ساڵی 2020**

| کەرت | تێکڕای داهاتی مانگانە | | | ڕێژەی گۆڕان % | |
|---|---|---|---|---|---|
| | شوبات (پێش پەتای کۆرۆنا) | ئاب | تشرینی یەکەم | شوبات تا ئاب | ئاب تا تشرینی یەکەم |
| کشتوکاڵ و خۆراک | $6,633 | $3,540 | $4,096 | -1 | 39 |
| ئۆتۆمبیل | $2,054 | $1,346 | $1,125 | -19 | 26 |
| دارتاشی و بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە | $6,552 | $3,772 | $3,630 | -24 | 28 |
| پترۆکیمیایی | $3,945 | $1,986 | $2,394 | -10 | 22 |
| فێرکردن و تەکنەلۆجیا | $10,450 | $3,557 | $8,071 | -28 | 8 |
| بازرگانی گشتی | $9,134 | $3,636 | $4,185 | -16 | 33 |
| میوانداری | $3,019 | $2,117 | $2,414 | 3 | 70 |
| پیشەسازی و ڕستن و چنین | $10,024 | $4,749 | $5,650 | -32 | 28 |
| خزمەتگوزاریە پزیشکییەکان | $1,008 | $1,025 | $1,150 | 104 | 38 |
| خزمەتگوزارییەکان | $2,954 | $1,099 | $1,279 | -41 | 31 |
| هیتر | $3,533 | $2,258 | $2,804 | -38 | 42 |
| **تێکڕا** | **$6,084** | **$3,004** | **$3,398** | **-16** | **32** |

سەرچاوە: لێکۆڵینەوەی پانێڵ دەربارەی کاریگەری پەتای کۆرۆنا لەسەر دامەزراوەی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند (ئەیلول 2020 – FAQ/IOM)

PANEL Study 3: Impact of COVID-19 on MSMEs (September 2020-FAQ/IOM)

## کاریگەری پەتای کۆرۆنا لەسەر دامەزراندن و مووچە

زۆرینەی وەڵامدەرەوەکان بەڕێژەی 96.7% دەڵێن کە ژمارەی کارمەندان وەک خۆی ماوەتەوە لە ماوەی پەتای کۆرۆنا لەنێوان ساڵانی 2020 و 2021 و هیچ جیاوازییەک نییە لەنێوان دامەزراوەکان بەپێی پارێزگا یان رەگەز، وەک خراوەتەڕوو لە خشتەی (E 1-13)، هەروەها رێکارەکانی تر کە گیراونەتەبەر لە خشتەکانی (F 1-13) و(G 1-13) و(H 1-13) و(I 1-13) رِوونکراونەتەوە:

- تویژێکی گەورەی وەڵامدەرەوەکان دەڵێن کە مووچەی کارمەندان بەڕێژەی 67.2% کاریگەر بووە و وەک خۆی نەماوەتەوە لەکاتی پەتای کۆرۆنا، هەروەها دامەزراوەی زۆر بچووک بەڕێژەی 68% گەورەترین کاریگەری لەسەر بووە، پاش ئەو دامەزراوەی مامناوەند بەڕێژەی 57.1% و پاشان دامەزراوەی بچووک بەڕێژەی 55.9%. جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لەنێوان پارێزگاکان و رێژەکان بەم شێوەیە بوون: 75.9% هەولێر، 73.4% سلێمانی، 62.5% هەڵەبجە و 48.5% دهۆک.
- زۆرینەی بەشداربووان 86.5% دەڵێن هیچ کارمەندێکیان بە مۆڵەت نەناردۆتە ماڵەوە لەکاتی پەتای کۆرۆنا، بەرزترین رێژە 87.5% بۆ دامەزروەی زۆر بچووک بوو. بەڵام لەسەر ئاستی پارێزگاکان بەرزترین رێژە 97.5% لە هەولێر و پاشان 90% لە سلێمانی بوو.
- کەمکردنەوەی کاتژمێرەکانی کارکردن بە بەشەێك لە مووچە بەرێژەی 13.2% بوو بەبێ جیاوازی بەرچاو بەپێی قەبارەی دامەزراوە. پارێزگای دهۆک بەرزترین رێژەی هەبوو 25.7%ی دامەزراوەکان کە کاتژمێرەکانی کارکردنیان کەمکردەوە لەگەڵ پێدانی بەشەێك لە مووچە.
- کەمکردنەوەی مووچە بەڵام هێشتنەوەی هەمان کاتژمێرەکانی کارکردن بەرێژەی 9.9% بوو، بەبێ جیاوازی بەرچاو بەپێی قەبارەی دامەزراوە. بەڵام جیاوازی بەرچاو بەدیدەکرێت لەسەر ئاستی پارێزگاکان و پاریزگای دهۆک بەرزترین بوو بەرێژەی 24.3%.

**خشتەی (E 1-13): کاریگەریی پەتای کۆرۆنا لەسەر ژمارەی کارمەندان بەپێی قەبارەی دامەزراوە، پارێزگا و رەگەز**

| کاریگەری پەتای کۆرۆنا لەسەر ژمارە کارمەندان | کۆ | | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆک | | رەگەز | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | | | نێر | | مێ | |
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| کەمبوونەوەی ژمارەی کارمەندان | 54 | 2.7 | 15 | 2.2 | 21 | 2.8 | 0 | 0.0 | 18 | 3.3 | 52 | 3.0 | 2 | 0.7 |
| زیادبوونی ژمارەی کارمەندان | 13 | 0.6 | 2 | 0.3 | 10 | 1.4 | 0 | 0.0 | 1 | 0.2 | 11 | 0.6 | 2 | 0.7 |
| مانەوەی کارمەندان وەك خۆی | 1947 | 96.7 | 667 | 97.5 | 709 | 95.8 | 40 | 100 | 533 | 96.6 | 1684 | 96.4 | 265 | 98.5 |
| **کۆ** | **2016** | **100** | **684** | **100** | **740** | **100** | **40** | **100** | **552** | **100** | **1747** | **100** | **269** | **100** |

### خشتەی (F 1-13): کاریگەریی پەتای کۆرۆنا لەسەر مووچە بەپێی قەبارەی دامەزراوە و پارێزگا

| مووچەدان وەک خۆی ماوەتەوە | کۆ | قەبارەی دامەزراوەکان | | | پارێزگا | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | زۆر بچووک | بچووک | مامناوەند | هەولێر | سلێمانی | هەڵەبجە | دهۆک |
| بەڵێ | 661 | 599 | 56 | 6 | 165 | 197 | 15 | 284 |
| | %32.8 | %32.0 | %44.1 | %42.9 | %24.1 | %26.6 | %37.5 | %51.5 |
| نەخێر | 1355 | 1276 | 71 | 8 | 519 | 543 | 25 | 268 |
| | %67.2 | %68 | %55.9 | %57.1 | %75.9 | %73.4 | %62.5 | %48.5 |
| **کۆ** | **2016** | **1875** | **127** | **14** | **684** | **740** | **40** | **552** |
| | **100%** | **100%** | **100%** | **100%** | **100%** | **100** | **100%** | **100%** |

### خشتەی ژمارە (G 1-13): کاریگەریی پەتای کۆرۆنا لەسەر مۆڵەتی کارمەندان بەپێی قەبارەی دامەزراوە و پارێزگا

| کارمەندان بە مۆڵەت نێردراونەتە ماڵەوە | کۆ | قەبارەی دامەزراوەکان | | | پارێزگا | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | زۆر بچووک | بچووک | مامناوەند | هەولێر | سلێمانی | هەڵەبجە | دهۆک |
| بەڵێ | 271 | 234 | 32 | 5 | 17 | 74 | 5 | 175 |
| | %13.4 | %12.5 | %25.2 | %35.7 | %2.5 | %10.0 | %12.5 | %31.7 |
| نەخێر | 1745 | 1641 | 95 | 9 | 667 | 666 | 35 | 377 |
| | %86.5 | %87.5 | %74.8 | %64.3 | %97.5 | %90.0 | %87.5 | %68.3 |
| **کۆ** | **2016** | **1875** | **127** | **14** | **684** | **740** | **40** | **552** |
| | **100%** | **100%** | **100%** | **100%** | **100%** | **100** | **100%** | **100%** |

### خشتەی (H 1-13): کاریگەریی پەتای کۆرۆنا لەسەر کاتژمێرەکانی کارکردن و مووچەی کارمەندان بەپێی قەبارەی دامەزراوە و پارێزگا

| کەمکردنەوەی کاتژمێرەکانی کارکردن لەگەڵ پێدانی بەشەمووچە | کۆ | قەبارەی دامەزراوەکان | | | پارێزگا | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | زۆر بچووک | بچووک | مامناوەند | هەولێر | سلێمانی | هەڵەبجە | دهۆک |
| بەڵێ | 266 | 240 | 24 | 2 | 38 | 82 | 4 | 142 |
| | %13.2 | %12.8 | %18.9 | %14.3 | %5.6 | %11.1 | %10.0 | %25.7 |
| نەخێر | 1750 | 1635 | 103 | 12 | 646 | 658 | 36 | 410 |
| | %86.8 | %87.2 | %81.1 | %85.7 | %94.4 | %88.9 | %90.0 | %74.3 |
| **کۆ** | **2016** | **1875** | **127** | **14** | **684** | **740** | **40** | **552** |
| | **100%** | **100%** | **100%** | **100%** | **100%** | **100** | **100%** | **100%** |

**خشتەی (I 1-13): کاریگەریی پەتای کۆرۆنا لەسەر کاتژمێرەکانی کارکردن و مووچەی فەرمانبەران بەپێی قەبارەی دامەزراوەو پارێزگا**

| کەمکردنەوەی مووچە بەڵام هێشتنەوەی کاتژمێرەکانی کارکردن وەک خۆی | کۆ | قەبارەی دامەزراوەکان | | | پارێزگا | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | زۆر بچووک | بچووک | مامناوەند | هەولێر | سلێمانی | هەڵەبجە | دهۆک |
| بەڵێ | 200 | 185 | 13 | 2 | 23 | 42 | 1 | 134 |
| | %9.9 | %10.0 | %10.0 | %14.0 | %3.4 | %5.7 | %2.5 | %24.3 |
| نەخێر | 1816 | 1690 | 114 | 12 | 661 | 698 | 39 | 418 |
| | %90.1 | %90.0 | %90.0 | %86.0 | %96.6 | %94.3 | %97.5 | %75.7 |
| **کۆ** | **2016** | **1875** | **127** | **14** | **684** | **740** | **40** | **552** |
| | **100%** | **100%** | **100%** | **100%** | **100%** | **100** | **100%** | **100%** |

## 2-13 ڕێکارەکانی حکومەت

لە وەڵامی پرسیار دەبارەی گونجاویی ڕێکارەکانی حکومەت بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی پەتای کۆرۆنا، زیاتر لە نیوە دەڵێن کە گونجاوە (67.4%) بڕوانە خشتەی (A 2-13)، هەروەها 71.4% ی دامەزراوەی مامناوەند، 68.2%ی دامەزراوەی زۆر بچووک و 55.1%ی دامەزراوی بچووک دەڵێن ڕێکارەکانی حکومەت گونجاو بوون. لەسەر ئاستی پارێزگاکان 85% لە دامەزراوەکانی پارێزگای هەڵەبجە دەڵین ڕێکارەکانی حکومەت گونجاو بوون، پاشان دهۆک بەرێژەی 76.8% و هەولێر بەرێژەی 60.7%. دەرکەوت کە ئاستی ڕەزامەندیی مێ بەرزترە لە ئاستی ڕەزامەندی نێر لە ڕێکارەکانی حکومەت لەکاتی پەتای کۆرۆنا.

**خشتەی (A 2-13): هەڵسەنگاندنی ڕێکارەکانی حکومەت بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی پەتای کۆرۆنا، بەپێی قەبارەی دامەزراوە، پارێزگا و ڕەگەز (فرە وەڵام)**

| هەڵسەنگاندنی ڕێکارەکانی حکومەت | کۆ | قەبارەی دامەزراوەکان | | | پارێزگا | | | | ڕەگەز | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | زۆر بچووک | بچووک | مامناوەند | هەولێر | سلێمانی | هەڵەبجە | دهۆک | نێر | مێ |
| گونجاو | 1359 | 1279 | 70 | 10 | 415 | 486 | 34 | 424 | 1161 | 198 |
| | %67.4 | %68.2 | %55.1 | %71.4 | %60.7 | %65.7 | %85 | %76.8 | %66.5 | %73.6 |
| نەگونجاو | 657 | 596 | 57 | 4 | 269 | 254 | 6 | 128 | 586 | 71 |
| | %32.6 | %31.8 | %44.9 | %28.6 | %39.3 | %34.3 | %15 | %23.2 | %33.5 | %26.4 |
| کۆ | **2016** | **1875** | **127** | **14** | **684** | **740** | **40** | 552 | 1747 | 269 |
| | **%100** | **%100** | **%100** | **%100** | **%100** | **%100** | **%100** | **%100** | **%100** | **%100** |

**تێبینی**: بەپێی ڕووپێوی ئەنجامدراو لەلایەن ڕێکخراوەکانی (فاو) و ڕێکخراوەکانی کۆچی نێودەوڵەتی و سەنتەری بازرگانی نێودەوڵەتی (IOM/ FAO / ITC)، دامەزراوەکان باسیان لەم بوارانەی یارمەتی کرد بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پەتای کۆرۆنا، نزیکەی نیوە لەو بڕوایەدان کە پاڵپشتی کارمەندان و پرۆگرامە داراییەکان

باشترین سیاسەتن بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی پەتای کۆرۆنا، پاشان پێشکەشکردنی هاوکاری سەبارەت بە ڕێکارەکان (41%)، پێشکەشکردنی پاڵپشتی و پرۆگرامەکانی بەکارخستن (34%). هەروەها ڕێکارەکانی تری وەک کەمکردنەوەی داخستنی هەندێک لە کەرتەکان (24%)، لێخۆشبوونی کاتیی باج (21%)، کەمکردنەوەی ڕوسومی گومرگ لەسەر کاڵا هاوردەکراوەکان (15%) و پارەدان و ئاڵوگۆڕی کاش (7%).

## 3-13 هۆکارەکانی نارەزایی وەڵامدەرەوەکان لە ڕێکارەکانی حکومەت

سەربارەت بە ئاستی ناڕازیبوونی وەڵامدەرەوەکان لە ڕێکارەکانی حکومەت بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی پەتای کۆرۆنا، وەڵامەکان بەشێوەی خشتەی (A 3-13) و بەم شێوەیەی خوارەوە بوون:

- %43.4 لەبەرئەوەی بوونە هۆی دابەزینی داهات و بەرزبوونەوەی بێکاریی.
- %33.3 لەبەرئەوەی بوونە هۆی دابەزینی داهات و قازانج.
- %8.8 لەبەرئەوەی کاریگەر نەبوون

بەرزترین ڕێژەی دابەزینی فرۆش و زیادبوونی بێکاری لە پارێزگای دهۆک بوو بەڕێژەی (60.2%)، هەروەها بەرزترین ڕێژەی دابەزینی داهات و قازانج لە پارێزگای هەولێر بوو (43.3%)، وەک خراوەتەڕوو لە خشتەی (B 3-13).

**خشتەی (A 3-13): هۆکارەکانی ناڕازیبوونی وەڵامدەرەوەکان لە ڕێکارەکانی حکومەت بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی پەتای کۆرۆنا، بەپێی قەبارەی دامەزراوە**

| هۆکارەکانی ناڕازیبوونی وەڵامدەرەوەکان لە ڕێکارەکانی حکومەت | کۆ | | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| کەمبوونەوەی فرۆش و زیادبوونی بێکاریی | 284 | 43.4 | 258 | 43.4 | 24 | 42.1 | 2 | 50 |
| دابەزینی داهات و قازانج | 218 | 33.3 | 204 | 34.3 | 14 | 24.6 | 0 | 0 |
| ڕێکارە حکومییەکان ناکارا بوون | 58 | 8.8 | 47 | 7.9 | 9 | 15.8 | 2 | 50 |
| هیتر | 95 | 14.5 | 85 | 14.4 | 10 | 17.5 | 0 | 0 |
| **کۆ** | **655** | **100** | **594** | **100** | **57** | **100** | **4** | **100** |

**خشتەی (B 3-13): هۆکارەکانی ناڕازیبوونی وەڵامدەرەوەکان لە ڕێکارەکانی حکومەت بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی پەتای کۆرۆنا، بەپێی پارێزگا و ڕەگەز**

| هۆکارەکانی ناڕازیبوونی وەڵامدەرەوەکان لە ڕێکارەکانی حکومەت | کۆ | | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆک | | ڕەگەز | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | | | نێر | | مێ | |
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| کەمبوونەوەی فرۆش و زیادبوونی بێکاریی | 284 | 43.4 | 123 | 45.6 | 81 | 32.2 | 3 | 50 | 77 | 60.2 | 257 | 44.1 | 27 | 37.5 |
| دابەزینی داهات و قازانج | 218 | 33.3 | 117 | 43.3 | 88 | 35.1 | 1 | 16.7 | 24 | 18.7 | 199 | 34.1 | 31 | 43.1 |
| ڕێکارە حکومییەکان ناکارا بوون | 58 | 8.8 | 10 | 3.7 | 21 | 8.3 | 0 | 0 | 11 | 8.6 | 36 | 6.2 | 6 | 8.3 |
| هیتر | 95 | 14.5 | 20 | 7.4 | 61 | 24.3 | 2 | 33.3 | 16 | 12.5 | 91 | 15.6 | 8 | 11.1 |
| **کۆ** | **655** | **100** | **270** | **100** | **251** | **100** | **6** | **100** | **128** | **100** | **583** | **100** | **72** | **100** |

# 14- دابینکردنی دارایی بۆ دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند

ئەم بەشە ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە لەخۆدەگرێت دەربارەی:

- بەکارهێنانی خزمەتگوزارییە بانکییەکان
- قەرزکردن (دابینکردنی دارایی) بۆ دەستپێکردنی کار
- موڵکی دامەزراوەکان
- پێداویستیەکانی قەرزکردن
- ئاستەنگی دەستگەیشتن بە قەرز
- داهاتەکانی دامەزراوەکان
- تێچووەکانی بەگەڕخستنی دامەزراوەکان
- هەڵگرتنی تۆمار و ژمێریاری دروست

## 1-14 بەکارهێنانی خزمەتگوزارییە بانکییەکان

ڕووپێوەکە نیشـــانیدا کە زۆربەی دامەزراوەکان هەژماری بانکییان نییە، تەنها 1.5% لە دامەزراوەکان هەژماری بانکییـان هەیە. جیـاوازی بەرچـاو هەیە بەپێی قەبارەی دامەزراوە، بەڕێژەی 1% بۆ دامەزراوەی زۆر بچووک، 3.2% بۆ دامەزراوەی بچووک و 14% بۆ دامەزراوەی مامناوەند (خشتەی A 1-14). دابەشبوونی دامەزراوەکان کە هەژماری بانکییان هەیە بەپێی پارێزگاکان بەم شێوەیە بوو: سلێمانی 14، هەولێر 9، دهۆک 7، هەڵەبجە 1.

**خشتەی (A 1-14): بەکارهێنانی خزمەتگوزارییە بانکییەکان – هەژماری بانکی بازرگانی بەپێی قەبارەی دامەزراوە**

| بەکارهێنانی خزمەتگوزارییە بانکییەکان | ژمارە | % | دامەزراوەکانی تۆمارکراو | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| بەڵێ | 31 | 1.5 | 23 | 25 | 1.3 | 4 | 3.2 | 2 | 14.3 |
| نەخێر | 1985 | 98.5 | 788 | 1850 | 98.7 | 123 | 96.8 | 12 | 85.7 |
| کۆ | **2016** | **100** | **811** | **1875** | **100** | **127** | **100** | **14** | **100** |

خشتەی (B 1-14) ئاماژەیە بۆ هۆکارەکانی نەبوونی هەژماری بانکیی.

**خشتەی (B 1-14): هۆکارەکانی نەبوونی هەژماری بانکیی بەپێی قەبارەی دامەزراوە**

| هۆکارەکانی نەبوونی هەژماری بانکیی | ژمارە | % | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| جۆری کار پێویستی بە هەژمار نییە | 1714 | 86.3 | 1607 | 86.9 | 99 | 80.5 | 8 | 66.7 |
| نەبوونی متمانە بە بانک | 193 | 9.7 | 169 | 9.1 | 20 | 16.3 | 4 | 33.3 |
| تێچووی زۆرە | 38 | 1.9 | 36 | 1.9 | 2 | 1.6 | 0 | 0 |
| لقی بانک لە ناوچەکە نییە | 22 | 1.1 | 21 | 1.1 | 1 | 0.8 | 0 | 0 |
| ڕێکاری ڕۆتینی ئاڵۆز | 18 | 0.9 | 17 | 0.9 | 1 | 0.8 | 0 | 0 |
| کۆ | **1985** | **100** | **1850** | **100** | **123** | **100** | **12** | **100** |

نزیکەی 86%ی دامەزراوەکان دەڵێن کارەکەیان پێویستی بە هەژماری بانکیی نییە، لەکاتێکدا تەنها ڕێژەی 2% دەڵێن کە تێچووی زۆرە و 10% متمانەیان بە بانک نییە.
پرسیار لە بەشداران کرا لەسەر بەکارهێنانی پارەدان لەڕێگەی مۆبایل بۆ ئاسانکردنی ئاڵوگۆڕەکانی کار، زۆرینە 98% دەڵێن کە پارەدانی ئەلیکترۆنی لەڕێگەی مۆبایل بەکارناهێنن، وەک خراوەتەڕوە لە خشتەی (C 1-14).

**خشتەی (C 1-14): بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی پارەدان لەڕێگەی مۆبایل بەپێی قەبارەی دامەزراوە**

| بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی پارەدان لەڕێگەی مۆبایل | ژمارە | % | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| بەڵێ | 53 | 2 | 48 | 2.6 | 4 | 3.2 | 1 | 7.1 |
| نەخێر | 1963 | 98 | 1827 | 97.4 | 123 | 96.8 | 13 | 92.9 |
| کۆ | **2016** | **100** | **1875** | **100** | **127** | **100** | **14** | **100** |

## 2-14 قەرزکردن  بۆ دەستپێکردنی کار

قەرز (دابینکردنی دارایی) یەکێکە لە بزوێنەرە سەرەکییەکان بۆ گەشەی دامەزراوەکان، چونکە سەرچاوەی پێویست دابین دەکات بۆ دامەزراندن و بەگەڕخستنی دامەزراوەکان و بەبازاڕکردنی بەرهەمەکانیان.

ئەنجەماکانی ڕووپێوەکە نیشانی دەدات کە ڕێژەی 62%ی دامەزراوەکان دەستیان بە قەرز گەیشتووە ، 5% "پلانیان هەبووە بەڵام دەستیان نەگەیشتووە بە دارایی" لەکاتێکدا 32%ی دامەزراوەکان نارازین بەرامبەر قەرزکردن، وەک نیشاندراوە لە خشتەی (A 2-14).

پارێزگای هەولێر بەرزترین ڕێژەی سەرکەوتنی هەیە بۆ دەستگەیشتن بە دارایی پێویست لەکاتی دەستپێکردنی کار، هەروەها ڕێژەی دەستنگەیشتن بە دارایی زۆر نزمەترە لە پارێزگاکانی تر (5% کەمتر)، جگە لە دهۆک کە 14%ی تۆمارکردووە. جیاوازییەکی بەرچاو نییە لەسەر ئاستی ڕەگەز، بەڕێژەی 60% دەستگەیشتن بە دارایی بۆ نێر و مێ، وەک ڕوونکراوەتەوە لە خشتەی (B 2-14).

**خشتەی (A 2-14): پێداویستی  قەرزکردن لەکاتی دەستێکردنی کار بەپێی قەبارەی دامەزراوە**

| قەرزکردن لەکاتی دەستێکردنی کار | ژمارە | % | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| بەڵێ قەرزم بەدەستهێنا | 992 | 62.4 | 927 | 62.8 | 60 | 58.3 | 5 | 38.5 |
| پلانم هەبوو بەڵام بەدەستم نەهێنا | 83 | 5.8 | 79 | 5.4 | 3 | 2.9 | 1 | 7.7 |
| خواستی وەرگرتنی قەرزم نییە | 516 | 32.4 | 469 | 31.8 | 40 | 38.8 | 7 | 53.8 |
| **کۆ** | **1591** | **100** | **1475** | **100** | **103** | **100** | **13** | **100** |

**خشتەی (B 2-14): پێداویستی بۆ قەرزکردن لەکاتی دەستپێکردنی کار بەپێی ڕەگەز**

| قەرزکردن لەکاتی دەستێکردنی کار | ژمارە | % | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆک | | نێر | | مێ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| بەڵێ قەرزم بەدەستهێنا | 992 | 62.4 | 452 | 79.6 | 318 | 58.0 | 13 | 56.5 | 209 | 46.2 | 850 | 61.4 | 142 | 68.6 |
| پلانم هەبوو بەڵام بەدەستم نەهێنا | 83 | 5.2 | 5 | 0.9 | 13 | 2.4 | 1 | 4.3 | 64 | 14.2 | 80 | 5.8 | 3 | 1.4 |
| خواستی وەرگرتنی قەرزم نییە | 516 | 32.4 | 111 | 19.5 | 217 | 39.6 | 9 | 39.1 | 179 | 39.6 | 454 | 32.8 | 62 | 30 |
| **کۆ** | **1591** | **100** | **568** | **100** | **548** | **100** | **23** | **100** | **452** | **100** | **1384** | **100** | **207** | **100** |

ئەمە ئاماژەیە بۆ هەبوونی ڕێژەیەکی بەرچاو لە بەردەستبونی دارایی (قەرز) لەسەر ئاستی دابینکاری لە بازاڕی کار. هەروەها ئاماژەیە بۆ هەبوونی لاوازی لە ئاستی داواکاری و پەیوەندیی نێوان دامەزراوەکانی کار و بانک و دامەزراوە داراییەکان، چونکە دامەزراوەکان بڕیاری دارایی کورتمەودا دەدەن و پشت دەبەستن بە ئاڵوگۆڕی نەختینە بەبێ پلاندانانی پێشوەخت.

خشتەی (C 2-14) ئاماژەیە بۆ جۆری قەرزکردن و دابینکردنی دارایی بەپێی قەبارەی دامەزراوە ئەنجامەکەی بەمجۆرەی خوارەوەیە:

- (89%) وەڵامدەرەوەکان دەڵێن پلانیان هەبووە بۆ وەرگرتنی دارایی لەڕێگەی قەرزکردن لە هاوڕێ و خێزان (49%) یان بەکارهێنانی پاشەکەوتکردنی کەسی (40%).
- ڕێژەی دامەزراوە کە بەکردەیی دەستیگەیشتووە بە دارایی یان پلانی هەبووە بۆ دەستگەیشتن بە قەرزی بانک یان قەرزی بچووکی ڕێکخراوە ناحکومییەکان یان دامەزراوەکانی قەرزی بچووک و کۆمەکبەخشی دامەزراوەیی یان تاکەکەسی دەگاتە 3.1%.
- خشتەی (D 2-14) نیشانی دەدات کە 97%ی دامەزراوەکان دەستیان گەیشتووە بە قەرزکردنی (دابینکردنی دارایی) ناوخۆیی.
- خشتەی (E 2-14) ئاماژەیە بۆ قەبارەی قەرزی وەرگیراو بۆ دەستپێکردنی کار. زۆرینەی قەرزەکان کەمترن لە 5 ملیۆن دیناری عێراق بەرێژەی (52%)، پاشان قەرزی نێوان 5 تا 24 ملیۆن دیناری عێراقی بەڕێژەی 37%.

**خشتەی (C 2-14): جۆری قەرزی وەرگیراو بەپێی قەبارەی دامەزراوە**

| جۆری قەرز | ژمارە | % | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| قەرز لە هاوڕێ/خێزان | 790 | 49.7 | 744 | 50.4 | 44 | 42.7 | 2 | 15.4 |
| پاشەکەوتکردنی کەسیی | 647 | 40.7 | 589 | 39.9 | 49 | 47.6 | 9 | 69.2 |
| فرۆشتنی هەبووەکان (ئۆتۆمبیل، خانوو...) | 71 | 4.5 | 68 | 4.6 | 2 | 1.9 | 1 | 7.7 |
| بەخشین لە ڕێکخراو یان تاکەکەس | 21 | 1.3 | 18 | 1.2 | 3 | 2.9 | 0 | 0.0 |
| قەرزی بانک | 16 | 1.0 | 15 | 1.0 | 1 | 1.0 | 0 | 0.0 |
| قەرزی بچووک لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان یان ڕێکخراوەکانی قەرزی بچووک | 12 | 0.8 | 12 | 0.8 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 |
| وەبەرهێنان لەلایەن هاوبەش (شریک) | 8 | 0.5 | 5 | 0.3 | 2 | 1.9 | 1 | 7.7 |
| وەبەرهێنان لەلایەن هاوڕێ/خێزان | 7 | 0.4 | 6 | 0.4 | 1 | 1.0 | 0 | 0.0 |
| کرێدیت کارت | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 |
| هیتر | 19 | 1.2 | 18 | 1.2 | 1 | 1.0 | 0 | 0.0 |
| **کۆ** | **1591** | **100** | **1475** | **100** | **103** | **100** | **13** | **100** |

**خشتەی (D 2-14): سەرچاوەی قەرز: ناوخۆیی / دەرەکی، بەپێی قەبارەی دامەزراوە**

| سەرچاوەی قەرز | ژمارە | % | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| ناوخۆیی | 1548 | 97.3 | 1434 | 97.2 | 101 | 98.1 | 13 | 100.0 |
| دەرەکی | 9 | 0.6 | 8 | 0.5 | 1 | 1.0 | 0 | 0.0 |
| هاوبەش | 34 | 2.1 | 33 | 2.2 | 1 | 1.0 | 0 | 0.0 |
| **کۆ** | **1591** | **100** | **1475** | **100** | **103** | **100** | **13** | **100** |

**خشتەی (E 2-14): بڕی قەرز بەپێی قەبارەی دامەزراوە و ڕەگەزی خاوەن دامەزراوە**

| بڕی قەرز(دیناری عێراقی) | ژمارە | % | قەبارەی دامەزراوە | | | ڕەگەز | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | زۆر بچووک | بچووک | مامناوەند | نێر | مێ |
| زیاتر لە 500.000.000 | 2 | 0.1 | 1 | 0 | 1 | 2 | 0 |
| 5.000.000--24.000.000 | 8 | 0.5 | 5 | 3 | 0 | 8 | 0 |
| 24.000.001- 120.000.000 | 18 | 1.1 | 12 | 5 | 1 | 18 | 0 |
| 1200.000.001 -240.000.000 | 136 | 8.5 | 112 | 18 | 6 | 136 | 0 |
| 240.000.001 - 500.000.000 | 602 | 37.8 | 558 | 41 | 3 | 581 | 21 |
| کەمتر لە 5.000.000 | 825 | 51.9 | 787 | 36 | 2 | 639 | 186 |
| **کۆ** | **1591** | **100** | **1475** | **103** | **13** | **1384** | **207** |

## 3-14 هەبووەکانی دامەزراوە

زۆرینەی دامەزراوەکان (66%) لەکاتی دەستپێکردنی کار هیچ هەبوویەکیان نەبووە، ئەم ڕێژەیە زیاتر دادەبەزێت بەپێی قەبارەی دامەزراوە، وەک نیشاندراوە لە خشتەی (A 3-14).

ڕووپێوەکە نیشانیدا کە تا قەبارەی دامەزراوە گەورەتر بێت ئەگەری زیاترە کە خاوەنی هەبووەکان (سەرمایەی بەردەست) بێت. سەبارەت بە هەبوونی بەڵگەنامەکانی خاوەنداریتی، ئەم ڕێژەیە بەرزدەبێتەوە بۆ 89%ی دامەزراوەی زۆر بچووک و دەگاتە 93% بۆ دامەزراوەی بچووک و 100% بۆ دامەزراوەی مامناوەند وەک نیشاندراوە لە خشتەی (B 3-14).

ڕێژەی بەردەستبوونی هەبووەکان بۆ دامەزراوەی بچووک و مامناوەند بەپێی پارێزگاکان بەم شێوەیە بوو: هەولێر 30%، سلێمانی 25%، دهۆک 49%. بەتێکڕای 37% نێر 15% و مێ، هەروەها 37% بۆ دامەزراوەی تۆمارکراو و 31% بۆ دامەزراوەی تۆمارنەکراو. هەوەها 89%ی دامەزراوەکان بەڵگەنامەی سەلماندنی خاوەنداریتی هەبووەکانیان هەیە خشتەی (C 3-14).

**خشتەی (A 3-14): بەردەستبوونی هەبووەکان بۆ دەستپێکردنی کار بەپێی قەبارەی دامەزراوە**

| بەردەستبوونی هەبووەکان | ژمارە | % | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| هەیە | 684 | 33.9 | 631 | 33.7 | 46 | 36.2 | 7 | 50 |
| نییە | 1332 | 66.1 | 1244 | 66.3 | 81 | 63.8 | 7 | 50 |
| **کۆ** | **2016** | **100** | **1875** | **100** | **127** | **100** | **14** | **100** |

**خشتەی (B 3-14): هەبوونی بەڵگەنامەی خاوەندارێتی هەبووەکان بەپێی قەبارەی دامەزراوە**

| هەبوونی بەڵگەنامەی خاوەندارێتی هەبووەکان | ژمارە | % | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| هەیە | 72 | 10.5 | 69 | 10.9 | 3 | 6.5 | 0 | 0 |
| نییە | 612 | 89.5 | 562 | 89.1 | 43 | 93.5 | 7 | 100 |
| **کۆ** | **684** | **100** | **631** | **100** | **46** | **100** | **7** | **100** |

**خشتەی (C 3-14): بەردەستبوونی هەبووەکان بۆ دەستپێکردنی کار بەپێی پارێزگا و ڕەگەز**

| بەردەستبوونی هەبووەکان | ژمارە | % | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵبجە | | دهۆک | | نێر | | مێ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| هەیە | 684 | 33.9 | 210 | 30.7 | 184 | 24.9 | 19 | 47.5 | 271 | 49.1 | 644 | 36.9 | 40 | 14.9 |
| نییە | 1332 | 66.1 | 474 | 69.3 | 556 | 75.1 | 21 | 52.5 | 281 | 50.9 | 1103 | 63.1 | 229 | 85.1 |
| **کۆ** | **2016** | **100** | **684** | **100** | **740** | **100** | **40** | **100** | **552** | **100** | **1747** | **100** | **269** | **100** |

## قەرزی (دارایی) بەدەستهاتوو پاش دەستپێکردنی کار

69% دامەزراوەکان دەڵێن پلانیان نەبووە بۆ وەرگرتنی قەرز پاش دەستپێکردنی کار. ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە نیشانی دەدات کە بەرزترین ڕێژەی دامەزراوەکان لە کەرتی بازرگانین، بەدوایدا کەرتی گواستنەوە و کۆگاکردن، هەروەها دامەزراوە بەرهەمهێنەرە پیشەسازییەکان پلانیان نییە بۆ وەرگرتنی قەرز، ئەمەش بەهۆی سەختی کێبرکێ لەگەڵ بەرهەمی بیانی و پشتبەستنی بازاڕی ناوخۆ بە کاڵای بیانی، هەروەها ئەمە ئاماژەیە بۆ نەبوونی خواستی بەرهەمهێنانی پیشەسازی و جەخت خستنە سەر چالاکی ەکانی خزمەتگوزاری بازرگانی و گواستنەوە و کشتوکاڵ و بیناسازی و ئاوەدانکردنە و خزمەتگوزارییە پیشەییەکان.

خشتەی (D 3-14) و خشتەی (E 3-14) ئاماژەن بۆ دۆخی دابینکردنی دارایی (قەرز) بۆ دامەزراوە جیاوازەکان پاش دەستبەکاربوون و بەپێی پارێزگا، هەروەها خشتەی (F 3-14) ئاماژەیە بۆ بڕی قەرزی بەدەستهاتوو. ئەم ئەنجامانە نیشانی دەدەن کە تێکڕای ڕێژەی دەستگەیشتن بە قەرز 25.5% بەم شێوەیەی دابەشبووە: 25% دامەزراوەی زۆر بچووک، 33.1% دامەزراوەی بچووک، 28.6% دامەزراوەی مامناوەند.

ڕێژەی 4.9% دامەزراوەکان هەوڵیانداوە بۆ بەدەستهێنانی قەرز بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، پارێزگای هەولێر بەرزترین ڕێژەی هەیە کە دەگایە 35%، دهۆک نزمترین ڕێژەی هەیە کە دەگاتە 12%.

**خشتەی (D 3-14): قەرزی بەدەستهاتوو پاش دەستبەکاربوون بەپێی قەبارە**

| قەرزی بەدەستهاتوو | ژمارە | % | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| بەڵێ قەرز وەرگیرا | 514 | 25.5 | 468 | 25 | 42 | 33.1 | 4 | 28.6 |
| پلان هەبوو بەڵام وەرنەگیرا | 98 | 4.9 | 91 | 4.9 | 5 | 3.9 | 2 | 14.3 |
| نەخێر خواستی وەرگرتن نەبوو | 1404 | 69.6 | 1316 | 70.2 | 80 | 63 | 8 | 57.1 |
| **کۆ** | **2016** | **100** | **1875** | **100** | **127** | **100** | **14** | **100** |

**خشتەی (E 3-14): قەرزی بەدەستهاتوو پاش دەستبەکاربوون بەپێی پارێزگا و ڕەگەز**

| قەرزی بەدەستهاتوو | ژمارە | % | پارێزگا | | | | | | | | ڕەگەز | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆک | | نێر | | مێ | |
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| بەڵێ قەرز وەرگیرا | 514 | 25.5 | 239 | 34.9 | 161 | 21.8 | 5 | 12.5 | 109 | 19.7 | 438 | 25.1 | 76 | 28.3 |
| پلان هەبوو بەڵام وەرنەگیرا | 98 | 4.9 | 8 | 1.2 | 24 | 3.2 | 0 | 0 | 66 | 12 | 92 | 5.3 | 6 | 2.2 |
| نەخێر خواستی وەرگرتن نەبوو | 1404 | 69.6 | 437 | 63.9 | 555 | 75 | 35 | 87.5 | 377 | 68.3 | 1217 | 69.7 | 187 | 69.5 |
| **کۆ** | **2016** | **100** | **684** | **100** | **740** | **100** | **40** | **100** | **552** | **100** | **1747** | **100** | **269** | **100** |

دەرکەوت کە زۆرینەی ئەوانەی قەرزیان بەدەستهێناوە پاش دەستبەکاربوون نێرن کە ژمارەیان 438 کەس بوو بەرامبەر 76 مێ، وەک خراوەتەڕوو لە خشتەی (F 3-14).

**خشتەی ژمارە (F 3-14): بڕی قەرز پاش دەستپێکردنی کار بەپێی قەبارەی دامەزراوە و ڕەگەز**

| بڕی قەرز (دیناری عێراقی) | ژمارە | % | قەبارەی دامەزراوەکان | | | ڕەگەز | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | زۆر بچووک | بچووک | مامناوەند | نێر | مێ |
| 500.000.000 - 120.000.001 | 8 | 0 | 3 | 4 | 1 | 8 | 0 |
| 120.000.000 - 24.000.001 | 29 | 1 | 21 | 8 | 0 | 29 | 0 |
| 24.000000 -5.000.000 | 195 | 10 | 178 | 15 | 2 | 191 | 4 |
| کەمتر لە 5.000.000 | 282 | 14 | 266 | 15 | 1 | 210 | 72 |
| نامەوێت قەرز بکەم | 1502 | 75 | 1407 | 85 | 10 | 1309 | 193 |
| **کۆ** | **2016** | **100** | **1875** | **127** | **14** | **1747** | **269** |

## مەبەست و سەرچاوەی قەرز

خشتەکانی (G 3-14) و (H 3-14) ئاماژەن بۆ مەبەست و سەرچاوەکانی قەرز. گرنگترین مەبەستی قەرز بریتییە لە فراوانکردن و نوێنکردنەوەی ئامێر بەڕێژەی 18% (362 دامەزراوە). گرنگترین سەرچاوەی قەرز برییە لە هاوڕێ/خێزان یان کۆکراوەی کەسیی.

**خشتەی (G 3-14): مەبەستی قەرزی پلان بۆ دانراو، بەپێی قەبارەی دامەزراوە**

| مەبەستی قەرزی پلان بۆ دانراو | ژمارە | % | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| فروانکردنی کار | 362 | 18 | 329 | 17.5 | 31 | 24.4 | 2 | 14.3 |
| نوێکردنەوە و بەرزکردنەوەی ئامێرەکان | 33 | 1.6 | 31 | 1.7 | 2 | 1.6 | 0 | 0 |
| باشترکردنی بەبازاڕکردن | 30 | 1.5 | 30 | 1.6 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| زیادکردنی کۆگاکراو (خەزنکراوەکان) | 27 | 1.3 | 24 | 1.3 | 2 | 1.6 | 1 | 7.1 |
| باشترکردنی پارەدانی کاش (نەقدی) | 24 | 1.2 | 21 | 1.1 | 2 | 1.6 | 1 | 7.1 |
| پێشکەشکردنی بەرهەم / خزمەتگوزاری نوێ | 22 | 1.1 | 19 | 1 | 3 | 2.4 | 0 | 0 |
| دانەوەی قەرز / خەرجییە نەدراوەکان | 8 | 0.4 | 6 | 0.3 | 2 | 1.6 | 0 | 0 |
| دامەزراندن و بەکارخستنی کارمەندی نوێ | 5 | 0.2 | 5 | 0.3 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| گواستنەوەی کار بۆ شوێنی نوێ | 2 | 0.1 | 2 | 0.1 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| چوونە جیهانی دیجیتاڵ (بازرگانی ئەلیکترۆنی، پەرەپێدانی تەکنەلۆجیا...) | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| هیتر | 1 | 0 | 1 | 0.1 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| ناخوازێت یان قەرزی وەرنەگرتووە | 1502 | 74.5 | 1407 | 75 | 85 | 66.9 | 10 | 71.4 |
| **کۆ** | **2016** | **100** | **1875** | **100** | **127** | **100** | **14** | **100** |

لەناو 514 دامەزراوە کە قەرزیان وەرگرتوە پاش دەستپێکردنی کار، دەرکەوت کە 355 دامەزراوە سەرچاوەی قەرز هاوڕێ/خێزانە، 116 دامەزراوەی تر سەرچاوەکانیان کۆکراوەی کەسییە. 19 دامەزراوە دەستیانگەیشتووە بە قەرز لەم سەرچاوانە: بانک (5) قەرز (8) بەخشین (6).

**خشتەی (H 3-14): سەرچاوەی قەرز بەپێی قەبارەی دامەزراوە**

| سەرچاوەی قەرز | ژمارە | % | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| قەرز لە هاوڕێ/خێزان | 355 | 69.1 | 329 | 17.5 | 25 | 19.7 | 1 | 7.1 |
| کۆکراوەی کەسیی | 116 | 22.6 | 101 | 5.4 | 14 | 11 | 1 | 7.1 |
| فرۆشـــتـنی هەبووەکـان (ئۆتۆمبیـل، خانوو...) | 10 | 1.9 | 9 | 0.5 | 0 | 0 | 1 | 7.1 |
| قەرزی بـچـووک لە ڕێـکـخـراوە نـاحکومییەکـان یـان ڕێکخراوەکـانی قەرزی بچووک | 8 | 1.6 | 8 | 0.4 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| بەخشین لە ڕێکخراو یان تاکەکەس | 6 | 1.2 | 6 | 0.3 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| قەرزی بانک | 5 | 1 | 3 | 0.2 | 2 | 1.6 | 0 | 0 |
| وەبەرهێنان لەلایەن هاوڕێ/خێزان | 3 | 0.6 | 3 | 0.2 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| وەبەرهێنان لەلایەن هاوبەش (شریک) | 1 | 0.2 | 0 | 0 | 0 | 0 | 1 | 7.1 |
| هیتر | 10 | 1.9 | 9 | 0.5 | 1 | 0.8 | 0 | 0 |
| **کۆ** | **514** | **100** | **1875** | **100** | **127** | **100** | **14** | **100** |

قەرزی بەدەستهاتوو پاش دەستپێکردنی کار بەپێی پارێزگاکان و کەرتەکان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**خشتەی (A 3-14): قەرزی بەدەستهاتوو پاش دەستپێکردنی کار بەپێی پارێزگا**

| پارێزگا | ژمارەی دامەزراوەکان | ڕێژەی دامەزراوەکان % |
|---|---|---|
| هەولێر | 239 | 46 |
| سلێمانی | 161 | 31 |
| دهۆك | 109 | 21 |
| هەڵەبجە | 5 | 1 |
| **کۆ** | **514** | **100** |

شەش کەرتی سەرەکیی کار ڕێژەی 87%ی قەرزی وەرگیراویان بەرکەوتووە کە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەبێت:

**شێوەی (B 3-14): قەرزی بەدەستهاتوو پاش دەستپێکردنی کار بەپێی چالاکی بازرگانی**

| چالاکی بازرگانی | ژمارەی دامەزراوەکان | دامەزراوەکە قەرزی وەرگرتوە پاش دەستپێکردنی کار% |
|---|---|---|
| بازرگانی تاك و کۆ | 192 | 37 |
| کشتوکاڵ و ڕاوە ماسی | 79 | 15 |
| گواستنەوە و کۆگاکردن | 69 | 13 |
| پیشەیی (دکتۆر، پارێزەر، ئەندازیار) | 63 | 12 |
| پیشەسازییە خۆراکییەکان | 32 | 6 |
| بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە | 22 | 4 |

ژمارەی ئەو دامەزراوانەی کە سەرکەوتوو بوون لە بەدەستهێنانی قەرز پاش دامەزران دەگاتە 25%. ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە دامەزراوەکان توانیویانە بەردەوام بن بەبێ پێداویستی قەرزکردنی زیاتر، یان بە تێپەڕبوونی کات مەیلی دامەزراوەکان بۆ قەرزکردن کەمدەبێتەوە، ئەمە دەیکاتە یەکێک لە کەمترین جۆرەکانی وەبەرهێنانی خوازراو.

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی دابەزینی ڕێژەکانی سەرکەوتن لە بەدەستهینانی قەرز، بریتییە لەوەی دامەزراوەکان پاش ئەوەی دەستدەکەن بە کار لەو بڕوایەدان کەمتر پێویستیان بە قەرزە بە بەراورد بە کاتی دامەزران. بۆ نموونە، زۆربەی دامەزراوە نوێیەکان سەرکەوتووبوون لە بەدەستهێنانی کەمتر لە 5 ملیۆن دینای عێراقی (41% واتا 825 دامەزراوەی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند) لەکاتی دەستپێکردنی کار (خشتەی E 2-14).

پاش دەستپێکردنی کار، 514 دامەزراوە (25%ی دامەزراوەکان) دەڵێن کە قەرزی پێویستیان وەرگرتووە، بڕە وەرگیراوەکان بەم شێوەیە دابەشبوون: 282 دامەزراوە کەمتر لە 5 ملیۆن دنیای عێراقی، 195 دامەزراوە لەنێوان 5 تا 24 ملیۆن دینـاری عێراقی، 7 دامەزراوە لەنێوان 120-140 ملیۆن دینـاری عێراقی و یەک دامەزراوە 240-500 ملیۆن دیناری عێراقی (خشتەی F 3-14). دەکرێت ئەمە ئاماژە بێت بۆ فراوانبوونی سەرکەوتوو و/یان باش مەزەندکردنی پێداویستییەکانی کار.

لەلایەکی ترەوە هەموو سیاسەت و بەرنامەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ دامەزراوەی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند، پێویستە ڕێگەیەک بدۆزنەوە بۆ بەرزکردنەوەی شارەزاییەکانی کار، تێگەیشتن لە بازاڕی دارایی، دروستکردنی پەیوەندیی و ئاڵوگۆڕی زانیاری لەنێوان دامەزراوەکان و کەرتی دارایی. ئەمانە کارئاسانی دەکەن بۆ مامەڵەکردنی کاریگەرتر لەنێوان دامەزراوەکانی لەلایەک و بانک و دامەزراوە داراییەکان لەلایەنی تر.

## 4-14 پێداویستییەکان قەرز – پێداویستییە ئایندەییەکان

زیاتر لە 66%ی وەڵامدەرەوەکان دەڵێن یان ئێستا پێویسیان بە قەرزە یان لە داهاتوودا پێویستیان دەبێت، وەک نیشاندراوە لە خشتەی (A 4-14).

بەرزترین ڕێژەی پێداویستی قەرز (71%) لە پارێزگای دهۆکە، بەڵام پارێزگاکانی تر ڕێژەکان نزیکن لە 60%. جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە بەپێی ڕەگەز، نێر 66% و مێ 64% (خشتەی B 4-14).

خشتەی (C 4-14) ئاماژەیە بۆ مەبەستی قەرز بۆ فراوانکردن، نوێکردنەوە، زیادکردنی کۆگاکراو، دامەزراندی کارمەندی نوێ، نوێکردنەوە و بەرزکردنەوەی ئامێرەکان یان پێشکەشکردنی بەرهەم یان خزمەتگوزاری نوێ.

**خشتەی (A 4-14): پێداویستی ئێستا و پلان بۆ دانراو بە قەرز بەپێی قەبارەی دامەزراوە**

| پێداویستی قەرز | ژمارە | % | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| بەڵێ | 970 | 66 | 906 | 67 | 57 | 63 | 7 | 64 |
| نەخێر | 490 | 34 | 452 | 33 | 34 | 37 | 4 | 36 |
| **کۆ** | **1460** | **100** | **1358** | **100** | **91** | **100** | **11** | **100** |

**خشتەی (B 4-14): پێداویستی ئێستا و پلان بۆ دانراو بە قەرز بەپێی پارێزگا و ڕەگەز**

| پێداویستی قەرز | ژمارە | % | پارێزگا | | | | | | | | ڕەگەز | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆک | | نێر | | مێ | |
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| بەڵێ | 970 | 66.4 | 314 | 64.9 | 336 | 64 | 16 | 61.5 | 304 | 71.5 | 844 | 66.8 | 126 | 64.3 |
| نەخێر | 490 | 33.6 | 170 | 35.1 | 189 | 36 | 10 | 38.5 | 121 | 28.5 | 420 | 33.2 | 70 | 35.7 |
| **کۆ** | **1460** | **100** | **484** | **100** | **525** | **100** | **26** | **100** | **425** | **100** | **1264** | **100** | **196** | **100** |

**خشتەی (C 4-14): مەبەستی قەرزی پلان بۆ دانراو بەپێی قەبارەی دامەزراوە**

| مەبەستی قەرز | ژمارە | % | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| فراوانکردنی کار | 747 | 77 | 693 | 76.5 | 50 | 87.7 | 4 | 57.1 |
| زیادکردنی کۆگاکراو (خەزنکراو) | 54 | 5.6 | 51 | 5.6 | 2 | 3.5 | 1 | 14.3 |
| دامەزراندنی کارمەندی نوێ | 37 | 3.8 | 36 | 4 | 1 | 1.8 | 0 | 0 |
| نوێکردنەوە و بەرزکردنەوەی ئامێرەکان | 30 | 3.1 | 27 | 3 | 3 | 5.3 | 0 | 0 |
| چوونە جیهانی دیجیتاڵ (بازرگانی ئەلیکترۆنی، پەرەپێدانی تەکنەلۆجیی، ...) | 27 | 2.8 | 27 | 3 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| پێشکەشکردنی بەرهەم / خزمەتگوزاری نوێ | 25 | 2.6 | 24 | 2.6 | 0 | 0 | 1 | 14.3 |
| گواستنەوەی کار بۆ شوێنی نوێ | 24 | 2.5 | 23 | 2.5 | 0 | 0 | 1 | 14.3 |
| دانەوەی قەرز / پسووڵە | 1 | 0.1 | 1 | 0.1 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| مەبەستی تر | 10 | 1 | 9 | 1 | 1 | 1.8 | 0 | 0 |
| **کۆ** | **970** | **100** | **906** | **100** | **57** | **100** | **7** | **100** |

سەبارەت بە بڕی داواکراو، ئەنجامەکان نیشانی دەدەن کە ژمارەی زۆر وەڵام هەبووە (1460)، وەک ڕوونکراوەتەوە لە (خشتەی D 4-14) و (شێوەی A 4-14).




**شێوەی (A 4-14): دابەشکردنی دامەزراوەکان بەپێی جۆری پێداویستییەکانی قەرز**

خشتەی (D 4-14) ئاماژەیە بۆ "چاوەڕوانییە داراییە ئایندەییەکان" بەپێی قەبارەی دامەزراوە و ڕەگەز.

**خشتەی (D 4-14): بڕی قەرزی داواکراو، بەپێی قەبارەی دامەزراوە**

| بڕی قەرز (دیناری عێراقی) | ژمارە | % | قەبارەی دامەزراوەکان | | | ڕەگەز | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | زۆر بچووک | بچووک | مامناوەند | نێر | مێ |
| 500.000.000+ | 3 | 0.2 | 0 | 2 | 1 | 3 | 0 |
| 5.000.000 - 24.000.000 | 8 | 0.5 | 6 | 2 | 0 | 8 | 0 |
| 24.000.001 - 120.000.000 | 61 | 4.2 | 48 | 9 | 4 | 60 | 1 |
| 120.000.001 - 240.000.000 | 223 | 15.3 | 195 | 25 | 3 | 215 | 8 |
| 240.000.001 - 500.000.000 | 673 | 46.1 | 633 | 39 | 1 | 605 | 68 |
| کەمتر لە 5.000.000 | 492 | 33.7 | 476 | 14 | 2 | 373 | 119 |
| **کۆ** | **1460** | **100** | **1358** | **91** | **11** | **1264** | **196** |

کاتێک پرسیاریان لێکرا لەسەر ئەوەی لەو بڕوایەدان چۆن قەرزیان دەست دەکەوێت ئەگەر "ڕۆژێک" پێویستان بوو؟ 55%ی دامەزراوەکان ئاماژەیان داوە بە هاوڕێ/خێزان و 19% بە کۆکراوەی کەسیی، وەک نیشاندراوە لە خشتەی (E 4-14).

**خشتەی (E 4-14): ڕوانینی خاوەنکارەکان بۆ قەرزی بەردەست لە ئێستادا بەپێی قەبارەی دامەزراوە**

| قەرزی بەردەست لە ئێستادا | ژمارە | % | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| قەرز لە هاوڕێ/خێزان | 1103 | 54.7 | 1041 | 55.5 | 58 | 45.7 | 4 | 28.6 |
| کۆکراوە (پاشەکەوت)ی کەسیی | 390 | 19.3 | 356 | 19 | 32 | 25.2 | 2 | 14.3 |
| قەرزی بانک | 131 | 6.5 | 121 | 6.5 | 9 | 7.1 | 1 | 7.1 |
| قەرزی بچووک لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان یان ڕێکخراوەکانی قەرزی بچووک | 122 | 6.1 | 113 | 6 | 9 | 7.1 | 0 | 0 |
| فرۆشتنی هەبووەکان (ئۆتۆمبیل، خانوو...) | 81 | 4.0 | 74 | 3.9 | 4 | 3.1 | 3 | 21.4 |
| بەخشین لە ڕێکخراو یان تاکەکەس | 71 | 3.5 | 63 | 3.4 | 6 | 4.7 | 2 | 14.3 |
| وەبەرهێنان لەلایەن هاوڕێ/خێزان | 12 | 0.6 | 10 | 0.5 | 2 | 1.6 | 0 | 0 |
| وەبەرهێنان لەلایەن هاوبەش (شریک) | 5 | 0.2 | 4 | 0.2 | 0 | 0 | 1 | 7.1 |
| هیتر | 101 | 5 | 93 | 5 | 7 | 5.5 | 1 | 7.1 |
| **کۆ** | **2016** | **100** | **1875** | **100** | **127** | **100** | **14** | **100** |

## 5-14 سەختی دەستگەیشتن بە قەرز

داوا لە بەشداران کرا هەڵسەنگاندن بکەن بۆ ئاستی سەختی دەستگەیشتن بە قەرز، 72% دەڵێن ئاستەنگ هەیە لە دەستگەیشتن بە قەرز، 24% دەڵێن "تاڕادەیەک سەختە" و 4% دەڵێن "سەخت نییە" (خشتەی A 5-14).

لەسەر ئاستی پارێزگاکان، تێبینی کرا کە جیاوازی بەرچاو نییە لە دەستیگەیشتن بە قەرز و ئافرەتان لەو بڕوایەدان ڕووبەڕووی سەختی زیاتر دەبنەوە بە بەراورد بە پیاوان بۆ دەستگەیشتن بە قەرز، ئەنجامەکان نیشانی دەدات پەیوەندیی نییە لەنێوان تەمەن و قەرزکردن.

هۆکارەکانی سەختی دەستگەیشتن بە قەرز لە خشتەی (B 5-14) و شێوەی (A 5-14) بەم شێوەیەی خوارەوە ڕوونکراونەتەوە:

- دابەزینی داهاتی خێزان 56%
- نەبوونی گەرەنتی 24%
- خۆپاراستنی قەرزدەر لە مەترسیی نەدانەوەی قەرز 10%
- نەبوونی کەفیل 3%
- بەرزی ڕێژەی سوود 1.9%

**سێ هۆکاری سەرەکێ سەختی دەستگەیشتن بە قەرز بەپێی پارێزگا و ڕەگەز:**

| هۆکارەکان | پارێزگا | ڕەگەز |
|---|---|---|
| دابەزینی داهاتی خێزان | بەرزترین رێژە لە هەولێر | بەرزترین رێژە بۆ نێر |
| نەبوونی گەرەنتی | بەرزترین رێژە لە دهۆک | بەرزترین رێژە بۆ نێر |
| خۆپاراستنی قەرزدەر لە مەترسی نەدانەوەی قەرز | بەرزترین رێژە لە هەولێر | بەرزترین رێژە بۆ نێر |

لە زۆربەی پارێزگاکان دەستگەیشتن بە قەرز "سەختە"، بەرزترین ئاستی سەختی لە پارێزگای سلێمانیە بەڕێژەی 80%، نزمترین ئاست لە پارێزگای دهۆکە بەڕێژەی 50%. ئاستی سەختی بۆ هەردوو ڕەگەز (نێر و مێ) وەک یەک مەزەندە کراوە بە ڕێژەی زیاتر لە 70% (خشتەی C 5-14).

**خشتەی (A 5-14): تێڕوانینی خاوەنکار بۆ ئاستی سەختی دەستگەیشتن بە قەرز، بەپێی قەبارەی دامەزراوە**

| ئاستی سەختیی | ژمارە | % | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| زۆر سەخت | 1447 | 72 | 1349 | 72 | 91 | 72 | 7 | 50 |
| تاڕادەیەک سەخت | 480 | 24 | 452 | 24 | 26 | 20 | 2 | 14 |
| سەخت نییە | 89 | 4 | 74 | 4 | 10 | 8 | 5 | 36 |
| **کۆ** | **2016** | **100** | **1875** | **100** | **127** | **100** | **14** | **100** |

**خشتەی (B 5-14): هۆکارەکانی سەختی دەستگەیشتن بە قەرز، بەپێی قەبارەی دامەزراوە**

| هۆکارەکانی سەختی دەستگەیشتن بە قەرز | ژمارە | % | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| کەمی داهاتی خێزان | 1136 | 56.3 | 1068 | 57 | 64 | 50.4 | 4 | 28.6 |
| کەمی بارمتە (الضمانات) | 484 | 24 | 456 | 24.3 | 25 | 19.7 | 3 | 21.4 |
| ترس لەنەگەڕاندنەوەی قەرزەکان | 214 | 10.6 | 198 | 10.6 | 15 | 11.8 | 1 | 7.1 |
| نەبوونی کەفیل | 64 | 3.2 | 58 | 3.1 | 5 | 3.9 | 1 | 7.1 |
| زۆری ڕێژەی سوود | 38 | 1.9 | 32 | 1.7 | 6 | 4.7 | 0 | 0 |
| ڕێکارەکان زۆر ئاڵۆزەکان | 30 | 1.5 | 25 | 1.3 | 3 | 2.4 | 2 | 14.3 |
| نەبوونی مەرجەکانی شیاوبوون | 17 | 0.8 | 15 | 0.8 | 1 | 0.8 | 1 | 7.1 |
| لاوازی پلەی تۆمارکراوی دامەزراوەکە | 6 | 0.3 | 6 | 0.3 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| نەبوونی بەڵگەنامەی پێویست | 2 | 0.1 | 0 | 0 | 2 | 1.6 | 0 | 0 |
| هیتر | 25 | 1.2 | 17 | 0.9 | 6 | 4.7 | 2 | 14.3 |
| **کۆ** | **2016** | **100** | **1875** | **100** | **127** | **100** | **14** | **100** |

**خشتەی (C 5-14): ئاستی سەختی دەستگەیشتن بە قەرز، بەپێی پارێزگا و ڕەگەز**

| ئاستی سەختیی | ژمارە | % | پارێزگا | | | | | | | | ڕەگەز | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆک | | نێر | | مێ | |
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| زۆر سەخت | 1447 | 71.8 | 541 | 79.1 | 599 | 80.9 | 27 | 67.5 | 280 | 50.7 | 1241 | 71 | 206 | 76.6 |
| تاڕادەیەک سەخت | 480 | 23.8 | 117 | 17.1 | 113 | 15.3 | 11 | 27.5 | 239 | 43.3 | 431 | 24.7 | 49 | 18.2 |
| سەخت نییە | 89 | 4.4 | 26 | 3.8 | 28 | 3.8 | 2 | 5 | 33 | 6 | 75 | 4.3 | 14 | 5.2 |
| **کۆ** | **2016** | **100** | **684** | **100** | **740** | **100** | **40** | **100** | **552** | **100** | **1747** | **100** | **269** | **100** |

ئەمانەی خوارەوە جۆرە جیاوازەکانی پرۆژە حکومییەکانن کە دامەزراوەکان دەخوازن جێبەجێ بکرێن (بڕوانە بەشی "ڕوانگەی ئایندەیی بۆ کار" خشتەی J 1-10).

- 23% قەرزی دارایی
- 19% پەرەپێدانی ژێرخان
- 11% کەرەسە خاوەکان.
- 11% پاراستنی بەرهەمی ناوخۆ
- 9% پاڵپشتیکردنی پرۆگرامی خۆراکی گشتی
- 9% پاراستنی باشتر.
- 8% ئاسانکردنی ڕێکارە فەرمییەکان
- 3% تەرخانکردنی شوێنی تایبەت بۆ ئەنجامدانی کاری بازرگانی.
- 2% ڕێکخستنی پێشانگا و وۆرکشۆپ




**شێوەی (A 5-14): هۆکارەکانی سەختی دەستگەیشتن بە قەرز**

## 6-14 داهاتی دامەزراوەکان

خشتەکانی (A 6-14) و(B 6-14) و(C 6-14) و(D 6-14) وردەکاری تێدایە لەسەر داهاتی دامەزراوەکان بەپێی قەبارە و ڕەگەزی خاوەن دامەزراوە، بۆ ساڵانی 2018 و2019 و2020 و2021.

**خشتەی (A 6-14): ڕێژەی داهات بەپێی قەبارەی دامەزراوە و ڕەگەزی خاوەن دامەزراوە، 2018**

| بەهای داهاتەکان (دیناری عێراقی) | کۆ | زۆر بچووک | بچووک | مامناوەند | نێر | مێ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ژمارە | ژمارە | ژمارە | ژمارە |
| کۆمپانیا تازە دامەزراو | 373 | 359 | 14 | 0 | 317 | 56 |
| 1 - 6.000.000 | 527 | 509 | 17 | 1 | 398 | 129 |
| 6.000.000 - 21.000.000 | 681 | 652 | 27 | 2 | 621 | 60 |
| 21.000.001 - 36.000.000 | 231 | 196 | 32 | 3 | 215 | 16 |
| 36.000.001 - 51.000.000 | 94 | 80 | 14 | 0 | 91 | 3 |
| 51.000.001 - 66.000.000 | 37 | 32 | 4 | 1 | 35 | 2 |
| 66.000.001 - 81.000.000 | 16 | 10 | 5 | 1 | 15 | 1 |
| 81.000.001 - 96.000.000 | 14 | 10 | 3 | 1 | 13 | 1 |
| 96.000.000 + | 43 | 27 | 11 | 5 | 42 | 1 |
| **کۆ** | **2016** | **1875** | **127** | **14** | **1747** | **269** |

**خشتەی (B 6-14): ڕێژەی داهات بەپێی قەبارەی دامەزراوەکان و ڕەگەزی خاوەن دامەزراوە، 2019**

| بەهای داهاتەکان (دیناری عێراقی) | کۆ | زۆر بچووک | بچووک | مامناوەند | نێر | مێ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ژمارە | ژمارە | ژمارە | ژمارە |
| کۆمپانیا تازە دامەزراو | 279 | 269 | 9 | 1 | 237 | 42 |
| 1 - 6.000.000 | 677 | 655 | 22 | 0 | 536 | 141 |
| 6.000.000 - 21.000.000 | 645 | 614 | 29 | 2 | 580 | 65 |
| 21.000.001 - 36.000.000 | 223 | 185 | 35 | 3 | 208 | 15 |
| 36.000.001 - 51.000.000 | 84 | 76 | 8 | 0 | 81 | 3 |
| 51.000.001 - 66.000.000 | 35 | 28 | 6 | 1 | 35 | 0 |
| 66.000.001 - 81.000.000 | 16 | 10 | 4 | 2 | 15 | 1 |
| 81.000.001 - 96.000.000 | 14 | 9 | 4 | 1 | 13 | 1 |
| 96.000.000 + | 43 | 29 | 10 | 4 | 42 | 1 |
| **کۆ** | **2016** | **1875** | **127** | **14** | **1747** | **269** |

**خشتەی (C 6-14): ڕێژەی داهات بەپێی قەبارەی دامەزراوە و ڕەگەزی خاوەن دامەزراوە، 2020**

| بەهای داهاتەکان (دیناری عێراقی) | کۆ | زۆر بچووک | بچووک | مامناوەند | نێر | مێ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ژمارە | ژمارە | ژمارە | ژمارە |
| کۆمپانیا تازە دامەزراو | 256 | 249 | 6 | 1 | 219 | 37 |
| 1 - 6.000.000 | 1100 | 1053 | 46 | 1 | 900 | 200 |
| 6.000.000 - 21.000.000 | 441 | 400 | 36 | 5 | 414 | 27 |
| 21.000.001 - 36.000.000 | 103 | 88 | 15 | 0 | 101 | 2 |
| 36.000.001 - 51.000.000 | 34 | 29 | 5 | 0 | 34 | 0 |
| 51.000.001 - 66.000.000 | 22 | 15 | 6 | 1 | 21 | 1 |
| 66.000.001 - 81.000.000 | 16 | 14 | 1 | 1 | 16 | 0 |
| 81.000.001 - 96.000.000 | 25 | 14 | 8 | 3 | 23 | 2 |
| 96.000.000 + | 19 | 13 | 4 | 2 | 19 | 0 |
| **کۆ** | **2016** | **1875** | **127** | **14** | **1747** | **269** |

**خشتەی (D 6-14): ڕێژەی داهات بەپێی قەبارەی دامەزراوە و ڕەگەزی خاوەن دامەزراوە، 2021**

| بەهای داهاتەکان (دیناری عێراقی) | کۆ | زۆر بچووک | بچووک | مامناوەند | نێر | مێ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ژمارە | ژمارە | ژمارە | ژمارە |
| کۆمپانیا تازە دامەزراو | 40 | 35 | 4 | 1 | 35 | 5 |
| 1 - 6.000.000 | 1057 | 1026 | 30 | 1 | 846 | 211 |
| 6.000.000 - 21.000.000 | 604 | 565 | 36 | 3 | 560 | 44 |
| 21.000.001 - 36.000.000 | 166 | 139 | 26 | 1 | 161 | 5 |
| 36.000.001 - 51.000.000 | 53 | 43 | 10 | 0 | 52 | 1 |
| 51.000.001 - 66.000.000 | 25 | 20 | 3 | 2 | 25 | 0 |
| 66.000.001 - 81.000.000 | 17 | 12 | 4 | 1 | 16 | 1 |
| 81.000.001 - 96.000.000 | 15 | 11 | 4 | 0 | 14 | 1 |
| 96.000.000 + | 39 | 24 | 10 | 5 | 38 | 1 |
| **کۆ** | **2016** | **1875** | **127** | **14** | **1747** | **269** |




**شێوەی (A 6-14): دابەشبوونی داهاتی دامەزراوەکان لە ساڵی 2018 تا 2021**

دیارە کە زۆرینەی دامەزراوەکان داهاتیان سنووردارە، لە 6 ملیۆن دینار تێنەپەڕیوە لەو ساڵانەی کە ئاماژیان پێکراوە (شێوەی A 6-14). ئەم داهاتە کەمانەی دامەزراوەکان ئاماژەیە بۆ لایەنێکی سەختی دەستگەیشتن بە قەرز و بەرزبوونەوەی گەرەنتی پێویست و بەڵێننامەی پێویست بۆ زامنکردنی دانەوەی قەرز و سوودەکانی.

ئەوەش بارگرانی زیاتر دروست دەکات بۆ سیاسەت/ بەرنامە داراییەکان کە بۆ دامەزراوەکان دادەنرێن، نەک تەنها سەبارەت بە سوودە داراییەکان، بەڵکو لەڕووی پلاندانانی کار و پلاندانانی دارایی و تێگەیشتن لە سیستمی قەرز.

## 7-14 تێچووی بەگەڕخستنی دامەزراوەکان

شێوەی (A 7-14) ئاماژەیە بۆ ڕێژەی بڕگەی تێچووەکانی بەگەڕخستنی دامەزراوەکان




**شێوەی (A 7-14): دابەشکردنی تێچووی بەگەڕخستنی دامەزراوەکان**

شێوەی (A 7-14) ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بەشی گەورەی تێچووی بەگەڕخستن دەچن بۆ ماددەی سەرەتایی (کەرەستە خاوەکان) بەرێژەی 44%، پاشان هۆیەکانی گواستنەوە بەرێژەی 12%، لەکاتێکدا کە تێچووی وزە (کارەبا، ساردی و گەرمی) تەنها 9%ی تێچووەکان پێدەکهێنێت.

## 8-14 تۆمار و ژمێریاری دروست

ڕووپێوەکە نیشانی دەدات کە زۆربەی دامەزراوەکان تۆماری ژمێریارییان نییە بەرێژەی 92.5% خشتەی (8-14 A).

**خشتەی (A 8-14): هەبوونی تۆمار و ژمێریاری دروست**

| تۆماری هەیە | ژمارە | % | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| نەخێر | 1865 | 92.5 | 1743 | 93 | 113 | 89 | 9 | 64.3 |
| بەڵێ | 151 | 7.5 | 132 | 7 | 14 | 11 | 5 | 35.7 |
| **کۆ** | **2016** | **100** | **1875** | **100** | **127** | **100** | **14** | **100** |

# 15- تێڕوانینیی بازرگانی بۆ داهاتوو (ئایندەی کار)

ئەم بەشە ئاماژەیە بۆ پێوانەکردنی تێڕوانینەکانی بەشدارانی ڕووپێوەکە و هەڵسەنگاندنیان بۆ وێنەی ئایندەی دامەزراوەکانی کار لەرێگەی ئەم پرسانەوە:

- بۆچوونی دامەزراوەکان سەبارەت بە کار لەساڵی داهاتوو.
- ئەو ئاستەنگانەی چاوەڕوان دەکرێت ڕووبەڕووی دامەزراوەکان ببنەوە لە ساڵی داهاتوو.
- ئەو دەرفەتانەی دەکرێت کاریگەری ئەرێنییان هەبێت.

## 1-15 چاوەڕوانییەکانی ساڵی داهاتوو

خاوەنکارەکان ڕوانگەی خۆیان باسکرد بۆ ساڵی داهاتوو، سەبارەت بە ئاستی گۆڕانکاری لە ژینگەی کار لە کەرتەکانی خۆیان و گۆڕانکاری ئابووری و دۆخی ئاسایش و کارەکانیان بە بەراورد بە دامەزراوەکانی تر، خشتەکانی (A 1-15، C 1-15، E 1-15 و G 1-15).

- بۆچوونەکان دابەشبوون لەسەر وێنەی داهاتووی ئابووری و ژینگەی کار لە ساڵی داهاتوو. 55.8% دەڵێن ژینگەی کار خراپتر دەبێت، 66.3% دەڵێن ئابووری بەگشتی پاشەکشە دەکات، هەروەها 40% دەڵێن دۆخی ئاسایش وەک خۆی دەمێنێتەوە (خشتەی A 1-15).

- سەرەڕای ئەمانە، سەبارەت بە پرسیاری چاوەڕوانیان لە کارەکانیان بە بەراوردن بە کەسانی تر، وەڵامەکان بەم شێوەیە بوون: 16.4% چاوەڕان دەکەن کارەکانیان باشتر بێت، و 23.5% خراپتر دەبێت و 33.9% وەک خۆی دەمێنێتەوە (خشتەی G 1-15).
- بەڵام لەسەر ئاستی پارێزگاکان، ڕووپێوەکە نیشانی دەدات کە پارێزگای هەولێر زیاتر گەشبینە بە باشتربوونی "دۆخی ئابووری" و "ژینگەی کار"، بە بەراورد بە پارێزگای سلێمانی کە زیاتر ڕەشبینە لەناو چوار پارێزگاکە، وەک نیشاندراوە لە خشتەکانی (B 1-15، D 1-15، F 1-15 وH 1-15).
- یەکێک لە دیارترین خاڵەکانی جیاوازی لەنێوان ڕەگەزەکان، ئەوەیە کە مێ گەشبینترن لە نێر لە هەموو بوارەکانی چاوەڕوانی لە ئایندە و پرسیارەکانی ئەم بوارە لەم ڕووپێوەدا.

**خشتەی (A 1-15): تێڕوانینەکانی خاوەن دامەزراوەکان سەبارەت بە ژینگەی گشتی کار لە کەرتەکانیان لە ساڵی داهاتوو، بەپێی قەبارەی دامەزراوە**

| ئاستی ژینگەی گشتی کار لە کەرتی کارەکەت | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| چاوەڕوانی | ژمارە | % | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| دادەبەزێت | 1124 | 55.8 | 1049 | 55.9 | 68 | 53.6 | 7 | 50.0 |
| وەک خۆی دەمێنێتەوە | 381 | 18.9 | 360 | 19.2 | 20 | 15.7 | 1 | 7.1 |
| باشتر دەبێت | 299 | 14.8 | 272 | 14.5 | 23 | 18.1 | 4 | 28.6 |
| نازانم | 212 | 10.5 | 194 | 10.3 | 16 | 12.6 | 2 | 14.3 |
| **کۆ** | **2016** | **100** | **1875** | **100** | **127** | **100** | **14** | **100** |

**خشتەی (B 1-15): تێڕوانینەکانی خاوەن دامەزراوەکان سەبارەت بە ژینگەی گشتی کار لە کەرتەکانیان لە ساڵی داهاتوو، بەپێی پارێزگا و ڕەگەز**

| ئاستی ژینگەی گشتی کار لە کەرتی کارەکەت | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| چاوەڕوانی | پارێزگا | | | | | | | | ڕەگەز | | | |
| | هەولێر | | سلێمانی | | هەولێر | | سلێمانی | | نێر | | مێ | |
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| دادەبەزێت | 342 | 50.0 | 498 | 67.3 | 18 | 45.0 | 266 | 48.2 | 996 | 57.0 | 128 | 47.6 |
| وەک خۆی دەمێنێتەوە | 167 | 24.4 | 101 | 13.6 | 10 | 25.0 | 103 | 18.7 | 340 | 19.5 | 41 | 15.2 |
| باشتر دەبێت | 137 | 20.0 | 82 | 11.1 | 6 | 15.0 | 74 | 13.4 | 225 | 12.9 | 74 | 27.5 |
| نازانم | 38 | 5.6 | 59 | 8.0 | 6 | 15.0 | 109 | 19.7 | 186 | 10.6 | 26 | 9.7 |
| **کۆ** | **684** | **100** | **740** | **100** | **40** | **100** | **552** | **100** | **1747** | **100** | **269** | **100** |

**خشتەی (C 1-15): تێروانینەکانی خاوەن دامەزراوەکان سەربارەت بە ئابووری بەگشتی لە ساڵی داهاتوو، بەپێی قەبارەی دامەزراوە**

| ئابووری بەگشتی | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| چاوەڕوانی | ژمارە | % | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| دادەبەزێت | 1336 | 66.3 | 1244 | 66.3 | 84 | 66.2 | 8 | 57.1 |
| وەک خۆی دەمێنێتەوە | 315 | 15.6 | 294 | 15.7 | 20 | 15.7 | 1 | 7.1 |
| باشتر دەبێت | 215 | 10.7 | 193 | 10.3 | 18 | 14.2 | 4 | 28.6 |
| نازانم | 150 | 7.4 | 144 | 7.7 | 5 | 3.9 | 1 | 7.1 |
| **کۆ** | **2016** | **100** | **1875** | **100** | **127** | **100** | **14** | **100** |

**خشتەی (D 1-15): تێروانینەکانی خاوەن دامەزراوەکان سەربارەت بە ئابووری بەگشتی لە ساڵی داهاتوو، بەپێی پارێزگا و ڕەگەز**

| ئابووری بەگشتی | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| چاوەڕوانی | پارێزگا | | | | | | | | ڕەگەز | | | |
| | هەولێر | | سلێمانی | | هەولێر | | سلێمانی | | نێر | | مێ | |
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| دادەبەزێت | 424 | 62.0 | 553 | 74.7 | 29 | 72.5 | 330 | 59.8 | 1180 | 67.5 | 156 | 58.0 |
| وەک خۆی دەمێنێتەوە | 132 | 19.3 | 88 | 11.9 | 4 | 10.0 | 91 | 16.5 | 268 | 15.3 | 47 | 17.5 |
| باشتر دەبێت | 105 | 15.4 | 51 | 6.9 | 5 | 12.5 | 54 | 9.8 | 170 | 9.7 | 45 | 16.7 |
| نازانم | 23 | 3.4 | 48 | 6.5 | 2 | 5.0 | 77 | 13.9 | 129 | 7.4 | 21 | 7.8 |
| **کۆ** | **684** | **100.0** | **740** | **100** | **40** | **100** | **552** | **100** | **1747** | **100** | **269** | **100** |

**خشتەی (E 1-15): تێروانینەکانی خاوەن دامەزراوەکان سەربارەت بە دۆخی ئاسایش لە ساڵی داهاتوو، بەپێی قەبارەی دامەزراوە**

| دۆخی ئاسایش | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| چاوەڕوانی | ژمارە | % | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| دادەبەزێت | 388 | 19.2 | 352 | 18.8 | 34 | 26.8 | 2 | 14.3 |
| وەک خۆی دەمێنێتەوە | 807 | 40.0 | 763 | 40.7 | 40 | 31.5 | 4 | 28.6 |
| باشتر دەبێت | 606 | 30.1 | 560 | 29.9 | 41 | 32.2 | 5 | 35.7 |
| نازانم | 215 | 10.7 | 200 | 10.7 | 12 | 9.5 | 3 | 21.4 |
| **کۆ** | **2016** | **100** | **1875** | **100** | **127** | **100** | **14** | **100** |

**خشتەی (F 1-15): تێروانینەکانی خاوەن دامەزراوەکان سەربارەت بە دۆخی ئاسایش لە ساڵی داهاتوو، بەپێی پارێزگا و ڕەگەز**

| دۆخی ئاسایش | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| چاوەڕوانی | پارێزگا | | | | | | | | ڕەگەز | | | |
| | هەولێر | | سلێمانی | | هەولێر | | سلێمانی | | نێر | | مێ | |
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| دادەبەزێت | 95 | 13.9 | 212 | 28.6 | 2 | 5.0 | 79 | 14.3 | 335 | 19.2 | 53 | 19.7 |
| وەک خۆی دەمێنێتەوە | 312 | 45.6 | 284 | 38.4 | 24 | 60.0 | 187 | 33.9 | 707 | 40.5 | 100 | 37.2 |
| باشتر دەبێت | 241 | 35.2 | 153 | 20.7 | 14 | 35.0 | 198 | 35.9 | 524 | 30.0 | 82 | 30.5 |
| نازانم | 36 | 5.3 | 91 | 12.3 | 0 | 0.0 | 88 | 15.9 | 181 | 10.4 | 34 | 12.6 |
| **کۆ** | **684** | **100** | **740** | **100** | **40** | **100** | **552** | **100** | **1747** | **100** | **269** | **100** |

**خشتەی (G 1-15): تێروانینەکانی خاوەن دامەزراوەکان سەربارەت بە بەراوردکردنی کارەکانیان بە دامەزراوە کبرکێکارەکان، بەپێی قەبارەی دامەزراوە**

| کارەکەت بەراورد بە دامەزراوە کێبرکێکارەکانت | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| چاوەڕوانی | ژمارە | % | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| دادەبەزێت | 473 | 23.5 | 455 | 24.3 | 17 | 13.4 | 1 | 7.1 |
| وەک خۆی دەمێنێتەوە | 683 | 33.9 | 644 | 34.3 | 35 | 27.6 | 4 | 28.6 |
| باشتر دەبێت | 330 | 16.4 | 285 | 15.2 | 38 | 29.9 | 7 | 50.0 |
| نازانم | 530 | 26.3 | 491 | 26.2 | 37 | 29.1 | 2 | 14.3 |
| **کۆ** | **2016** | **100** | **1875** | **100** | **127** | **100** | **14** | **100%** |

**خشتەی (H 1-15): تێروانینەکانی خاوەن دامەزراوەکان سەربارەت بە بەراوردکردنی کارەکانیان بە دامەزراوە کبرکێکارەکان، بەپێی پارێزگا و ڕەگەز**

| کارەکەت بەراورد بە دامەزراوە کێبرکێکارەکانت | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| چاوەڕوانی | پارێزگا | | | | | | | | ڕەگەز | | | |
| | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆک | | نێر | | مێ | |
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| دادەبەزێت | 110 | 16.1 | 255 | 34.5 | 12 | 30.0 | 96 | 17.4 | 413 | 23.6 | 60 | 22.3 |
| وەک خۆی دەمێنێتەوە | 267 | 39.0 | 238 | 32.2 | 14 | 35.0 | 164 | 29.7 | 595 | 34.1 | 88 | 32.7 |
| باشتر دەبێت | 129 | 18.9 | 108 | 14.6 | 6 | 15.0 | 87 | 15.8 | 267 | 15.3 | 63 | 23.4 |
| نازانم | 178 | 26.0 | 139 | 18.8 | 8 | 20.0 | 205 | 37.1 | 472 | 27.0 | 58 | 21.6 |
| **کۆ** | **684** | **100** | **740** | **100** | **40** | **100** | **552** | **100** | **1747** | **100** | **269** | **100** |

## 2-15 ئاستەنگ و دەرفەتەکان

خشتەکانی (15-2 A) و(15-2 B) تیشک دەخەنە سەر بۆچوونی دامەزراوەکان سەبارەت بە ئاستەنگ و دەرفەتەکان و جۆری پاڵپشتی داواکراو بۆ پەرەپێدانی دامەزراوەکان.

هەموو پارێزگاکان بەرێژەی 90.9% هاوڕابوون کە دۆخی سەختی ئابووری، گەورەترین ئاستەنگە کە ڕووبەڕووی دامەزراوەکان ببێتەوە لە ساڵی داهاتوودا.

سەبارەت بە جۆری هاوکاریی حکومەت بۆ باشترکردنی کاری دامەزراوەکان، وەڵامەکان خراونەتەڕوو لە خشتەکانی (15-2 B) و (15-2 C)، ئەمەی خوارەوەش گرنگترین داواکارییەکانن.

- 23.2% دابینکردنی قەرزی دارایی
- 19.1% پەرەپێدانی ژێرخان (کارەبا، ئاو، ئاوەڕۆ)
- 11.0% دابینکردنی کەرەستەی خاو بۆ بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری.

دەرکەوت کە جیاوازی بەرچاو نییە لەنێوان ئەم دوو وەڵامە لەســەر ئاســتی پارێزگاکان یان بەپێی ڕەگەز (خشتەی 15-2 C).

**خشتەی (15-2 A): گرنگترین ئاستەنگەکان کە ڕووبەڕووی کارەکەت دەبێتەوە لە ساڵی داهاتوودا، بەپێی پارێزگا**

| ئاستەنگەکان | کۆ | % | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆک | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| باری ئابووری * | 1832 | 90.9 | 633 | 92.5 | 717 | 96.9 | 40 | 100 | 442 | 80 |
| باری ئاسایش | 87 | 4.3 | 35 | 5.1 | 9 | 1.2 | 0 | 0 | 43 | 8 |
| هیچ شتێك | 57 | 2.8 | 3 | 0.5 | 0 | 0 | 0 | 0 | 54 | 10 |
| نازانم | 40 | 2.0 | 13 | 1.9 | 14 | 1.9 | 0 | 0 | 13 | 2 |
| **کۆ** | **2016** | **100** | **684** | **100** | **740** | **100** | **40** | **100** | **552** | **100** |

* باری ئابووری ئاماژەیە بۆ بەرزبوونەوەی نرخەکان، بەرزبوونی باج، بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی، بەرزبوونەوەی کرێ و نرخی دۆلار و کەرەستە خاوەکان، سەرباری قەیرانە ئابوورییەکان.

**خشتەی (B 2-15): بۆچوونی خاوەن دامەزراوەکان لەسەر جۆری پاڵپشتی حکومەت بۆ باشترکردنی کار بەپێی قەبارەی دامەزراوە (چەند وەڵام)**

| جۆری پاڵپشتی داواکراو | کۆ | | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| قەرزی دارایی | 1056 | 23.2 | 990 | 23.5 | 59 | 20.1 | 7 | 18.4 |
| پەرەپێدانی ژێرخان (کارەبا، ئاو، ئاوەڕۆ) | 870 | 19.1 | 809 | 19.2 | 53 | 18.0 | 8 | 21.1 |
| دابینکردنی کەرەستەی خاو بۆ بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری | 501 | 11.0 | 454 | 10.8 | 41 | 13.9 | 6 | 15.8 |
| پاراستنی بەرهەمی ناوخۆ | 478 | 10.6 | 434 | 10.3 | 39 | 13.3 | 5 | 13.2 |
| باشترکردنی دۆخی ئاسایش | 428 | 9.4 | 403 | 9.5 | 22 | 7.5 | 3 | 7.9 |
| پاڵپشتیکردنی بەرنامەی خۆراکی گشتی | 405 | 8.9 | 373 | 8.8 | 29 | 9.9 | 3 | 7.9 |
| ئاسانکردنی ڕێکارە فەرمییەکان(ڕۆتین) | 347 | 7.6 | 309 | 7.3 | 35 | 11.9 | 3 | 7.9 |
| شوێنی هەمیشەیی و گونجاو بۆ کارەکان | 245 | 5.4 | 236 | 5.6 | 7 | 2.4 | 2 | 5.3 |
| ڕێکخستنی پێشانگا و وۆرکشۆپەکان | 70 | 1.5 | 67 | 1.6 | 2 | 0.7 | 1 | 2.6 |
| هیتر | 150 | 3.3 | 143 | 3.4 | 7 | 2.4 | 0 | 0.0 |
| **کۆ** | **4550** | **100** | **4218** | **100** | **294** | **100** | **38** | **100** |

**خشتەی (C 2-15): بۆچوونی خاوەن دامەزراوەکان لەسەر جۆری پاڵپشتی حکومەت بۆ باشترکردنی کار بەپێی پارێزگا و ڕەگەز**

(چەند وەڵام)

| جۆری پاڵپشتی داواکراو | پارێزگا | | | | | | | | ڕەگەز | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆك | | نێر | | مێ | |
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| قەرزی دارایی | 366 | 26 | 383 | 20.4 | 20 | 16.7 | 287 | 25 | 913 | 23.1 | 143 | 24.2 |
| پەرەپێدانی ژێرخان (کارەبا، ئاو، ئاوەڕۆ) | 272 | 19.3 | 380 | 20.3 | 19 | 15.8 | 199 | 17.4 | 751 | 19 | 119 | 20.1 |
| دابینکردنی کەرەستەی خاو بۆ بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری | 127 | 9 | 233 | 12.4 | 20 | 16.7 | 121 | 10.6 | 443 | 11.2 | 58 | 9.8 |
| پاراستنی بەرهەمی ناوخۆ | 111 | 7.9 | 215 | 11.5 | 22 | 18.3 | 130 | 11.3 | 419 | 10.6 | 59 | 10 |
| باشترکردنی دۆخی ئاسایش | 121 | 8.6 | 152 | 8.1 | 4 | 3.3 | 151 | 13.2 | 386 | 9.8 | 42 | 7.1 |
| پاڵپشتیکردنی بەرنامەی خۆراکی گشتی | 152 | 10.8 | 181 | 9.7 | 11 | 9.2 | 61 | 5.3 | 367 | 9.3 | 38 | 6.4 |
| ئاسانکردنی ڕێکارە فەرمییەکان(ڕۆتین) | 123 | 8.7 | 142 | 7.6 | 10 | 8.3 | 72 | 6.3 | 328 | 8.3 | 19 | 3.2 |
| شوێنی هەمیشەیی و گونجاو بۆ کارەکان | 84 | 6 | 125 | 6.7 | 5 | 4.1 | 31 | 2.7 | 173 | 4.4 | 72 | 12.2 |
| ڕێکخستنی پێشانگا و وۆرکشۆپەکان | 19 | 1.4 | 34 | 1.8 | 5 | 4.2 | 12 | 1.1 | 46 | 1.2 | 24 | 4.1 |
| هیتر | 34 | 2.4 | 30 | 1.6 | 4 | 3.3 | 82 | 7.2 | 133 | 3.4 | 17 | 2.9 |
| **کۆ** | **1409** | **100** | **1875** | **100** | **120** | **100** | **1146** | **100** | **3959** | **100** | **591** | **100** |

# بەشی سێیەم: ڕاسپاردەکانی ڕووپێوی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند لە هەرێمی کوردستان 2022

## ژینگەی کارکردنی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند

### دیدگای 2030، وەزارەتی پلاندانان

یەکێک لە گرنگترین بەرایییەکانی دیدگای 2030، پەرەپێدانی کەرتی تایبەتی چالاکە بۆ ئەوەی بتوانێت دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند توانادار بکات و ڕۆڵی پێشڕەوییان پێبدات لە دروستکردنی هەلی کاری بەردەوام، ئەمەش پاڵپشت دەبێت بە ژینگەیەکی کاری کێبڕکێکار بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنان.
بەدیاریکراوی، پایەی سێ "ئابووری و بەرهەمهێنان" لە دیدگای 2030 هەرێمی کوردستانی عێراق ئەولەویەتە نیشتیمانییەکان دیاری دەکات لە ژمارە 8 بۆ 11. ئەنجامەکان و ئاستەنگەکانی ڕووپێوی هەرێمی کوردستان، زۆر گرنگن بۆ ئەم پرۆسەیە، بەتایبەتی سەبارەت بە داڕشتنی سیاسەت و بەرنامەکان بۆ دامەزراوەکانی کار.

چوارچێوەی 1

--------------

دیدگای 2030 دوانزە بەرایی ( ئەولەویەتی) هەرێمی دیاریکردووە.




سەرچاوە: دیدگای **2030** هەرێمی کوردستان – وەزارەتی پلاندانان

## پایەکان و بەراییەکانی دیدگای 2030 هەرێمی کوردستان

دیدگاکە جەخت دەخاتە سەر بەدیهێنانی بوژانەوەی ئابووری لەڕێگەی جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی گەشەی بەردەوام. دیدگاکە جەخت دەخاتە سەر ڕۆڵی کەرتی تایبەت، وەک بەشدارێکی سەرەکیی لە پەرەپێدانی بنەماکانی ئابوورییەکی هەمەجۆر، هەروەها دانانی پلانەکانی حکومەت بۆ داڕشتن و جێبەجێکردنی چاکسازییە پێویستەکان بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە. ئامانجە دیاریکراوەکان لە دیدگای 2020 بەدیدەهێنرێن، کە کورت دەبنەوە لە بەدیهێنانی ئاستێکی بەرزتری بەشداری کەرتی تایبەت لەڕێگەی:

**"کەرتی تایبەتی هەمەجۆر و پێشەنگی کراوە بەڕووی جیهاندا"**

پێشبینی دەکرێت کەرتی تایبەت بەشدار و سوودمەند بێت لە بایەخدان بە خاوەنکاریی و بەرهەمهێنان و پرۆژەکانی تواناداركردنی دامەزراوەکان.

بوارەکان دیاریکراون کە پێویستیان بە بەرەوپێشبردن هەیە بۆ مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی دیدگای 2020 و بەردەوامبوون بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی 2030 لەلایەن وەزارەتی پلاندانان بەم شێوەیەی خوارەوە:

**دروستکردنی هەرێمێکی گەشەسەندوو لەڕووی ئابوورییەوە – تواناداركردنی کەرتی تایبەت بۆ گەشەکردن**

| بوارە ستراتیژییە سەرەکییەکان | ئەولەویەتەکان |
|---|---|
| أ) قەرزکردن (دابینکردنی دارایی)ی ناوخۆیی | أ) باشترکردنی ژینگەی یاسایی و ڕێکخستنی کەرتی تایبەت |
| ب) بەدەستهێنانی زەوی | ب) بەهێزکردنی کرانەوە بەسەر ئابووری جیهانیی |
| ج) ڕێکارەکانی دامەزراندن و داخستنی کۆمپانیا | ج) باشترکردنی سیستمی بانکیی و دارایی |
| د) ڕێوشوێن و ژێرخان | د) باشترکردنی پرۆسەی تۆمارکردنی زەوی و بەکارهێنانی |
| هـ) بەردەستبوونی کرێکاری ناوخۆیی راهێنراو | هـ) دروستکردنی ناوچەی تایبەتی گەشەی ئابووری |
| | و) دابینکردنی هەل بۆ دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند |
| | ز) زیادکردنی هەلی کار بەتایبەتی بۆ ئافرەتان |
| | ح) هاندانی گەشتوگوزار |
| | خ) زیادکردنی بەردەستبوونی داتا و زانیاری |

سەرچاوە: دیدگای **2020** هەرێمی کوردستان – وەزارەتی پلاندانان، لاپەڕە 29 – 37

## ڕەچاوکردنە سەرەکییەکان

ئەنجامەکانی ڕووپێوی دامەزراوکان 2022 داتابەیسێکی ناوەندیی بەردەست دەخات بۆ بەشداریکردن لە دۆزینەوەی داتای پێویست و پێشکەشکردنی هاوکاریی پێویست و ئاراستەکردنی چاکسازییە ستراتیژییەکانی پایەی سێیەم، تایبەت بە دیدگای هەرێمی کوردستان 2030. ئەمانەی خوارەوە ڕەچاوکردنە سەرەکییەکانن:

- باشترکردنی مەرجە یاساییەکان و پرۆسەی دەستپێکردنی کاری بازرگانی و وەبەرهێنان لە هەرێم.
- باشترکردنی ئەدای وەزارەت و فەرمانگەکان کە ڕێکخەری ئابوورین و خزمەتگوزارییەکان پێشکەش دەکەن بە کەرتی تایبەت و هاووڵاتیان بەگشتی.
- باشترکردنی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە داراییەکان و خزمەتگوزارییەکانی پەرەپێدانی کار.
- پەرەپێدانی کارامەییەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان لەسەر ئاستی دامەزراوەکان.
- بەهێزکردنی نوێنەرایەتی کەرتی کار لەڕێگەی هاوبەشیی لەگەڵ کۆمەڵەکان و تۆڕەکان.
- باشترکردنی بازرگانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و ئاسانکردنی سووڕی دابینکاری و کەمکردنەوەی تێچووەکان و کارئاسانی بۆ هەناردەکردن.
- باشترکردنی کواڵیتی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان لەڕێگەی هاندانی کێبڕکێی ناوخۆیی بۆ بەدیهێنانی کواڵیتی لەسەر ئاستی هەناردەکردن.
- باشترکردنی سیاسەتەکانی وەبەرهێنان لەسەر هەردوو ئاستی ناوەندیی و خۆجێی، لەڕێگەی بایەخدان بەو کەرتانەی کاریگەری گەورەتریان هەیە لەسەر گەشەی ئابووری و دروستکردنی هەلی کار.
- هاندانی کارگێڕی گشتی بۆ بەدەنگەوەچوونی پێداویستییەکانی دامەزراوەکان. گونجاندنی ئامرازەکانی سیاسەتە گشتییەکان لەگەڵ پێداویستییەکانی دامەزراوەکان و کارئاسانی بۆ بەشداریکردنیان لە پرۆسەی گرێبەستکردنە گشتییەکان.
- ژینگەی بەکارخستن ، بەردەوام ئاستەنگی سەرەکییە لەپێش گەشەی دامەزراوەکان. پێویستە ئەم دامەزراوانە توانادار بکرێن بۆ گۆڕینی ئەم ئاستەنگانە بە دەرفەت.
- هاندان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوەکان بۆ سوودمەندبوون لە گەشەی بازاڕ.

- پێشکەشکردنی پاڵپشتیی بۆ دامەزراندن و گەشەی تۆڕەکان و کۆمەڵەکان، کە دەتوانن تەکنیک و پرۆسە و بەرهەمی نوێ دابین بکەن بۆ دامەزراوەکان و ئاسانکاری بکەن بۆ دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکان.
- زۆربەی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان (60%) تۆمارنەکراون و پابەندنین بە ئەرکە یاساییەکان و پرۆسەکانی ئێستا، چونکە هەست ناکەن پەیوەندیی بەوانەوە هەبێت.
- ڕووپێوی دامەزراوەکان پشتڕاستی کردەوە کە کێشەی کەمیی کارامەییە پێویستەکان هەیە، ئەمەش پێویستی بە دانانی پلانی هەمەلایەن هەیە بۆ بەرزکردنەوەی کارامەییە تەکنیکییەکان و کارامەییەکانی کار و بەڕێوەردنی پرۆژە.
- پێداویستی هەیە بۆ هاندانی دامەزراوەکان بۆ تۆمارکردن. تۆمارنەکردن دامەزراوەکان بێبەش دەکات لە دەرفەتی پەرەپێدان و گەشە. پرۆسەی تۆمارکردن گرنگە بۆ دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت، چونکە ئەمە پاڵپشتی دامەزراوەکان دەکات بۆ دەستگەیشتن بە دارایی و قەرز و پەرەپێدانی کار. لەبەرئەوە پێویستە حکومەت ڕێکاری پێویست بگرێتە بەر بۆ زیادکردنی ڕێژەی تۆمارکردنی دامەزراوەکان.

## ڕاسپاردەکان

ئەم بەشانەی خوارەوە پوختەیەک پێشکەش دەکەن لەسەر ئەنجامە سەرەکییەکان، ئاستەنگەکان و ڕاسپاردە گرنگەکان بۆ کاردانەوە بەرامبەر بەم ئاستەنگانە.

## دامەزراندن و سەرچاوە مرۆییەکان – ئاستەنگ و راسپاردەکان

دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند بزوێنەری گرنگی ئابوورین بۆ بەدیهێنانی گەشەی ئابووری لە هەرێمی کوردستان، بە لەبەرچاوگرتنی رێژەی بەشدارییان لە دروستکردنی داهات، دۆزینەوەی دەرفەتی کار و بەشداریکردن لە کۆبەرهەمی ناوخۆیی. ئەم بەشە باسی ئەنجامە سەرەکییەکان دەکات سەبارەت بە سەرچاوە مرۆییەکان، لەوانە قەبارەی کار و هێزی کار، دابەشبوونی هێزی کار بەپێی چالاکی ە ئابوورییەکان و سەرچاوەکان و ئامرازەکانی دامەزراندن و راهێنانی کارمەندان.

داتا کۆکراوەکان نیشانی دەدەن کە دامەزراوە تۆمارنەکراوەکان خاوەن هەژموونن بەسەر کەرتی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند، ئەمەش ئاماژەیە بۆ هەبوونی جیاوازییەکی روون لەنێوان ژمارەی کارمەندانی نێر و مێ، هەروەها بۆ لاوازیی پرۆسەی بەکارخستن، سیستمی بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆیی و داراییەکان و سنوورداری پلانەکانی راهێنان.

پاڵپشت بە ئەنجامەکانی رووپێوەکە لەم بوارەدا، ئەم ئاستەنگانە دیاریکران، کە پێویستە بە هەند وەربگیرێن لەهەر راسپاردە، سیاسەت یان بەرنامەیەکی داهاتوودا.

### ئەنجامە سەرەکییەکان

ئەنجامەکان ئەم توخمە سەرەکییانە لەخۆدەگرن:

- پۆلێنکردنی دامەزراوەکان و پرۆسەی دامەزراندن
- جۆری کارمەندان
- ئاستی پەروەردە و خوێندنی کارمەندان
- تەمەنی کارمەندان
- جۆری کار
- سەرچاوەکانی دامەزراندن
- راهێنانی کارمەندان

### أ. پۆلێنکردنی دامەزراوەکان و پرۆسەی دامەزراندن

- دامەزراوە تۆمارنەکراوەکان زۆینەی نموونەکە پێکدەهێنن، 1205 دامەزراوە و بەرێژەی (59.8%)، دامەزراوە تۆمارکراوەکان 811 دامەزراوەن بەرێژەی 40.2%.
- کۆی ژمارەی کارمەندانی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند کە لە ڕووپێوەکە دەرکەوتووە، گەیشتە 3812 کارمەند، لەوانە 3313 نێر بەرێژەی (86.9%) و 499 مێ بەرێژەی (13.1%).
- کۆی ژمارەی کارمەندانی کە دەوامی تەواو دەکەن ( 3327 کارمەند بوو، (2906 نێر بەرێژەی (76.2%) و 421 مێ بەرێژەی (11%). کۆی کارمەندانی کە دەوامی تەواو ناکەن 485 کارمەند بوو (407 نێر بەرێژەی (10.7%) و 78 مێ بەرێژەی (2%)).

### ب. ئاستی پەروەردە و خوێندنی کارمەندانی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند

- (49.9%) دامەزراوەکان دەڵێن ئاستی خوێندنی کارمەندانیان (ناوەندی/دواناوەندی)یە، هەروەها (32.2%) دەڵێن کارمەندانیان خوێندنی فەرمییان نییە. ئەنجامەکان نیشانی دەدەن کە (9.8%) لە دامەزراوەکان کارمەندیان هەیە کە هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیین. ڕێژەی ئەو دامەزراوانەی کارمەندانیان بڕوانامەی ناوەندەکانی ڕاهێنانیان هەیە دەگاتە تەنها (0.8%).

### ت. تەمەنی کارمەندان

ڕێژەی گروپە سەرەکییەکانی تەمەنی کارمەندان بەم شێوەیەی خوارەوەیەن:

- 816 کارمەند (21.4%) لەنێوان 25 و 34 ساڵ.
- 1087 کارمەند (28.5%) لەنێوان 35 و 44 ساڵ.
- 987 کارمەند (25.8%) لەنێوان 45 و 54 ساڵ.

### ث. پێگەی کار (پۆست)

- ڕووپێوەکە نیشانی دەدات کە کارمەندانی تەکنەلۆجیای زانیاری کەمترین هەلی کاریان هەبووە لە نموونەی ڕووپێوەکە تەنها 9 کارمەند (1.1%)؛ لەکاتێکدا کرێکاری ناکارامە زۆرینە بوون 347 (41.5%).
- ڕووپێوەکە دەریدەخات کە کارە پێویست و داواکراوەکان بۆ دامەزراوەکان چڕبوونەتەوە لەسەر توێژی "کرێکاری کارامە بۆ کەرتە تەکنیکیی/پیشەسازییەکان" بەریژەی (50.6%).

## ج. سەرچاوەکانی دامەزراندن (بەکارخستن)

- ڕووپێوەکە نیشانی دەدات کە زۆرینەی وەڵامەکانی ئەم پرسیارە کە ژمارەیان دەگاتە 113 وەڵام (66.1%) سەرچاوەی کەسیی بە باشترین سەرچاوەی بەکارخستن دەزانن. زۆرینەی دامەزراوەکان دامەزراندن لەڕێگەی سەرچاوەی پەیوەندیی کەسییەوە ئەنجام دەدەن، چونکە ئەمە تێچووی نییە و زامنی دۆزینەوەی کەسی خۆجێی دەکات کە پەیوەندییان هەیە بە ئەرکە داواکراوەکان و ئامادەن ئەگەر پێویستی کرد کاتژمێری زۆر کاربکەن.

## ح. ڕاهێنانی کارمەندان

- زۆرینەی دامەزراوەکان (38.1%) دەڵێن کارمەندەکانیان پێویستیان بە پەرەپێدانی توانا کردەیی و پیشەییەکانیان هەیە.
- هەموو دامەزراوەکان (ئەوانەی ئەم پرسیارەیان لێکرا لە ڕووپێوەکەدا) دەڵێن هیچ جۆرە ڕاهێنانێک پێشکەش ناکەن بە کارمەندانیان. سەرەڕای دیاریکردن و تێگەیشتن لە پێداویستی ڕاهێنان و پەرەپێدان و باشترکردنی زانیاریی و شارەزایی و کارامەییەکانی کارمەندان، بەڵام هەموو دامەزراوەکانی ڕووپێوەکە هیچ جۆرە بەرنامەیەکی ڕاهێنان پێشکەش ناکەن، هۆکاری ئەمە لەوانەیە نەبوونی توانا و سەرچاوەی دارایی بێت.

# ئاستەنگ و ڕاسپاردەکان

ڕووپێوەکە ئاستەنگە سەرەکییەکانی دیاریکرد کە ڕووبەڕووی بەکارخستن و هێزی کار دەبنەوە، بە ئامانجی پێشکەشکردنی ڕاسپاردەی پێویست بۆ چارەسەرکردنیان و دروستکردنی ژینگەیەکی کار کە ببێتە هۆی بەهێزکردنی دامەزراندن لە کەرتی تایبەت.

## ئاستەنگە سەرەکییەکان

### لاوازیی پاڵپشتیی بۆ دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند

- لاوازیی پاڵپشتیکردنی دامەزراندنی کار (حاضنات الاعمال - business incubators) لە هەرێمی کوردستان و لاوازی پاڵپشتیی پێشکەشکراو بە دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند، ئەمەش یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی ئابووری بۆ دروستکردنی هەلی کار.
- لاوازیی پاڵپشتیی فەرمانگە پەیوەندارەکانی حکومەت بۆ پرۆسەکانی بەکارخستن لە کەرتی تایبەت.

### بازاڕی هێزی کاری نافەرمیی

- خاوەن دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند زیاتر مەیلیان هەیە بۆ گرێبەستی کاری ئازاد، یان تۆمارنەکردنی کارمەندانیان، یان پەنابردنە بەر ڕێگەی تر بۆ کەمکردنەوەی خەرجییە جێگیرەکانیان. لاوازیی هاندەرە پێشکەشکراوەکانی فەرمانگەکانی حکومەت (هاندەری باج، لێخۆشبوونی گومرگ، بەرنامەکانی ڕاهێنان) بە دامەزراوەکان بۆتە هۆی دروستبوونی دەرفەتی کاری نافەرمی و پشتبەستنی دامەزراوەکان بە بازاڕی کاری نافەرمیی.

### لاوازیی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا و لاوازیی سیستمی بەڕێوەبردنی سەرچاوە دارایی و مرۆییەکان لە دامەزراوەکان

- زۆرینەی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند بایەخ نادەن بە "تەکنەلۆجیای زانیاری" و تێگەیشتنی باشیان نییە لە گرنگییەکەی. هەر لەم ڕوانگەیەوە، پۆستەکانی "سەرچاوە مرۆییەکان" و "ژمێریاری" زۆر باو نین، ئەمەش لە ئەنجامی لاوازیی پلاندانان و ڕێکخستنی کارگێڕیی دامەزراوەکان.
- دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند بایەخی کەمتر دەدەن بە بەڕێوەبردنی سەرچاوە دارایی و مرۆییەکان، بەڵکو کارە ڕۆژانەییەکانی دامەزراوەکان و ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکان بەبێ ڕەچاوکردنی پلاندانان بۆ مەودای مامناوەند و دوور ئەنجام دەدرێن.

### دەگمەنی کارمەندی کارامە و تێچووەکەی

- دۆزینەوەی پاڵێوراوی گونجاو بۆ پۆستە بەتاڵەکان یەکێکە لە ئاستەنگەکان کە ڕووبەڕووی دامەزراوەکان دەبێتەوە، لەبەر چەندین هۆکار، لەوانە:
  - بەرزیی کرێی کرێکاری کارامە بارگرانی دروست دەکات لەسەر دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند، بەتایبەت لەکاتێکدا کە دەستگەیشتن بە دارایی و قەرزی بانک زۆر سەختە و هیچ پاڵپشتییەک نییە لەلایەن فەرمانگە حکومییەکانەوە.
  - گواستنەوەی کرێکاری کارامە بۆ دامەزراوە گەورە و بیانییەکان کە توانایان هەیە مووچەی باشتریان پێبدەن بە بەراورد بە دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند.
  - زۆربەی دامەزراوەکان ڕێکاری ڕوونیان نییە بۆ پرۆسەی بەکارخستن، زیاتر پشت دەبەستن بە پرۆسەی چاوپێکەوتنی خێرا کە بەم ڕێگەیە ناتوانن پاڵێوراوی گونجاو دیاری بکەن بۆ پۆستەکە.

### بونیاتنانی تواناکان (ڕاهێنان و پەرەپێدانی کارامەییەکان)

- دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند بودجەی پێویستیان نییە بۆ ڕاهێنانی کارمەندان و بەرزکردنەوەی کارامەییەکانیان، ئەمەش دەبێتە هۆی ڕۆیشتن یان گۆڕینیان.
- ناتەبایی سیستمی خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی و تەکنیی لەگەڵ پێداویستییەکانی بازاڕی کار.

### ڕاسپاردە سەرەکییەکان

لاوازیی هاندەرە حکومییە پێشکەشکراوەکان بە دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند، لاوازیی سیستمی بەڕێوەبردنی سەرچاوە دارایی و مرۆییەکان، بەشێکن لە ئاستەنگە سەرەکییەکان بۆ چالاکی ەکانی دامەزراوەکان. زۆر گرنگە ئەم پرسانە چارەسەر بکرێن، بۆ زامنکردنی بەردەوامی دامەزراوەکان و گەشەکردنیان. ئەمانەی خوارەوە ڕاسپاردە سەرەکییەکانن:

### دروستکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ بە فەرمیکردنی دامەزراوەکان

- پێویستە لایەنە حکومەییەکان هاندان پێشکەش بکەن بۆ کەمکردنەوەی تێچووی تۆمارکردن و بەفەرمیکردنی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند، هەروەها ئاسانکاریان بۆ بکرێت بۆ گواستنەوە لە ئابووری سێبەر یان هاوتەریب (نافەرمیی) بۆ ئابووری فەرمیی لەڕێگەی:
  - دروستکردنی ژینگە و چوارچێوەی یاسایی پاڵپشت بۆ دامەزراوەکان و پێشکەشکردنی هاندەری باج و پەرەپێدانی ژێرخان بۆ ئاسانکاری بۆ چالاکی ەکانی دامەزراوەکان و کەمکردنەوەی تێچووەکانی بەگەڕخستن.

- پێشکەشکردنی هاندەری باج و ماددیی لەکاتی تۆمارکردنی دامەزراوەکان لە فەرمانگە فەرمییەکان. پەیڕەوکردنی ڕێکاری ئاسانی باج بۆ هاندانی دامەزراوەکان بۆ تۆمارکردنی کارمەندانیان بۆ دەستبەری کۆمەڵایەتی.
- پاڵپشتیکردنی دامەزراندنی کار لە هەرێمی کوردستان لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بەمەبەستی یارمەتیدانی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند و پەرەپێدانی کارەکانیان.
- دروستکردنی سەکۆیەکی ئەلیکترۆنی لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان بۆ دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەندی تۆمارکراو، بە مەبەستی بەدواداچوون و پێشکەشکردنی پاڵپشتی پێویستی وەک:
  - ➢ بە بازاڕکردنی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی دامەزراوە تۆمارکراوەکان و بەستنەوەیان بە بازاڕی کاری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی.
  - ➢ پێشکەشکردنی خولی ڕاهێنانی تەکنیکی گونجاو لەگەڵ کارەکانی دامەرزاوەکان، بە مەبەستی پەرەپێدانی تواناکانی کارمەندانیان.
  - ➢ پێکەوەبەستنەوەی دامەزراوەکان بەیەکترەوە بەمەبەستی ئاڵوگۆڕی بیرۆکە و زانیاری لەسەر پرسەکانی تەکنیکی و تەکنەلۆجیا و ڕاهێنان و گواستنەوەی زانین و فێربوونی بەردەوام.
- لێکۆڵینەوەی بازاڕی کار و پێوەرە نیشتیمانییەکان بۆ کارامەییەکان لە هەرێمی کوردستان لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بەئامانجی:
  - ➢ دیاریکردن و هەڵسەنگاندنی ئاراستەکانی بازاڕ و هێزی کار لە هەرێمی کوردستان.
  - ➢ هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانی فێربوون و ڕاهێنان لەژێر ڕۆشنایی ئاراستەکانی بازاڕ.
  - ➢ دیاریکردنی کارامەییە پێویستەکان – لەڕێگەی لێکۆڵینەوە و ڕووپێو.
  - ➢ دارشتن و پێشکەشکردنی ڕاهێنان بەپێی کارامەییە پێویستەکان بۆ کەرتە جیاوازەکان.
  - ➢ پاڵپشتیکردنی مەشقکردن و ڕاهێنانی سەرکار و چوارچێوە نیشتێمانییەکان بۆ ڕاهێنانی پیشەسازیی.
  - ➢ خزمەتگوزارییە گشتییەکانی دامەزراندن .
  - ➢ پەرەپێدانی کارامەییەکانی کەسانی خاوەن کەمئەندامیی.
  - ➢ داڕشتن و پێشکەشکردنی بەرنامەی ڕاهێنانی ساڵانەی تایبەت بە سوودمەندانی خزمەتگوزارییەکانی وەزارەت (کرێکار و بێکار) بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستییەکانی بازاڕ.

### دامەزراندن

- دانانی سەکۆیەکی ئەلیکترۆنی لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان، تایبەت بە دامەزراندن و گونجاندن لەنێوان دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا / پەیمانگەکانی فێرکردنی پیشەیی و تەکنیی لەلایەک و دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند لەلایەکی تر، بەمەبەستی ئاسانکاری بۆ دامەزراندنی دەرچووان.
- دەستپێکردنی بەرنامەی گەڕان بۆ کار و دابینکردنی پێداویستییەکانی بازاڕ و هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوە پەروەردەییەکان بۆ پێشکەشکردنی پرۆگرامی خوێندنی گونجاو لەگەڵ ئاراستەی ئابووری لە عێراق و پێدویستییەکانی دامەزراوەکان، هەروەها پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی هاوتاکردنی کارخوازان لەگەڵ ئەو دامەزراوانەی بۆ کارمەند دەگەڕێن.

### بونیاتنانی تواناکان

- باشترکردنی گونجاندنی سیستمی فێرکردن و ڕاهێنانی پیشەیی و تەکنیی لەگەڵ پێداویستییەکانی بازاڕی کار، لەڕێگەی هاندانی زانکۆکان و پەیمانگە پیشەیی و تەکنیکییەکان بۆ گونجاندنی پرۆگرامەکانیان و ئەنجامەکانی فێربوون لەگەڵ پێداویستییەکانی بازاڕ (بۆ نموونە ڕێبازە هاوچەرخەکانی کشتوکاڵ، بازرگانی ئەلیکترۆنی، بنەماکانی بە بازاڕکردن و فرۆشتن،...) سەرەڕای هاندانیان بۆ پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن بەشێوەیەک خزمەتی ئابووری زانین بکات.
- هەماهەنگی لەنێوان وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و زانکۆکان و پەیمانگە پیشەیی و تەکنییەکان بۆ پاڵپشتیکردنی بەرنامەکانی ڕاهێنان لەسەرکار.

### هاندانی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا و گۆڕینی شێوازی بەڕێوەبردنی سەرچاوە دارایی و مرۆییەکان لە دامەزراوەکان

- دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند پێویستیان بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا هەیە بۆ پەرەپێدانی کارەکانیان، زۆر جار پەنادەبەن بۆ دامەزراوە دەرەکییەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دارایی و یاسایی و سەرچاوە مرۆییەکان و بەکارخستن و بوارەکانی تری خزمەتگوزاری. کاتێک دامەزراوەکان گەورە دەبن، وەبەرهێنان لە تەکنەلۆجیا و بەڕێوەبردنی سەرچاوە دارایی و مرۆییەکان دەبێتە پرسێکی زۆر گرنگ، چونکە پرۆسە ناپیشەییەکان لە مەودای دووردا سوودیان نابێت. لەم چوارچێوەیەدا، پێداویستی هەیە بۆ پەرەپێدانی کارامەییەکانی خاوەن دامەزراوەکان و کارمەندانیان لەسەر بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا لە کاری دامەزراوەکان (بەتایبەتی پشتبەستن بە تەکنەلۆجیای هاوچەرخ لە بواری کشتوکاڵ و ئاودێری، بەکارهێنانی ئەنتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە پرۆسەکانی بەبازاڕکردن و فرۆشتن).

## ئافرەتانی خاوەنکار – ئاستەنگ و راسپاردەکان

ئافرەتانی خاوەنکار رۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە فراوانکردنی بناغەی سەرچاوە مرۆییەکان و کەمکردنەوەی هەژاریی، ئەمەش بەشداری گەورە دەکات لە ئابووری هەرێمی کوردستانی عێراق. داتاکانی ئافرەتانی خاوەکار یارمەتیدەرن بۆ دیاریکردنی کەلێنی نێوان نێر و مێ لە بواری کارکردن و هەوڵدان بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنانە و هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانیان بەمەبەستی پەرەپێدان. داتا کۆکراوەکان لەمیانەی ئەم رووپێوەدا نیشانی دەدات کە ئافرەتان زیاتر لە پیاوان رووبەڕووی کێشە دەبنەوە بۆ پێکهێنانی دامەزراوەی کار و دەستگەیشتن بە قەرزی فەرمیی (بانک و دامەزراوەکانی پارەدارکردن/قەرز). لەسەر بنەمای داتاکانی ئافرەتانی خاوەنکار، ئەم ئاستەنگانەی خوارەوە دیاریکراون:

### ئەنجامە سەرەکییەکان

ئەنجامەکان ئەم توخمە سەرەکییانەی خوارەوە لەخۆدەگرن:

- ئاستی ئاسانیی دامەزراندنی کار لەلایەن ئافرەتان
- دەستگەیشتن بە دارایی (قەرز)ی بانک و دامەزراوە داراییە بچووکەکان
- ئاسانیی/ سەختی ئەنجامدانی کاری بازرگانی لەلایەن ئافرەتان لە پێنج ساڵی رابردوو
- ئەو کێشانەی رووبەڕووی ئافرەتانی خاوەنکار دەبنەوە
- دەستپێشخەرییە پێشنیازکراوەکان لەلایەن ئافرەتانی خاوەنکار

### سەختی دامەزراندنی کار

- (53.2%)ی ئەو دامەزراوانەی کە لەلایەن ئافرەتانەوە خاوەندارێتی دەکرێن دەڵێن دامەزراندنی کاری نوێ بۆ ئافرەت قورسترە لە پیاو.

### دەستگەیشتن بە قەرزی فەرمیی (بانک و دامەزراوە داراییە بچووکەکان)

- زۆرینەی ئافرەتانی خاوەنکار (48.3%) دەڵێن دەستگەیشتن بە قەرزی فەرمیی (بانک و دامەزراوە داراییەکان) قورسترە بۆ ئافرەتان بەراورد بە پیاوان.

**ئاسانیی/ سەختی** ئەنجامدانی کاری بازرگانی لەلایەن ئافرەتان لە پێنج ساڵی رابردوو

- سەبارەت بە ژینگەی کار، زۆرینە (66.9%) دەڵێن دۆخەکە ئاسانترە بە بەراورد بە ساڵانی پێشوو.

### کێشەکانی ئافرەتانی خاوەنکار

- زۆرینەی بەشداربووان، (39.7%) دەڵێن «کێشە کۆمەڵایەتییەکان» (کولتوری/ ڕەگەزی) گرفتی سەرەکیین کە ڕووبەڕووی ئافرەتانی خاوەنکار دەبنەوە؛ لەکاتێکدا (13.9%) دەڵێن «کێشەی دارایی» کێشەی سەرەکییە.

### دەستپێشخەرییە پێشنیازکراوەکان لەلایەن ئافرەتانی خاوەنکار بۆ نەهێشتنی ئەم کێشانە

- زۆرینەی بەشداران (43.5%) دەڵێن هەبوونی «هۆشیاری گشتی و پەروەردەی کۆمەڵایەتی) دەستپێشخەری باش دەبن وەک ڕێگەچارە بۆ نەهێشتنی ئاستەنگەکان.

## ئاستەنگ و ڕاسپاردەکان

### ئاستەنگە سەرەکییەکان

### ژینگەی کاری نەگونجاو بۆ ئافرەتان بەگشتی

- زۆرینەی ئافرەتانی خاوەنکار خۆیان لەو کەرتانەدا دەبیننەوە کە نێر هەژموونی هەیە بەسەریاندا، یان لە شوێنکارێک کە خاوەنکار ناخوازێت دانبنێت بە ڕۆڵی سەرکردایەتی ئافرەتان. یان لەناو کۆمەڵگەیەک کە ئافرەت قبوڵ ناکات.

### کێشە کۆمەڵایەتییەکان (کولتوری/ ڕەگەزی)

- کۆمەڵگە و کولتور و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر وێنەی لەقاڵبدراوی ئافرەت و پیاو بونیاتنراون. گرنگە دڵنیایی بکرێت لە نەبوونی جیاکاریی لەنێوان نێر و مێ، بۆ زامنکردنی گەشەی ئابووری دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند. ئافرەتان دەتوانن ببنە پێکهێنەری نیوەی هێزی کار، لەبەرئەوە هەر جۆرە جیاکارییەک دەبێتە هۆی سنووردارکردنی ئەم بەشدارییە گەورانەی بەشێکی گرنگی دانیشتوان.
- پیادەکردنە جیاکارییەکان کە دەبنە ڕێگر لە ئافرەتان و دامەزراندنیان.

### دەستگەیشتنی ئافرەتان بە دارایی و قەرزی بانک و دامەزراوە داراییە بچووکەکان

- ئەمانەی خوارەوە گرنگترین هۆکارەکانن بۆ سەختی دەستگەیشتنی ئافرەتانی خاوەنکار بە دارایی و قەرزی فەرمیی:
  - نەبوونی گەرەنتی
  - کەمیی زانیاری دارایی و لاوازیی ئەزموونی ئافرەتان لە کاروباری دارایی و ڕێکارەکانی دەستگەیشتن بە قەرزی پێویست.

- نەبوونی متمانە بە بانکەکان بۆ بەردەوامیپێدانی کاری دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند، بەتایبەتی ئەوانەی ئافرەتان خاوەنداریێتیان دەکەن. زۆرجار پێشکەشکارانی خزمەتگوزاری دارایی و بانکیی دوودڵن لە دابینکردنی پاڵپشتی دارایی پێویست بۆ ئافرەتانی خاوەنکار. هەروەها بە بایەخەوە سەیری دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند ناکەن بەهۆی بچووکی بڕی قەرزی داواکراو.
- لاوازیی و دەگمەنیی خزمەتگوزارییە بانکییەکان و ڕێنمایی هاوچەرخی قەرزدان بە ئافرەتانی خاوەنکار.

## ڕاسپاردە سەرەکییەکان

ئاستەنگە سەرەکییەکان بریتین لە دابونەریتی کۆمەڵایەتی و کولتوریی باڵادەستی کۆمەڵگە، کە جیاکاری دەکەن لە دژی ئافرەت، سەختی دەستگەیشتن بە دارایی و قەرز، لاوازیی یاسا و هاندەرە حکومییە پێشکەشکراوەکان بە ئافرەتانی خاوەنکار. ئەمانەی خوارەوە ڕاسپاردە پەیوەندارەکانن.

### دروستکردنی ژینگەیەکی کار بۆ ئافرەتان

- پێشکەشکردنی هاندەر بە دامەزراوەکانی ئافرەتان کە توانایان هەیە بۆ گواستنەوەی کارەکانیان بۆ کەرتی فەرمیی، وەک لێخۆشبوونی باج، دەستگەیشتن بە بازاڕی هەناردە، دەستگەیشتن بە گرێبەستکردنە گشتییەکان.
- هاوکاریکردنی ئافرەتانی خاوەنکار و کۆمەڵە پیشەییەکان و دامەزراوەکانی قەرزی بچووک بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری و دیاریکردنی پرۆژە و پرۆگرامەکانی پاڵپشتی ئافرەتانی خاوەنکار.
- هاندانی پەیڕەوکردنی سیستمی کۆتای ئافرەتان لە دامەزراوەکان.

### سیستمێکی یاسایی و ڕێکخستن بۆ تواناداركردنی ئابووری ئافرەتان

- ئامادەکردن و جێبەجێکردنی کۆمەڵێک سیمینار لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ئافرەتان سەبارەت بە کاروباری دارایی و کارگێری.
  - پێشکەشکردنی ڕاهێنانی تایبەت بۆ تواناسازی ئافرەتان.

### دەستگەیشتن بە دارایی

- پێشکەشکردنی هاوکاریی بە بانکەکان و دامەزراوە داراییەکان بۆ دابینکردنی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی قەرز کە بەتایبەت ئامادەکراون بۆ ئافرەتان (وەک کرێدیت کارت، کۆکردنەوە، بەکرێدان و دڵنیایی).

- دیاریکردنی کەمترین و بەرزترین ئاستی رسومی سوودی دیاریکراو لەسەر قەرزی بچووکی دابینکراو لەلایەن دامەزراوەکانی قەرزی بچووک کە پێشکەشی دەکەن بە دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند، لەگەڵ جەخت خستنە سەر ئەو دامەزراوانەی کە لەلایەن ئافرەتانەوە خاوەندارێتی دەکرێن.

**بونیاتنانی تواناکان**

- ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی پرۆگرامی راهێنانی تایبەت بۆ پێشکەشکردنی پاڵپشتی دارایی و کارگێڕی و تەکنیکی بە ئافرەتانی خاوەنکار.
- دیاریکردنی پرۆگرامەکان و بەئامانجکردنی ئەو کەرتانەی ئافرەتان زیاتر بەشدارییان تێدا دەکەن بە بەراورد بە پیاوان (بەتایبەتی رێبازە نوێیەکانی کشتوکاڵ، بازرگانی ئەلیکترۆنی، بنەماکانی بەبازاڕکردن و فرۆشتن،...).

## داهێنان و تەکنەلۆجیا – ئاستەنگ و راسپاردەکان

ئامانجی داهێنان و توانای کێبڕکێ تەکنەلۆجی بۆ دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند بریتییە لە پەرەپێدان و دامەزراندنی نموونەی دامەزراوەی نوێ لەڕێگەی دەستگەیشتن بە تەکنەلۆجیا داهێنەرەکان و کەمکردنەوەی تێچوو. "تێکرای بەکارهێنان"ی تەکنەلۆجیا لە ئێستادا جیاوازە لە هەرێمی کوردستان. هەموو ئەو کەناڵانەی جێگەی بایەخی رووپێوەکە بوون (ئەنتەرنێت، وێبسایت، بازرگانی ئەلیکترۆنی، پارەدانی ئەلیکترۆنی) وەک پێویست سوودیان لێوەرنەگیراوە، هەروەها دامەزراوەکان زیاتر پشت دەبەستن بە ئامێری مۆبایل (61%).

16 دامەزراوە ئاماژەیاندا بە بەکارهێنانی هۆیە ئەلیکترۆنییەکانی بازرگانی و پەیرەوکردنی داهێنانە پێشکەوتووەکان.

**ئەنجامە سەرەکییەکان**

**أ) بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری**

- نزیکەی 96%ی دامەزراوەکان "بازرگانی ئەلیکترۆنی" یان "وێبسایت" بەکارناهێنن.
- 70% "تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان" بەکارناهێنن بۆ پێداویستییەکانی کار.
- 61%ی دامەزراوەکان پشت دەبەستن بە بەکارهێنانی ئامێری مۆبایل لە کاری "رۆژانەیان". ئەم رێژە بەرزدەبێتەوە بۆ 87% بۆ "بەکارهێنان لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر".

هۆکارە سەرەکییە ئاماژەپێدراوەکان بۆ کەم بەکارهێنانی کەناڵە دیجیتاڵییەکان، جگە لە ئامێری مۆبایل، ئەمانەی خوارەوەن:

- 94.3% دەڵێن پێویستیان بە کەناڵە دیجیتاڵییەکان نییە بۆ بەبازاڕکردنی کارەکانیان.
- 2.5% دەڵێن بەکارهێنانی کەناڵە دیجیتاڵییەکان زۆر قورسە.
- 1.9% دەڵێن ئەم کەناڵانە زۆر گرانن لەرووی نرخەوە.

### ب) بازرگانی ئەلیکترۆنی

تەنها 16 دامەزراوە بازرگانی ئەلیکترۆنی بەکاردەهێنن بۆ کارەکانیان (لە کۆی 2016 دامەزراوە)، 11 دامەزراوە وێبسایستی تایبەتیان هەبوو، لەکاتێکدا 5 دامەزراوە سیستمی بەدیل بەکاردەهێنن.

### ت) داهێنان

16 دامەزراوە وەڵامیانداوە سەبارەت بە ئاستی تەکنەلۆجیای زانیاری و داهینان و ئاستی پشتبەستن بە تەکنەلۆجیای نوێ. لە کۆی 16 وەڵام ئەنجامەکان بەم شێوەیە بوون:

- 10 دامەزراوە پشتدەبەستن بە داهێنانی نوێ لە کەرتی پیشەسازی خۆیان.
- 7 دامەزراوە پشتدەبەستن بە تەکنەلۆجیا بۆ بەدیهێنانی باڵادەستیی کێبڕکێکاریی.
- 4 دامەزراوە پشتدەبەستن بە شێوازی پێشکەوتووی توێژینەوە و داهێنان.

## ئاستەنگ و ڕاسپاردەکان

### ئاستەنگە سەرەکییەکان

لاوازیی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا و داهێنان ئاماژەیە بۆ کەمیی تێگەیشتنی دامەزراوەکان لە بایەخی تەکنەلۆجیا.

ئەم دوو بوارە پێویستیان بە بایەخی زیاترە بۆ تواناداركردنی دامەزراوەکان بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ خزمەتخوازان و بازاڕەکان. گرنگترین ئاستەنگاکان ئەمانەن:

- کەمیی بەکارهێنانی ماڵپەڕەکان و بازرگانی ئەلیکترۆنی لەڕێگەی ئەنتەرنێت.
- کەمیی پشتبەستن بە تەکنەلۆجیا بەردەستەکان.
- لاوازیی تواناکانی داهێنان.
- لاوازیی تێگەیشتن لە پرۆسەی گواستنەوەی زانین لەهەر ئاستێکی سووڕی گەشەی دامەزراوەکان.
- نەبوونی ناوەندەکانی داهێنان.

### راسپاردە سەرەکییەکان

- بەرزکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی سوودەکانی تەکنەلۆجیا لە بواری کار، پاڵپشت بە ئەزموونە سەرکەوتووە ناوخۆیی و هەرێمایەتییەکان. هۆشیاری بەرامبەر سوودەکانی پەیوەندیکردن لەگەڵ خزمەتخواز و کڕیار و دامەزراوەکان و باشترکردنی فرۆش و دۆزینەوەی بازاڕی نوێ.
- دروستکردنی قەوارە و سەنتەری هاوبەش بۆ بەکارهێنان لەلایەن دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند (سەنتەری کۆمپیوتەر، سەنتەری پەرەپێدانی کار و کتێبخانەی شارەوانی).
- پێشکەشکردنی بەرنامەی قەرز بۆ کڕینی ئامێر و کەلوپەل و بەرنامەکان.
- کارکردن لەسەر بەبازاڕکردنی تەکنەلۆجی و بونیاتنانی تواناکان بۆ پەرەپێدانی تەکنەلۆجیای زانیاری.
- باشترکردنی ژێرخانی بازرگانی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان.

### دامەزراوەکان و جیهانگیریی – ئاستەنگ و راسپاردەکان

دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند بەشێوەیەکی بەرچاو پشتدەبەستن بە بازاڕی هەرێمی کوردستان، نزیکەی 82%ی فرۆشتن ناوخۆییە. ئەمەش پێویستی بە دۆزینەوەی کەناڵی نوێ هەیە بۆ پێکەوەبەستنەوە لەنێوان بازاڕەکان، چونکە ئەم دامەزراوانە گەشە ناکەن و ناچنە بازاڕی فەرمییەوە ئەگەر داهاتی بەردەوامیان نەبێت و چاوەڕوانی داهاتی زیاتر نەکەن.
ئێستا هەرێمی کوردستان بازاڕێکی بچووکە لەڕووی خواست و دەرفەتی کارەوە، دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەندیش تەنها پشت بە بازاڕی ناوخۆی دەبەستن. پێویستە ئەم دامەزراوانە بتوانن بگەن بە ئاسۆی فراوانتری ناوخۆیی و بازاڕە نێودەوڵەتییەکان، بۆ ئەوەی بتوانن بەرهەمدارتر بن و رێژەی فرۆش زیاتر بکەن.
پێویستە هەوڵی زیاتر بدرێت بۆ کاراکردنی تواناکانی بازاڕی ناوخۆیی و باشترکردنی ئەو کاڵایانەی شیاون بۆ هەناردەکردن. سیاسەتی پاڵپشت زۆر گرنگە بۆ کارکردن لە بازاڕی دەرەکیی، هەروەها خزمەتگوزارییەکانی پەرەپێدانی بازگانی زۆر گرنگە بۆ بونیاتنانی تواناکانی بەڕێوەبردنی هەناردەکردن. بەڕەچاوکردنی بەربەستە جیاوازەکان، دامەزراوەی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەندی تازەدامەزراو توانای ناوخۆیی بەهێزیان نییە بۆ دانان و جێبەجێکردنی پلانی بازاڕ. سەرەڕای ئەوەش ناتوانن بەشداری بکەن لە پرۆسەکانی فۆرشتن لەسەر ئاستی فراوان.

### ئەنجامە سەرەکییەکان

#### أ) فرۆشتن / پەیکەری بازاڕ

82% فرۆشتنی دامەزراوەکان لە بازاڕی ناوخۆیی ئەنجام دەدرێن و 15% لە بازاڕی عێراقی فیدراڵ، کەواتە پشتبەستنی زۆر هەیە بە دۆخی ئابووری ناوخۆیی، سەرباری ئەوە 96%ی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند هیچ جۆرە پلانێکیان نییە بۆ هەناردەکردن.

#### ب) هەناردەکردن

1.4%ی دامەزراوەکان هەوڵی هەناردەکردنیان داوە بەڵام سەرکەوتوو نەبوون.

27%ی دامەزراوەکان دەڵێن کە بەرهەمەکانیان ڕێگەپێدراو نین بۆ هەناردەکردن، 98.6% دەڵێن هیچ پەیوەندییەکیان نییە لەگەڵ دامەزراوەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

98%ی دامەزراوەکان هیچ چالاکی ەکی هەناردەکردنیان نییە بەپێی جۆر و پارێزگا. لەناو 26 دامەزراوەی بەشدار لە پرۆسەی هەناردەکردن، 50% لە پارێزگای سلێمانی بوون.

## ئاستەنگ و ڕاسپاردەکان

ڕووپێوەکە تیشکی خستە سەر سنووورداری بازاڕی ناوخۆیی بۆ دەستگەیشتن و فراوانبوونی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند. ئەمانەی خوارەوە پوختەی ئاستەنگە سەرەکییەکانن، سەرەڕای ڕاسپاردەکان لە بوارە دیاریکراوەکان کە پێویستیان بەدانانی پلانی هەمەلایەن هەیە بۆ زیادکردنی دەستگەیشتنی دامەزراوەکان بە بازاڕە هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکان:

### ئاستەنگە سەرەکییەکان

- سنووورداربوون بۆ بازاڕی ناوخۆیی.
- لاوازیی تواناکانی بە بازاڕکردن.
- لاوازیی پرۆسەی هەناردەکردن.
- لاوازیی مامەڵەکردن لەگەڵ دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان.
- لاوازیی هۆشیاری دەربارەی دەرفەتی بازرگانی پەیوەندار.

### ڕاسپاردە سەرەکییەکان

دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند سەرەتا بە وەبەرهێنانی بچووک دەستپێدەکەن، لەبەرئەوە بودجەی پێویستیان نییە بۆ پرۆسەی بەبازاڕکردن. ڕاستە پرۆسەکانی بەبازاڕکردن تێچوویان زۆرە، بەڵام کۆمەڵێک ئامراز و کەلوپەلی هەرزانتر بەردەستن وەک ئەنتەرنێت و ئامێری زیرەک و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. ئەم ئامرازانە پێویستیان بە شارەزایی دیاریکراو هەیە و پێویستە لە چوارچێوەی تایبەتمەندییەکانی بازاڕ و پێداویستییە لۆجستییەکانی بازاڕ مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

بەهۆی لاوازیی هۆشیاری بە بازاڕکردن، دامەزراوەکان ناتوانن لە گرنگی و بایەخی بازاڕی بەئامانجکراو تێبگەن. هەروەها پرۆسەی توێژینەوە و پەرەپێدان یەکێکی ترە لە فاکتەرە ونەکان، کە پێویستە بۆ دۆزینەوەی خزمەتخواز، بەرهەم و گۆڕانکاری نوێ بەپێی پێداویستییەکانی بازاڕی بەئامانجکراو.
پشتبەستن بە بازاڕی ناوخۆیی و دەستنەگەیشتن بە بازاڕی هەرێمیی و جیهانیی ئەنجامی کەمیی شارەزایی و کارامەییەکانە و دەبێتە هۆی دروستبوونی چەندین کێشە بۆ گەشە و فراوانبوونی دامەزراوەکان.

هەندێک لەو دەستپێشخەرییانەی پێویستە بەهەند وەربگیرێن:

**دەروازی ئەلیکترۆنی**

- دروستکردنی داتابەیسی زانیاری و دەروازەی ئەلیکترۆنی بۆ دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند، بۆ ئەوەی بتوانن دەستیان بگات بە هەموو جۆرە زانیارییەک لەڕێگەی بەرنامەیەکی "ئاسان بۆ بەکارهێنان" (بەتایبەتی لەڕێگەی تەکنەلۆجیای مۆبایل). دەکرێت دەروازە ئەلیکترۆنییەکە وێبسایت و ڕێکاری گونجاوی هەبێت بۆ بازرگانی ئەلیکترۆنی بۆ مەبەستی تواناداركردنی دامەزراوەکان بۆ پێکەوەبەستنەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هاوردەکار و هەناردەکاران و بەهێزکردنی تۆڕی بەبازاڕکردنی خۆیان.
- دابینکردنی زانیاری تایبەت بە بازاڕ و دەرفەتی دەستگەیشتن بە بازاڕە ناوخۆیی، هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکانی هەموو کەرتەکان.
- دابینکردنی زانیاری تایبەت بە کاڵای پەیوەندار لەسەر دەروازەی زانیاری دامەزراوەی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند.
- پێکهێنانی سەنتەری توێژینەوە و زانیاری بۆ ئاسانکاری هەموو داواکارییەکانی دامەزراوەی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند.
- بەردەستبوونی زانیاری بازاڕە دەرەکییەکان بۆ دەستگەیشتنی دامەزراوەکان بە بازاڕە نێودەوڵەتییەکان.

**پێشانگا بازرگانییەکان**

- ڕێکخستنی پێشانگای ساڵانەی بازرگانی لە شار و بازاڕە گەورەکان.
- پاڵپشتیکردنی دامەزراوەکان بۆ بەشداریکردن لە پێشانگاکان. وەک پاڵپشتی تەکنیکیی بۆ هەناردەکاران بۆ بەشداریکردنیان لە پێشانگا بازرگانییەکان.
- ئاسانکاری حکومیی بۆ شاندە بازرگانییەکان بۆ دروستکردنی دەرفەت بۆ دامەزراوەکان بۆ بە بازاڕکردنی بەرهەمەکانیان و گەڕان بەدوای بیرۆکەی بازرگانی نوێ و دروستکردنی هاوبەشیی بازرگانی.
- ئامادەکردنی بەرنامەی وەبەرهێنانی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتی حکومەت و بەئامانجکردنی کەرتە سەرنجڕاکێشەکان بۆ وەبەرهێنەرانی بیانی. دەکرێت ئەم دەستپێشخەرییە ڕێکارێکی دیاریکراوی حکومەت بێت بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی بۆ هەرێمی کوردستان، هەروەها بەشداری دەکات لە کارئاسانی بۆ کەرتە نوێ و تازەپێگەیشتووەکان، لەڕێگەی پێشکەشکردنی هاندەر و دەرفەتی نێودەوڵەتی هاوتەریب.

### دەروازەی بە بازاڕکردن

- دەروازەی بە بازاڕکردن لەو شوێنانەی کە ژمارەی دانیشتوانیان زۆرە بۆ یارمەتیدانی دامەزراوەکان بۆ بەبازاڕکردنی بەرهەمەکانیان.
- بازاڕە کراوەکان لەگەڵ ژێرخانی گونجاو بۆ ئاسانکاری بۆ گەیشتنی بەرهەمەکان بە بازاڕەکان و گەیشتنی بەکاربەران.

### هاندانەکان

- پاڵپشتیکردنی پەرەپێدانی بەرهەمەکان و کواڵیتی و لەبەرگرتنەوە و نیشانەی بازرگانی و تۆڕەکانی بازاڕ بۆ تواناداركردنی دامەزراوەکان بۆ کێبڕکێی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی.
- پێکەوەبەستنەوەی بازرگانی کۆفرۆشی دامەزراوەکان بۆ بەهێزکردنی چوونە ناو بازاڕ.
- دیاریکردنی هاندانەکان بۆ دامەزراوەکان بۆ هاندانی هەناردەکردن و بەشداریکردن لە بازرگانی هەرێمیی و نێودەوڵەتی. بۆ نموونە، لەڕێگەی دروستکردنی پەیوەندیی لەنێوان دامەزراوە ناوخۆیی و بیانییەکانی هەمان کەرت، بۆ سوود وەرگرتنی دوولایەن لە بواری زنجیرەی بەها (دەکرێت ئەمە لەسەر ئاستی ناوخۆ دەستپێبکات پاشان لەسەر ئاستی هەرێمیی).

## تۆڕەکان، هاوەبەشەکان و کۆمەڵە خۆجێییەکان – ئاستەنگ و ڕاسپاردەکان

### ئەنجامە سەرەکییەکان

### تۆڕ و کۆمەڵەکانی کار

ئاستی تۆڕ و کۆمەڵەی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند لاوازە. زۆربەی وەڵامدەرەوەکان (87%) دەڵێن سەربە هیچ جۆرە تۆڕ و هاوبەشییەک نین. تەنها 12.6% (255 دامەزراوە) بەشێکن لە کۆمەڵە یان سەندیکای کەرتی کارکردنی خۆیان و 0.8% (17 دامەزراوە) هاوبەشییان هەیە لەگەڵ ناوچەی پیشەسازی یان ناوچەی بازرگانی و 1.1% (3 دامەزراوە) لەژێر چەتری کۆمەڵی خۆجێیدان و 0.7% (2 دامەزراوە) سەکۆی پەیوەندییەکان و تۆڕبوندییان هەیە.

### سوودەکانی کۆمەڵەی کار و تۆڕەکان

بەشداربووان ئاماژەیاندا بە سوودەکانی ئەندامێتی لە کۆمەڵی کار بەم شێوەیەی خوارەوە:

- دەستگەیشتن بە قەرز: 59.7%
- بە بازاڕکردن: 18.1%
- زیادبوونی شارەزایی: 11.4%
- ئاسانکاری لۆجستیی: 10.8%

### هاوکاریی

لە وەڵامی پرسیار لە خاوەن دامەزراوەکان سەبارەت بە هاوکارییان لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان، وەڵامە سەرەکییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بوون:

- هاوکاریی لەگەڵ پێشکەشکارانی خزمەتگوزاری: 4.4% (88 دامەزراوە)
- زانکۆکان: 0.6% (13 دامەزراوە)
- کۆمپانیای کێبڕکێکار: 0.4% (3 دامەزراوە)
- ناوەندەکانی توێژینەوە: 0.1% (9 دامەزراوە)
- هاوکاریی نییە: 94.4%

## کەرتی کار

ئەم خشتەیە ئاماژەیە بۆ سوودە بەدەستهاتووەکان لەلایەن دامەزراوەکان بەپێی چالاکی بازرگانی (کەرتی کار)، هەروەها ئاماژەیە بۆ هەبوونی چەندین سوود بۆ ئەم دامەزراوانە ئەگەر تۆڕەکان یان کۆمەڵەی بازرگانی هەبێت.

**سوودە بەدەستهاتووەکان لەلایەن دامەزراوەکان بەپێی چالاکی بازرگانی**

| چالاکی بازرگانی | دەستگەیشتن بە پارە | بەبازاڕکردن | زیادبوونی شارەزایی | ئاسانکاری لۆجستیی |
|---|---|---|---|---|
| بازرگانی تاك و کۆ | 65 | 17 | 7 | 9 |
| گواستنەوە و کۆگاکردن | 39 | 3 | 2 | 4 |
| کشتوکاڵ و ماسی | 30 | 7 | 0 | 3 |
| پیشەیی | 15 | 13 | 8 | 3 |
| بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە | 12 | 4 | 1 | 5 |

## ئاستەنگ و ڕاسپاردەکان

### ئاستەنگە سەرەکییەکان

- نەبوونی کەناڵەکانی پەیوەندیکردنی پیشەیی، بەهۆی کەمیی هۆشیاری دەربارەی سوودی تۆڕەکان.
- بەرنامەی بەکۆمەڵ نییە بۆ ئاراستەکردنی دامەزراوەکان بۆ بوار و کەرتەکانی تر.
- تەنها پشتبەستن بە بازاڕی ناوخۆیی
- شارەزایی سنووردار لەسەر ناوچەکان و بازاڕەکانی تر.

### ڕاسپاردە سەرەکییەکان

- کۆمەڵە خۆجێیەکانی هەرێمی کوردستان دەتوانن سوودمەند بن لە پاڵپشتی زیاتر. ئەنجامەکان نیشانی دەدەن کە ئەمە دەبێتە زیادکردنی بەها بۆ دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند. پێویستە ئەم پاڵپشتیانە ناوچە ئابوورییەکانیش بگرنەوە، لەگەڵ بایەخدان بە کۆمەڵە خۆجێییەکان بۆ ڕاکێشانی دامەزراوەی زیاتر بە ماوەیەکی کورت.
- بەهێزکردنی کۆمەڵەکانی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتنی ئابووری لەڕێگەی هەرەوەزییەکان و کۆمەڵەکان و سەنتەر و پاڵپشتیکردنی دامەزراوەکان و ئامرازە بەکۆمەڵەکانی تر.
- بەهێزکردنی بەرنامەی تایبەت بە کرانەوە بەڕووی بازاڕ بەپێی کەرت، بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵە کەرتییەکان لەسەر ئاستی خۆجێی و پێکەوەبەستنەوەیان لەسەر ئاستی هەرێم.
- هاندانی دەرفەتی کردەیی بۆ دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند بۆ سوودوەرگرتن لە بەرنامەکانی پەرەپێدانی ئابووری خۆجێی، پەرەپێدانی ژێرخان و ڕێککەوتنە بازرگانییەکان، هتد...
- ئەنجامدانی چالاکی نێودەوڵەتی بۆ زیاترکردنی هاوکاریی لەنێوان دامەزراوەی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند لە وڵاتە جیاوازەکان.
- پێکەوەبەستنەوەی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند لەگەڵ دامەزراوە گەورە و جیهانییەکان.
- پتەوکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ هاوبەشە بازرگانییە گەورە و نوێیەکان.

## پەتای کۆرۆنا – ئاستەنگ و ڕاسپاردەکان

پرسیارکرا لەسەر کاریگەری پەتای کۆرۆنا و کاریگەری ڕێکارەکانی داخستن لەسەر خاوەنکاران و بڕیاربەدەستان. زۆربەی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند ڕووبەڕووی کەمبوونەوەی داهات بوونەتەوە، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر مووچە و سەقامگیریی کارمەندان. هەروەها ڕووپێوەکە پرسیاری کرد لەسەر بۆچوونی دامەزراوەکان سەبارەت بە کاریگەری کاردانەوەی حکومەت بەرامبەر ئەم قەیرانە، ئەو ڕێکارانە چی بوون کە گرنگ بوون بۆ کەرتی ئەوان بۆ ئەوەی بتوانن زاڵ بن بەسەر پرۆسەی داخستن و کاریگەرییە نەرێنییەکانی پەتاکە لەسەر بەڕێوەبردنی کارەکانیان.

### ئەنجامە سەرەکییەکان

### کاریگەری پەتای کۆرۆنا لەسەر داهاتی دامەزراوەکان و دامەزراندن و مووچە

- توێژێکی گەورەی وەڵامدەران بە ڕێژەی 96% دامەزراوەکان دەڵێن کە کارمەندانیان وەک خۆی ماوەتەوە. تەنها 2.7% ئەزموونی کەمبوونەوەی کارمەندانیان کروە و 0.6% ژمارەی کارمەندانیان زیادی کردووە..
- 86%ی دامەزراوەکان کارمەندانیان بە مۆڵەت نەناردۆتەوە ماڵەوە لەکاتی پەتای کۆرۆنا.
- 80%ی دامەزراوەکان ڕووبەڕووی کەمبوونەوەی داهات بوون بەهۆی پەتای کۆرۆنا لە ساڵی 2020. ماوەی نێوان 2020-2021 باشتربوونی بەخۆوە بینی بەڕێژەی 7%، ئەگەرچی ڕێژەی کەمبوونەوەی داهات نزیکەی 73% بوو لە ساڵی 2021.
- 67%ی دامەزراوەکان دەڵێن مووچە کەمبۆتەوە.
- 32%ی دامەزراوەکان دەڵێن مووچەی کارمەندانیان وەک خۆی هێشتۆتەوە.
- 13.4%ی دامەزراوەکان مۆڵەتیان داوە بە فەرمانبەرانیان بەهۆی پەتای کۆرۆنا.
- 13.2%ی دامەزراوەکان دەڵێن کاتژمێری کاریان کەمکردۆتەوە لەگەڵ پێدانی بەشەمووچە.

### کاریگەری پەتای کۆرۆنا بەپێی پارێزگا و چالاکی بازرگانی (کەرتی کار)

هەموو پارێزگاکان تووشی دابەزینی داهات بوون بەهۆی کۆرۆنا، پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک بەڕێژەی 70%، بەڵام پارێزگای هەڵەبجە بە ڕێژەی 50% دابەزین.
کاریگەری لە هەموو پارێزگاکان بەڕێژەی 67% بوو، دەرکەوت کە پارێزگای سلێمانی گەورەترین کاریگەری لەسەر بووە لەناو هەموو پارێزگاکاندا.
جیاوازی ڕوون هەیە لەنێوان پارێزگاکان سەبارەت بە کاریگەری پەتای کۆرۆنا لەسەر مووچە و پرۆسەی دامەزراندن ، دابەزینی مووچە لە دهۆک 67% بوو، بەرزترین ڕێژەی کارمەندانی مۆڵەتپێدراو 64.5% بوو، هەروەها کەمبوونەوەی کاتژمێرەکانی کارکردن بە بەشەمووچە بە ڕێژەی 53% بوو. هەڵەبجە کەمترین کاریگەری لەسەر بوو پاشان هەولێر.

ئەو کەرتە سەرەکییانەی کەوتنە ژێر کاریگەری کۆرۆنا: بازرگانی تاك و کۆ، گواستنەوە و کۆگاکردن، پیشە هونەری و تەکنیکییەکان (ئارایشتگە، هونەریی، سەرتاشخانە،...)، کشتوکاڵ و راوە ماسی و بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە .

## هەڵسەنگاندنی رێکارەکانی حکومەت

دوو لە سێی دامەزراوەکان رازین لە رێکارەکانی حکومەت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کۆرۆنا. رێژەی رەزامەندی مێ بەرزتر بوو لە نێر.

هۆکارەکانی ناڕازیبوون ئەمانە بوون: لەبەرئەوەی بووە هۆی کەمبوونەوەی داهاتی کار و زیادبوونی بێکاریی.

## ئاستەنگ و راسپاردەکان

### ئاستەنگە سەرەکییەکان

ئاستەنگە سەرەکییەکان ئەمانەی خوارەوەن:

- کەمبوونەوەی چالاکی ە ئابوورییەکان
- کەمبوونەوەی داواکاری لە بازاڕ
- لەدەستچوونی داهات.
- لەدەستچوونی کار.

### راسپاردە سەرەکییەکان

**راسپاردە سەرەکییەکان ئەمانەی خوارەوەن:**

- پێشکەشکردنی یارمەتی دارایی: پێشکەشکردنی قەرز و بەخشینی بچووک یان هەر جۆرە یارمەتیەکی دارایی بۆ بەدیهێنانی سەقامگیری زیاتری دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند.
- دابینکردنی پاڵپشتی ویارمەتیی کار: وەک سەنتەر و ناوەندەکان و کرێ و پاڵپشتی لۆجستی.
- دروستکردنی سەکۆی راهێنان لەسەر نوێکردنەوەی شێوازەکانی کارکردن و وەرچەرخانی دیجیتاڵی و بەبازاڕکردن لەرێگەی ئەنتەرنێت و بازرگانی ئەلیکترۆنی، هەروەها چالاکی ەکانی تری بونیاتنانی تواناکان بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند و تواناداركردنیان بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەڵبەز و دابەزەکانی ژینگەی کار.

## دەستگەیشتنی دامەزراوەکان بە قەرز (دابینکردنی دارایی ) - ئاستەنگ و ڕاسپاردەکان

داتاکانی ڕووپێوەکە نیشانی دەدات کە دامەزراوەکان کەمتر پشت دەبەستن بە دابینکردنی دارایی و قەرز. جیاوازیەکی ئەوتۆ نییە لەنێوان دامەزراوە تۆمارکراو و تۆمارنەکراوەکان لەم ڕووەوە، هەروەها جیاوازییەکی ئەوتۆ نەبوو بەپێی ڕەگەز (1747 نێر و269 مێ).

ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە ئاماژە دەکەن بۆ ئاستەنگ و بەربەستەکانی دەستگەیشتن بە دارایی و کۆمەڵێک ڕاسپاردەی ئامادەکردوە بۆ سیاسەت و بەرنامەکانی ئایندە بۆ یارمەتیدانی خاوەنکاران و دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند.

### ئەنجامە سەرەکییەکان

**أ) بەکارهێنانی خزمەتگوزارییە بانکییەکان**

تەنها 1.5%ی دامەزراوەکان هەژماری بانکی بازرگانی فەرمییان هەیە (29 نێر و 2 مێ). ئەوانی تر پشتدەبەستن بە مامەڵەی کاش و بەڕێوەبردنی دارایی کەسیی، وەڵامەکان لەسەر هۆکارەکانی بەکارنەهێنانی خزمەتگوزارییە بانکییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بوون:

- 86.3% جۆری کار پێویستی بە هەژماری بانکیی نییە
- 9.7% نەبوونی متمانە بە بانکەکان

**ب) سەرچاوەکانی قەرز**

3.1%ی دامەزراوەکان قەرزیان وەرگرتووە، لەبەرامبەردا 32%ی دامەزراوەکان پلانیان نییە قەرزبکەن. ئەو دامەزراوانەی وەڵامی پرسیار دەربارەی جۆری قەرزی وەرگیراویان دایەوە، سەرچاوە سەرەکییەکانی قەرز بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

- 89% سەرچاوەی کەسیی (هاوڕێ و خێزان 49%، کۆکراوەی کەسیی 40%).
- 3.5% فرۆشتنی هەبووەکان (موڵک، ئۆتۆمبیل ...)
- 3.1% بانک/ دامەزراوەی دارایی (1.0% قەرزی بانک 0.9% قەرزی بچووک 1.3% بەخشین).

قەرزی وەرگیراو پاش دەستبەکاربوون: سەرچاوەی سەرەکیی قەرز بەڕێژەی 25% سەرچاوەی کەسیی بوون، (بەم شێوەیە: هاوڕێ و خێزان 69%، کۆکراوەی کەسیی 22%)، و 6.2% دامەزراوەی دارایی، و1% قەرزی بانک، هەروەها قەرزی بچووک تەنها پێکهێنەری 1.6% بوو.

زۆرینەی دامەزراوەکان (66%) خاوەنی هیچ هەبوویەک نەبوون لەکاتی دامەزران. هەروەها 69%ی دامەزراوەکان پلانیان نەبووە قەرزبکەن پاش دەستبەکاربوون و 5% هەوڵی بەدەستهێنانی قەرزیان داوە بەڵام سەرکەوتوو نەبوون. ڕێژەی 25%ی ئەو دامەزراوانەی پاش دەستبەکاربوون قەرزیان وەرگرتووە، بۆ یەکێک لەم مەبەستانەی خوارەوە بووە:

- ناساندنی بەرهەمی نوێ
- فراوانکردنی کاری بازرگانی
- نوێکردنەوە و پەرەپێدانی ئامێرەکان
- ئەنجامدانی / باشترکردنی بە بازاڕکردن
- زیادکردنی کۆگاکراو
- باشترکردنی جووڵەی کاش بۆ کارەکان

### ج) ئاستەنگەکانی دەستگەیشتن بە قەرزی پێویست

72%ی هەموو دامەزراوەکان دەڵێن وەرگرتنی قەرز "زۆر سەختە"، لەکاتێکدا 24% دەڵێن "تاڕادەیەک سەختە" 4% دەڵێن "هیچ سەخت نییە". وەڵامدەرەوەکان ئاماژەیاندا بەم هۆکارانی خوارەوە:

- کەمبوونەوەی داهاتی خێزان 56%
- نەبوونی گەرەنتی 24%
- خۆپاراستنی قەرزدەر لە مەترسییەکان 10%
- نەبوونی کەفیل 3%
- بەرزی نرخی سوود / ماوەی سوود 2%

### ئاستەنگ و ڕاسپاردەکان

ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە ئاماژەیە بۆ هەبوونی ئاستەنگی سەرەکیی بۆ گەیشتن بە دارایی و قەرز، لەسەر بنەمای ئەمە کۆمەڵێک ڕاسپاردە و ڕێگەچارە پێشکەش کراون بۆ مەبەستی دروستکردنی ژینگەی تواناساز کە ببێتە هۆی پەرەپێدانی ئامراز و ڕێکارە داراییەکان.

### ئاستەنگە سەرەکییەکان

- نەبوونی کولتووری بانکیی لەناو ژینگە/کەرتی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند
- سەختییەکانی دەستگەیشتن بە قەرز (دارایی).
- پشتبەستن بە دارایی کەسیی.
- لاوازیی پلانەکانی قەرزکردن لە حکومەت.
- دامەزراوەکان ناتوانن گەرەنتی دابین بکەن یان قەرزی سەرباری مەرجدار وەربگرن.
- لاوازی تواناکانی پلاندانانی بازرگانی و دارایی.

- لاوازیی کارامەییەکانی ژمێریاریی و وردبینی.
- لاوازیی پلانەکانی قەرزکردن و دابینکردنی دارایی لە حکومەت.

دەستگەیشتن بە دارایی و قەرز یەکێکە لە فاکتەرە سەرەکییەکان بۆ گەشە و بەرەوپێشچوونی دامەزراوەکان، بەڵام ئێستا ڕێگری سەرەکیە لەبەردەم پێشکەوتنی ئەم کەرتە. زۆربەی دامەزراوەکان یان سەرکەوتوو نەبوون لە وەرگرتنی قەرز یان لەبەرئەوەی دەزانن سەختە هەوڵیان نەداوە.

**بۆشایی قەرز (دارایی)**

لە کۆی دامەزراوەکانی نموونەکە 2016 دامەزراوە، ژمارەی ئەو دامەزراوانەی بەڕاستی قەرزیان وەرگرتووە پاش دەستبەکاربوون 514 دامەزراوە بوو. لەلایەکی ترەوە 1460 دامەزراوە باسیان لە پێداویستییەکانیان کرد بۆ قەرز ئەگەر قەرز بەردەست بێت. ئەنجامەکانی نموونەکە بەم شێوەیە بوو:

**خەمڵاندنی کەلێنی قەرز**

| پێوەر | ژمارەی دامەزراوەکان لە نموونەی لاوەکیی | تێکڕای بڕەکە (ملیۆن دیناری عێراقی) |
|---|---|---|
| قەرزی دراو | 514 | 14 |
| پێداویستی ئاماژەپێدراو بۆ قەرزی داهاتوو | 1460 | 30 |

ئەمەش ئاماژەیە بۆ هەبوونی کەلێنی گەورەی قەرزکردن (دابینکردنی دارایی) بۆ هەموو دامەزاوەکان.

**ڕاسپاردە سەرەکییەکان**

هێشتا بەردەستنەبوونی قەرزی پێویست و نەبوونی ئامرازە داراییە گونجاوەکان بەربەستی سەرەکیین بۆ پێشکەوتنی دامەزراوەکان، ئەم پرسە پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە بۆ تواناداركردنی دامەزراوەکان بۆ دەستگەیشتن بە قەرزی وەبەرهێنان یان قەرزی پێویست بۆ پەرەپێدان، بەگەڕخستن و نوێکردنەوە و فراوانکردنی پرۆژەکانیان. ڕاسپاردە بەپەلەکان ئەمانەن:

- پەرەپێدان و بەهێزکردن و فراوانکردنی ئامرازە داراییە بەدیلەکان (قەرزی تایبەت بە کەرت، قەرزی بچووک، قەرزی ڕێخۆشکەر لەگەڵ هاندەر بۆ گەڕاندنەوەی پێشوەخت، هتد...) بەمەبەستی باشتر دابینکردنی پێداویستییە داراییەکانی دامەزراوەکان. ئەم ئامرازانە بریتین لە شێوازەکانی قەرزی ڕێخۆشکەر و کارئاسانی و نرخی سوودی پەسەندکراو و بەرنامەکانی گەرەنتی قەرز).
- دانانی بەرنامەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە داراییە دیجیتاڵەکان (DFS)، یان دابینکردن و بەکارهێنانی بەرهەم و خزمەتگوزاری دارایی بەرپرسیارانە و تێچوو ئاسان لەڕێگەی کەناڵە دیجیتاڵییەکان.
- بونیاتنانی تواناکانی دامەزراوە داراییەکان بۆ یارمەتیدان لە پەرەپێدانی کاری دامەزراوەکان.

- پێشکەشکردنی خوولی ڕاهێنان لە بواری نەهێشتنی نەخوێندەواری دارایی بۆ دامەزراوەکان.

- دانانی سیاسەت و بەرنامەی دابینکردنی دارایی بۆ داهێنان.

- ئاسانکردنی پرۆسە و ڕێکار و داواکارییەکانی دامەزراوە قەرزدەرەکان.

پێویستە مامەڵە لەگەڵ دەستپێشخەرییەکانی سیاسەتی دارایی بکرێت و بایەخی تایبەت بدرێت بە دابینکردنی پێوەرە دیاریکراوەکان بۆ تواناداركردن و دابینکردنی دارایی دامەزراوەکان. متمانە و کەڵکی ئەم جۆرە دەستپێشخەریانە دەوەستێتە سەر بەشدارییپێکردن و پابەندبوونی هەموو لایەنە پەیوەندارەکان و لایەنە سەرەکییەکان (لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت). بەتایبەتی:

- دڵنیاییکردن لە هەبوونی ڕێکاری تایبەت بۆ قەرزدان بە دامەزراوەکان.

- جێبەجێکردنی پلانی بیمەی گونجاو بۆ قەرز، بەمەبەستی ئاسانکاری بۆ دەستگەیشتن بە قەرز لەلایەن دامەزراوەکانەوە.

- هاندانی پەرەپێدانی دامەزراوەکانی قەرزی بچووک بە خاوەندارێتی کەرتی تایبەت، کە ڕێخۆش دەکات بۆ دابینکردنی قەرزی سەربار لەگەڵ دڵنیاییکردن لە شەفافیەت و خێرایی و گونجاویی نرخ بۆ قەرزدەر و قەرزدار.

- دروستکردنی ژینگەیەکی دامەزراوەیی گونجاو بۆ کۆمەکبەخشان و پێشکەشکارانی خزمەتگوزارییە داراییەکان بۆ ئەوەی بتوانن بەرهەم و خزمەتگوزارییە داراییە داهێنەرانەکانیان پێشکەش بکەن بە دامەزراوەی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند کە "لەگەڵ بانکەکان مامەڵە ناکەن".

- دابنیکردنی ڕاهێنانی و پاڵپشتی تەکنیکیی بۆ ئامادەکردنی دامەزراوەکان بۆ دەستگەیشتن بە قەرزی گونجاو.

- دانانی پێوەری ڕوون بۆ ڕێکارە گونجاوەکان لەگەڵ میکانیزمی بەدواداچوون بۆ داواکارییە سەرنەکەوتووەکان.

- بەرزکردنەوەی هۆشیاری گشتی لەسەر بژاردەکانی قەرز کە بەردەستن بۆ دامەزراوەکان.

- ڕاگەیاندنی نرخی سوود لەسەر قەرزەکانی کار، لەپێناو دروستکردنی کێبڕکێ و زیادکردنی شەفافیەت لەناو کۆمەڵگەی دارایی.

- دابینکردنی سیستمی ڕێکخستنی هاندەر بۆ دامەزراوەکان بەپێی توێژ یان جۆری چالاکی . هەر توێژێک هاندەری دیاریکراوی پێشکەش بکرێت بەشێوەی بەخشین یان لێخۆشبوون یان یارمەتی خزمەتگوزاری کار.

- هاندانی هاوبەشیی نیشتیمانیی، هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی لەگەڵ کەرتی تایبەت و ڕێکخراوە ناحکومییەکان بەمەبەستی دابینکردنی قەرزی پێویست.

- ئاسانکاری بۆ دانانی میکانیزمی پێشکەشکردنی ڕێگەچارەکانی قەرز و کرێدیت.

## بەشی چوارەم: باشترین پیادەکردنە نێودەوڵەتییەکان بۆ ڕووپێوی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند لە کەرتی تایبەتی هەرێمی کوردستان 2022

### 1- پێشەکی

ئەم بەشە پێکدێت لە دوو بڕگە. بڕگەی یەکەم بایەخی ڕاستەوخۆ دەدات بە دامەزراوەکان و پێداویستییەکان بە سیاسەتی تایبەت، هەروەها ئاماژە دەدات بە هۆکارەکانی سەرکەوتن لەناو سیستمی ژینگەی ئەم دامەزراوانەدا. هاوکات ئاماژە دەکات بۆ پێوەرەکانی سیاسەتی ڕێکخراوی هاوکاریی و پەرەپێدانی ئابووری (OECD) لە بواری ئابووری بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی بەرنامە و سیاسەت و یاسا تایبەتەکان بە دامەزراوەی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند. بڕگەی 1 (أ و ب):

- هۆکارەکانی سەرکەوتنی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند و ژینگەی خاوەنکاری.
- پێوەرەکانی سیاسەتی ڕێکخراوی هاوکاریی و پەرەپێدانی ئابووری تایبەت بە دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند (OECD MSME Policy Index).

بڕگەی دووەم بەدرێژی باسی پێنج چوارچێوە دەکات بۆ باشترین پیادەکردنەکان لە وڵاتانی جیاواز و ستراتیژە پەیڕەوکراوەکان دیاری دەکات. بڕگەی 2:

- دەستپێشخەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا – ڕێکخراوی هاوکاری و پەرەپێدانی ئابووری لە میسر (بەهاوبەشی یەکێتی ئەوروپا). ستراتیژی ژینگەی کار (BCDS)، سیاسەتی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند و بە بلزارکردنیان.
- ASEAN – کۆربەندی وڵاتانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا؛ پلانی کاری ستراتیژیی بۆ پەرەپێدانی دامەزراوەی بچووک و ماماوەند 2016-2025.
- GIZ (هاوکاریی پەرەپێدانی ئەڵمانیا)، بەرنامەی هەمەلایەن بۆ دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند (هیند) – میکانیزم و ڕاسپاردەکان دەربارەی باشترین پیادەکردنەکان بۆ پەرەپێدانی دامەزراوەکانی بچووک و مامناوەند.
- پاشترین پیادەکردنەکانی ڕاوێژکاریی تەکنیکیی یەکێتی ئەوروپا و ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی بۆ پەرەپێدانی سیاسەتی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند. وەزارەتی بازرگانی و دارایی – کۆماری زامبیا.
- ئاژانسی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی / بانکی نێودەوڵەتی: گەشەی دامەزراوەی بچووک و مامناوەند دروستکردنی هەلی کار لە لوبنان.

## 1-1 پەرەپێدانی کەرتی تایبەت: چوارچێوەی دامەزراوەکان

حکومەتەکان، ئاژانسەکانی پەرەپێدان و ناوەندەکانی توژێینەوە پێشنیازی ئاراستەی جیاواز دەکەن بۆ پەرەپێدانی کەرتی تایبەت، هەریەک بەپێی روانگەی خۆی بۆ پەرەپێدان بەگشتی.

داڕشتنی ستراتیژی پەرەپێدانی کەرتی تایبت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی، بە هەڵسەنگاندنەکان دەستپێدەکات، کە تێگەیشتنی روون دابین دەکات لەسەر ژینگەی کار و ئەو بوارانەی پەیوەندییان هەیە بە سیاسەتەکان و دۆخی ناوخۆیی، بازاڕی دارایی و دامەزراوە تایبەتەکان (OECD 1995). کۆمەکبەخشان رووبەڕووی ئالەنگاری دەبنەوە لەکاتی داڕشتنی چوارچێوە و ستراتیژی لەم جۆرە بۆ ئاراستەکردنی گەشەی کەرتی تایبەت لە وڵاتانی سوودمەند، سەرباری ئالەنگاری داهێنانی ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنی ژینگەی گەشەی کەرتی تایبەت لەسەر ئاستی خۆجێی.

ئاماژەدان بە ژینگەی وەبەرهێنان و ژینگەی کار بایەخی بەرچاوی هەیە لە گفتوگۆکان لەسەر تێگەیشتن لە ئامرازەکانی چاکسازیی کەرتی تایبەت (وەک دیاریکراوە لە پایەی سێیەمی دیدگای 2030 هەرێمی کوردستان: ئابووری و بەرهەمهێنان). ژینگەی وەبەرهێنان بریتییە لە کۆمەڵێک فاکتەری تایبەت بە شوێنەکە و دەرفەت و هاندەر دروست دەکات بۆ دامەزراوەکان بۆ ئەوەی وەبەرهێنانی بەرهەمدار بکەن، هەروەها دەرفەتی کار دروست دەکات و ژینگەی کار فراوانتر دەکات. نموونەی ئەم فاکتەرانە بریتییە لە سیاسەت، دۆخی یاسایی و رێکخستنی چالاکی ەکانی کار.

پەرەپێدانی کەرتی تیبەت پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هەیە لەگەڵ پەرەپێدانی دامەزراوەکان و خاوەنکاری. توێژینەوەکانی بانکی نێودەوڵەتی ئەنجامگیری ئەوەی کردوە کە پەیوەندییەکی ئەرێنیی و گرنگ هەیە لەنێوان رێژەکانی دامەزراندنی کاری نوێ، قەبارەی کەرتی تایبەت و پشکی تاکەکەس لە کۆبەرهەمی ناوخۆیی، هەروەها پەیوەندییەکی روون هەیە لەنێوان قەبارەی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند و ئاستەکانی داهات لە وڵات.

بەپێی رێکخراوی هاوکاریی ئابووری و پەرەپێدان (OECD)، وەرچەرخانی بەدیهاتوو لەئەنجامی ئازادبوونی ئابووری و بەتایبەتکردنی دامەزراوە گشتییەکان و گەشەی هەناردەکردن (کە رەنگدانەوەیان دەبێت لەسەر ژینگەی وەبەرهێنان و کار) دەرفەتی نوێ دەکاتەوە بۆ دامەزراندنی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند و زیادبوونی ژمارەی خاوەنکاران. رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا پێویستی بە دامەزراوەی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەندی زیاتر هەیە بۆ دروستکردنی دەرفەتی کار و کەمکردنەوەی رێژەی بێکاری باشترکردنی رێژەکانی گەشە و بەرهەمهێنان و بەرەنگاربوونەوەی هەژاریی. بەڵام هاوکات ناوچەکە رووبەڕووە لەگەڵ گرفتەکانی رێکخستن و لاوازیی ژێرخان و کەمیی زانین و توێژینەوە لەسەر دامەزراوەکان و ئاسۆیان.

ئامانجی کۆتایی لە پەرەپێدانی کەرتی تایبەت بریتییە لە ئاسانکردنی گەشەی ئەم کەرتە لەپێناو بەهێزکردنی گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی. ئەم ئەنجامانەش پێوانەدەکرێن بەپێی ڕێژە بەدیهاتووەکانی دامەزراندن ، بازرگانیی، وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانیی، بەرهەمهێنان ، کۆبەرهەمی ناوخۆیی، کەمکردنەوەی هەژاریی و نایەکسانیی. پێکهاتە سەرەکییەکانی پەرەپێدانی کەرتی تایبەت لە خوارەوە بەڕوونی دیاریکراون، شێوەی (ج-1-5).




**شێوەی (ج-1-4): چوارچێوەی گۆڕاوەکانی گەشەپێدانی کەرتی تایبەت**

بەشی یەکەمی شێوەکە پێکدێت لەو گۆڕاوانەی پەیوەندییان هەیە بە پرۆسەی دۆزینەوەی ڕووبەڕێکی بازاڕ بۆ کەرتی تایبەت، هەروەها پەیوەندیی نزیکی هەیە بە کەمکردنەوەی ڕێکارە یاساییەکان و باشترکردنی ژینگەی وەبەرهێنان. ئەگەر حکومەت ڕۆڵی خۆی کەمکردەوە لە ئابووری و/یان کەرتی تایبەت ڕۆڵی زیاتر بوو لە حکومەت، ئەمە دەبێتە هۆی زیادبوونی قەبارەی بازاڕ و مەودای بەشداری کەرتی تایبەت لە گەشەی ئابووری.

لە چوارچێوەی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو، کە بە قۆناغی ڕاگوزەردا تێپەڕدەبن و حکومەت ڕۆڵێکی گەورە و چالاک دەگێرێت لە چالاکی ئابووری، پێویستە ڕێکاری پێویست بگیرێتەبەر بۆ دروستکردنی ڕووبەری زیاتر بۆ چالاکی کەرتی تایبەت. دەکرێت ئەمە بەدیبێت لەڕێگەی بەتایبەتکردنی کۆمپانیاکانی دەوڵەت، هاندانی هاوبەشیی لەنێوان کەرتەکانی گشتی و تایبەت (PPPs) و کەمکردنەوەی ڕێوشوێنە سەپێنراوەکان لەسەر بەشداریکردنی کەرتی تایبەت لە کەرتە سەرەکییەکانی ئابووری، کە پێشتر دەوڵەت کۆنترۆڵی دەکردن.

پەرەپێدانی کەرتی تایبەت ڕەچاوی کۆمپانیاکانی ئێستا (ناوخۆیی و بیانیی)، دامەزراوەکان (تۆمارکراو و تۆمارنەکراو)، خاوەنکاری نوێ و خاوەنکار دەکات. دەوڵەتەکان سیاسەت و ستراتیژی جیاواز بەکاردەهێنن بۆ هاندانی گەشەی هەر یەکێک لەم گروپە جیاوازانە. لە پانتایی هاوبەشیی نێوان خواست و خستنەڕوو، پێویستە سیاسەت و دەستوەردان هەبێت بۆ دروستکردنی "ژینگەی چالاککردنی کار و وەبەرهێنان" و "ئاسانکردنی پێکهێنانی دامەزراوە"، هەروەها دروستکردنی ژێرخان، ناوچەی پیشەسازی و زۆنی ئازاد، بەنامەکانی فێرکردن و ڕاهێنان گرنگن بۆ دروستکردنی هێزی کاری کارامە لە بازاڕی کار.

ستراتیژی هەمەلایەن بۆ پەرەپێدانی کەرتی تایبەت چارەسەری گۆڕاوەکانی ئەم چواچێوەیە دەکات بە ڕەچاوکردنی پێکەوەبەستراوییان. خاڵی لاواز لە بوارێکی چوارچێوەی کار دەبێتە کێشە یان کاردانەوەی نەرێنی بۆ بوارەکانی تر و پێویستە چارەسەر بکرێت.

## بەشی یەکەم

### أ) هۆکارەکانی ســەرکەوتنی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند و ژینگەی خاوەنکاری – باشترین پیادەکردنە نێودەوڵەتییەکان

باشترین پیادەکردنە نێودەوڵەتییەکانی ئەم وڵاتانەی خوارەوە هەڵبژێردراون و گونجێنراون بۆ مەبەستی دیاریکردنی هۆکارە پێویستەکانی سەرکەوتن بۆ پەرەپێدان و بەردەوامیی ژینگەی کار لە هەرێمی کوردستانی عێراق. (سەرچاوە سەرەکییە بەکارهاتووەکان: گۆڤاری نێودەوڵەتی کار و کارگێڕی، بەرگی 11، ژمارە 1؛ 2016، کە سەنتەری کەندیی بۆ زانست و فێرکردن بڵاویکردۆتەوە. تێگەیشتن لە کاری بچووک، لەندەن ( Storey D. Rotuhledge). هۆکارەکانی سەرکەوتنی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند، سەنتەری پەرەپێدانی دامەزراوەکانی بچووک و مامناوەند لە ئەندۆنوسیا (SMEDC)- Nuru Indarti، هەروەها زانکۆی تەکنەلۆجیای Marja Langenberg Delft، هۆڵندا).

ئەم بڕگەیە تیشک دەخاتە سەر چوارچێوەی ژینگەی کاری دامەزراوەکان و تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی سیاسەتێکی ڕوون بۆ دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند و هۆکارە تایبتەکانی سەرکەوتنیان. لە شێوەی خوارەوە خانەکانی "أ، ب، و ج"، نوێنەرایەتی تایبەتمەندییە سەرەکییەکانن کە پێویستە دیاری بکرێن و تواناداربکرێن بۆ بەڕێوەبردن و بەردەوامیی ژینگەی دامەزراوەکان و پارێزگاری لێکردنیان.

ڕۆڵی حکومەت و دەستپێشخەرییەکان و بژاردەکانی سیاسەت لە خانەی "د" دیاریکراون.




**شێوەی (ج4-2): تایبەتمەندییەکانی "ژینگەی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەندی سەرکەوتوو**

## ئەمانەی خوارەوە ڕوونکردنەوەیەکی کورتی پێکهاتەکانی ئەم نموونەیەن:

### أ) تایبەتمەندییەکانی خاوەنکاران

تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکان یارمەتیدەرن لە شیکاری ئاراستە تایبەتەکان بە دەوڵەت (وەک تێبینی کراوە لەم توێژینەوەیەدا). توێژینەوەی زۆربەی وڵاتان نیشانی دەدات کە ئاراستە گشتییەکان پەیوەست بە تایبەتمەندییەکانی خاوەنکاران بەم شێوەیەی خوارەوە پوخت دەکرێنەوە:

- **تەمەن – ئەو کەسانەی تەمەنیان لەنێوان 25 و 44 ساڵە و بەگشتی چالاکترن لە بواری خاوەنکاری.**
- **ڕەگەز – ڕێژەی مێ بەگشتی کەمترە لە ڕێژەی نێر لە دامەزراندنی کاری نوێ.**
- **ئەزموون لە بواری کار –** ئەو کەسانەی ئەزموونی پێشتریان هەبوو لە بواری کار، ئاستی کارامەیی خاوەنکارییان زۆر بەرزترە لەوانەی کە ئەزموونیان نییە.

- **ئاستی خوێندن** – خوێندنی پەیوەندار دەرفەتی دروستکردنی کاری نوێ زیاتر دەکات، هەروەها ئەو خاوەنکارانەی شیان یان شارەزایی تەکنیکییان هەیە، لە دۆخێکی باشتردان لە پرۆسەی شیکاریی و بڕیاردان، ئەمەش ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە کارایی کارەکان.

**ب) تایبەتمەندییەکانی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند**

تایبەتمەندییەکانی دامەزراوەکان و سەرچاوەکانیان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە بەردەوامیان. ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لەو تایبەتمەندییە سەرەکییانە:

- **بنچینەی دامەزراوە** – لەوانەیە خاوەندارێتی و بەڕێوەبردنی دامەزراوە سنووردار بێت بۆ یەک کەس یان ژمارەیەک کەسی کەم، واتا پرۆسەی بڕیاردان دەوەستێتە سەر کۆمەڵێک فاکتەری کەسیی و خێزانیی، زیاتر لە فاکتەری بازرگانیی. دەکرێت ئەم کاریگەرییە ئەرێنی یان نەرێنی بێت بەپێی ئەو بڕیارەی دەدرێت.
- **ماوەی کارکردنی دامەزراوە** – ماوەی درێژی کارکردن پەیوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە بە سەرکەوتنی کارەکان. ماوەی کارکردنی دامەزراوە پەیوەندیی هەیە بە ئەزموون، هەتا دامەزراوە ئەزموونی زیاتر بێت، توانای باشتر دەبێت بۆ بڕیاردانی کارا.
- **قەبارەی دامەزراوە** – قەبارەی دامەزراوە پەیوەندی هەیە بە ئاستی باشتری ئەدا. بەگشتی تا دامەزراوە قەبارەی گەورەتر بێت ئاستی سەرکەوتنی زیاتر دەبێت. هاوکات ئەمە پەیوەندی هەیە بە سووڕی ژیانی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند، کە جۆرێک لە خۆگونجاندن و مانەوە نیشان دەدەن بەپێی گۆڕانکارییەکانی ژینگەی کار. دەکرێت دامەزراوەی گەورە توانای خۆگونجاندنیان زیاتر بێت لە دامەزراوەی بچووک، لەبەرئەوە لە گۆڕانکارییە لەناکاوەکان ڕزگاریان دەبێت (وەک کاریگەری کۆڤید یان زیادبوونی کێبڕکێ / تێچووەکان).
- **سەرچاوەی سامان** – بەگشتی پشت دەبەسترێت بە دارایی دەرەکیی بۆ پرۆسەی بەرەوپێشبردن و گەشەی کارەکان. نەرمیی دارایی دامەزراوەکان پەیوەندییەکی توندی هەیە بە سەرکەوتنی کارەکان. لەبەرئەوە ئەو دامەزراوانەی سوودمەند دەبن لە وەبەرهێنانی لایەنی سێیەم، ئاستێکی بەرزتری سەرکەوتن بەدەستدەهێنن. لەوانەیە سنووری دارایی کەسیی کاریگەری هەبێت لەسەر بڕیارەکان و بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ئێستا.

**ج) تایبەتمەندییەکانی بەردەوامی**

ئەم فاکتەرانە دەبنە بناغەی سەرکەوتنی کارەکان، زۆرجار لە ڕووپێوەی دامەزراوەکان بەکاردەهێنرێن لەپێناو کۆکردنەوەی داتای بازاڕی ئەم دامەزراوانە بۆ دڵنیابوون لە دەستگەیشتن بە زانیاری دروست و ئەنجامدانی شیکاری پێویست.

- **دەستگەیشتن بە قەرز (سەرمایە)** – دەستگەیشتن بە قەرز یەکێکە لەو پرسە سەرەکییانەی هەندێک کات دەبێتە ڕێگر لە دەستبەکاربوونی دامەزراوەیەک، بەتایبەتی لە ئابوورییە تازەپێگەیشتووەکان کە دامەزراوەی دارایی لاواز و سەرمایەی کەم هەیە.
لەبەرئەوە سەرچاوەکانی قەرزی نافەرمیی لە وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان بەشداری گەورە دەکەن لە دەستپێکردنی کار. زۆرجار ڕێژەی سەرمایە بەراورد بە هێزی کار کەمترە و بەگشتی بڕی بچووکی قەرز بەردەستن بۆ دەستپێکردنی کاری بازرگانی.
روونە کە لەناو بەربەستە ناوخۆییەکان کە دەبنە ڕێگر لە سەرکەوتنی دامەزراوەکان، گرنگترینیان نەبوونی سەرمایەیە، چونکە سەرمایە هۆکارێکی گرنگە بۆ دیاریکردنی سەرکەوتنی کارەکان.
- **بەبازاڕکردن** – پەرەپێدانی بازاڕ پرسێکی زۆر گرنگە بۆ پاراستنی گەشەی بەرزی دامەزراوەکانی کار. لەبەرئەوەی زۆرینەی ئەو دامەزراوانەی ئاستی گەشەی بەرز بەدیدەهێنن، دەرفەتە نوێیەکانی بازاڕ دیاری دەکەن و کاردانەوەیان دەبێت بەرامبەریان.
- **تەکنەلۆجیا** – تەکنەلۆجیا پەیوەندییەکی پتەوی هەیە بە باشترکردنی پرۆسەی بەرهەمهێنان و نوێکردنەوەی ئامێرەکان. لە ئەنجامدا، گۆڕانکاری تەکنەلۆجی و خۆگونجاندن بەستراونەتەوە بە گەشەی بازاڕ و قازنج لە وەبەرهێنان.
- **تۆڕی دامەزاوەکان** – توێژینەوەکانی بواری خاوەنکاریی، ئاماژە دەدەن بە بایەخی تۆڕەکان لەنێوان خاوەنکاران و دامەزراوە نوێیەکان بۆ زامنکردنی مانەوەیان. تۆڕەکان ئامرازێکی باشن بۆ خاوەنکاران بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکان و تێچووی مامەڵەکان، هەروەها باشترکردنی دەستگەیشتن بە بیرۆکەی بازرگانی و زانیاری و سەرمایە.
- **دەستگەیشتن بە زانیاری** – پرۆسەی دەستگەیشتن بە زانیاری نوێ زۆر گرنگە بۆ بەردەوامبوونی دامەزراوەکان. بەگشتی ئەم زانیارییانە پەیوەندییان هەیە بە بازاڕ و سەرچاوەی تێهاویشتەکان و ڕێگەچارە تەکنەلۆجییەکان و دیزاین و ڕێسا بەرکارەکانی حکومەت. هەروەها پشتبەستن بە زانیاری دەوەستێتە سەر ئاستی شارەزایی لە سیستمەکانی پەیوەندییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.
- **باری یاسایی** – خاوەنکاران پێویستیان بە بەرزکردنەوەی هۆشیاری هەیە دەربارەی یاساییبوونی ئەو بڕیارانەی دەیدەن. ئەمە یارمەتیدەر دەبێت بۆ زامنکردنی سەرکەوتنی کارەکان لە ئایندەدا و خۆپاراستن لە گرفت و پێبژاردن و تێچووی چاوەڕواننەکراو.

- **ئامادەباشیی خاوەنکاران –** ژینگەی دامەزراوەکان و خاوەنکاران پێویستی بە ئاستێکی دیاریکراوی تواناسازی هەیە بۆ زامنکردنی ئامادەباشیی بۆ سەرکەوتن. لەوانە توانا و فێربوون و شارەزایی و پلاندانان و زانیاری دارایی و خزمەتگوزارییەکانی پاڵپشتی.
- **پاڵپشتی حکومیی-** حکومەتەکان بایەخی زیاتر دەدەن بە گەشەی کەرتی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند، لەپێناو پەرەپێدانی کەرتی تایبەتی نیشتیمانیی. زۆربەی وڵاتەکان دەزانن کە پاڵپشتی حکومیی بەشێکی گرنگە لە پرۆسەی پەرەپێدانی ئەم دامەزراوانە.
- **پلاندانانی کار و هۆشیاری –** نەبوونی هۆشیاری دەربارەی پلاندانانی کار، یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکان لە قۆناغی دەستبەکاربوونی دامەزراوەکان. پلاندانانی کار یەکێکە لە "توخمە پەرەپێدەرەکان" بۆ خاوەنکارەکان.

**د) تایبەتمەندییەکانی سیاسەتەکانی پەرەپێدانی حکومەت**

حکومەتەکان هەوڵ دەدەن رێگەی باشتر بدۆزنەوە بۆ دابینکردنی دارایی و تواناداركردنی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند لەرێگەی سیاسەت و بەرنامە گشتییەکانەوە. ئەمانەی خوارەوە تایبەتمەندییەکانی سیاسەتەکانی حکومەتن:

**تواناداركردنی ژینگەی کار:** لەرێگەی دابینکردن رێکار و هاندەری گونجاو و بەتێچووی شیاو بۆ خاوەنکارەکان. ئەمانەی خوارەوە سیاسەتە پێویستەکانن بۆ تواناداركردنی ژینگەی کار:

1- دروستکردنی فەرمانگەیەک بۆ پەرەپێدانی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند، کە ئەرکی پەرەپێدان و چاودێریکردنی جێبەجێکردنی یاسا و رێنماییەکان دەبێت بەشێوەیەکی دادوەرانە و شەفاف، هەروەها لەرێگەی هەڵسەنگاندنی سوودی یاسا و رێنماییەکان و هەڵوەشاندنەوەی ئەوانەی نەرێنین.

2- دروستکردنی سندوقی پەرەپێدانی دامەزراوەکان بۆ دەستگەیشتنی زیاتری دامەزراوەکان بە دارایی پێویست، بەهاوبەشیی لەگەڵ دامەزراوە داراییەکان.

3- دروستکردنی سەنتەری خزمەتگوزاری " پەنجەرەی تاك " بۆ دامەزراوەکان. ئەم سەنتەرانە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی کارەکانی تۆمارکردن و دەرکردنی مۆڵەتی پێویست، هەروەها پێشکەشکردنی زانیاری یاسایی و دارایی و تەکنیکیی و زانیاری بازاڕ. دەکرێت ئەم سەنتەرانە پاڵپشتیکردنی دامەزراندنی کار لەخۆبگرن بۆ دامەزراوە خۆجێیەکان، هەروەها پێشکەشکردنی قەرز و خزمەتگوزاری پەیوەست بە باج و هاوکاری تەکنیکیی هەمەلایەن بۆ هەموو دامەزراوەکانی ئێستا و نوێیەکان.

4- دروستکردنی دەروازەیەکی ئەلیکترۆنی بۆ یارمەتیدانی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند لەژێر سەرپەرشتی سەنتەری پەرەوپێدانی دامەزراوەکان و بەهاوکاری پێشکەشکارانی خزمەتگوزاریی.

5- پەرەپێدان و ئاسانکردنی پرۆسەی تۆمارکردنی کاری بازرگانی و مۆڵەتپێدان و رێگەپێدان و وەرگرتنی باج. پێویستە ئەم کارە بەهاوکاری نێوان وەزارەتە پەیوەندارەکان بکرێت، بەمەبەستی ئاسانکردنی پرۆسەی

تۆمارکردنی دامەزراوەکان و کەمکردنەوەی تێچووە کارگێڕییەکان بۆ دامەزراوە زۆر بچووک، بچووک و مامناوەندەکان.

6- چاکسازی یاسای مایەپووچبوونی تایبەت بە دامەزاوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند.

7- پێشکەشکردنی پاڵپشتی بە ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی و کۆمەڵەکانی تر، بۆ مەبەستی دروستکردنی سندوقی فریاگوزاری هاوبەش و ڕێگرتن لە کەیسەکانی مایەپووچ بوون.

8- پەرەپێدانی میکانیزمەکانی ڕاوێژکاریی لەگەڵ دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند لەسەر ئاستی خۆجیی و نیشتیمانیی.

9- دیزاین و دروستکردنی کۆمەڵگەکانی کار (Business Parks) بۆ کەرتە پیشەسازییە جیاوازەکان.

10- ئەنجامدانی ڕووپێوی دامەزراوەکان هەر سێ ساڵ جارێک.

11- دارشتن و بڵاوکردنەوەی سیاسەتی گرێبەستکردنە گشتییەکان لەگەڵ دامەزراوەکان.

12- پێشکەشکردنی پاڵپشتی پێویست بە ژووری بازرگانی و پیشەسازی و کۆمەڵەکانی تر، لەپێناو پەرەپێدانی توانا دامەزراوەییەکانی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند.

13-پەرەپێدانی تۆڕی ڕێگە گوندییەکانی نێوان ناوچەکانی بەرهەمهێنان و ناوەندەکانی چارەسەرکردن و بازاڕەکان.

14- توێژینەوە لەسەر ڕێکارەکانی پێشکەشکردنی هاندەری باج بە دامەزراوەکان.

15- ئاسانکردنی ڕێکارەکانی هەناردە و هاوردە بۆ دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند بەهاوکاری وەزارەتە پەیوەندارەکان و ژووری بازرگانی و پیشەسازی.

**پەرەپێدانی خاوەنکاریی (Entrepreneurship Development)**- ئەمانەی خوارەوە پێشنیازن بۆ بڕیاربەدەستان دەربارەی چۆنێتی یارمەتیدانی خاوەنکاران:

- هەماهەنگی لەگەڵ ناوەندەکانی توێژینەوە و ڕاهێنان، بۆ دابینکردنی زانیاری دەربارەی خولەکانی ڕاهێنان لەسەر بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی کار.
- داڕشتنی پرۆگرامی خوێندنی تایبەت بە دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند و نوێکردنەوەی خولەکانی ڕاهێنانی ئێستا.
- دروستکردنی کۆمەڵێک بۆ پاڵپشتیکردنی دامەزراندنی کار.
- پێشکەشکردنی خولی ڕاهێنانی تایبەت بە پلاندانانی کار بە بەکارهێنانی سەکۆ و ئامرازە تەکنەلۆجییەکان، بە هاوکاری لەگەڵ ژووری بازرگانی و پیشەسازی.

- پاڵپشتی دارایی بۆ تێچووەکانی بەگەڕخستن لەڕێگەی دابینکردنی قەرزی تایبەت بە دەستبەکاربوون و بەگەڕخستن.
- پاڵپشتیکردنی دامەزراوە داراییەکان بۆ پەرەپێدانی بەرنامەی قەرزی پاڵپشت بۆ خاوەنکاری لاو، ئافرەت و بەساڵاچوو.

**دەستگەیشتن بە قەرز (دارایی) –** سیاسەتە تایبەتەکانی دابینکردنی دارایی و پارەدارکردنئەمانەن:

- پێشکەشکردنی ئامۆژگاری و ڕاهێنانی پێویست بۆ بەهێزکردنی تواناکانی دامەزراوەکان لە بوارکانی ژمێریاری و بەڕێوەبردنی دارایی.
- کەمکردنەوەی ڕێژەی باج لەسەر دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند.
- پەرەپێدانی بەرنامەی قەرزی دەوڵەت بۆ دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند: وەک قەرزی پەرەپێدانی دامەزراوەکان (قەرزی ماوە درێژ) و قەرزی تۆڕی پاراستن (قەرزی ماوە کورت).
- پەرەپێدانی سیستمی قەرزدان بەبێ گەرەنتی و بەپاڵپشتی حکومەت (واتا پاڵپشتی نووسراوی گەرەنتیی قەرز (CGS))
- لێکدانی ڕاهێنانی بەڕێوەبردنی کار و قەرزی بازرگانی، بۆ بەرزکردنەوەی شارەزایی لە بەڕێوەبەردنی ژمێریاری کار.

**خزمەتگوزارییەکانی پەرەپێدانی کار (Business Development Services)**

خزمەتگوزارییەکانی پەرەپێدانی کار (BDS) دەرفەتێکی لەبارە بۆ دروستکردنی هاوبەشیی لەنێوان کەرتەکانی گشتی و تایبەت (PPP)، لەوانەیە دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند نەزانن چۆن دەستیان بگات بەو یارمەتییانەی پێویستیانە؛ یان نازانن پێشکەشکارانی ئەم خزمەتگوزارییانە کێن و بەهەمان شێوە پێشکەشکارانی خزمەتگوزاری نازانن ئەوان چیان پێویستە. لەڕێگەی پێکەوەبەستنەوەی دامەزراوەکان و پێشکەشکارانی خزمەتگوزارییەکانی پەرەپێدان، دەکرێت پردێک لەنێوان هەردوولایەن دروست بکرێت. دەکرێت پلانی لەم جۆرە ئەم بابەتانە لەخۆبگرێت:

1- کردنەوەی سەنتەری پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی پەرەپێدانی کار لە شوێنە ستراتیژییەکان.
2- ئەنجامدانی توێژینەوەی جوگرافی لەسەر ئەو شوێنانەی پێداویستیی زۆری هەیە بە خزمەتگوزارییەکانی پەرەپێدانی کار.
3- بەستنەوەی خزمەتگوزارییەکانی پەرەپێدانی کار بە ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی، نووسینگەکانی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانیی، کۆمەڵە بازرگانییەکان، دامەزراوە داراییەکان و ناوەندەکانی ڕاهێنان، بەمەبەستی دروستکردنی تۆڕێکی هەمەڕەنگ و کارا.

4- هاندانی دامەزراوە داراییەکان و ناوەندەکانی خزمەتگوزارییەکانی پەرەپێدانی کار بۆ دانانی میکانیزمی دارایی گونجاو بۆ دامەزراوەی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند.

5- هاندانی پێشکەشکارانی سەربەخۆی خزمەتگوزارییەکانی پەرەپێدانی کار بۆ دروستکردنی کۆمەڵەی پسپۆڕیی.

6- دانانی پێوەرەکانی کواڵیتی بۆ ناوەندەکانی خزمەتگوزارییەکان پەرەپێدانی کار، بۆ بەدیهێنانی دڵنیایی جۆریی پەیڕەوکراو لە کاری دامەزراوەکان.

**داهێنان و تەکنەلۆجیا**

دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند ڕووبەڕووی ئاستەنگی زیاتر دەبنەوە بە بەراورد بە دامەزراوەکانی گەورە، پەیوەست بە دابینکردنی پێداویستییەکانیان بۆ زانیاری، سەرچاوەی مرۆیی و سەرچاوەی دارایی پێویست بۆ پەرەپێدانی تەکنەلۆجیی. ئەمانەی خوارەوە ئەو سیاسەت و ڕێکارانەن کە دەکرێن ڕەچاوبکرێن:

1- دیزاینکردن و جێبەجێکردنی چوارچێوەیەکی سادە بۆ زانست و تەکنەلۆجیا لەسەر ئاستی خۆجێی و نیشتیمانیی.

2- دانانی سیستمی داهێنانی نیشتیمانیی و خۆجێی لەڕێگەی هەماهەنگی و بونیاتنانی تواناکانی ژێرخان (ئەکادیمیاکانی زانست و تەکنەلۆجیا).

3- دروستکردن و پاڵپشتیکردنی دامەزراندنی کار لە ڕێگای و تەکنەلۆجیا و ئامادەکردنی ئامرازەکانی پەرەپێدانی تەکنەلۆجیا بۆ دامەزراوەی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند.

4- هاندانی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ وەرگرتنی مافی داهێنان و دیزاین و نیشانەی بازرگانی لەلایەن دامەزراوەی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند.

5- ڕێکخستنی خولی ڕاگەیاندن و خولی ڕاهێنان لەسەر تەکنەلۆجیا و داهێنان.

6- ڕێکخستنی خولی ڕاهێنان لەسەر بەکارهێنانەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن بۆ بەڕێوەبردنی کار.

7- دابینکردنی چوارچێوەیەکی ڕێکخستن بۆ کەمکردنەوەی تێچووی پەیوەندییەکان و گەیاندنی دامەزراوەی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند.

**دەستگەیشتن بە بازاڕەکان** – ئەمانەی خوارەوە سیاسەتە سەرەکییەکانن بۆ دەستگەیشتنی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند بە بازاڕەکان:

1- پێشکەشکردنی پاڵپشتیی بە بازاڕکردن لەڕێگەی ناوەندەکانی خزمەتگوزاری دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند و لەڕێگەی دابینکردنی زانیاری لەسەر بازاڕ و توێژینەوەی بە بازاڕکردن، گرێبەستکردنی گشتی و بەشداریکردن لە پێشانگا بازرگانییەکان و خولەکانی ڕاهێنانی پسپۆڕیی.

2- دابینکردنی زانیاری تایبەت لەسەر رەواجپێدانی چالاکی ە بازرگانییەکانی حکومەت لەرێگەی ناوەندەکانی خزمەتگوزاری دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند.

3- ئاسانکاری بۆ بازرگانی نێودەوڵەتیی.

4- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری هاوتاکردنی کار (Business Matching)

5- پەرەپێدانی ژێرخان و دامەزراوەکان بۆ هەناردەکردن – بۆ نموونە، ناوچەی پیشەسازی سنووریی، ناوچەی هەناردەی پیشەسازی، ناوچەی دابینکاری هەناردە و بریکاریی و هاندانی هەناردە.

**پەرەپێدانی کۆمەڵەی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند**
(MSME Cluster Development)

پێداویستی هەیە بە خزمەتگوزاری کارا بۆ پەرەپێدانی کار و پاڵپشتیکردن و دابینکردنی پێداویستییەکانی دامەزراوەکان لە ناوچە پیشەسازییەکان و کۆمەڵە تەکنەلۆجی/ پیشەسازییەکان. ئەمانە هەندێکن لە رێکارەکان:

1- دارشتنی پلانی ستراتیژیی نیشتیمانیی بۆ ناوچە ئابوورییە تایبەتەکان و کۆمەڵگەکانی کار، لەگەڵ دابینکردنی ژێرخانی پێویستی وەک رێگاوبان و پەیوەندییەکان، هەروەها دروستکردنی ناوچەی پیشەسازیی سنووریی بەهاوکاریی و راوژێر لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان.

2- بەهێزکردنی توانا دامەزراوەیی و کارگێرییەکانی ناوچە ئابوورییە تایبەتەکان لەرێگەی جێبەجێکردنی چوارچێوەیەکی رێکخستنی شەفاف و پاڵپشتیکردنی بەرنامەی راهێنانی تەکنیکیی.

**ئەنجامدانی توێژینەوەی نیشتیمانیی لەسەر کۆمەڵەی دامەزراوەکان، بە مەبەستی دیاریکردنی شوێنە سەرەکییەکان و پێداویستییەکانی پەرەپێدانی تواناکان و چوارچێوەی دامەزراوەیی.**

**ب) چوارچێوەی نیشاندەرەکانی سیاسەتی رێکخراوی هاوکاری ئابووری و پەرەپێدان تایبەت بە دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند**

نیشاندەرەکانی سیاسەتی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند ئامرازی سەرەکییە بۆ بەراوردکاری و هەڵسەنگاندنی بەرنامە تایبەتەکان بە دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند، دروستکراوە بۆ ئابوورییە تازەپێگەیشتووەکان بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم جۆرە دامەزراوانە و چاودێریکردنی پێشکەوتنی بەدیهاتوو لە پرۆسەی جێبەجێکردن.

نیشاندەرەکان دارێژراون بەپشت بەستن بە دە رەهەند، لەلایەن رێکخراوی هاوکاری ئابووری و پەرەپێدان بەهاوبەشی لەگەڵ کۆمسیۆنی ئەوروپی، بانکی ئەوروپی بۆ ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدان و دامەزراوەی راهێنانی ئەوروپی، رێبەرێک دابین دەکات بۆ دارشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند، لەسەر بنەمای باشترین پیادەکردنەکان کە یەکێتی ئەوروپا و رێکخراوی هاوکاری ئابووری و پەرەپێدان جێبەجێی دەکەن. نیشاندەرەکان خاڵی هێز و لاوازیی دەستنیشان دەکەن لە دارشتن، جێبەجێکردن و چاودێریکردنی سیاسەتەکان.

ئەم نموونەیەی خوارەوە لە ڕێبەری سیاسەتی ڕێکخراوی هاوکاری ئابووری و پەرەپێدان (2009 – 2020) پەیڕەوکراوە بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەم توێژینەوەیە بۆ هەڵسەنگاندن و ئامادەکردنی ژینگەی پاڵپشت بۆ دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند لەڕێگەی ئەنجامەکان و ڕاسپاردە تایبەتەکانی ڕووپێوی ئەنجامدراو لە ساڵی 2022.
دە ڕەهەندەکە کۆکراونەتەوە لە سێ بواردا بۆ ئاراستەکردنی پەیکەری سیاسەتە پەیوەندارەکان بە پەرەپێدانی دامەزراوەی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند لە هەرێمی کوردستان.

نیشاندەری سیاسەتی دامەزراوەی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند، پێکدێت لە دە ڕەهەند کە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشکراون:

| بوار | | نیشاندەری سیاسەتی دامەزراوەی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند |
|---|---|---|
| پەرەپێدانی سەرمایەی مرۆیی | 1) | فێرکردن و ڕاهێنانی خاوەنکاریی |
| | 2) | بەرزکردنەوەی کارامەیییەکان |
| ژینگەی بەگەڕخستن | 3) | گونجاویی تێچووی دەستبەکاربوون و تۆمارکردن |
| | 4) | یاسا و ڕێنمایی ڕوون و کاریگەر |
| | 5) | دەستگەیشتن بە باشترین بازاڕەکان |
| | 6) | دەستگەیشتن بە دارایی و باجی گونجاو |
| | 7) | دانانی چوارچێوەی کارا بۆ نوێنەرایەتیکردنی دامەزراوەی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند |
| داهێنان و توانای کێبڕکێ | 8) | باشترکردنی دەستگەیشتن بە ئەنتەرنێت |
| | 9) | بەهێزکردنی توانا تەکنەلۆجییەکانی دامەزراوەی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند |
| | 10) | نموونی کاری ئەلیکترۆنی سەرکەوتوو و پاڵپشتیکردنی دامەزراوەکان کار. |

## پەرەپێدانی سەرمایەی مرۆیی: ڕەهەندی یەکەم و دووەم

### ڕەهەندی یەکەم: فێرکردن و ڕاهێنانی خاوەنکاران

ئەم ڕەهەندە شەش لقی هەیە. خشتەی خوارەوە ئاماژەیە بە ناوەڕۆکی هەر یەکێک لە لقەکانی ئەم ڕەهەندە.

| | لق | ناوەڕۆک |
|---|---|---|
| 1.1 | چوارچێوەی سیاسەتی فێرکردنی خاوەنکاریی | چوارچێوەی سیاسەتی گشتی لەگەڵ کۆمەڵێک پرنسیپی ڕێنوێنیکار و ڕاسپاردە بۆ پەرەپێدانی ستراتیژیی و فێرکردنی خاوەنکاریی.<br>پێویستی بە پرۆژە و هاوبەشیی هەیە بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵگەکانی خاوەنکاران لەسەر هەموو ئاستەکانی فێرکردن و ڕاهێنانی (فەرمیی و نافەرمیی)، هاوبەشیی کە تەبابن لەگەڵ ستراتیژییە نیشتیمانییە پەیوەندارەکان (وەک پەروەردە، دامەزراوەی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند، دامەزراندن ی و توژێنەوە و پەرەپێدان) |
| 1.2 | سەرچاوەکانی پاڵپشتی سیاسەتەکانی خاوەنکاریی | بایەخ دەدات بە پاڵپشتی دارایی بۆ فێرکردنی بەردەوامی خاوەنکاران |
| 1.3 | پرۆسەی داڕشتنی سیاسەتەکان | پێکدێت لە سیستمی فێرکردنی فەرمیی لەڕێگەی ئامرازەکانی سیاسەتی پەیوەندار بە فێرکردنی سەرەتایی و ئامادەیی و خوێندنی باڵا و بەستنەوەیان بە سیاسەتی فراوانتری ئابووری. |
| 1.4 | چاودێری و هەڵسەنگاندن | چاودێری و هەڵسەنگاندنی سیاسەتەکانی خاوەنکاری و جێبەجێکردنیان. |
| 1.5 | فێرکردنی نافەرمیی | ڕێککەوتنە گرێدراوەکان لەنێوان لایەنە حکومییەکان و پێشکەشکارانی خزمەتگوزاری و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی و خێرخوازیی بەمەبەستی پەرەپێدانی کارامەییەکانی خاوەنکاریی. |
| 1.6 | باشترین پیادەکردنەکان | پیادەکردنەکانی فێرکردنی خاوەنکاریی و گواستنەوەی شارەزایی. |

### ڕەهەندی دووەم: بەردەستبوونی کارامەییەکان

ئەم ڕەهەندە پێنج لقی هەیە. خشتەی خوارەوە ئاماژەیە بە ناوەڕۆکی هەر یەکێک لە لقەکانی ئەم ڕەهەندە.

| لق | | ناوەڕۆک |
|---|---|---|
| 2.1 | سیاسەتی شیکاری پێداویستییەکانی ڕاهێنان | ▪ سیاسەتێک بۆ دیاریکردنی پێداویستییەکانی ڕاهێنانی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند (یان 40%ی سالانە) لەڕێگەی ڕووپێوی ڕاستەوخۆ یان لەڕێگەی ئەنتەرنێت.<br>▪ یان 20% لەڕێگەی پرۆژەکانی فێربوونی بەردەوام (یان بەرنامەکانی فێرکردنی خاوەنکاریی) و 20% لەڕێگەی ڕووپێوی ڕاستەوخۆ یان لەڕێگەی ئەنتەرنێت. |
| 2.2 | دڵنیایی جۆریی | ▪ سیستمی دڵنیایی جۆریی لەنێوان حکومەت و پێشکەشکارانی حکومەت بۆ دیاریکردنی پێوەرەکانی ڕاهێنانی تایبەت بە دامەزراوەکان (واتا ئاستی پرۆگرامەکانی خوێندن و پێوەرەکانی بڕوانامەپێدان). |
| 2.3 | دامەزراوەی تازەدامەزراو (start-ups) | ▪ ڕێژەی سەدیی دامەزراوەکانی بچووک و مامناوەندی نوێ کە سوودمەندن لە هەر جۆرە ڕاهێنانێک یان ڕاهێنانی پەیوەست بە کارەکانیان. |
| 2.4 | گەشەی دامەزراوەکان | ▪ ڕێژەی سەدیی دامەزراوەکانی بچووک و مامناوەندی دامەزراو و نوێ کە سوودمەندن لە هەر جۆرە ڕاهێنانێک یان ڕاهێنانی پەیوەست بە کارەکانیان. |
| 2.5 | دەستگەیشتن بە ڕاهێنان | ▪ گەیشتن لەڕێگەی ئەنتەرنێت بە پێشکەشکارانی خزمەتگوزارییەکانی ڕاهێنان.<br>▪ بەردەستبوونی پێشکەشکارانی ڕاهێنان لەسەر ئاستی هەرێمیی/نیشتیمانیی.<br>▪ ڕێکارەکانی پاڵپشتی حکومەت بۆ ڕاهێنانی پێشکەشکارانی خزمەتگوزارییەکانی دامەزراوەی بچووک. |

## ژینگەی دامەزراندن (بەکارخستن) – ڕەهەندی سێیەم، چوارەم، پێنجەم، شەشەم و حەوتەم

## ڕەهەندی سێیەم: گونجاویی تێچووی دەستپێکردن و بەگەڕخستنی دامەزراوە

ئەم ڕەهەندە چوار لقی هەیە. خشتەی خوارەوە ئاماژەیە بە ناوەڕۆکی هەر یەکێک لە لقەکانی ئەم ڕەهەندە.

| لق | | ناوەڕۆک |
|---|---|---|
| 3.1 | دەرکردنی بڕوانامەی تۆمارکردنی دامەزراوە | ▪ ژمارەی ڕۆژەکان بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی تۆمارکردنی کۆمپانیا<br>▪ ژمارەی هەنگاوەکان بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی تۆمارکردنی کۆمپانیا<br>▪ تێچووی فەرمیی بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی تۆمارکردنی کۆمپانیا<br>▪ ئایا یەک ژمارەی پێناسی دەگمەن هەیە بەکاربێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەزگا فەرمییەکان<br>▪ ئایا کەمترین ئاستی سەرمایەی پێویست داواکراوە<br>▪ ئایا خزمەتگوزاری یەک پەنجەرە هەیە |
| 3.2 | زیادکردنی پرۆسەی تۆمارکردنی ئەلیکترۆنی | ▪ ئایا سیستمی تۆمارکردنی ئەلیکترۆنی (بە ئەنتەرنێت) کارایە؟<br>▪ چەند ماوەی پێدەچێت بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی تۆماری دامەزراوە / ژمارەی پێناس (Authentication Number) |
| 3.3 | تۆمارکردن/دامەزراوەی "فەرمیی" | ناسنامەی فەرمیی دامەزراوەی تۆمارکار چییە؟<br>ئەمانەی خوارەوە هەندێک نموونەن:<br>▪ فەرمانگەی گشتی باج<br>▪ فەرمانگەی خانەنشینی و دەستبەری کۆمەڵایەتی<br>▪ فەرمانگەکانی شارەوانیی<br>▪ دەستەی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی<br>▪ فەرمانگەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان<br>▪ یەکێتی کۆمەڵە کشتوکاڵییەکان<br>▪ یەکێتی ژوورە بازرگانیەکان |
| 3.4 | فێربوونی نافەرمیی | ڕێککەوتنە گرێدراوەکان لەنێوان لایەنە حکومییەکان و پێشکەشکارانی خزمەتگوزاری و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی و خێرخوازیی بەمەبەستی پەرەپێدانی کارامەییەکانی خاوەنکاریی، لەگەڵ پێدانی ئەولەویەت بە دامەزراوە تۆمارکراوەکان. |

### ڕەهەندی چوارەم: یاسا و ڕێنمایی کاریگەر

ئەم ڕەهەندە دوو لقی هەیە. خشتەی خوارەوە ئاماژەیە بە ناوەڕۆکی هەر یەکێک لە لقەکانی ئەم ڕەهەندە.

| | لق | ناوەڕۆک |
|---|---|---|
| 4.1 | ئاسانکردنی یاسا و ڕێنماییەکانی دامەزراوەکانی بچووک و مامناوەند | ستراتیژێک بۆ ئاسانکردنی یاسا و ڕێنماییە کارگێڕییەکان |
| 4.2 | چوارچێوەی دامەزراوەیی | ▪ هەماهەنگی نێوان لایەنە حکومییەکان<br>▪ دەستەیەک بۆ پەرەپێدانی سیاسەتەکانی دامەزراوەکانی بچووک و مامناوەند<br>▪ ستراتژێک بۆ پەرەپێدانی دامەزراوەکانی بچووک و مامناوەند |

### ڕەهەندی پێنجەم: دەستگەیشتن بە باشترین بازاڕەکان

ئەم ڕەهەندە سێ لقی هەیە. خشتەی خوارەوە ئاماژەیە بە ناوەڕۆکی هەر یەکێک لە لقەکانی ئەم ڕەهەندە.

| | لق | ناوەڕۆک |
|---|---|---|
| 5.1 | بەرنامەی هاندانی هەناردەکردن | بەرنامەی تایبەت بە ڕەواجپێدانی هەنارده |
| 5.2 | بەهێزکردنی توانای کێبرکێی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند | ▪ پەرەپێدانی کۆمەڵە و گرووپە تایبەتەکانی دامەزراوەکانی بچووک و مامناوەند<br>▪ هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆکان<br>▪ ڕاهێنانی تایبەت لەسەر بازنەی دابینکردن (گرێبەستکردن) |
| 5.3 | بەرنامە نیشتیمانییەکانی ڕەواجپێدان | بەرنامە / پێشانگای نیشتیمانیی ڕەواجپێدان بۆ دامەزراوەکانی بچووک و مامناوەند |

**ڕەهەندی شەشەم: دەستگەیشتن بە دارایی و باجی گونجاو**

ئەم ڕەهەندە دوو لقی هەیە. خشتەی خوارەوە ئاماژەیە بە ناوەڕۆکی هەر یەکێک لە لقەکانی ئەم ڕەهەندە.

| لق | | ناوەڕۆک |
|---|---|---|
| 6.1 | دەستگەیشتن بە قەرز (پارە) | ▪ ئاسانکاری لە داواکارییەکانی گەرەنتی قەرز<br>▪ بەرنامەی گەرەنتی کرێدیت<br>▪ خزمەتگوزارییەکانی کرێدیت<br>▪ خزمەتگوزارییەکانی قەرز و دابینکردنی دارایی: قەرزی بانک، دامەزراوەی قەرزی بچووک، بەخشین<br>▪ یاسا و ڕێکارەکانی مایەپووچبوون (خێرا)<br>▪ تۆماری خانووبەرە<br>▪ تۆماری هەبووە گوێزراوەکان (کە بکرێت وەک گەرەنتی بەکاربهێنرێت) |
| 6.2 | گونجاندنی سیستمی باج لە بەرژەوەندی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند | ▪ شیکاری بارگرانی باج لەسەر دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند<br>▪ شیکاری بەربەستەکانی باج بۆ وەبەرهێنان لە دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند<br>▪ شیکاری بەربەستەکانی باج بۆ دابینکردنی دارایی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند<br>▪ هەڵسەنگاندن و کەمکردنەوەی بەربەرست و بارگرانی باج لەسەر دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند |

**ڕەهەندی حەوتەم: چوارچێوەی کاریگەر بۆ نوێنەرایەتی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند**

ئەم ڕەهەندە دوو لقی هەیە. خشتەی خوارەوە ئاماژەیە بە ناوەڕۆکی هەر یەکێک لە لقەکانی ئەم ڕەهەندە.

| لق | | ناوەڕۆک |
|---|---|---|
| 7.1 | تۆڕی دامەزراوەی بچووک و مامناوەند | ▪ تۆڕی بەهێز و کارا (کەرتی گشتی / تایبەت) کە نوێنەرایەتی دامەزراوەی بچووک و مامناوەند بکات لەسەر ئاستی خۆجێی و نیشتیمانیی.<br>▪ ژووری بازرگانی:<br>- ڕۆڵی پاڵپشتی و نوێنەرایەتی دامەزراوەی بچووک و مامناوەند<br>- خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری بۆ دامەزراوەی بچووک و مامناوەند (ڕووبەڕوو یان لەڕێگەی ئەنتەرنێت)<br>- یارمەتیدان لە تۆمارکردنی دامەزراوەکان. |
| 7.2 | ڕاوێژکاری لەنێوان کەرتی گشتی و تایبەت | ▪ کۆڕبەندی ڕاوێژکاری لەنێوان کەرتەکان:<br>- چەنجارەی کۆبوونەوەکان (بۆ نموونە مانگانە)<br>- گفتوگۆی میدیایی بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی تواناداری کردنی کەرتی کار |

## داهێنان و توانای کێبڕکێ- ڕەهەندی هەشتەم، نۆیەم و دەیەم

### ڕەهەندی هەشتەم: باشترکردنی دەستگەیشتن بە ئەنتەرنێت

ئەم ڕەهەندە دوو لقی هەیە. خشتەی خوارەوە ئاماژەیە بە ناوەڕۆکی هەر یەکێک لە لقەکانی ئەم ڕەهەندە.

| | لق | ناوەڕۆک |
|---|---|---|
| 8.1 | کارلێک لەگەڵ خزمەتگوزارییەکانی حکومەت | ▪ خزمەتگوزاری پارەدانی ئەلیکترۆنی وەک پارەدانی باج، دەستەبەری کۆمەڵایەتی و مووچەی خانەنشینی<br>▪ خزمەتگوزاری پارەدانی ئەلیکترۆنی تری تایبەت بۆ دامەزراوەی بچووک و مامناوەند |
| 8.2 | جۆری زانیاری و خزمەتگوزارییەکانی دەروازەی ئەلیکترۆنی | ▪ خزمەتگوزاری زانیاری ئەلیکترۆنی بۆ دامەزراوەی بچووک و مامناوەند<br>▪ کواڵیتی دەروازەی ئەلیکترۆنی (وێبسایت) |

### ڕەهەندی نۆیەم: بەهێزکردنی توانا تەکنەلۆجییەکانی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند

ئەم ڕەهەندە سێ لقی هەیە. خشتەی خوارەوە ئاماژەیە بە ناوەڕۆکی هەر یەکێک لە لقەکانی ئەم ڕەهەندە.

| | لق | ناوەڕۆک |
|---|---|---|
| 9.1 | باشترکرنی پرۆسەی بڵاوکردنەوەی تەکنەلۆجیا لەناو دامەزراوەی بچووک و مامناوەند | ▪ پاڵپشتیکردنی بەرنامەکانی ڕاهێنانی پسپۆڕیی لە بواری تەکنەلۆجیا |
| 9.2 | بەرنامەی تەکنەلۆجیا کە جەخت بخاتە سەر بەکارهێنانە ئەلیکترۆنییە بازرگانییەکان. | ▪ ناوەندەکانی داهێنان و تەکنەلۆجیا<br>▪ هاوکاریی لەنێوان کۆلیژە تەکنیکییەکان و دامەزراوەی بچووک و مامناوەند |
| 9.3 | پەرەپێدانی کۆمەڵەکان و تۆڕەکان. | ▪ گروپ تۆڕی تەکنیکیی / تەکنەلۆجی حکومیی و تایبەت بە نوێنەرایەتی کەرتە جیاوازەکان |

## ڕەهەندی دەیەم: نموونەی کاری ئەلیکترۆنی سەرکەوتوو و پاڵپشتیکردنی دامەزراوەکان

ئەم ڕەهەندە دوو لقی هەیە. خشتەی خوارەوە ئاماژەیە بە ناوەڕۆکی هەر یەکێک لە لقەکانی ئەم ڕەهەندە.

| | لق | ناوەڕۆک |
|---|---|---|
| 10.1 | سەنتەر و ناوەندە خزمەتگوزارییەکانی پاڵپشتی دامەزراوەی بچووک و مامناوەند | ▪ بەرنامەی پاڵپشتیکردنی دامەزراندنی کار<br>▪ خزمەتگوزارییەکانی کار (ڕووماڵکردنی کەرت و ناوچە جیاوازەکان)<br>▪ کواڵیتی خزمەتگوزارییەکانی کار |
| 10.2 | زانیاری تایبەت بە دامەزراوەی بچووک و مامناوەند | ▪ زانیاری بەردەست لەسەر پێشکەشکارە جیاوازەکانی خزمەتگوزاری بۆ دامەزراوەی بچووک و مامناوەند (نیشتیمانیی و نێودەوڵەتی)، وەک وێبسایستی ژووری بازارگانی، هتد...<br>▪ سەنتەری زانیاری بازرگانی، زانیاری لەسەر چوارچێوە و پرۆژە نیشتیمانییە پەیوەندارەکان بە دامەزراوەی بچووک و مامناوەند (کە هاوکات بەردەستبن بەشێوەی ئەلیکترۆنی و لەسەر وێبسایت) |

### هەڵسەنگاندن و نیشاندەرەکان

پاش دارشتنی بەرنامەکە و پەسەندکردنی پلانی کار لەلایەن هەموو لایەنە پەیوەندارەکان، نیشاندەری سەرەکیی ئەدا (KPI) بەکاردەهێنرێت بۆ هەڵسەنگاندنی هەموو بوارەکان و زانینی پێشکەوتنی بەدیهاتوو. ئەمە پشت دەبەستێت بە سیناریۆیەکی هەڵسەنگاندنی پێنج ئاست، کە ڕێکخراوی هاوکاری ئابووری و پەرەپێدان ئامادەی کردوە (بڕوانە خشتەی خوارەوە).

(ئاستی 1 = نزمترین ئاست ئاستی 5 = بەرزترین ئاست)

| ئاستی 1 | ئاستی 2 | ئاستی 3 | ئاستی 4 | ئاستی 5 |
|---|---|---|---|---|
| ▪ بەرنامە، میکانیزم، یاسا، یان خزمەتگوزاری نییە بۆ ڕووماڵکردنی بواری دیاریکراو | ▪ "ڕەشنووسی" بەرنامە، میکانیزم، یاسا، یان خزمەتگوزاری هەیە<br>▪ هەندێک ئاماژە هەیە بۆ هەوڵی حکومەت بۆ چارەسەرکردنی بوارێکی دیاریکراو | ▪ بەرنامە، میکانیزم، یاسا، یان خزمەتگوزاری "ڕوون" هەیە<br>▪ چوارچێوەی ئەرکەکان دانراوە بۆ سیاسەتی بوارێکی دیاریکراو | ▪ جێبەجێکردنی کارا هەیە بۆ بەرنامە، میکانیزم، یاسا، یان خزمەتگوزاری<br>▪ چوارچێوەی ئەرکەکان دانراوە بۆ زیاتر لە سیاسەتی بوارە دیاریکراوەکان | ▪ مێژوویەکی گرنگ هەیە لە جێبەجێکردنی کارای سیاسەت، بەرنامە و یاساکان<br>▪ چوارچێوەی دامەزراوەیی بەردەوام هەیە |

## بەشی دووەم

## پێنج چوارچێوەی دامەزراوەیی بۆ پەرەپێدانی دامەزراوەکانی بچووک و مامناوەند لە ژینگەی چاکسازی

خشتەی (ج5-2) تیشک دەخاتە سەر ڕێبازە بەکارهاتووەکان لەلایەن دامەزراوە بەشدارەکان لە پلاندانانی ستراتیژی بۆ پەرەپێدانی کەرتی تایبەت و دامەزراوەکانی بچووک و مامناوەند و پرۆژەکانیان بۆ تواناداركردنی ئەم بوارە.

**خشتەی (ج5-2): ڕێبازە بەکارهاتووەکان لەلایەن دامەزراوە بەشدارەکان لە پلاندانانی ستراتیژی بۆ پەرەپێدانی کەرتی تایبەت و دامەزراوەکانی بچووک و مامناوەند**

| | ناوەڕۆک | دامەزراوەی هاوبەش |
|---|---|---|
| A | MENA-OECD Egypt Initiative (partnered by the EU). BUSINESS CLIMATE DEVELOPMENT STRATEGY (BCDS) - MSME Policy and Promotion.<br>دەستپێشخەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا – ڕێکخراوی هاوکاری و پەرەپێدانی ئابووری لە میسر (بەهاوبەشی یەکێتی ئەوروپا). ستراتیژی ژینگەی کار (BCDS)، سیاسەتی دامەزراوەی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند و ڕەواجپێدانیان. | OECD / EU |
| B | - The Association of Southeast Asian Nations; Strategic Action Plan Structure for MSME Development 2016-2025.<br>ASEAN – کۆربەندی وڵاتانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا؛ پلانی کاری ستراتیژیی بۆ پەرەپێدانی دامەزراوەی بچووک و ماماوەند 2016-2025. | ASEAN (JAIF –Japan) |
| C | Ministry of MSME in partnership with SIDBI (Small Industries Development Bank) through the MSME Umbrella Programme (MSME-UP) - Best Practice Mechanisms and Recommendations for MSME Development.<br>وەزارەتی دامەزراوەی MSME بەهاوبەشی لەگەڵ SIDBI (بەرنامەی هەمەلایەنی دامەزراوەکانی بچووک و مامناوەند) – میکانیزم و براسپاردەکان و باشترین پیادەکردنەکان بۆ پەرەپێدانی دامەزراوەی بچووک و مامناوەند | Ministry of MSME - India |
| D | EU and ILO best practice technical advisory for MSME policy development. Ministry of Commerce, Trade and Finance - Republic of Zambia.<br>باشترین پیادەکردنەکانی ڕاوێژکاریی تەکنیکیی یەکێتی ئەوروپا و ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی بۆ پەرەپێدانی سیاسەتی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند. وەزارەتی بازرگانی و دارایی – کۆماری زامبیا. | ILO / EU |
| E | USAID / WB: MSME Growth and Jobs Creation in Lebanon.<br>ئاژانسی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی / بانکی نێودەوڵەتی: گەشەی دامەزراوەکانی بچووک و مامناوەند دروستکردنی هەلی کار لە لوبنان. | USAID / World Bank |

**أ) دەستپێشخەری میسر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا – ڕێکخراوی هاوکاری و پەرەپێدانی ئابووری لە میسر (بەهاوبەشی یەکێتی ئەوروپا). ستراتیژی ژینگەی کار (BCDS)، سیاسەتی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند و ڕەواجپێدانیان.**

نموونەی بەکارهێنەر لە میسر چوارچێوەیەکی دامەزراوە و ئامرازی سیاسەتەکانە، وەک ڕوونکراوەتەوە لە شێوەی (ج5-3). ئەم ڕێبازە کارئاسانی دەکات بۆ بەڕێوەبردنی ژینگەی دامەزراوەیی لەژێر ڕۆشنایی کۆمەڵێک توخمی دیاریکراو، هەوەها ڕێخۆش دەکات بۆ جەخت خستنە سەر سیاسەتی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند و پاڵپشتیکردنی داهێنان و بەگەڕخستنی دامەزراوەکانی زۆر بچووک و بچووک و مامناوەند.

لە کۆتاییدا ئەم دوو توخمە گرنگە دەبەسترێنەوە بە ڕەهەندی "دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند و ڕەواجپێدانیان". ئەم ڕێبازە ڕێخۆس دەکات بۆ باشتر بەڕێوەبردنی لقەکانی ئەم ڕەهەندە و بەستنەوەی بە کۆی چوارچێوەکە. ئەم ڕێبازە باشتر کاردەکات لە وڵاتی گەورەی وەک میسر، چونکە چەندین شوێنی هەمەجۆر هەیە و پێویستی بە بایەخی هەمەجۆر هەیە سەبارەت بە خزمەتگوزارییەکانی پەرەپێدانی دامەزراوەکان و پێداویستییەکانیان. سەرەڕای ئەوە، ئاست و کواڵیتی خزمەتگوزارییەکان بۆ یارمەتیدانی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند لە رووبەرێکی فراواندا، وادەکات ئەم ڕێبازە کردەیتر بێت بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و دیاریکردنی پێداویستییەکان.



**شێوەی (ج4-4): ڕێکخراوی هاوکاری ئابووری و پەرەپێدان – چوارچێوەی هەڵسەنگاندنی سیاسەتی بەرەوپێشبردنی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند**

**ب) ASEAN – کۆڕبەندی وڵاتانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا؛ پلانی کاری ستراتیژیی بۆ پەرەپێدانی دامەزراوەکانی بچووک و ماماوەند 2016-2025.**

ڕێبازی ASEAN پشتدەبەستێت بە پەیکەری پەرەپێدان بۆ وڵاتانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و جەخت دەخاتە سەر پلانی کاری ستراتیژیی، وەک ڕوونکراوەتەوە لە شێوەی (ج5-4)، هەروەها بەستراوەتەوە بە ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان لە جێبەجێکردنی نەخشەڕێگە.




**شێوەی (ج4-5): پەیکەری پلانی کاری ستراتیژیی بۆ کۆڕبەندی وڵاتانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بۆ دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند**

ئامانجی ئەمە گونجاندنی پرۆژەکانی پەرەپێدانە لەگەڵ نەخشەڕێگەی جێبەجێکردن (شێوەی ج5-5)، هەروەها بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیی پلانەکانی کار و کاراکردنی هاوبەش لەنێوان کەرتەکانی گشتی و تایبەت لە دیزاینکردنی پرۆژەکان. هاوکات جەخت دەخاتە سەر بایەخی قۆناغی پاش جێبەجێکردن لەڕێگەی دانانی نیشاندەرە سەرەکییەکانی ئەدا و جێبەجێکردنی میکانیزمە کاریگەرەکانی چاودێری و هەڵسەنگاندن.




**شێوە (ج4-6): نەخشەڕێگەی جێبەجێکردن**

**ج)** وەزارەتی دامەزراوەی MSME بەهاوبەشی لەگەڵ SIDBI (بەرنامەی هەمەلایەنی دامەزراوەکانی بچووک و مامناوەند - هیند) – میکانیزم و ڕاسپاردەکان و باشترین پیادەکردنەکان بۆ پەرەپێدانی دامەزراوەکانی بچووک و مامناوەند

وەزارەتی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند، پشت دەبەستێت بە پسپۆڕیی فراوانی نێودەوڵەتی. ڕێبازی پەیڕاوکراو لە هیند لەسەر پێنج پایەی سەرەکیی وەستاوە، کە ئەمانەن:

أ) پلاندانان
ب) جێبەجێکردن
ج) دەستەی هەماهەنگی ناوەندیی

د) تەکنەلۆجیا
هـ) خزمەتگوزاری یەک پەنجەرە
رۆڵ و ئەنجامەکانیان بەم شێوەیەی خوارەوە پوخت کراوەتەوە:

**أ) پلاندانان**

تەرخانکردنی سەرچاوەکانی پلاندانان و دیاریکردنی ئامانج، دەرهاویشتە و نیشاندەرە ستراتیژییەکان

**ب) جێبەجێکردن**

پێوانەکردنی جێبەجێکردن بەپێی دەرهاویشتەکان و ئەنجامە دیاریکراوەکان لە پلانی ستراتیژیی، نەک تەنها بەپێی تێهاویشتەکان و رێکارەکان.

**ج) دەستەی هەماهەنگی ناوەندیی**

هەماهەنگی کردنی خزمەتگوزارییەکانی وەزارەت و فەرمانگە جیاوازەکان.

**د) تەکنەلۆجیا**

بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندییەکان بۆ ئاسانکردنی دەستگەیشتنی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند بە خزمەتگوزارییە حکومییەکان.

**هـ) خزمەتگوزاری یەک پەنجەرە**

تۆڕی خاڵەکانی خزمەتگوزارییە، پاڵپشتی بەردەوام دەکرێت بە ژێرخان و کارمەندی پێویست.

لەرێگەی ئەم تۆڕەوە، راسپاردەی باشترین پیادەکردنەکان دەکرێت بۆ چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی رێکخراو و هەمەلایەن بۆ باشترکردنی ئەنجامی پرۆژەکانی حکومەت یان فەرمانگە دیاریکراوەکان. راسپاردەکانی چوارچێوەی کار دابەش دەبن بەسەر سێ ئاستدا:

1) چوارچێوەی رەواجپێدانی گشتی
2) راسپاردە هەمەلایەنەکان
3) راسپاردەی تایبەت بە خزمەتگوزاری، لەگەڵ نموونەی راستەقینە لەسەر پێشکەشکردنی گەرەنتی دارایی، پەرەپێدانی بازاڕ و کارامەییەکان، کە دەکرێت بەکاربهێنرێن وەک باشترین نموونەی پیادەکردنەکان لە وڵاتە جیاوازەکان.

**د) باشترین پیادەکردنەکانی راوێژکاریی تەکنیکیی یەکێتی ئەوروپا و رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی بۆ پەرەپێدانی سیاسەتی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند. وەزارەتی بازرگانی و دارایی – کۆماری زامبیا.**

هەوڵەکان بۆ داڕشتنی سیاسەتی پەرەپێدانی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند لە زامبیا ڕێبازێکی هەمەلایەنە و پێناسەی وردی سیاسەتەکە دەکات و دابەش کراوە بەسەر دوو بەشدا:

**بەشی یەکەم: چوارچێوەی داڕشتنی سیاسەت**

**بەشی دووەم: میکانیزمی جێبەجێکردنی چوارچێوەی سیاسەت**

**بەشی یەکەم:** چوارچێوەی داڕشتنی سیاسەت لە زامبیا لەسەر بنەمای چوار تایمەندییە:

أ) پێداویستییەکان

ب) ئامانجەکان

ج) پرنسیپە ڕێنیشاندەرەکان

د) ئامانجی باڵای سیاسەت

**بەشی دووەم:** دیاریکردنی پایەکانی میکانیزمی پەیڕەوکراو، دابەشکراوە بەسەر سێ پایەی پەرەپێدان:

**پایەی یەکەم – تواناکان**

- پەرەپێدانی تواناکانی خاوەنکاران
- پەرەپێدانی تواناکانی داهێنان و تەکنەلۆجیای دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند

**پایەی دووەم – دەستگەیشتن**

- دەستگەیشتنی دامەزراوەکان بە دەرفەتەکانی بازاڕ
- دەستگەیشتنی دامەزراوەکان بە خزمەتگوزارییەکانی پەرەپێدانی کار
- دەستگەیشتنی دامەزراوەکان بە دارایی و قەرزی گونجاو
- دەستگەیشتنی دامەزراوەکان بە شوێن و ژێرخانی گونجاو

**پایەی سێیەم – ژینگەی بەگەڕخستن**

- پەرەپێدانی ئابووری خۆجێی
- نوێنرایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی دامەزراوەکان
- رەگەز

پاشان لقەکانی هەر پایەیەک دابەش دەبن بۆ بوارەکانی جێبەجێکردنی پەیوەست بە بابەتەکان کە دابەشکراون بەسەر چوار ناونیشانی سەرەکیدا:

1) چوارچێوە (سیاق)

2) دەربڕینی سیاسەت

3) ئامانج

4) ستراتیژ

ئەمەش دەبێتە هۆی ئامادەکردنی ڕێبەرێکی کردەیی و تەبا لەگەڵ هەر یەکێک لە پایەکان بۆ تێگەیشتن و جێبەجێکردنیان لەسەر هەمان هێڵی پلانەکانی کار. هاوکات ڕێخۆش دەکات بۆ پێوانەکردنی نیشاندەرە سەرەکییەکانی ئەدا بەشێوەیەکی ئاسانتر و ئاسانکاری دەکات بۆ پرۆسەی چاودێری و هەڵسەنگاندن.

**هـ) ئاژانسی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی / بانکی نێودەوڵەتی: گەشەی دامەزراوەکانی بچووک و مامناوەند دروستکردنی هەلی کار لە لوبنان.**

لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند لە لوبنان و تواناکانی بۆ ئەوەی ببێتە بزوێنەری سەرەکیی بۆ دروستکردنی دەرفەتی کار و بەدیهێنانی گەشەی ئابووری، وەزارەتی ئابووری و بازرگانی زنجیرەیەک ڕێنمایی ستراتیژیی و دەستپێشخەری دەرکردوە بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگەکان کە ڕێگرن لە گەشەی دامەزراوەکان. ئەمانەی خوارەوە شەش ئاراستەی سەرەکییەکەن:

1. پەرەپێدانی کارامەییەکانی خاوەنکاران
2. ئاسانکاری بۆ قەرزکردنی "دروست"
3. ئاسانکاری بۆ پرۆسەی دەستگەیشتن بە بازاڕ
4. پەرەپێدانی تواناکانی داهێنان و ئەفراندان
5. پەرەپێدانی ژینگەی پاڵپشت بۆ کاری دامەزراوەکان
6. زامنکردنی هاوکاری و هەماهەنگی کارا

وەزارەتی ئابووری و بازرگانی لە سۆنگەی تێگەیشتن لە بایەخی ستراتیژێکی نوێ بۆ دامەزراوەکان و بەهاوکاری ئاژانسی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری نێودەوڵەتی، هەڵسەنگاندن ئەنجام دەدات بۆ گەشەی دامەزراوەکان و دەرفەتی کار لە لوبنان، ئەمەش هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانی پەرەپێدانی دامەزراوەکان لەخۆدەگرێت کە دابەش دەبێت بەسەر پێنج بواری تەکنیکیی وەک نیشاندراوە لە شێوەی (ج5-6)، ئەمەی خوارەوە پوختەی پێنج بوارەکەن:

1. بەهێزکردنی ژینگەی پاڵپشت بۆ کاری دامەزراوەکان
2. خزمەتگوزارییەکانی پەرەپێدانی کار بەپێی داواکاری
3. زیادکردنی بازرگانی و بەستەرەکانی هەناردەکردن
4. پەرەپێدان و بەرەوپێشبردنی هێزی کار
5. دەرفەتەکانی گەشە لە ناوچە ئابوورییە تایبەتەکان

| ئاراستە ستراتیژییەکان | پێشەنگە پێشنیارکراوەکان | هۆکارە لۆژیکیەکان |
|---|---|---|
| 1 -پەرەپێدانی تواناکانی سەرکردەکانی کار | ڕێکخراوە ناحکومییەکان و زانکۆکان و ژوورەکانی بازرگانی | پەرەپێدانی تواناکانی سەرکردەکانی کار کە توانای گواستنەوەی دامەزراوەکانیان هەیە بۆ قۆناغی داهاتووی گەشەکردن بۆ ئەوەی خۆیان لەگەڵ گۆڕانی ژینگەی کاردا بگونجێنن. |
| 2 -ئاسانکاری بۆ دابینکردنی دارایی "دروست. " | بانک و دامەزراوە داراییەکان | دڵنیابوون لە بەردەستبوونی سەرچاوەی دارایی گونجاو و هەمەچەشن و بەرزکردنەوەی هۆشیاری دامەزراوەکان لە جێگرەوە گونجاوەکان. |
| 3 -ئاسانکاری بۆ گەیشتن بە بازاڕەکان | وەزارەتەکان و دەسەڵاتی پەرەپێدانی وەبەرهێنان | دڵنیابوون لە کێبڕکێی خێزان لە بازاڕی ناوخۆیی و بەرزکردنەوەی دەستگەیشتن بە بازاڕەکانی دەرەوە. |
| 4 -پەرەپێدانی تواناکان بۆ داهێنان | ناوەندەکانی پەرەپێدانی کار | بەرزکردنەوەی دابینکردنی هەوڵە کاریگەرەکانی بنیاتنانی توانا و بەرزکردنەوەی ستانداردەکانی داهێنان و توێژینەوە. |
| 5 -پەرەپێدانی ژینگەیەکی گونجاوی کارکردن | وەزارەتەکانی ئەنجوومەنی وەزیران | باشترکردنی ژینگەی کار لە ڕێگەی یاسای گونجاوەوە و باشترکردنی ژێرخانی ئابووری بە مەبەستی دابینکردن و کاراکردنی ژێرخانی پێداویستییەکانی دامەزراوەکان. |
| 6 -دەستەبەرکردنی یەکگرتوویی و هەماهەنگیی کار | سکرتاریەتی دامەزراوەیی<br>تیمی ئاماری یەکەی هەڵسەنگاندنی ئەدای ستراتیژی. | |

**شێوەی (ج4-7): ستراتیژی دامەزراوەکان: شەش بوارەکەی ستراتیژەکە و هۆکارەکان**

# پاشکۆ: بەراوردکردنی ئەنجامەکانی ڕووپێوی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند لە هەرێمی کوردستان 2022 لەگەڵ ئەنجامەکانی ڕووپێوی ئەنجامدراو لە عێراق 2020

## پێشەکی

ئەم بەشە پێکدێت لە بەراوردکاریی لەنێوان ئەنجامەکانی ڕووپێوی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند لە هەرێمی کوردستان (2022) لەگەڵ ئەنجامەکانی ڕووپێوی ئەنجامدراو لە عێراق (2020). ئەم بەشە ئەم بوارانەی توێژینەوە لەخۆدەگرێت:

1. تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی دامەزراوەکان
2. دامەزراندن و سەرچاوە مرۆییەکان
3. ئافرەتانی خاوەنکار و خاوەنکار
4. داهێنان و تەکنەلۆجیا
5. ئاستی سوودمەندبوونی دامەزراوەکان لە بەجیهانیبوون
6. تۆڕەکان، هاوبەشیی و کۆمەڵە خۆجێییەکان
7. کاریگەری پەتای کۆرۆنا
8. دابینکردنی دارایی و قەرزدان بە دامەزراوەکان

## 1- داتاکان و تایبەتمەندییە گشتییەکانی دامەزراوەکان

زۆرینەی دامەزراوەکانی هەردوو ڕووپێوەکە خاوەندارێتی تایبەتن. لە هەرێمی کوردستان ژمارەی دامەزراوەی زۆر بچووک زیاترە، بەڵام لە پارێزگاکانی عێراق ژمارەی دامەزراوەی بچووک و مامناوەند زیاترە. کەلێنی نێوان نێر و مێ بەڕوونی دیارە لە هەردوو ڕووپێوەکە، هەروەها لە هەرێمی کوردستان ژمارەی ئەو دامەزراوانەی کە ئافرەتان خاوەندارێتی دەکەن دوو ئەوەندەیە بە بەراورد بە پارێزگاکانی عێراق (269 بەرامبەر 102). ئەنجامەکان نیشانی دەدت کە ڕێژەی دامەزراوەی تۆمارکراو لە هەرێمی کوردستان 40% (811 دامەزراوە)، بەرامبەر 17٪ لە عێراق (338 دامەزراوە). ئەم خشتانەی خوارەوە جیاوازییە سەرەکییەکان نیشان دەدەن لەنێوان هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی عێراق.

| ڕەگەزی خاوەن دامەزراوەی چاوپێکەوتن لەگەڵکراو | کۆ | | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | هەرێمی کوردستان | عێراق | هەرێمی کوردستان | عێراق | هەرێمی کوردستان | عێراق | هەرێمی کوردستان | عێراق |
| نێر | 1747 | 1915 | 1613 | 1733 | 121 | 150 | 13 | 32 |
| مێ | 269 | 102 | 262 | 98 | 6 | 4 | 1 | 0 |
| کۆ | **2016** | **2017** | **1875** | **1831** | **127** | **154** | **14** | **32** |

### خشتەی بەراوردکاری 1-1: دابەشبوونی خاوەن دامەزراوەکان بەپێی رەگەز

| باری تۆمارکردن | توێژینەوەی هەرێمی کوردستان 2022 | | توێژینەوەی عێراق 2020 | |
|---|---|---|---|---|
| تۆمارکراو | 811 | %40 | 338 | %17 |
| تۆمارنەکراو | 1205 | %60 | 1679 | %83 |
| **کۆ** | **2016** | **%100** | **2017** | **%100** |

**خشتەی بەراوردکاری 1-2: دابەشبوونی دامەزراوەکان بەپێی باری تۆمارکردن**

| قەبارەی دامەزراوە | کۆ | | تۆمارکراو | | تۆمارنەکراو | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | هەرێمی کوردستان | عێراق | هەرێمی کوردستان | عێراق | هەرێمی کوردستان | عێراق |
| زۆر بچووک | 1875 | 1831 | 739 | 277 | 1136 | 1554 |
| بچووک | 127 | 154 | 65 | 46 | 62 | 108 |
| مامناوەند | 14 | 32 | 7 | 15 | 7 | 17 |
| کۆ | **2016** | **2017** | **811** | **338** | **1205** | **1679** |

## دابەشبوونی دامەزراوەکان

زۆرینەی دامەزراوەکانی هەردوو رووپێوەکە دامەزراوەی زۆر بچووکن، بە ژمارەی 1875 لە کۆی 2016 لە هەرێمی کوردستان و 1831 لە کۆی 2017 لە عێراق.

**بەراوردکاری 1-3: دابەشبوونی دامەزراوەکان بەپێی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان**

| پارێزگا | کۆ | | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| هەولێر | 684 | 33.9 | 634 | 33.8 | 49 | 38.6 | 1 | 7.1 |
| سلێمانی | 740 | 36.7 | 693 | 37.0 | 44 | 34.6 | 3 | 21.4 |
| هەڵەبجە | 40 | 2.0 | 36 | 1.9 | 2 | 1.6 | 2 | 14.3 |
| دهۆک | 552 | 27.4 | 512 | 27.3 | 32 | 25.2 | 8 | 57.1 |
| کۆ | **2016** | **100** | **1875** | **100** | **127** | **100** | **14** | **100** |

**دابەشبوونی دامەزراوەکان بەپێی پارێزگاکانی عێراق**

| پارێزگا | کۆ | | زۆر بچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| بەغداد | 1099 | 54.5 | 1014 | 55.4 | 73 | 44.8 | 12 | 52.2 |
| بەسرە | 401 | 19.9 | 368 | 20.1 | 25 | 15.3 | 8 | 34.8 |
| نەینەوا | 517 | 25.6 | 449 | 24.5 | 65 | 39.9 | 3 | 13.0 |
| کۆ | **2017** | **100** | **1831** | **100** | **163** | **100** | **23** | **100** |

## 2- بەکارخستن و سەرچاوە مرۆییەکان

### دابەشبوونی دامەزراوەکان بەپێی ڕەگەز لە نموونەی ڕووپێوەکە

بە بەراوردکردن لەنێوان ڕووپێوی ئێستا و ڕووپێوی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند لە (بەغداد، نەینەوا و بەسرە) لە ساڵی 2020-2021، ئەنجامەکان نیشانی دەدەن کە ژمارەی ئەو دامەزراوانەی کە لەلایەن ئافرەتانەوە خاوەندارێتی دەکرێن بەڕێژەی دوو هێندە زیادی کردوە. داتاکان دابەشکراون بەشێوەی خشتەی خوارەوە:

**خشتەی بەراوردکاری لەنێوان ئەنجامەکانی ڕووپێوی دامەزراوەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (2021-2022) و پارێزگاکانی عێراق، بەغداد، نەینەوا و بەسرە (2020-2021)**

| ڕووپێو | کۆ | نێر | | مێ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارەی وەلأمدەران | % | ژمارەی وەلأمدەران | % |
| ڕووپێوی دامەزراوەکانی (هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە و دهۆک) 2021-2022 | 2016 | 1747 | 86.7 | 269 | 13.3 |
| ڕووپێوی دامەزراوەکانی (بەغداد، نەینەوا و بەسرە) 2020-2021 | 2017 | 1915 | 94.9 | 102 | 5.1 |

### دابەشبوونی کارمەندان لە نموونەی ڕووپێوەکە

ئەنجامەکان ئاماژە دەکەن بۆ بەرزبوونەوەیەکی کەم لە ژمارەی کارمەندان 74 کارمەند ( لە عێراق: بەغداد، نەینەوا و بەسرە) بە بەراورد بە هەرێمی کوردستان. بەرزبوونەوەی ژمارەی دامەزراوە مامناوەندییەکان گەیشتە 32 دامەزراوە لە نموونەی عێراق (بەغداد، نەینەوا و بەسرە) بە بەراورد بە 14 دامەزراوەی مامناوەند لە هەرێمی کوردستان.

ڕووپێوەکە ئاماژە دەکات بۆ بەرزبوونەوەی گەورە لە ژمارەی کارمەندی ئافرەت لە هەرێمی کوردستان (499 کارمەند) بە بەراورد بە عێراق (بەغداد، بەسرە و نەینەوا) تەنها 148 کارمەند. داتاکان لە خشتەی خوارەوە خراونەتەڕوو

**خشتەی بەراوردکاری نێوان ژمارەی کارمەندان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (2021-2022) و پارێزگاکانی عێراق (بەغداد، نەینەوا و بەسرە) (2020-2021)**

| قەبارەی دامەزراوە | ژمارەی دامەزراوەکان | | کۆی ژمارەی کارمەندان | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | هەرێمی کوردستان | عێراق (بەغداد، نەینەوا و بەسرە) | هەرێمی کوردستان | | عێراق (بەغداد، نەینەوا و بەسرە) | |
| زۆر بچووک | 1875 | 1831 | 2976 | %78.1 | 2637 | %67.9 |
| بچووک | 127 | 154 | 656 | %17.2 | 804 | %20.7 |
| مامناوەند | 14 | 32 | 180 | %4.7 | 445 | %11.5 |
| **کۆ** | **2016** | **2017** | **3812** | **%100** | **3886** | **%100** |

**خشتەی بەراوردکاری بەپێی قەبارەی دامەزراوەک لەنێوان پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (2021-2022) و پارێزگاکانی عێراق (بەغداد، نەینەوا و بەسرە) (2020-2021)**

| قەبارەی دامەزراوەی | نێر | | | | مێ | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | هەرێمی کوردستان | | عێراق (بەغداد، نەینەوا و بەسرە) | | هەرێمی کوردستان | | عێراق (بەغداد، نەینەوا و بەسرە) | |
| زۆر بچووک | 2603 | %78.6 | 2506 | %67.0 | 373 | %74.7 | 131 | %88.5 |
| بچووک | 576 | %17.4 | 787 | %21.1 | 80 | %16.0 | 17 | %11.5 |
| مامناوەند | 134 | %4.0 | 445 | %11.9 | 46 | %9.2 | - | - |
| کۆ | **3313** | **%100** | **3738** | **%100** | **499** | **%100** | **148** | **%100** |

**خشتەی بەراوردکاری بەپێی تێکڕای ژمارەی کارمەندان لەنێوان پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (2021-2022) و پارێزگاکانی عێراق (بەغداد، نەینەوا و بەسرە) (2020-2021)**

| ڕووپێو | ژمارەی دامەزراوەکان | ژمارەی کارمەندان | تێکڕای ژمارەی کارمەندان لە نموونەکە |
|---|---|---|---|
| ژمارەی کارمەندان لە دامەزراوەکانی (هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە و دهۆک) 2021-2022 | 2016 | 3812 | 1.89 |
| ژمارەی کارمەندان لە دامەزراوەکانی (بەغداد، نەینەوا و بەسرە) 2020-2021 | 2017 | 3886 | 1.92 |

**تێبینی:** تێکڕای ژمارەی کارمەندان لە نموونەکە، بریتییە لە کۆی ژمارەی کارمەندان دابەش کۆی ژمارەی دامەزراوەکانی نموونەکە

## دابەشبوونی کارمەندان بەپێی ساڵەکانی (2017 - 2018 - 2019 - 2020 - 2021)

ڕووپێوەکە نیشانی دەدات کە ژمارەی هێزی کار لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان کەمترە لە عێراق، هۆکاری ئەمەش پەیوەندیی هەیە بە چڕی دانیشتوان لە پارێزگاکانی بەغداد، بەسرە و نەینەوا بەراورد بە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە و دهۆک. هەروەها ئەنجامەکان نیشانی دەدەن کە پەتای کۆرنا کاریگەری تووندی نەبوو لەسەر بازاڕی کار لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020، تەنها ڕێژەی دابەزینی 1% تا 4% تۆمارکرا، بەڵام کاریگەریی کۆڤید لەسەر بازاڕی کاری عێراق زۆر تووند بوو بە ڕێژەی 22.6%. ئەنجامەکان لە خشتەی خوارەوە خراونەتەڕوو.

**خشتەی بەراوردکاری ژمارەی کارمەندان لە ساڵانی (2017، 2018، 2019، 2020) لەنێوان پارێزگاکانی هەرێم بۆ ساڵانی 2021-2022 و پارێزگاکانی عێراق، بەغداد، نەینەوا و بەسرە بۆ ساڵانی 2020-2021**

| گۆڕانکاری لە ژمارەی کارمەندانی دامەزراوەکان | 2017 | 2018 | 2019 | 2020 | 2021 |
|---|---|---|---|---|---|
| | کۆی ژمارەی کارمەندان | کۆی ژمارەی کارمەندان | کۆی ژمارەی کارمەندان | کۆی ژمارەی کارمەندان | کۆی ژمارەی کارمەندان |
| هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە و دهۆک 2021-2022 | 3403 | 3254 | 3413 | 3533 | 3812 |
| بەغداد، نەینەوا و بەسرە (2020-2021) | 3819 | 4465 | 5024 | 3886 | - |

**خشتەی بەراوردکاری لە ڕێژەی گۆڕانکاری لە ژمارەی کارمەندان لە ساڵانی (2017، 2018، 2019، 2020) لە پارێزگاکانی کوردستان و پارێزگاکانی عێراق( بەغداد، نەینەوا و بەسرە)**

| گۆڕانکاری لە ژمارەی کارمەندانی دامەزراوەکان | ڕێژەی گۆڕانکاری 2017 - 2018 | ڕێژەی گۆڕانکاری 2018 - 2019 | ڕێژەی گۆڕانکاری 2019 - 2020 | ڕێژەی گۆڕانکاری 2020 - 2021 |
|---|---|---|---|---|
| هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە و دهۆک 2021-2022 | %-4 | %5 | %4 | %8 |
| بەغداد، نەینەوا و بەسرە (2020 -2021) | %17 | %12.5 | %-22.6 | - |

## سەرچاوە و ڕێگاکانی دامەزراندن

بژاردەی " **ناسیاوی و پەیوەندی کەسیی**" بەرزترین بوو لەنێوان بژاردەکانی سەرچاوەکانی بەکارخستن لەلایەن دامەزراوەکانی هەردوو ڕووپێوەکەی دامەزراوەکان لە هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی عێراق (بەغداد، نەینەوا و بەسرە).

" ناوەندەکانی دامەزراندن " و "بەکارخستن لەلایەن دامەزراوەکانی تر" و " پەیمانگا یان ناوەندەکانی ڕاهێنان " کەمترین بژاردە بوون بۆ دامەزراوەکان. دەکرێت ئەنجامگیری ئەوە بکرێت کە کەموکوڕیی و لاوازیی هەیە لە ڕۆڵی ناوەندەکانی دامەزراندن و پەیمانگا یان ناوەندەکانی ڕاهێنان بۆ دابینکردنی دەستی کار.

داتاکان بە شێوەی خشتەی خوارەوە دابەشکراون.

**خشتەی بەراوردکاری بەپێی سەرچاوە جیاوازەکانی دامەزراندن لەنێوان پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (2021-2022) و پارێزگاکانی بەغداد، نەینەوا و بەسرە لە عێراق (2020-2021)**

| سەرچاوە و ڕێگاکانی دامەزراندن | هەرێمی کوردستان | | عێراق (بەغداد، نەینەوا و بەسرە) | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % |
| ناسیاوی و پەیوەندی کەسی | 113 | 66.1 | 625 | 77.5 |
| ئامادەبوونی داواکار | 19 | 11.1 | 56 | 6.9 |
| پێویست بە سەرچاوە ناکات | 13 | 7.6 | - | - |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان | 12 | 7 | - | - |
| پەیمانگا یان ناوەندەکانی ڕاهێنان | 6 | 3.5 | 2 | 0.2 |
| ڕێکلام (ڕۆژنامە) ئامرازی پەیوەندی کۆمەڵایەتی | 3 | 1.8 | 39 | 4.8 |
| ئەنتەرنێت | 3 | 1.8 | - | - |
| دامەزراندنی کارمەند لە دامەزراوەکانی تر | 1 | 0.6 | 8 | 1.0 |
| ناوەندەکانی دامەزراندن | 1 | 0.6 | 7 | 0.9 |
| دەوروبەر/ هەمان ناوچە | - | - | 34 | 4.2 |
| کارکەم پێویستی بە کارمەند نییە | - | - | 24 | 3.0 |
| هیتر | - | - | 11 | 1.3 |

## 3- ئافرەتی خاوەنکار

### ئەو دامەزراوانەی ئافرەتان بەڕێوەیان دەبەن لە نموونەی ڕووپێوەکە ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لەکاتی دەستپێکردنی دامەزراوەی نوێ

ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە نیشان دەدات کە ڕێژەی ئەو دامەزراوانەی کە لەلایەن ئافرەتانەوە خاوەندارێتی دەکرێن لە هەرێمی کوردستان نزیکەی دوو هێندە بەرزترە بەراورد بە عێراق، داتاکان بەشێوەی خشتەی خوارەوە دابەشبوون.

**خشتەی 1-3 بەراوردکاری بەپێی ژمارەی ئەو دامەزراوانەی کە لەلایەن ئافرەتانەوە خاوەندارێتی دەکرێن لەنێوان پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (2021-2022) پارێزگاکانی بەغداد، بەسرە و نەینەوا لە عێراق (2020-2021)**

| ڕووپێو | دامەزراوەی زۆر بچووک | دامەزراوەی بچووک | دامەزروەی مامناوەند | کۆ | ڕێژەی ئافرەتان لە نموونەی ڕووپێوەکە |
|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر، سلێمانی، دهۆک و هەڵەبجە (2021-2022) | 262 | 6 | 1 | 269 | %13.3 |
| بەغداد، نەینەوا و بەسرە (2020-2021) | 98 | 4 | - | 102 | %5.6 |

